# ڕانانی ستراتیجی

وەرزنامەیەکی ستراتیجی وەرزی وەرگێڕانە،
مەڵبەندی دیراساتی گشتی دەریدەکات.

ژمارە (٣) تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣

خاوەنی ئیمتیاز: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

سەرنووسەر: د. یوسف گۆران

بەڕێوەبەری نووسین:
باران توانا

بۆردی ڕاوێژکاران:

پ .د. ئومێد ڕەفیق
پ.ی.د. مۆفەق خالد
پ.ی.د. زانا حسن
پ.ی.د. ڕێبوار زین الدین
م. ناودار زیاد

هەڵەبــــڕ: سوهەیب فاروق

ناونیشان: عێراق - کوردستان - سلێمانی - چوارچرا

# سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

## تۆماری یاسایی

| ژمارە | ڕێکەوت |
| --- | --- |
| 977 | 16/7/2023 |

بەپێی بڕگەکانی (1، 2، 3، 4، 5، 6) لە ماددەی (3)ی یاسای ڕۆژنامەگەریی لەکوردستان، ژمارە (35)ی ساڵی 2007 ، پاش ئەوەی کە دەرکەوت گۆڤاری ( ڕانانی ستراتیجی ) وەرزییەو خاوەن ئیمتیازی ( مەڵبەندی دراساتی گشتی ی.ن.ک ) و سەرنووسەرەکەی ( یوسف صمد لطف الله )، مەرجە یاساییەکانی تێدا بەدیهاتووە، لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەژمارە متمانەی ( 977 )تۆمارکرا، بۆ ماوەی یەک ساڵ.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

# ناوەڕۆک

**درۆن، سەردەمێکی نوێی شەڕی فرە ڕەهەند**........................................................| ٥
نووسینی: د. یوسف گۆران

**تەکنەلۆژیای درۆن: درۆن چییە؟**.........................................................................| ٧
نووسینی: بێن لوتکێڤیچ
سەرچاوە: وێبسایتی تێکتارگێت

**مێژووی درۆنەکان لە ساڵی ١٩٠٧ تا ٢٠٢٣**.........................................................| ٢٣
نووسینی: ماریۆ پۆلجاک
سەرچاوە: وێبسایتی درۆن تێک پلانێت

**هونەری جەنگی درۆن**.........................................................................................| ٣٧
نووسینی: بێریل پۆنگ
سەرچاوە: جۆرناڵی دیراساتی جەنگی و کولتوور

**بەکارهێنانی درۆن لە بوارەکانی سەربازی و مەدەنیدا و مەترسی بۆ ئاسایشی نیشتمانی**...................................| ٤٩
نووسەران: وەردەتول حەیات، موحەمەد فادی خەمیس
سەرچاوە: بەشی توێژینەوە و پەیوەندی میدیا، زانکۆی تەکنەلۆژی مارا شاعەلام.

**درۆنەکان و تێکدانی ستراتیجییەکانی ئاسایشی نیشتمانی**.......................................................| ٦٧
نووسینی:جیم کوونی
سەرچاوە: ژووری جەنگ لە کۆلێژی جەنگی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

**بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جەنگی هاوچەرخدا: شیکارییەکی یاسایی و مۆراڵی**...................................| ٧٥
نووسینی: سارا کرێپس، جۆن کاگ
سەرچاوە: جۆرناڵی پالگرەیڤ

**ڕەوایەتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لەژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیدا**..................| ١٠٥
نووسینی: د.غسان صربی کاطع
سەرچاوە: گۆڤاری زانکۆی عێراقیە

**ڕێنمایی بۆ پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئێران و چالاکیە پەیوەندیدارەکانی**..........................................| ١١٩
نووسینی: نووسینگەی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێگری لە بڵاوبوونەوە
سەرچاوە: وێبسایتی ستەیتی حکومی

**ئابووریی درۆن لە جیهان و لە تورکیا: چاوەڕوانییەکان بۆ داهاتوو**.........................................................| ١٣٩
نووسینی: ڕوستەم بارش یەشیلای، ئەرماغان ماجیت
سەرچاوە: وێبسایتی دەرگیپارکی تورکی

# درۆن، سەردەمێکی نوێی شەڕی فرە ڕەهەند



د. یوسف گۆران

شەڕی درۆن، یان فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، مێژوویەکی کۆنی هەیە بۆ دەیان ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام تەنها لەسەرەتای سەدەی بیست ویەك بەشێوەیەکی فراوان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا دژ بە قاعیدە و پاشان لە شوێنی تری لەلایەن ئیسرائیلییەکان و ڕووسەکان و تورکەکان بەرکار هات.

هەرچەندە بەکارهێنانی درۆن لەسەرەتادا تەنها لایەنێکی سەربازی~ هەواڵگری هەبوو، بەڵام هەر زوو چەندین ڕەهەندی یاسایی، سیاسی و پڕوپاگەندەیی لەخۆ گرت، لە دوایشدا بەهۆی بڵاوبونەوەی تەکنەلۆجیای دروست کردن و ئاڕاستە کردنی درۆن بەشێوەیەکی فراوان و دەستەبەرکردنیان لەلایەن چەندین ڕێکخراوی چەکداری نادەوڵەتی( داعش، حزبوڵا، حەماس، حوسییەکان،مافیاکان...هتد) ئەم ئامرازە سەربازییە نوێیە کاریگەری گەورەی لەسەر شێوەی شەڕی نوێ و ئۆپەراسۆنە هەواڵگرییەکان و تەنانەت پەیوەندییە دبلۆماسییەکانیش بەجێ هێشت.

یەکێك لە خەسڵەتە نوێی و گرنگەکانی درۆن کەمی تێچووی دروست کردنی بوو بە بەراورد لەگەڵ فڕۆکە کلاسیکییەکان و موشەکە بەکارهاتووەکان کە لە ڕووی مادییەوە دەیان جار لە درۆنەکان گرانتر بوون، ئەم خەسڵەتە بواری بە وڵات و ڕێکخراوە نا دەوڵەتییەکانیش دا کە تا ڕادەیەك بە ئاسانی دەستیان بگاتە ئەم تەکنەلۆجیایە نوێیە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی فراوانی خودی تەکنەلۆجیاکە بەشێوەیەکی بازرگانی سەردەمێکی نوێی پشتبەستوو بەهێزی ئاسمانی هەرزان و کاریگەر لە سەرجەم بوارەکان دەستی پێکرد.

لە ڕووی یاساییەوە، یاسای جەنگ و یاسای نێودەوڵەتی، بەهۆی ناڕوونی سەرچاوەکانی بەکارهێنانی درۆنەکان و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی لە لایەن بەکارهێنەرانیەوە، هەڕەشەیەکی نوێی سەربازی و ئابوری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەرکەوت کە پێشتر پێشینەیەکی یاسایی روونی نێودەوڵەتی نەبووە. بەم شێوەیە بابەتەکانی وەك دووری سەرچاوەکانی هەڕەشە و جوگرافیا و تۆپۆگرافیای وڵاتان کە پێشتر ڕێگرییەکی زۆری لە پێکدادان نێوان نەیاران هەبوو، ئەم لەمپەڕانە بەرامبەر تەکنەلۆجیای نوێ و سادەی درۆنەوە گرنگییان نەما و جیهان و ئاسمانی وڵاتان بوو بە گۆڕەپانی ئازادی شەڕی نهێنی و ئاشکرای درۆنەکان.

بەهۆی جیاوازی شێوازەکانی بەکارهێنانی درۆنەکان وئەو وزەیەی دەیجوڵێنێ و ئاراستەی دەکات و جیاوازی قەبارەیان لە نێوان چەند سانتیمەترێك بۆ زیاتر لە دە مەتر شێوازەکانی روبەروبونەوەی ئەم هەڕەشەیە ئاڵۆزتر و قورستر بووە. هەر بۆیە لە ئێستادا زۆربەی وڵاتان لەهەوڵی دەستەبەرکردنی ئەم تەکنەلۆجیا نوێیەن و هەروەها شێواز و ئامرازەکانی خۆپارێزیش.

بە کورتی ئەم ئامرازە نوێیە هەرچەندە لە بواری مەدەنی و زانیستیدا زۆر سوود بەخش بووە، بەڵام لە ڕووی سەربازی و ئەمنی و سیاسی و ستراتیجی وەك ئامرازێکی بەهێزی هەڕەشە بەکارهاتووە و پێدەچێ بۆ دەیان ساڵی تر بەردەوام بێت. لێرەوە سەرجەم وڵاتان و دارێژەرانی ئەمنی نەتەوەیی و ناوخۆیی وڵاتان بە ئەکی خۆیان دەزانن کە بەرنامەی درێژخایەنیان بۆ شێوەی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم چەکە سەربازییە کوشندەیە هەبێ، چونکە وەك چۆن لە دەرکەوتنی تۆپ و تانك و فڕۆکە گۆڕانکاری لە چەمك و شێوازی شەڕ روویدا، ئەوا بێگومان دەرکەوتنی بەهێزی درۆن وەك ئامرازێکی سەربازی کاریگەری لەسەر سەرجەم شێوازەکانی ململانێ و شەڕی ئایندەیی وڵاتان و بکەرە نا نێودەوڵەتییەکان دەبێ.

# تەکنەلۆژیای درۆن: درۆن چییە؟

نووسینی: بێن لوتکێڤیچ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

زاراوەی درۆن بەزۆری ئاماژەیە بۆ فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان. هەندێک جار بە درۆنی UAV) ) ناو دەبرێن، ئەم فڕۆکە پیشەسازییانە دەتوانن کۆمەڵێک ئەرکی سەرنجڕاکێش بکەن، لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانەوە تا گەیاندنی پاکەت. درۆنەکان دەتوانن قەبارەیان هێندەی فڕۆکەیەکی گەورە بێت یان هێندەی ناو لەپی دەست بچووک بێت.

## پێناسەی درۆن و جۆرەکانی و درۆن بۆچی بەکاردەهێنرێت؟

## پێناسەی درۆن

### درۆن چییە؟

درۆنەکان کە هەندێک جار بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ناو دەبرێن (UAV)، ئەرکە ئاساییەکان ئەنجام دەدەن تا ئەرکە زۆر مەترسیدارەکان. ئەم فڕۆکە هاوشێوەی ڕۆبۆتانە دەتوانرێت ببینرێن لە پرۆسەی ڕزگارکردنی قوربانییانی بەفربارین و هەروەها لە گەیاندنی خواردن و پێداویستییەکان، بۆ بەردەم ماڵەکان، واتە بە نزیکەیی لە هەموو شوێنێک بەدی دەکرێن.

**پێناسەی درۆن: درۆن چییە؟**

درۆن ئاماژەیە بۆ هەر فڕۆکەیەکی ئاسمانی، کە فەرمانی دوور لە فڕۆکەوانێک وەربگرێت یان پشت بە ئاماژەی سۆفتوێری دەبەستێت بۆ فڕینی سەربەخۆ. زۆرێک لە درۆنەکان تایبەتمەندی وەک کامێرا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بینراو و پرۆپلەر (پەروانەی فڕۆکە) بۆ جێگیرکردنی شێوازی فڕینەکانیان پیشان دەدەن. کەرتەکانی وەک ڤیدیۆگرافی، گەڕان و فریاگوزاری، کشتوکاڵ و گواستنەوە تەکنەلۆژیای درۆنەکانیان گرتووەتە بەر.

لە بنەڕەتدا بۆ پیشەسازی سەربازی و فڕۆکەوانی پەرەی پێ دراوە، درۆنەکان ڕێگەی خۆیان بۆ ناو ڕەوتی سەرەکی دۆزیوەتەوە، بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی سەلامەتییان و کارایی لە بەکارهێنانیان. ئەم درۆنە ڕۆبۆتییانە بەبێ هێچ فڕۆکەوانێک لەناو فڕۆکەکەدا کار دەکەن و ئاستی سەربەخۆیی جیاوازیان هەیە.

ئاستی سەربەخۆیی درۆن دەتوانێت لە فڕۆکەوانێکی دوورەوە دەست پێ بکات (واتە مرۆڤێک جووڵەکانی کۆنترۆڵ دەکات) تا سەربەخۆیی پێشکەوتوو، ئەمەش واتە پشت بە سیستمێکی هەستەوەر و دۆزەرەوەی (LiDAR) دەبەستێت بۆ حیسابی جووڵەکەی.

درۆنە جیاوازەکان توانای فڕینیان بە بەرزی و مەودای جیاواز هەیە. درۆنە مەودا زۆر نزیکەکان بەزۆری توانای گەشتکردنیان هەیە تا سێ میل و زیاتر لە لایەن کەسانێك وەك خولیا بەکار دەهێنرێن. درۆنە نزیکەکان توانایان هەیە مەودای نزیکەی ٣٠ میل ببڕن. درۆنە مەودا کورتەکان تا نزیکەی ٩٠ میل دەبڕن و بە پلەی یەکەم بۆ سیخوڕی و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری بەکار دەهێنرێن. درۆنی مەودا ناوەڕاست توانای بڕینی مەودای ٤٠٠ میلیان هەیە و دەتوانرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگری و توێژینەوەی زانستی و لێکۆڵینەوەی کەشناسی بەکاربهێنرێت. درۆنە دوورمەوداکان پێیان دەوترێت درۆنی "بەرگەگرتن" و توانای ئەوەیان هەیە لە مەودای ٤٠٠ میل تێپەڕن و تا ٣٠٠٠ پێ لە ئاسماندا بەرز ببنەوە.

لەبەر ئەوەی درۆن دەتوانرێت لە دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێت و دەتوانرێت لە مەودا و بەرزی جیاوازدا بفڕێنرێت، هەر لەبەر ئەوە ئەوان هەڵبژاردەی بێڕکابەرن بۆ وەرگرتنی هەندێک لە سەختترین کارەکانی جیهان. دەتوانرێت بدۆزرێتەوە کە چۆن هاوکارن لە گەڕان بەدوای ڕزگاربووانی دوای زریانێک، هاوکات بوون بە چاوێک بۆ هێزەکانی جێبەجێکردنی یاسا و سەربازی لە کاتی بارودۆخە تیرۆریستییەکان و پێشخستنی توێژینەوەی زانستی، لە هەندێک لە نالەبارترین کەشوهەواکانی سەر هەسارەکە. تەنانەت درۆنەکان ڕێگەی خۆیان کردووەتە بۆ ناو ماڵەکانمان کە بۆ کات بەسەربردن و بۆ ئەو کەسانەی خولیایان هەیە بەکاری دەهێنن و هەروەها وەک ئامرازێکی گرنگ بۆ فۆتۆگرافەران کار دەکەن.

## درۆنەکان چۆن کاردەکەن؟

زۆر لایەن لە پشت پەردەوە بەشدارن بۆ پشتگیریکردن لە کارکردنی باش و بێکێشەی درۆنەکان، بۆیە گرنگە ئاشنا بیت بەو تەکنەلۆژیا بێسەرنشین یان دوورەی، کە سیستمی درۆن پێک دەهێنێت. لە گەیاندنی فەرمانەکانەوە تا دڵنیابوون لە بارێک کە توانای بەڕێوەبردنی یاخود هەڵگرتنی هەبێت، فڕۆکەوانەکان دەبێت ئەو هۆکارە جیاوازانە لە بەرچاو بگرن، کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان بۆ کارە تایبەتەکان گونجاوە. لەنێو ئەو گۆڕاوە زۆرانەی کە لە پێکهاتەکانیدا هەن، هەندێک لە پێکهاتە هەرە گرنگەکانی درۆنەکان کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێن بریتین لە وێستگەی کۆنترۆڵکردنی زەمینی (GCS)، توانای هەڵگرتنی بار و پەیوەندییە داتاییەکان.

## تەکنەلۆژیای درۆن چییە؟

درۆنەکان پشت بە تێکەڵەیەک لە هاردوێر و سۆفتوێر دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی بەرزبوونەوە و فڕین و نیشتنەوەیەکی سەرکەوتوو. زۆرجار درۆنەکان بە ڕۆتۆر یان باڵە جێگیرەکان، هەستەوەرەکان، سیستمی ڕێبەری و ژیرۆسکۆپ (بۆ سەقامگیری) تەیار دەکرێن و لە لایەن وێستگەکانی کۆنترۆڵکردنی زەمینییەوە کار دەکەن.

## فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

درۆنەکان بە شێوەیەکی باو بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV) ناو دەبرێت، لە کاتێکدا تەواوی ئەو سیستمەی کە ڕێگە بە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان دەدات کار بکات، سیستمی ئاسمانی بێسەرنشینە (UAS). فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دڵی سیستمی درۆنییە و خاوەنی باڵە جێگیرەکانە یان خاوەنی تاک یان فرە ڕۆتۆرە، کە دروست کراوە بۆ فڕین. هەروەها درۆنەکان سووکترن لە هەوادا، وەکو بلیمپ و باڵۆن و درۆنی بچووکی "Flapping Wing" کە لە ئێستادا بوونیان هەیە.

## پێناسەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

ناوێکی دیکەی درۆنەکان بریتییە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV)، کە فڕۆکەیەکە و پێویستی بە فڕۆکەوان نییە لە ڕووی فیزیکییەوە لەناو فڕۆکەکەدا بێت. زۆرجار فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ دوو بەش دابەش دەبن، ئەویش مەدەنی و سەربازی. لە کاتێکدا درۆنی مەدەنی بۆ گەیاندنی پاکێج و بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بەکار دەهێنرێت، بەڵام درۆنی سەربازی بۆ ئەرکی سیخوڕی و کردنی هێرشی هێرشبەری بۆ سەر ئامانجەکانی دوژمن بەکار دەهێنرێت.

### وێستگەی کۆنترۆڵکردنی زەمینی (GCS)

وێستگەی کۆنترۆڵکردنی زەمینی بریتییە لە یەکەی کۆنترۆڵکردنی ناوەندی، کە ڕێگە بە فڕینی درۆن دەدات و هەروەها ڕێگەی دەدات کە وەک فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانیش کارەکانی خۆی بکات. ئەم وێستگانە دەتوانن هێندەی گەورەیی مێزێک دەر بکەون بە بوونی چەندین دیمەن لەسەری یان هێندەی کۆنترۆڵکەری دەستی یان تەنانەت وەک ئەپێکی بچووک بن. وێستگەی کۆنترۆڵکردنی زەمینی (GCS) دەتوانرێت لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بە بەکارهێنەر کۆنترۆڵ بکرێت، یان کاری پێ بکرێت و توانای کۆنترۆڵکردنی فڕین و کۆنترۆڵکردنی هەستەوەرەکانی پڕکردنەوە و فەراهەمکردنی خوێندنەوەی دۆخەکە و پلاندانانی ئەرکەکان و بەستنەوەی سیستمی بەستەرە داتاییەکانی هەیە.

### هەڵگرتنی بار

درۆنەکان، بەتایبەتی درۆن، قەبارەی جۆراوجۆریان هەیە و توانای هەڵگرتنی  باریان بە قەبارەی جیاواز هەیە. ئەم بارە سوودبەخشانە لە دەرمانی ڕزگارکەری ژیانەوە تا پاکێجی شتومەک و زۆر شتی تر دەگرێتەوە، درۆنەکان شێوازێکی کارامەی گەیاندن بەردەست دەخەن، بەڵام پێویستە بەتایبەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە دروست کرابێت. زۆرێک لە درۆنەکان توانای فڕینی خێرایان هەیە بەسەر زەریاکاندا لە کاتێکدا ڕەنگە هەندێکی تر تەنیا لە چەند هەزار پێیەکدا سنووردار بکرێن. ڕەنگە هەندێک لە درۆنەکان توانای هەڵگرتنی سەدان پاوەندیان هەبێت لە کاتێکدا هەندێکی تر تەنیا بتوانن لە ژێر دە پاوندەوە هەڵبگرن.  زۆر گرنگە بۆ بەڕێوبەری ئۆپەراسیۆنەکان کە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی گونجاو هەڵبژێرن بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات لە تەواوکردنی ئەو کارەی کە لە بەردەستیاندایە.

### لینکی داتاکان

لینکی داتاکان وەک ناوەندێکی گواستنەوە کار دەکەن، کە ڕێگە بە درۆن دەدات پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبەری زەمینی ببەستێت لە کاتی فڕیندا. بە شێوەیەکی ئاسایی بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فریکوێنسی ڕادیۆیی بۆ پەیوەندیکردن، بەستەری داتاکان داتای گرنگ وەک مانەوەی لە کاتی فڕین، دووری لە بەکارهێنەرەکە، دووری لە ئامانج، بەرزی خێرایی ئاسمانی و زۆر شتی تر دەدات بە بەکارهێنەر.  کۆنترۆڵی درۆن بە ٢.٤ گێگاهێرتز بۆ کۆنترۆڵ و ٥ گیگاهێرتز بۆ گرتەی ڤیدیۆیی لە دووری نزیکەی چوار میل بۆ بەکارهێنەرەکە دابین دەکات، لە کاتێکدا فرێکوێنسی ٩٠٠  مێگاهێرتز بۆ کۆنترۆڵکردنی

فڕین و١.٣ گیگاهێرتز بۆ کۆنترۆڵکردنی گرتەی ڤیدیۆیی بۆ دووری زیاتر لە ٢٠ میل بۆ بەکارهێنەرەکە دابین دەکات، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکان کە پێویستی بە زیادکردنە بۆ لیستی هۆکارەکان کە بۆچی فڕۆکەوانەکان دەبێت سیستمێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گونجاو (UAS) بەکار بهێنن بۆ ئەو ئەرکەی کە مەبەستیانە بەدەستی بهێنن.

**درۆنەکان چۆن دەفڕن؟**

درۆنەکان پشت بە کۆمەڵێک بەش دەبەستن کە پێکەوە کار دەکەن بۆ ئەوەی ئەرکەکان لە ژێر گۆڕانی بارودۆخدا تەواو بکەن. لە کاتێکدا کە ژیرۆسکۆپ و توانای بەرزبوونەوە و نیشتنەوەی ڕاست (VTOL) کۆنترۆڵکردنی درۆن لە دوورەوە ئاسانتر دەکات، بە هۆی تەکنەلۆژیای GPS و LiDAR درۆنەکان  هەستێکی بەهێزی ئاڕاستەکردنیان دەبێت. هەموو ئەم پارچانە پێویستە بۆ دروستکردنی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانێکی کارا، کە توانای سکانکردنی دەوروبەرەکەی هەبێت لە کاتێکدا کە بەرگەی کۆمەڵێک ژینگە بگرێت.

**ڤیتۆل درۆنەکان**

زۆرێک لە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، کە بە شێوەیەکی گشتی درۆنی فرەڕۆتۆرن، کە بەگشتی بە درۆنی هەڵفڕین و نیشتنەوەی ڕاست (VTOL) دادەنرێت بە هۆی توانای هەڵفڕین و فڕین و نیشتنەوەیان لە شوێنی ڕاستدا.

**سیستمی مانگی دەستکردی ڕێبەری جیهانی بۆ درۆنەکان (GNSS)**

سیستمی مانگی دەستکردی ڕێبەری جیهانی دووانەیی (GNSS) لە چەندین جۆری درۆندا دەدۆزرێتەوە وەک درۆنی GPS و GLONASS کە توانای کارکردنیان هەیە بە هەردوو شێوازی ناسەتەلایتی و سەتەلایتی، کە پەیوەندییەکی بەرزتر لە کاتی کارکردندا دابین دەکات.

سیستمی مانگی دەستکردی ڕێبەری جیهانی (GNSS) ڕێگە بە تەکنەلۆژیای سەلامەتی گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەکی دەدات، کە لەسەر درۆن کار بکات و دەتوانرێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵکەری دووری وێستگەی زەمینییەوە چالاک بکرێت. ئەمەش ڕێگە بە فڕۆکەوانەکان دەدات، کە بزانن ئایا مانگی دەستکردی GNSS ی درۆنەکە تەواو لە بەردەستدایە بۆ ئەوەی درۆنەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ بفڕێت، شوێنی ئێستای درۆنەکە بە بەراورد بە فڕۆکەوانەکە و "خاڵی سەرەتا" بۆ گەڕانەوەی درۆنەکە بۆی. جگە لەوەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵکەرەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ گەڕانەوە بۆ

خاڵی سەرەتا و دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چالاک بکرێت کاتێک پاترییەکەی کەم دەبێتەوە یان کاتێک بەرکەوتن لەنێوان درۆنەکە و کۆنترۆڵکەرەکەدا ڕوو دەدات.

**ژیرۆسکۆپەکان لە درۆنەکاندا**

ژیرۆسکۆپ لە چەرخێک پێک دێت، کە دەتوانێت بە هەر ئاڕاستەیەکدا لەسەر بنکەکەی بخولێتەوە و لە درۆنەکاندا بەکار دێت، بۆ پێوانەکردنی ڕێژەی سووڕانەوە. لەبەر ئەوەی ژیرۆسکۆپ سەرنجی لەسەر مەیلکردنی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان دەبێت، بۆ دابینکردنی سەقامگیری بۆیە دەبێتە شتێکی بنەڕەتی لە درۆنەکاندا. بەم شێوەیە درۆنەکان دەتوانن ئاڕاستەی خۆیان بپارێزن و ئەزموونێکی فڕینی نەرمونیان پێشکەش بکەن.

## جۆرەکانی درۆن

**جۆرەکانی درۆن: تایبەتمەندی و جیاوازییان**

درۆنەکان چەندین جۆری جیاوازیان هەیە، هەریەکەیان بە پێی داواکارییە ناوازەکانی پیشەسازییە جیاوازەکان دروست کراون. بۆ نموونە هەندێک کەس پێویستیان بە درۆنێکی سووک و بچووک هەیە بۆ ئەوەی کامێرایەکی بۆ وێنەگرتن لەسەر جێگیر بکەن، هەندێکی تر پێویستیان بە درۆنێکی بەهێز هەیە بۆ گواستنەوەی پێداویستییە پزیشکییە قورسەکان. لە ئەنجامدا کۆمپانیاکان درۆن بەرهەم دەهێنن کە چوار جۆری سەرەکییان هەیە - هێلیکۆپتەری تاکرۆتۆر، فرەڕۆتۆر، باڵە جێگیرەکان و درۆنی VTOL ی هایبریدی بە باڵە جێگیرەکان.

**٤ جۆری باوی درۆنەکان**

**درۆنی هەلیکۆپتەرە تاکرۆتۆرەکان**
**درۆنە فرەڕۆتۆرەکان**
**درۆنە باڵجێگیرەکان**
**درۆنی VTOLی هایبریدی بە باڵە جێگیرەکان**

### درۆنی هەلیکۆپتەرە تاکڕۆتۆرەکان

کۆپتەرە تاکڕۆتۆرەکان لە کۆپتەرە بچووکەکان دەچن و دەتوانن بە گاز یان کارەبا کار بکەن. بە هۆی تاکە تیغەکەی و بە هۆی توانای کارکردنی بە گاز یارمەتی سەقامگیری و فڕینی بۆ مەودایەکی دوورتر دەدات. ئەم درۆنانە بەزۆری بۆ گواستنەوەی تەنی قورس بەکار دەهێنرێن، لەنێویاندا سیستمی LiDAR هەیە، کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ ڕووپێوی زەوی و لێکۆڵینەوە لە زیانەکان و نەخشەی داچوونی زەوی کە بە هۆی گەرمبوونی جیهانەوە دروست دەبێت.

### سوودەکانی

توانای بەرگەگرتنی درۆنە تاکڕۆتۆرەکان وایان لێ دەکات ببنە هەڵبژاردەیەکی باش و بەناوبانگ، بەتایبەتی کاتێک بە بزوێنەری گاز کار دەکات. تاکە پەروانە گەورەکەی وای کردووە کە درۆنەکان زۆر کاراتر بکات لە کاتی فڕیندا، ئەمەش ڕێگەیان پێ دەدات کە لە درۆنە فرەڕۆتۆرەکان باشتر بن. لە ئەنجامدا زۆرێک لە فڕۆکەوانەکان پشت بە درۆنی تاکڕۆتۆر دەبەستن بۆ هەڵگرتنی کێشی زیاتر.

### زیانەکانی

مەشق و ڕاهێنانی بەرفراوان بۆ فڕۆکەوانی درۆنی هێلیکۆپتەری تاکڕۆتۆر پێویستە، کە بەهۆی تیغە گەورەکانیانەوە دەبێتە هۆی برینداربوونی سەخت. کڕیاران دەتوانن چاوەڕێی ئەوە بکەن، کە ئەم درۆنانە لە بازاڕدا نرخیان گرانتر بێت بە بەراورد بە درۆنەکانی تر بە هۆی ئەو ئەزموونەی کە پێویستە فڕۆکەوانان پێیدا تێپەڕن بۆ سەرپەرشتیکردن و بەکارهێنانیان.

### درۆنە فرەڕۆتۆرەکان

درۆنی فرە ڕۆتۆر بەزۆری یەکێکە لە بچووکترین و سووکترین درۆنەکان لە بازاڕدا. مەودا و خێرایی و بەرزییان سنووردارە، بەڵام ئەم درۆنە فڕینێکی تەواو بۆ ئارەزوومەندان و فۆتۆگرافەرانی ئاسمانی دروست دەکەن. ئەم درۆنانە بەزۆری دەتوانن ٢٠-٣٠ خولەک لە ئاسماندا بمێننەوە و بارێکی سووکیش هەڵبگرن، وەک کامێرا.

### سوودەکانی

ڕەنگە درۆنە فرەڕۆتۆرەکان ئاسانترین درۆن بن بۆ بەدەستهێنان، کە لە بەردەستی خەڵکدا بن، بەو پێیەی کۆنترۆڵکردن و مانۆڕکردنیان لە کاتی فڕیندا ئاسانە. هەندێک

لە درۆنە فرەڕۆتۆرەکان باشترین بۆ فڕۆکەوانە سەرەتاییەکانیش، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ببنە بژاردەیەکی گونجاو لە بازاڕی درۆنەکاندا.

**زیانەکانی**

درۆنە فرەڕۆتۆرەکان بەتەواوی توانای بەرگەگرتن و هەڵگرتنی باریان نییە وەک کە لە درۆنی کۆپتەرە تاکرۆتۆرەکاندا دەبینرێت. فڕۆکەوانێک بەختێکی باشی دەبێت ئەگەر درۆنێکی فرەڕۆتۆر بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ خولەک لە ئاسماندا بهێڵێتەوە. لەکاتێکدا کە ئەم درۆنانە ئاسانترن بۆ فڕین، بەڵام لە بارودۆخی بادا ناجێگیر دەبن و ناتوانن زۆر لە کۆنترۆڵکەرەکەیان دوور بکەونەوە.

**درۆنە باڵجێگیرەکان**

درۆنە باڵجێگیرەکان لە فڕۆکەی ئاسایی دەچن، کە باڵەکانیان لە بری ڕۆتۆرەکان بەرزکەرەوە دابین دەکەن، کە ئەمەش وایان لێ دەکات زۆر کارا بن. ئەم درۆنانە بەزۆری لە بری کارەبا سووتەمەنی بەکار دەهێنن، ئەمەش ڕێگەیان پێ دەدات بۆ ماوەی زیاتر لە ١٦ کاتژمێر لە هەوادا بفڕن. بەو پێیەی ئەم درۆنانە زۆر گەورەترن و بەهۆی دیزاینەکەیانەوە، پێویستە لەسەر ڕێڕەوی فڕین هەڵبفڕن و بنیشنەوە هەروەک چۆن فڕۆکەکان دەیکەن. درۆنی باڵجێگیر لە لایەنی سەربازییەوە بۆ هێرش و لێدان بەکار دەهێنرێت، لە لایەن زانایانەوە بۆ هەڵگرتنی بڕێکی زۆر ئامێر و تەنانەت لە لایەن ڕێکخراوە قازانج نەویستەکانەوە بۆ گەیاندنی خۆراک و کاڵای دیکە بۆ ئەو ناوچانەی کە گەیشتن پێیان قورسە بەکار دێت.

**سوودەکانی**

درۆنە باڵجێگیرەکان بەهێزن و دەتوانن مەودای دوورتر ببڕن و شتگەلێکی قورستر لە درۆنەکانی دیکە هەڵبگرن. هەروەها چوارچێوەی بەهێزیان وایان لێ دەکات بەرگەی بارودۆخی بای بەهێز بگرن، بەجێگیری دەمێننەوە لە هەمان کاتدا خێرایی خۆیان لە گەشتێکی خێرادا دەپارێزن.

**زیانەکانی**

لەبەر ئەوەی درۆنە باڵجێگیرەکان ناتوانن هەڵبفڕن و دەبێت لە هەموو کاتێکدا بەرەو پێشەوە بچن، نیشتنەوەیان زۆر قورسترە لە درۆنەکانی تر. پێویستیان بە شوێنی بەرفراوانترە بۆ هەڵفڕین و نیشتنەوە، هەروەک چۆن فڕۆکە ئاساییەکان دەیکەن. لە

ئەنجامدا درۆنە باڵجێگیرەکان پێویستیان بە ڕاهێنانی بەرفراوان هەیە و لە کۆتایدا لە بەرزترین پۆلێنی نرخەکاندا دەبینرێن.

**درۆنی VTOLی هایبریدی بە باڵە جێگیرەکان**

درۆنی VTOLی باڵە جێگیرەکان تێکەڵەیەکە لە درۆنە باڵجێگیرەکان و درۆنی بنچینە ڕۆتۆر، کە تایبەتمەندیی ڕۆتۆرەکانیان هەیە کە بە باڵەکانەوە بەستراوەتەوە. بە هۆی شێوازە تێکەڵاویەکەیەوە، ئەم تەکنەلۆژیایە بەرگەگرتنی دیزاینێکی باڵە جێگیر و تواناکانی فڕینی ڕاست لە دیزاینێکی ڕۆتۆردا پێشکەش بە بەکارهێنەران دەکات. کۆمپانیاکان سوود لەم پێکهاتەیە وەر دەگرن، پشت بە درۆنی VTOLی تێکەڵاوی باڵ جێگیر دەبەستن بۆ زیاتر کەمکردنەوەی کاتی گەیاندن لە هەمان کاتدا ئەزموونێکی فڕینی گشتگیرتر پێشکەش دەکەن.

**سوودەکانی**

درۆنەکانی VTOL ی باڵە جێگیرەکان توانای تەواو و پێویستیان هەیە بۆ گەشتکردن بۆ مەودای دوور، تەنانەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ باری قورستریشدا. هەروەها توانای فڕینی ڕاستیان هەیە، کە ئۆفەری گشتگیری زیاتر پێشکەش دەکەن لە چاو درۆنە باڵجێگیرەکاندا.

**زیانەکانی**

درۆنەکانی VTOL ی باڵە جێگیرەکان لە هەموو پیشەکاندا کار دەکەن و زۆر ئەرک دەکەن لە کاتێکدا پسپۆڕ نین لە هیچ بوارێکدا. بە واتایەکی تر دەتوانن بفڕن بۆ پێشەوە و بنیشنەوە، بەڵام لە هیچ کام لەم دووانەدا باش نین. هەروەها فڕۆکەوانەکان پێویستیان بە ڕاهێنان هەیە بۆ فڕینی ئەم درۆنانە و دەبێت ئامادە بن پارەی زیاتریان پێ بدەن. ئەم تەکنەلۆژیایە نوێیە و هێشتا لە گەشەکردندایە، بۆیە دەکرێت کەموکوڕیی زیاتر سەر هەڵبدات لەگەڵ بەردەوامبوونی پیشەسازییەکە لە تاقیکردنەوەی درۆنی VTOLی تێکەڵاوی باڵجێگیر.

**درۆن بۆچی بەکاردێت؟**

درۆنەکان زیاتر بۆ مەبەستی سەربازی و خۆشی وەرگرتن بەکار دەهێنرێن. لەڕاستیدا دەتوانرێت درۆنەکان ببینرێن کە کارایی و سەلامەتی هەموو پیشەسازییەک بەرەو باشتر دەبەن، لە پاراستنی گیانلەبەرە کێوییەکانەوە تا گەیاندنی پێداویستی پزیشکی.

## بەکارهێنانی درۆنەکان

درۆنە سەربازییەکان
درۆنەکان بۆ گەیاندن
درۆنەکان بۆ تیمەکانی فریاگوزاری
درۆنەکان لە کشتوکاڵدا
درۆنەکان لە بۆشایی ئاسمان
درۆنەکان بۆ ئاژەڵە کێوییەکان و پاراستنی مێژوویی
درۆنەکان لە بواری پزیشکیدا
درۆنەکان بۆ وێنەگرتن

## بەکارهێنانی درۆنەکان

### درۆنە سەربازییەکان

ڕەنگە کۆنترین و ناسراوترین و مشتومڕدارترین بەکارهێنانی درۆن لە بواری سەربازیدا بێت. سوپای بەریتانیا و ئەمریکا لە سەرەتای چلەکاندا دەستیان کرد بە بەکارهێنانی فۆڕمی زۆر سەرەتایی درۆن بۆ سیخوڕیکردن بەسەر زلهێزەکانی میحوەرەکاندا. درۆنەکانی ئەمڕۆ زۆر پێشکەوتووترن لە درۆنەکانی دوێنێ، کە وێنەی گەرمی و مەودای دۆزینەوەی لەیزەری و تەنانەت ئامرازی کردنی هێرشی ئاسمانییان تێدایە. یەکێک لە دیارترین درۆنە سەربازییەکان کە ئەمڕۆ بەکار دەهێنرێت، درۆنی (Reaper ٩-MQ)ە. درێژیی فڕۆکەکە -٣٦- پێ و توانای فڕینی بە بەرزی -٥٠- هەزار پێی لە ئاسماندا هەیە بە بێ ئەوەی کەشف بکرێت و کە تێکەڵەیەکی لە مووشەک و کەرەستەی کۆکردنەوەی هەواڵگریی تێدایە.

### درۆنەکان بۆ گەیاندن

درۆنی گەیاندن بە شێوەیەکی گشتی درۆنی سەربەخۆن، کە بەکار دەهێنرێن بۆ گواستنەوەی خۆراک، پاکەت یان کاڵا بۆ بەردەم ماڵەکەت. ئەم فڕۆکە فڕیوانە بە درۆنی گەیاندنی "دوا میل" ناسراون، چونکە بەکار دەهێنرێن بۆ گەیاندن لە فرۆشگاکان یان کۆگاکانی نزیک لە شوێنی مەبەست. فرۆشیارانی تاکەکەسی و زنجیرەکانی بەقاڵی لە سەرانسەری وڵاتدا ڕوو لە درۆن دەکەن، وەک بەدیلێکی گەیاندنی کاراتر، لەبری

ئەوەی پشت بە شۆفێرانی گەیاندن ببەستن کە بارهەڵگری ناکارامەیان هەیە. ئەم درۆنانە دەتوانن -٥٥- کیلۆ کاڵا بگوازنەوە بۆ بەردەم ماڵەکەت بەبێ ئەوەی هەرگیز پێویستت بە دەرچوون بێت لە ماڵەوە. ئەمازۆن، وۆڵمارت، گووگڵ، فێدێکس، یو پی ئێس و چەندین براندی گەورەی دیکە هەموویان وەشانی جیاوازی درۆنی گەیاندن تاقی دەکەنەوە.

## درۆن بۆ تیمەکانی فریاگوزاری

هەندێک جار ئەوەندە کارێکی سەلامەت نییە، کە مرۆڤەکان بنێردرێن بۆ حاڵەتی ڕزگارکردن، بە هۆی دووری یان توندی کارەساتەکانەوە. لێرەدا درۆنەکان دێنە ئاراوە. لە حاڵەتی وەرگەڕانی بەلەمێک یان لە کاتێکدا کە کەسێک دەخنکێت، بەرپرسان دەتوانن درۆنی ژێر ئاوی ئۆتۆنۆم AUV)) فڕێ بدەنە ناو ئاوەکە بۆ ئەوەی هاوکاری ڕزگارکردنەکە بکەن. ئەگەر بەفر ببارێت، درۆنەکان جێگیر دەکرێن بۆ گەڕان بەدوای ئەو کەسانەی کە لە بەفردا گیریان خواردووە. تەنانەت کۆمپانیای دروستکەری فڕۆکە (کامان) هێلیکۆپتەرێکی بێفڕۆکەوانی دروست کردووە کە ناوی K-MAX ە، کە دیزاین کراوە بۆ هەڵگرتنی زیاتر لە ٦ هەزار پاوند بار. K-MAX پێشتر لە چین و ئوسترالیا بەکار هێنراوە بۆ هاوکاریکردن لە کوژاندنەوەی ئاگرەکان.

## درۆنەکان لە کشتوکاڵدا

درۆنەکان سەلماندوویانە، کە سوودیان بۆ پیشەسازیی کشتوکاڵیش هەیە، چەندین ڕێگەیان پێشکەش بە جووتیاران کردووە بۆ باشترکردنی کێڵگەکانیان بۆ ئەوەی زۆرترین کارایی لە کێڵگەکاندا ببینرێت و بۆ زیاتر کەمکردنەوەی فشاری جەستەیی. کردنی ڕووپێوی مەیدانی، تۆوکردن بەسەر کێڵگەکاندا، بەدواداچوونی ئاژەڵ و خەمڵاندنی بەروبوومەکان و هەموو ئەمانە لە ڕێگەی بەکارهێنانی درۆنەکانەوە ئاسانتر دەکرێن لە هەمان کاتدا کاتێکی زۆر زیاتر بۆ پیشەگەرانی کشتوکاڵ پاشەکەوت دەکات.

## درۆنەکان لە بۆشایی ئاسمان

ناسا و هێزی ئاسمانی ئەمریکا بەنهێنی فڕۆکە بێسەرنشینەکان تاقی دەکەنەوە، کە بەرەو گەشتە ئاسمانییەکان ئاڕاستە کراون. درۆنی X-37B درۆنێکی زۆر نهێنی هێزی ئاسمانییە کە لە کەشتییەکی بچووکی بۆشایی ئاسمان دەچێت. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەبێدەنگی بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە و ڕیکۆردی درێژترین فڕینی تۆمار کردووە بۆ فڕۆکەی بێسەرنشین (کە ماوەی ٧٨١ ڕۆژی خایاندووە). هەرچەندە زۆر

ناڕوونە، بەڵام هێزی ئاسمانی ڕایگەیاندووە "ئامانجە سەرەکییەکانی فڕۆکەی X-37B دوو لایەنەن: تەکنەلۆژیای کەشتی ئاسمانی دووبارە بەکارهێنەرەوە بۆ داهاتووی ئەمریکا لە بۆشایی ئاسمان و تاقیکردنەوەکانی کارکردن، کە دەتوانرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ سەر زەوی و پشکنینیان بۆ بکرێت." پێدەچێت درۆن کرابێتە یەکەمین بژاردە کاتێک باس لە داهاتووی گەڕان و داهێنانی بۆشایی ئاسمان دەکرێت.

**درۆنەکان بۆ ئاژەڵە کێوییەکان و پاراستنی مێژوویی**

درۆنەکان بەدیلێکی هەرزانتر و کاراترن بۆ پاراستنی گیانلەبەرە کێوییەکان. بەدواداچوون بۆ ژماردنی گیانلەبەرە کێوییەکان نزیکە لە مەحاڵەوە بۆ مرۆڤ لەسەر زەوی. هەبوونی چاوێک لە ئاسماندا ڕێگە بە پارێزەرانی گیانلەبەرە کێوییەکان دەدات کە شوێن پێی گرووپە ئاژەڵە گەڕۆکەکان هەڵبگرن، لە ئۆرانگۆتانەکانەوە لە بۆرنیۆ تاوەکوو بایسۆن لە دەشتە گەورەکان، بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی باشتر لە بارەی تەندروستی جۆرەکانیان و ژینگەکانیان بەدەست بهێنن. هەروەها درۆنەکانی پاراستن ئامرازێکی تەواو دروست دەکەن لە بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ڕاوکردن لە ئاسیا و ئەفریقا.

هەروەها درۆنەکان بۆ هەوڵەکانی چڕ کردنەوەی دارستانەکان لە سەرانسەری جیهان بەکار دەهێنرێت. ئەم درۆنانە زەوی ئەو دارستانانە دەشۆنەوە، کە بە هۆی ئاگرەوە لەناو چوون و دەفری پڕ لە تۆو و پێداویستی و ماددە خۆراکییەکان دەخەنە خوارەوە کە یارمەتی دارەکان دەدات دووبارە بژێنەوە. لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆنم زەویی دارستانی بڕاوە هەبووە. ئەوەی مرۆڤەکان بە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ کاتیان دەوێت بۆ ئەوەی دارستانەکان بنیات بنێنەوە، لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای درۆنەکان بۆ چاندنی تۆو دەتوانرێت بە شێوەیەکی کاراتر بە کاتێکی کەمتر تەواو بکرێت.

لە کۆتاییدا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان خەریکە دەبنە ئامرازێک لە هەوڵەکانی پاراستنی مێژوویيدا. درۆنەکان بەکار دەهێنرێن بۆ نەخشەکێشانی سێڕەهەندی شوێنە مێژووییەکانی وەک چێرنۆبڵ و شوێنەوارە کۆنەکانی یۆنانی ئەفسوس و تورکیا و گۆڕستانی جوولەکەکان لە سەرانسەری ئەوروپادا. بینین لە شوێنی بەرزەوە یارمەتی پارێزەرانی مێژوو دەدات لە گەیشتن بە بەڵگەکان سەبارەت بە کولتوور و تەلارسازی دەدات بە پارێزەرانی مێژوویی، لە هەمان کاتدا وێنەی سێڕەهەندی بەکار دەهێنن بۆ دووبارە دروستکردنەوەی شوێنە ونبووەکان.

**درۆنەکان لە بواری پزیشکیدا**

چۆن پێداویستی پزیشکی بگەیەنین بۆ ئەو کەسانەی لە ناوچە سەختەکانن و دەستگەیشتن پێیان قورسە؟ چ ئامرازێک دەتوانیت بەکار بهێنیت بۆ گەیاندنی ئەندامەکانی جەستە بە ئەو نەخۆشانەی چاندنی ئەندامەکانیان بۆ دەکرێت؟ درۆنەکان وەڵامی ئەو دوو پرسیارەن. ئێستا، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار دەهێنرێت بۆ گەیاندنی پێداویستی پزیشکی فریاگوزاری و بار بۆ کۆمەڵگاکانی دەرەوەی سنوورەکان لە گوندەکانی ئەلاسکا. لە بری ئەوەی پشت بە سەگ و ئۆتۆمبێلی بەفر یان ئەمبولانس ببەستن، کە بەرگەی بەفر ناگرن، خەڵکی ئەلاسکا پشت بە درۆنەکان دەبەستن بۆ ئەوەی بە خێرایی پێداویستی پزیشکی ڕزگارکەری ژیان وەر بگرن.

هەروەها درۆنەکان بەکار دەهێنرێت بۆ گەیاندنی ئەندامە بەخشراوەکان بۆ ئەو نەخۆشانەی چاندنی ئەندامەکانی جەستەیان بۆ دەکرێت. هەر لەم دواییانەدا مێژوویەک تۆمار کرا بۆ درۆنەکان بەوەی کاتێک گورچیلەیەک بە درۆنی تایبەت دروستکراو لە نەخۆشخانەیەکی میریلاندەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دیکە لە ماوەی کەمتر لە پێنج خولەکدا گواسترایەوە. ئەمەش دەتوانێت ئەو ڕێژە خاو و مەترسیدارە کەم بکاتەوە کە زۆری بەخشینەکان بەو ڕێژەیە دەگەن (ئەگەر هەر بگاتە دەستیان). بەگشتی ئەندامەکان لە ڕێگەی گەشتە بەکرێگیراوەکان یان بازرگانییەکانەوە دەگەیەنرێن. دواکەوتن و هەڵەکان لە حوکمدان دەبێتە هۆی دواکەوتنی مەترسیدار بۆ ماوەی دوو کاتژمێر یان زیاتر لە سەدا ٤ لە هەموو گەیاندنێکی ئەندامەکان. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەتوانن بە شێوەیەکی باش کات بەدەست بهێنن و لە هەمان کاتدا شێوازێکی سەلامەتتر و پارێزراوتر بۆ گواستنەوەی ئەندامەکان پێشکەش بکەن.

**درۆنەکان بۆ دروستکردنی شێوەی سێ ڕەهەندی**

درۆنەکانی LiDAR هەستەوەری LiDAR یان تێدایە، کە ڕووپێوی دیمەنەکان دەکەن و زانیاریی قووڵ کۆ دەکەنەوە، کە دەتوانرێت بۆ دروستکردنی شێوەی سێ ڕەهەندی بەکار بهێنرێت. درۆنەکان کە بە هەستەوەری LiDAR دیزاین کراون دەتوانن زانیاری زۆر وردتر پێشکەش بکەن لە چاو درۆنەکانی دیکە کە بەبێ ئەو تەکنەلۆژیایەن. جگە لەوەی LiDAR ئاسانکاری دەکات بۆ گەشتکردن بە ڕووبەرە جیاوازەکان، LiDAR ئەو توانایانە دەدات بە درۆنەکە کە ئامانجەکان لە ئەرکەکانی گەڕان و ڕزگارکردندا دەستنیشان بکەن و هەڵسەنگاندن بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بکەن لەگەڵ زۆر شتی تر.

### درۆنەکان بۆ فۆتۆگرافی

درۆنەکان وەک بەخشش‌ێک بوون بۆ ئەو فۆتۆگرافەرانەی، کە درۆن بەکار دەهێنن بۆ گرتنی وێنەکانیان لە ئاسمانەوە. تا ئێستا بیرت لەوە کردووەتەوە، کە دیمەنی چاوی باڵندە بۆ بینینی شار، کەنار دەریا یان بینایەکی دڵخوازت چۆنە؟ درۆن هەیە کە تایبەت بۆ وێنەگرتن دروست کراوە، کە ڕێگەیەکی نوێیە بۆ وێنەگرتنی هەندێک لە شوێنە دڵخوازەکانت لە ئاسمانەوە.

### ئایا پێویستت بە مۆڵەت هەیە بۆ فڕینی درۆن؟

تا ساڵی ٢٠١٦، ئەو بازرگانییانەی کە تەکنەلۆژیای درۆنەکانیان بەکار دەهێنا، پێویست بوو خاوەنی مۆڵەتی فڕۆکەوانی بن بەبێ گوێدانە پیشەسازییەکەیان. بەڵام ڕێسایەکی نوێی حکومەت هاتووەتە گۆڕەپانەکەوە، کە پێویستە ئەوانەی فڕۆکەوانی درۆنن بۆ مەبەستی بازرگانی، بڕوانامەی فڕۆکەوانی دوور بەدەست بهێنن بە کردنی تاقیکردنەوەی زانیاری فڕۆکەوانی. تاقیکردنەوەکە لە ٦٠ پرسیاری هەڵبژاردن پێک هاتووە، کە بابەتەکانی بریتین لە ڕێساکان بۆ ئیمتیازاتی هەڵسەنگاندنی سیستمی ئاسمانی بێسەرنشین UAS))، سنووردارکردن و کارکردنی فڕین، کاریگەرییەکانی کەشوهەوا لەسەر ئەدای UAS، ڕێکارەکانی فریاگوزاری، ڕێساکانی فڕۆکەخانە، بڕیاردان، چاککردنەوە و زۆر شتی تر. بۆ ئەوەی کەسێک بتوانێت تاقیکردنەوەکە بکات، پێویستە لانی کەم تەمەنی ١٦ ساڵ بەرەو سەرەوە بێت و توانای خوێندنەوە و تێگەیشتن و قسەکردن و نووسینی بە زمانی ئینگلیزی هەبێت، هەروەها باری جەستەی و دەروونی ئەوەندە باش بێت، کە بتوانێت درۆن بفڕێنێت.

### ئاستەنگەکانی درۆن چین؟

درۆنەکان چەندین چارەسەر بۆ ئاستەنگە سەرهەڵداو و درێژخایەنەکان دەخەنە ڕوو لە سەرانسەری پیشەسازییەکاندا. بەڵام زۆرێک نیگەرانی خۆیان دەر بڕیوە سەبارەت بەو کاریگەرییە نەرێنییە ئەگەرییانەی، کە گەشەی ئەم ئامێرانە دەیخاتە ڕوو.

### درۆن و تایبەتمەندییەکان

لەبەر ئەوەی درۆنەکان پشت بە کامێراکان دەبەستن بۆ کارکردن، کە زۆرجار ڕێگە بە ئیشپێکەرەکان دەدات وێنە بگرن و ڤیدیۆ تۆمار بکەن، زۆرێکیان نارازی بوون کە بەبێ ڕەزامەندی خۆیان وێنەیان گیراوە. چەندین یاسا هەیە بۆ سنووردارکردنی درۆنەکان لە دەستدرێژیکردنە سەر نهێنی کەسانی دیکە، بەڵام زۆرێک لە بەکارهێنەران ئەوە

هەڵدەبژێرن کە ئەم یاسایانە پشتگوێ بخەن.

**درۆنی بۆشایی ئاسمان**

بەو پێیەی درۆنەکان ئاسمانیان داگیر کردووە، زۆربەیان توانای گەیشتنیان بە بەرزاییەکان هەیە کە ڕکابەری فڕۆکەی جێت ئەکەن، نیگەرانییەکان سەبارەت بە درۆنەکان کە کارەسات و بارودۆخی نائاسایی دروست دەکەن یان توندتریان دەکەنەوە، هاتووەتە ئاراوە. زۆرجار دەتوانرێت لە ڕادارەکانی هاتوچۆی ئاسمانیدا بەدواداچوون بۆ درۆنەکان قورس بێت، ئەمەش بەربەستی نوێ دەخاتە بەردەم فڕۆکەوانانی فڕۆکە و هێلیکۆپتەر، بۆ ئەوەی لە کاتی فڕیندا پێیدا تێپەڕن. لە هەندێک حاڵەتدا، بوونی درۆنێک ڕەنگە ڕێگری بکات لە یارمەتیدانی فڕۆکەی فریاگوزاری، نموونەش وەک بەشەکانی ئاگری خۆڕسکی باشووری ڕۆژئاوای ئەمریکا.

**کەوتنەخوارەوەی درۆن**

جا چ لە ئاسمان بێت یان لەسەر زەوی، هەموو ئەو فڕۆکانەی کە لە لایەن مرۆڤ بەڕێوە دەبرێن، مەترسییەکی سروشتییان هەیە بۆ کەوتنەخوارەوە - تەنانەت کاتێک کە بێسەرنشینیش بن-. درۆنەکان لە یەک کاتدا بە هێزی پاتری سنووردار کار دەکەن، خاوەنی پەروانەکانن کە بە خێرایی دەسوورێنەوە، کە یارمەتییان دەدات لە بەرزکردنەوەدا و هەروەها توانای کەوتنەخوارەوەیان لە بەرزاییە زۆرەکانەوە هەیە، ئەمەش مەترسییەکی گەورە لەسەر مرۆڤ و ژینگە دروست دەکات لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی درۆنەکان کە بەکار دەهێنرێن بەرەو سەرەوە.

**درۆنەکان و ئاسایشی ئەلیکترۆنی**

لەگەڵ زیاتر بەناوبانگبوونی درۆنەکان لە بەکارهێنانی ڕۆژانە و سەربازیدا، هەر لەبەر ئەمەش دەبنە ئامانجێکی گەورەتر بۆ هێرشە ئەلیکترۆنییەکان. هاککەرەکان دەتوانن زانیاری بە کۆئۆردینیاتی جی پی ئێسی ساختە بدەن، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی درۆنەکان بکەن، تەنانەت دەتوانن ئەو زانیارییانە وەر بگرن، کە لەنێوان درۆنەکە و کۆنترۆڵکەرەکەی لە مەودایەکی دوورەوە دەگوازرێنەوە. پێویستە خەڵک ڕێوشوێنی خۆپارێزی زیاتر بگرنە بەر بۆ پاراستنی درۆنەکان و ئەو زانیارییانەی کە هەڵیاندەگرن، وەک جێبەجێکردنی سۆفتوێرە دژەڤایرۆسەکان، وەرگرتنی وەشانی نوێی فیرموێری و بەکارهێنانی وشەی نهێنیی بەهێز.

**سەرچاوە: وێبسایتی تێکتارگێت**

# مێژووی درۆنەکان لە ساڵی ١٩٠٧ تا ٢٠٢٣

نووسینی: ماریۆ پۆلجاك
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

لەڕاستیدا کەی درۆنەکان کەوتنە بازاڕەکانەوە؟ هەندێک پێیان وایە کە درۆن وەک ئامراز و کەرەستەی چاودێری بووە بۆ مەبەستی چاودێریکردن بەسەر وڵات و نەتەوەیەکدا، هەندێکی تر دەڵێن ئامێرێکە بۆ گەیاندنی بەرهەمەکان. هەروەها تەنانەت لەوەش زیاتر ئەوەیە کە بڵێن درۆنەکان وەک تارماییەکی کوشندەن کە لە ئاسماندا حەشار دراوە.

ئایا باوەڕ دەکەیت کە نزیکەی ١١٠ ساڵ پێش ئێستا یەکەم فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دروستکرابێت؟ درۆنەکان یاخود فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ( UAVs) ئەو فڕۆکانەن کە هیچ تیم و کارمەند و سەرنشینیان تێدا نییە.  لە سەرەتای دروست بوونی ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە ( درۆنەکان) هەر لە بنچینەدا بۆ مەبەستی سەربازی دروست کرابوون.

ئەگەر ئەمڕۆ سەیر بکەین، دەتوانین ئەوە ببینین کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان (درۆنەکان) ڕووبەر و مەودایەکی فراوانیان دۆزیوەتەوە بۆ بەکارهێنانی مەدەنی لە شێوەی (کوادکۆپتەر و ئۆکتۆکۆپتەر) ی بچووکدا، کە ئەوەش دوو جۆری درۆنی بچووکن. مایەی سەرسوڕمان نییە کە ئەم ئامێرانە بوونەتە هۆی تاسە و پەرۆشی و ترس لە جیهاندا. بەڵام ئەم تارماییانەی ئاسمان لەکوێوە هاتوون؟ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا، لێرەدا تەواوی مێژووی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان ( درۆنەکان) دەخرێتە ڕوو.

**ساڵی ١٩٠٧ یەکەم فڕۆکەی کوادکۆپتەر**

یەکەم داهێنەری کوادکۆپتەر کورانی بنەماڵەی بێرگت بوو، لە ساڵی ١٩٠٧ کە ناسراو بوو بە (جیرۆپلانی ژمارە ١) ، کێشی ئەم فڕۆکە جیرۆپلانە ١٢٧٤ پاوەند بوو، کە یەکسانە بە ٥٥٧ کیلۆگرام. کە ئەمە یەکەمین فڕۆکە بوو کە بە باڵی سووڕاوە لە زەوییەوە خۆی بەرز بکاتەوە، هەرچەندە ئەمە تەنیا فڕینێکی سنووردار بوو لە بەرزیی چەند پێیەک (مەتر).

هەروەها لە ڕاپۆرتەکاندا باس لەوە دەکەن، کە لە دوای دروستکردنی جیرۆپلانی تەنیا چەند جارێک لە توانایدا هەبووە بفڕێت، ئەمەش بەتەواوی ڕوون نەبووە، کە چۆن بە شێوەیەکی دروست و تەواو کوادکۆپتەر کۆنترۆڵ دەکرێت، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەفڕێت.




**یەکەم ناساندنی ڕاستەقینەی فڕۆکەکان لە ساڵی ١٩١٥دا**

لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا شایەتی بینینی یەکەمین برەپێدان و داهێنانی فڕۆکەی ڕاستەقینەی جەنگی بوو، لە خزمەتی سەربازیدا، هەرچەندە چەندین ئامێر وەک باڵۆنەکان و کۆلارە بۆ دەیان ساڵی پێشوو بەکار هێنرابوون. نزیک لە کۆتایی جەنگی جیهانیی یەکەمدا سوپای ئەمریکا کاری لەسەر ئەوە دەکرد، کە پێی دەگوترا تۆرپیدۆی ئاسمانی.

مووشەکی ئاسمانی بوو، کە لە ئێستادا بە مووشەکی کروز ناسراوە، کە دوو باڵی دوو قاتی بچووک کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی وەک فڕۆکەی خۆکوژی کار دەکات، هەرچەندە لە پێش بەکارهێنانی فرکەکە جەنگەکە کۆتایی پێ هات.

ئەم کێتەرینک باگە لە توانایدا هەبوو، کە تا دووریی-١٢٠-کم لە ئامانجەکەی بدات، لە ماوەی جەنگی ساڵی ١٩١٥ دا بەریتانییەکان فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن)یان بەکار هێنا، کە تێیدا ١٠٠٠ کۆمەڵە و دەستە نەخشەی ئاسمانییان هەبوو، کە بەو شێوەیە سوودیان لە خاکی دوژمنانیان وەر دەگرت.
دەگوترا لە سەردەمە نوێدا بۆ یەکەمین جار بە بەکارهێنانی وێنەی ئاڵۆزی کۆردینەیتی ئۆپراسیۆن بکات. تۆپخانەکان لەسەر زەوی توانیان بە هۆی زانیاری پێشکەوتوو لەسەر هێزی سەربازی پیادەی دوژمن هێرشەکانیان بۆ سەر گوندی بوریج بە بەکارهێنانی نەخشەی ئاسمانی بکەن.



**ساڵی-١٩٢٠-یەکەمین کوادکۆپتەری جێگیر**

ئەم جۆرە کوادۆپتەرە یەکەمین جۆری فڕۆکە بوو، کە بە شێوەیەکی ستوونی هەڵدەستا و دەنیشتەوە.
یەکەم بەکارخستنی ئۆمیچنی ژمارە ٢ بوو، کە لە لایەن ئیتیان ئۆمئشین لە ساڵی -١٩٢٠- داهێنرا.
بۆ ئەم کوادکۆپتەرە یەکەم فڕینی بەسەرکەوتوویی لە ساڵی ١٩٢١ دا بەئەنجام گەیاند. هەروەها ئەوەی، کە فڕۆکەی ئۆمیچنی ژمارە دوو لە ساڵی ١٩٢٠ دا کردی بەڕاستی سەرسورهێنەر بوو. توانی زیاتر لە ١٠٠٠ جار بفڕێت و هەروەها لە توانایدا بوو بۆ چەند خولەکێک لە ئاسماندا بمێنێتەوە. کە بۆ ئەم کاتە لە سنووری مەحاڵدا بوو، چونکە میکانیک زۆر ئاڵۆز بوو هەروەها وەک زانستێک گەشەی نەسەندبوو.




**ساڵی ١٩٣٩ یەکەمین درۆنی جەنگی.**

ئەم سیستمە بەردەوام بوو لە گەشەسەندن بە درێژایی جەنگ. لە ساڵی ١٩٣٩ لە قۆناغە زۆر سەرەتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی یەکەمین فڕۆکەی ئاڕاستەکراو (ڕیمۆت کۆنترۆڵ) کە ناوی( ڕادیۆپلەینی ئۆ کیو ی دوو) بوو. هەروەها ئەم فڕۆکەیە لە لایەن ڕێجیناڵد دێنییەوە دروست کرا.

هەروەها نۆرما جین دۆهێتری پێش ئەوەی زیاتر بە مارلین مۆنرۆ بناسرێت لە کارگەیەکی کالیفۆرنیا کاریدەکرد بۆ پێکەوەنانی ئۆ کیو دوو لە ماوەی جەنگەکەدا. هەروەها لە ماوەی جەنگی سارد دا فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا، درێژیی گشتی٨ پێ و ٨ ئینج بوو لەگەڵ باڵی ١٢ پێ و ٣ ئینج و کێشی فڕۆکەی ئۆ کیوی دوو ١٠٥ پاوەند بوو.



**ساڵی ١٩٥٦ کۆنفێرتۆڤینگس کوادرۆتۆر.**

ئەم کوادرۆتۆر بێوێنە و ناوازەیە نموونەیەکی سەرەتایی بوو بۆ هێلیکۆپتەرێکی کوادرۆتۆری گەورەتری مەدەنی لە ماوەی جەنگدا. یەکەم گەشتی ئاسمانی لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٥٦ کرا. هێلیکۆپتەرێکی کوادرۆتۆری بەسەرکەوتووی لە ناوەڕاستی سالانی ١٩٥٠ کاندا فڕی. هەروەها پێک هاتبوو لە چوار پەروانە لە بەشی(H)ی هێلیکۆپتەرەکە.

بەڵام لەبەر نەبوونی فەرمانی سەربازی ئەم پرۆژەیە کۆتایی پێ هات. سیستمی فڕۆکەکە بە شێوەیەک دیزاین کرابوو، کە هەر گۆڕانکارییەک لە پێکهاتەکەیدا بکرێت دەتوانرێت لەگەڵ ٤ ڕۆتەرەکەدا یەک بگرێت، لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازی لە ڕۆتەرەکەدا وا دەکات بەهێز بێت و کۆنترۆڵێکی بەهێزی هەبێت لە ژێر فشاردا.

بۆ نموونە بۆ ئاراستە کردن و خلکردنەوەی کوادرۆتەرەکە بۆ لایەک، ئەوا پەستانی هەردوو پەروانەی ئەو لایە زیاد دەبوو ئەمەش لە کاتێکدا کە پەستانی دوو پەروانەی لایەکەی تری کەم دەبوونەوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم مۆدێلی کۆنفێرت وینگە، کێشەکەی -٢٢٠٠- پاوەندە کە ٩٩٧ کیلۆگرامە، درێژییەکەی ٢٦ پاوەند بوو هەروەها تیرەکەی ١٩،٤ە هەروەها خێرایە بەرزەکەی ٨٠ میل بوو لە کاتژمێرێکدا.



**ساڵی ١٩٧٣، یەکەمین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی ئیسرائیل (ماستیف).**

ئەم درۆنە (ماستیف) یەکێک بوو لە بێوێنەترین دیزاینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە پێشکەوتووترین فڕۆکە لە سەردەم و چەرخی سەربازیی مۆدێرندا. یەکەمین فڕینی لە ساڵی ١٩٧٣دا بوو، ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئیسرائیلییە توانای گواستنەوەی ڤیدیۆی کوالێتی بەرزی هەبوو بە هۆی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکەیەوە.

ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانە توانای هەڵگرتنی ١٠ کیلۆگرام باری هەبوو، لە مەودای ٥٠- کیلۆ مەتردا.

هەروەها سوپای ئیسرایل وانەی گرنگ فێر بوو لە بارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە، لە ماوەی شەڕی یۆم کیپور لە ساڵی ١٩٧٣. هەروەها بە شێوەیەک لە ساڵی ١٩٧٣دا لە دوای شەری یۆم کیپور ئیسرائیل گەشەی دا بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ماستیف، بە ماوەیەکی کەم لە دوای ئەوەش گەشەی سەند بە هەریەک لە فڕۆکەی IAI Scout و ئامێرە چاودێرییە بێفڕۆکەوانەکان.




**ساڵی ١٩٨٦ - فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جۆری Pioneer RQ٢:**

ئیسرائیل و ئەمریکا بە هاوبەشی لە ساڵی ١٩٨٦دا دەستیان کرد بە وەبەرهێنانی پرۆژەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جۆری Pioneer RQ٢ کە فڕۆکەیەکی چاودێریی قەبارە مامناوەند بوو، هەروەها ئەم فڕۆکە پاینۆرە نوێکراوەی ڤێرژنی تادران مەستیف بوو هەروەها لە سوپای هێزی دەریایی ئەمریکا بەکارهێنرا. ئەم فڕۆکەیە هەڵدەدرێت لەسەر پشتی کەشتی بە یارمەتیی درۆنهەڵدەر، یان لە سەر ڕێڕەوی فڕین، پاینۆرەکە دەچێتەوە سەر کەشتییەکە یاخود بە ئامێری گرتنەوە لە دوای پێنج کاتژمێر لە فڕین لەگەڵ باری ٧٥ پاوەند (٣٤ کیلۆگرام).

لە دەوروبەری هەمان کاتدا ئەبراهەم کەریم ئەندازیارێکی شارەزای ئیسرائیلی بوو چەندین ساڵ کاری بۆ پیشەسازیی کەشتیی ئاسمانی کردبوو، هەستا بە پەرە پێدانی بە نموونەیەکی هاوشێوەی، کە بە (گانت ٧٥٠) لە گەراجەکەی خۆی لە دەرەوەی لۆس ئەنجیلۆس. پایۆنیر بە چەند شێواز و لە چەندین ناوچە کارەکەی جێبەجێ کردووە، وەک لە کەنداوی فارس و بۆسنە و یوغسلافیا و سۆماڵدا کردوویەتی.



**ساڵی ١٩٩٤ جەنەڕاڵ ئۆتۆمیکسMQ-١**

ئەمە بنچینەترین جـۆری ئەتۆمیکی MQ-١ Predator ە، کە فـڕۆکـەی نـاوازەی ئاڕاسـتەکراوی ئەمریکایە. لـە سێی مانگی کانوونی دووەمی سـاڵی ١٩٩٤دا پێنتاگۆن گرێبەستێکی واژۆ کرد لەگەڵ کۆمپانیای جەنەڕاڵ ئاتۆمیکسدا، ئەوان ڕێککەوتنێکیان کرد لەسەر بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

( درۆن) ی گەورەتر و بەهێزتر و بێدەنگتر لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی داینامیکی.

بە تێچووی نزیکەی چل ملیۆن دۆلار بۆ هەرسیستمێک، MQ-١ Predator درۆنێکی بە نرخی بنچینەییە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئۆپەراسیۆنەکانی هێزی ئاسمانی لە وڵاتانی عێراق و ئەفغانستان، ئەم فڕۆکەیەی تێدا بەکار هاتبوو، کە ئاڕاستە کرابوو لە دوورەوە لە ژێر چاودێریی سێ کەس لە کارمەندانی هێزی سەربازی. تیمەکەش پێک هاتبوو لە یەک فڕۆکەوان لەگەڵ دوو گەڕخەری هەستەوەر، هەرچەندە تیمێکی تەواو لە ٥٥ کەس پێک دێت، فڕۆکەی predator بە کامێرای بەشی سـەرەوەی کۆنترۆڵ دەکرا، وێنەیەکی تـەواوی دەبەخەشییە فڕۆکەوانەکان، کە چی هەیە لە خـوارەوە و هەروەها لە پێشەوە وە لە کاتی خۆیدا و زانیارییەکانی دەگەیاند.

لە ڕووی توانای کارکردنی جۆری فڕۆکەی MQ-١ دەتوانێت تا بەرزیی ٢٥ هەزار پێ بەرز ببێتەوە لەگەڵ مەودای ٤٥٤ میل بە خێرایی ١٣٥ میل لە کاتژمێرێکدا، هەروەها درێژیی باڵەکانی ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانە پێوانە دەکرێت بە نزیکەی ٤٩ پێیە، کێشی تەواوی سیستمەکە بەبێ بار نزیکەی ١١٠٠ پاوەندە.



**ساڵی ٢٠٠١ یەکەمین هێرشی چەکداریی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.**

ئەم فڕۆکە پرێدیتەرە یەکەمین فڕینی بەسەر وڵاتی ئەفغانستاندا بوو، لە پایزی ساڵی -٢٠٠٠-، لە کاتێکدا کە تیمێک لە هێزی ئاسمانیی درۆنی پریدیتەری بەکار هێنا بۆ گەڕان بە دوای ئوسامە بن لادندا. لەم کاتەدا ئەم درۆنە تەنیا بە کامێرای چاودێری چەکدار کرابوو،

لە ٢١ ی کانوونی دووەمی ساڵی -٢٠٠٠-، هێزی ئاسمانیی ئەمریکا ڕەزامەندیی پێنتاگۆنی بەدەست هێنا بۆ پڕچەککردنی فڕۆکەکە بە مووشەکی هێلفایر. کەمتر لە ساڵێک پێش، بەر لە هێرشە تیرۆرستییەکانی ١١ ی سێپتەمبەری شاری نیویۆرکی ئەمریکا، دواتر لە دوای ١١ ی سێپتەمبەردا ڕاستەوخۆ دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی دەستی کرد بە هەڵمەتی کوشتنی بەئامانج. لە بنەڕەتدا لیستی ڕەزامەندییەکەی پێنتاگۆن بۆ کوشتنی هەر کەسێک بوو، کە بە تۆمەتباریان دانابێت لە کردنی هێرشەکەی ١١ ی سێپتەمبەردا.

ئەمەش یاساییە لەبەر ئەوەی کە پێی دەوترێت ڕێگەپێدان بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی. ئەمەش لە کاتێکدایە کە پاشماوەی سەرکردەکانی گرووپی چەکداریی قاعیدە هەڵهاتن لە ئەفغانستانەوە بەرەو پاکستان و یەمەن. هەردوو خاکە سەروەرەکان، لە دوای ماوەیەکی کەم فڕۆکەی زۆر مۆدێرنتر و ئامێری باشتر بەدەر کەوتن، کە توانایەکی گەورەی هەبوو و شتەکان تێکچوون. ماددەی ٢-٤ ی پەیماننامەیی نەتەوە یەکگرتووەکان پارێزگاری لە سەروەریی وڵاتانی ئەندام دەکات، ئەمەش واتای وایە کە دەبێت لە کاتی ئاشتیدا لە دەستدرێژیی سەربازی دوور بن، بەڵام ئیدارەی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا ئۆباما ئاماژەی بەوە دا، کە بەئامانجگرتنی دوژمنەکان ڕێگەپێدراوە، چونکە ئامانجە ویستراوەکانن.

هەموو ئەو پاشکۆیانەی پەیوەستن بە ڕێکخراوی قاعیدە بە شێواز و فۆڕمێکی تر

هەڕەشەی نزیکن بۆ سەر خاکی ئەمریکا یاخود بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە دەرەوەی خاکی ئەمریکا. هەمووان بێدەنگ بوون دەربارەی ئەوە وە هیچ کەس نەیدەویست بڵێت ئەوە دەربارەی چییە بەتایبەت پێنتاگۆن. دەزگای لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری ڕاپۆرتیدا کە دەزگای هەواڵگری ئەمریکا سی ئای ئەی کەنزیکەی -٤٠٠- هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی لە پاکستاندا دەستپێکردووە لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە.هەروەها دەزگاکە ڕاپۆرتی لەوەش دا، کە ٩٥٧ کەسی مەدەنی لە پاکستان بە هۆی هێرشە درۆنییەکانەوە کوژراون، لە ساڵی ٢٠٠٤ ەوە، هەموو یاسا و ڕێساکانی ئەم بوارە هێشتا بە شێوەیەکی زۆر ناوچەی خۆڵەمێشن.



**ساڵی -٢٠٠٦- یەکەم بەکارهێنانی درۆنی بازرگانی**

بە شێوەیەکی فەرمی پشتڕاست کراوەتەوە، کە هەتا ساڵی ٢٠٠٦ بۆ مەبەستی بازرگانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار نەهێنراوە. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یەکەمین جار لە لایەن کۆمپانیاکانەوە بەکار هێنرا لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ پشکنینی بۆرییەکان و پرژاندنی دژە مێرووەکان لە کێڵگەکاندا.

هەر وەکوو چۆن تەکنەلۆژیای درۆنەکان و کامێراکان پێش کەوت، لە کەرتی سەربازیدا، بە هەمان شێوە ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجییانە دەتوانرێت لە کەرتە تایبەتەکاندا بەکار بهێنرێت. هەروەها لە ١٨ ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٦دا ئیدارەی فڕۆکەوانیی فیدراڵی FAA مۆڵەتی ڕێگەپێدانی دەرکرد سەبارەت بە ڕێگەدان بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی جۆری M/RQ-١ و M/RQ-٩ دەدات، کە بەسەر ئاسمانی مەدەنیی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بەکار بهێنرێن بۆ گەڕان بەدوای ڕزگاربووانی کارەساتەکاندا.

ساڵی -٢٠١٠- دەروازەیەک بۆ درۆنی جۆری Parrot AR.

درۆنی جۆری پارۆت ئەی ئاڕ، کە لە ڕێگای مۆبایلە زیرەکەکانەوە کۆنترۆڵ کراوە بۆ

بەکارهێنەرەکانی، هەروەها لە پێشانگای ئەلیکترۆنی نمایش کراوە لە لاس ڤێگاس لە ساڵی ٢٠١٠ دا، بووژانەوە و گەشەسەندنێکی پیشەسازیی کواکۆپتەر بۆ بەکاربەرانی دروست دەکات. ئەم درۆنە (Parrot AR)ە، کە کۆمپانیایەکی فەرەنسی کە فڕۆکەی کوادکۆپتەر دروست دەکات.

هەروەها درۆنی جۆری Parrot AR دەتوانرێت لە لایەن سیستمی ئەندرۆید یاخود ئای ئۆ ئێس یاخود هەر جۆرێکی تری تابلێت کۆنترۆڵ بکرێت. لەو کاتەدا، درۆنەکان کێشەی پاتری و کەمتواناییان هەبوو هەر بۆیەش پارۆت ئەی ئار ڕایگەیاند، کە لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەدان و هەوڵی دابینکردنی کاتی فڕینی زیاتر بۆ بەکارهێنەرانی بەردەست بخات. لە کاتی بڵاوبوونەوەیەوە، ڕێکخراوە تایبەتەکان و حکومەتەکان نیگەرانیی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە بەکارهێنانی درۆنی AR بۆ چاودێریکردن. هەرچەندە ئەو تەکنەلۆژیایانەی، کە پێویستە بۆ پەخشکردن و تۆمارکردنی ڤیدیۆی ڕاستەوخۆ وەر گیراوە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان UAV، واتە پێش هەبوونی درۆنی جۆری AR بوونی هەبووە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی بۆ هاووڵاتان بەردەست نەبووە.




**ساڵی ٢٠١٣ زاڵبوون بەسەر فڕۆکە بێفڕۆکەوانە بازرگانییەکان لە لایەن کۆمپانیای DJI.**

ئەگەر دەتەوێت مۆبایلی زیرەک بکڕی یەکەمین براندەکانی، کە دێنە مێشکتەوە ئەپڵ و سامسۆنگن. ئەوەی دەتوانین بیڵێن دەربارەی کۆمپانیای Dji ئەوەش ئەوەیە، کە ئەم کۆمپانیای تەکنەلۆژیایە توانویانە زاڵبوون و باڵادەستییەکی تەواو لە جیهانی درۆنەکان بەدەست بهێنن و هەروەها شایەنی ئەوەشن.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانە بەناوبانگەکانی کۆمپانیای DJI لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لایەن فرانک وانگ لە زانکۆی هۆنگ کۆنگ بنیاد نراوە. بەرهەمەکانی کۆمپانیای DJI پێناسەی پیشەسازی و بەرهەمەکانی دەکەنەوە، کە بەکار دێن بۆ دروستکردنی فیلم و کشتوکاڵ و بواری

پاراستن و گەڕان و ڕزگارکردن و لەوانەش زیاتر. ئەو بەرهەمانەی، کە بەرهەمی دەهێنێت بریتین لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و بەناوبانگترینیشیان بریتییە لە زنجیرەی فانتۆم، تا ئێستا ئەم کۆمپانیایە داهاتەکەی لە ساڵی ٢٠١٥ دا بڕی ١ ملیار دۆلارە وە نرخی -١٠- ملیار دۆلارە، وە -٤٠٠٠- کارمەندی هەیە لە چین و هۆنگ کۆنگ و ژاپۆن و ئەمریکای باکوور و ئەورووپا، کە بەشەکانی بەڕێوە دەبات. ئەوەی کە کۆمپانیای DJI لە جیهانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کردوویەتی، بەدەگمەن هیچ کەس توانیویەتی لەم پیشەسازییەدا بیکات، ئەوان باڵادەستن لە بازاڕی درۆندا کە نزیکەی ٪٧٠ ی تەواوی بازاڕی درۆنیان پێک هێناوە.





**ساڵی ٢٠١٤ گەیاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمازۆن**

لە ساڵی ٢٠١٤ دا ئەمازۆن پێشنیاری بەکارهێنانی درۆنی کرد. کە ئەم درۆنانە بچووکترن لەو درۆنانەی کە لە سەربازیدا بەکار هێنراوە و بە تایبەتمەندی زۆر زیاتر. ژمارەیەک لە دەزگاکان بەکرێ گیراون بۆ بەکارهێنانی درۆن بۆ کارەکانیان، هەندێک لە کۆمپانیاکانی تر دەستیان کردووە بە دروستکردنی درۆنی خۆیان، هەندێکی تر درۆنەکان بەکار دەهێنن بۆ ئەرکی ڕزگارکردنی دژە ڕاوکردن لە ئەفریقا. گەیاندنی دەرمان بە ڕێگەی درۆن هێشتا لە قۆناغی تاقیکردنەوەدایە، هەروەها تەنانەت کۆمپانیای فەیسبووک فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گەورە دروست دەکات، کە بە وزەی خۆر کار دەکات بۆ ئەوەی بە بەرزیی -٥٠٠٠٠- پێ بەرز ببێتەوە بۆ بڵاو کردنەوەی ئینتەرنێت بە ناوچە دوورەکانی جیهان.

بەڕێوەبەرایەتی فڕۆکەوانی فیدراڵی ئەمریکا ئاماژەیان بەوە داوە، کە زیاتر لە ٩٣٤ دەزگای حکومی لە ئەمریکا لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ( FBI )ەوە، تا گومرگ و کۆنترۆڵکردنی سەر سنوور تا بەشە بچووکەکانی پۆلیس لە ویلایەتی مینیسۆتا پەسەند کراون بۆ سنووردارکردنی مافی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لە شوێنە ناوخۆییەکاندا.

تا مانگی ئایاری ساڵی ٢٠١٥، -٣٥- ویلایەتی ئەمریکا داوای یاساییان پێشکەش کرد بۆ سنووردار کردنی بەکارهێنانی درۆنەکان لە لایەن دەزگا حکومییەکانەوە. -١٢- یاسایان لەوە پەسەند کرد، جێی سەرسوڕمانە بەم دواییە دەری دەخەن زیاتر لە نیوەی ئەمریکییەکان ڕازین بە بەکارهێنانی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکان لە دەرەوەی وڵات پەسەند کردووە. ئەگەر سەردەمی درۆن بەجیددی هاتووە، ئەوا دەتوانین چاوەڕوانی چی بین لە ساڵانی داهاتوودا؟ ئەگەر ئەم ڕەوتانەی ئێستا وەک ئاماژە ببینرێن ئەوا ڕەنگە پێویست بکات ڕابێین لەگەڵ ئەوەی، کە ئێمە ئەوان ببینین و ئەوانیش ئێمە ببینن.



**ساڵی ٢٠١٨ یەکەمین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مرۆڤهەڵگری جیهان**

یەکەمین و گرینگترین پرۆژە لەم پیشەسازییەدا پەرەسەندنی بە خۆیەوە بینی لە ساڵی ٢٠١٧ بوو، کاتێک یەکەمین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مرۆڤهەڵگر خرایە ڕوو، بە ناوی ئیهانگ ١٨٤. ئەمە یەکەمین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربەخۆیی مرۆڤهەڵگرە بەو واتایەی، کە خۆی لێخورە و پێویستی بە مۆڵەتی ڕاهێنان نییە بۆ فڕۆکەوانی.

کۆمپانیای ئیهانگ دروستکەری زنجیرەیەک لە گۆستدرۆنی لەوەشانێکی ئاسای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ناوی ئیهانگ ١٨٤ بەرهەم هێناوە، بۆ ئەم درۆنە ٨ ماتۆڕی کارەبایی بەکار هێناوە، بۆ وزەدان بۆ ٨ پەروانەکەی کە دەتوانێت کێشی مرۆڤێکی -١٠٠- کیلۆ گرام هەڵبگرێت، لەگەڵ لەخۆگرتنی هەرجانتایەک لە جانتای دەستی و دیبلۆماسی. سیفەتە مەزنەکەی درۆنە ڕێبوارەکە ئەوەیە، کە دەتوانێت زۆر بە خێرایی لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر بتگوازێتەوە، هەروەها بۆشاییەکی فراوانتریان پێویست نییە لەوەی، کە ئۆتۆمبیلێکی کلاسیکی پێویستی پێیەتی (لەوانەیە کەمێک فراوانتر بێت)، دەتوانێت بە خێرایی ٢-٦ میل لە کاتژمێرێکدا ببڕێت، لووتکەی بەرزییەکەی -١١٠٠٠- هەزار بێت واتا ٣٣٥٢ مەتر لە ئاستی دەریاوە بێت.



**دەرئەنجام**

ئێستا کاتێک سەیری هەموو ئەو ڕێگایانە دەکەیت، بە درێژایی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، دەبینیت چ موعجیزەیەک ڕووی داوە لە جیهانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان. ئەمەش کاتێکی زۆری خایاند بۆ هەبوونی سیستمێکی ڕاستەقینە و متمانەپێکراو، جەنگی جیهانی یەکەم یەکەمین دەروازەی هێنانە ناوەوەی فڕۆکەی بەخۆیەوە بینی، لە خزمەتی سەربازیدا، هەرچەندە چەندین بابەتی وەک باڵۆن و کۆلارە لە دەیان ساڵی پێشوودا

بەکار هێنرابوون. لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٩٣٠یەکاندا فڕۆکەکان بە خێرایی و بەرزتر دەفرین، خستنە خوارەوەیان بەڕاستی دەبێتە ئاڵنگارییەکی زۆر قورس.

لە ساڵی ١٩٧٣ەوە کە جیهان یەکەم فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی جەنگی بەخۆیەوە بینی هەتا ئەمڕۆ، کە ئەم تەکنەلۆژیایە بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر بەرەوپێش دەچێت هەروەها جیهانیش جۆرە نوێیەکانی پرێداتۆر بەکار دەهێنێت، ئێمە دەتوانین بەڕاستی سەرسام بین بەوەی، کە چیمان لەپێشە لە داهاتوویەکی نزیکدا. ئەمڕۆ درۆنەکان بەکار دەهێنرێن بۆ مەبەستی بازرگانی و بۆ چێژوەرگرتن، هەروەها تەنانەت بۆ وەرزشیش. ڕەنگە ئێمە شایەتیی ئەوە بدەین، کە درۆن دەبێتە پیشەی دروستکەری پرۆفیشناڵ لە بواری وەرزشیدا. کۆمپانیای ئوبەر پلانی هەیە تا ساڵی ٢٠٢٠ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک ئامرازێکی گواستنەوە پێشکەش بکات، ئێمە چاوەڕوانی داهاتوویەکی زۆر سەرنجڕاکێش و نارِوون دەکەین، بەڵام ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەیە، کە پێویستی بە پێشکەوتنێکی زۆر گرنگ و زیرەکیی دەستکرد هەیە، بەڵام ئێمە هێشتا بەتەواوی لەو ئاستەدا نین.

**سەرچاوە: وێبسایتی درۆن تێك پلانێت**

# هونەری جەنگی درۆن

نووسینی: بێریل پۆنگ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**پوختە**

زیادبوون و هەڵکشانی هێرشە درۆنییەکان و فراوانبوونی بەکارهێنانی درۆن لە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکاندا، بووەتە هۆی نەهێشتنی سنوورەکانی نێوان هەردوو بواری سەربازی و مەدەنی. ئەم ژمارە تایبەتە "هونەری جەنگی درۆن" لەخۆ دەگرێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بواری لێکۆڵینەوانەی لەسەر جەنگی درۆن و هونەری درۆن تا ئێستا هەن. تیشک دەخاتە سەر کارایی، بڵاوبوونەوە، تەکنۆپۆلەتیکی، مێژووی ئەو داگیرکارییانەی بە هۆی سیستمی درۆنەوە کراوە، لە ڕێگای ئەو نووسینانەی گفتوگۆی چەندین کاری کولتووری دەکات بە دروستکردنی ڤیدیۆی بەبازاڕ کردن، فلیم، ئەدەب و هونەری بینراوی ئەلیکترۆنی.

سەرەڕای بوونی چەندین مشتومڕ لەسەر بابەتی ئەخلاقی و بنەمایی جەنگی کۆنترۆڵکراوی دوورمەودا، بەکارهێنانی درۆنی سەربازی تا ڕاددەیەکی زۆر ئاسایی کراوەتەوە. بە تاقیکردنەوەی هونەر و بنەماکانی جەنگی درۆن، یارمەتیدەر دەبێت لە دەرخستنی سیاسەتەکانی لە کاتێکدا مەنتیقی پشت سیستمی سەربازیی سەربەخۆ چەسپاو دەکات.

لە ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢، کاتێک ڕووسیا ئۆکرایینای داگیر کرد، هونەری جەنگی درۆن پێی نایە قۆناغێکی نوێ. هەزارەها درۆن لە لایەن هەردوو لاوە لە بەرەی جەنگدا بەکار هاتووە، ڕووسیا درۆنی )ئۆرلان-١٠( و ئۆکراینا بە شێوەیەکی گشتی پشتی بە درۆنی تورکی )بایرەکتار تی بی٢( بەستووە، کە لە دواییدا لە تورکیا و ئۆکراینا وەک ئەفسانەیەک باسی دەکرا، لە هەمان کاتدا لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵ میدیاوە بە شان و باڵیدا هەڵدراوە، بەتایبەتی لە پەڕەی فەیسبووکی سەرۆکی ئەرکانی ئۆکرایینی، ڤالێری زالوژنی.
لە کاتێکدا ئەم مۆدێلانە زۆر هەرزانترن و زیاتر بەردەستن وەک لە درۆنی سەربازی ڕێپەر و پریدیتۆر، تەنانەت درۆنی ئاسایی و ئەو درۆنە مۆدێل بەسەرچووانەش وەک دی جەی ئای)ماڤیک ٣( بەکار دەهێنرێن، بۆ هەردوو مەبەستی چاودێریکردن و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و گەیاندنی ئامێری تەقینەوەی بچووک. لە مانگی تەمووزی ٢٠٢٢ میخایلۆ فێدێرۆڤی وەزیری گۆڕانکاری دیجیتاڵیی ئۆکراینا، لە تویتەر کردەی بە درۆنکردنی ڕاگەیاند، لەگەڵیشیدا کەمپینێک بۆ کۆکردنەوە و بەخشینی پارەی ئەلیکترۆنیی (کریپتۆکەرەنسی)، بۆ بنیادنانی سوپای درۆنی وڵات.
ئەم بەرەوپێشچوونە لە جەنگی درۆندا، کە فڕۆکەی بێفرۆکەوانی (UAV) سەربازی و مەدەنی تێکەڵ دەکات و بینینی بەکارهێنانی درۆن بۆ هەردوو مەبەستی پلان بۆدانراو و دانەنراو، وا دەکات جێگەی سەرسوڕمان نەبێت. لە نموونەیەکدا درۆنێکی )ئۆرلان-١٠ ( پارچەکانی لە یەک هەڵوەشێنرانەوە دەرکەوت، کە کامێرایەکی چاودێریکردنی ئاسایی Canon DSLR) (ی پێوە جێگیر کراوە، ئەمەش ئەوە دەر دەخات، کە ئەم تەکنەلۆژیا سەربازییانە دەکرێت لەگەڵ بەردەسترین ئامێرە مەدەنییەکاندا لەیەک بدرێن.
هەرچەندە کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان درۆنی بازرگانی بەردەستی باڵسووڕاوە، کە لەگەڵ تەقەمەنییەکاندا یەکیان خستوون بەکار دەهێنن و کامێرایان لەسەر جێگیر دەکەن، بە بەشداریکردنیان لە هەردوو بەرەی جەنگی ئۆکراینا و ڕووسیا، یەکەم نموونەیە کە تێیدا کارەکتەرە دەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا دانیان بە تواناکانی درۆندا نا. کاریگەرییە دوورمەوداکانی ئەم بابەتە پڕ لە نهێنی و موفاجەئەیە تەنیا کات دەتوانێت دەری بخات.
کات، بابەتێکە کە ئێمە پێشوەختە ئاشناین پێی لەگەڵ درۆنی سەربازیدا، سەرەڕای ئەو تێڕوانیە گشتیەی ڕۆژنامەوانی و میدیاییە، کە دەڵێن درۆنەکان سروشتێکی بێپێشینە و هاوچەرخی هەیە. مێژووی درۆنەکان دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی یەکەمی جیهانی و ناوبانگێکی نوێی وەرگرت و توانای نوێی خۆیان سەلماند، لە سەرەتای سەدەی بیست و یەک، کاتێك درۆنەکان لە ناسینەوە و کوشتنی بە ئامانجگیراو بەکار دەهێنران بۆ دۆزینەوەی گومانلێکراوان لە دوای ڕووداوی ١١ی سێپتەمبەرەوە، ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ فراوانبوونی پرۆگرامی درۆنی دەزگای هەواڵگری سی ئای ئەی، لە لایەن باراک ئۆباماوە. ئەمە هاندەر بوو بۆ یەکەمین شەپۆلی زانستی درۆنی، کە زیاتر گرنگی

دەدات بە کاروباری هونەری چاوی درۆنەکە، کە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ کردەی توندوتیژی. تەکنەلۆژیای درۆن بە شێوەیەکی بنچینەیی بە یەکێک لە بنەما بینراوەکان شیکاریی بۆ کراوە و وەک (ڕژێمێکی بەئامێرکراوی سەروو بینراو) لەقەڵەم دراوە، کە تێیدا 'بەرکەوتنی چارەنووسازی چاو و چەك" هیچی کەمتر نییە لە یەککگرتن لەگەڵ بەئاگایی و کوشندەیی، ئەمەش بە گەڕانەوە بۆ گفتوگۆی کلاسیکیی پاوڵ ڤیریلیۆ لە بابەتی جەنگ و سینەمادا: لەشکرکێشی لە بەرچاو گیرا. فراوانکردنی مەودا و ڕۆڵی بینین شانبەشانی ئەو پرۆژە چەکدارییانە، هێرشی درۆنی لە کەمپینی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوون و تیرۆریزمییەکان دەچێتە نێو بابەتەکانی توانستی هەواڵگری و چاودێریکردن و لێکۆڵینەوە، لەگەڵ بەئامانجگرتن و بەرهەمهێنانی پرۆسێسێکی تەنیای 'چاودێریکردنی کوشندە'.

لەبەر ئەوەی بینینی درۆنی لەڕێی کۆمەڵێک تەکنەلۆژیا وە بنیادنراوە لەنێویاندا: شاشە، هەستەوەر، گوێزەرەوەی دەنگی، سەتەلایت، سیگناڵی مۆبایل، ئەلگۆریزمێک - دەرەنجامی لۆجیکی بریتیە لە لە گوێزەرەوەیەکی سەروو مرۆڤی کە فەرمان دەدات لە هەردوو بواری بینین و جەنگ.

لە ئێستادا ئاشنا بووین بە شێوازی تایبەتی درۆن لە جەنگی دژی تیرۆر لە بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی یاخیبوون. کۆمەڵێک لە شاشە کە دەوری فرۆکەوانی درۆنەکەی داوە لەو ژوورە داخراوەی لە کۆنتەینەری کەشتییەکاندایە پێک هاتووە لە: چاوی درۆنەکە لە ئاسمانەوە وێنەیەکی خۆڵەمێشی ناڕوون پشان دەدات، کە لاشەکان و پارچەکان وەک نیشانەیەکی سپی دەر دەکەون، کە تیشکی سەروو سوور دەیانخوێنێتەوە، وەک ئەوەی لە ڤیدیۆکانی یوتیووبدا دەبینرێت، کە لە هەواڵەکاندا پەخش دەکرێت، وەک کارین کاپلان ناوی دەنێت "درۆنۆراما". ئەو خواستە گشتیەی لە بینینی ڤیدیۆی درۆنەکاندا هەیە، پێویستە وەك تۆڕێك لە میدیای کاتبەسەربردنی بازرگانیی سەربازی تێیبگەین. لەبەر ئەم هۆکارە، ڕەخنەگری مێژووی هونەری و هونەری بینراو ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، لە ڕەخنەگری کولتووری لە جەنگی درۆنەکاندا. ساڵانی ٢٠١٦-٢٠١٧، بە دیاریکراوی، گوتاری گشتی لە بارەی درۆنەوە گەیشتە بەرزترین ئاستی، سێ پێشانگای گرنگ لە هەمان کاتدا کران ئەوانیش: یەکەمیان بە ناوی "بۆ بینین بەبێ ئەوەی ببینرێیت: هونەری مۆدێرنی جەنگی درۆن " لە (٢٠١٦)،کە لە مۆزەخانەی هونەری میلدرێد لەین کێمپێر لە سانت لویس کرا. دووەمیان، بە ناوی "سەردەمی تیرۆر: هونەر لە ١١ی سێپتەمبەرەوە" لە (٢٠١٧)، کە لە مۆزەخانەی جەنگی ئیمپێریاڵ لە لەندەن کرا. سێیەمیان، "وەک پێشانگایەکی تەنیا و مۆزەخانەی ئیمپێریاڵ، لە لایەن هونەرمەندی پاکستانی-ئەمریکی مەحویش چیشتی(٢٠١٦)، کە کارەکەی لە ژمارە تایبەتەکەی گۆڤارەکەدا گفتوگۆ دەکرێت. ئەم پێشانگایانە نەک تەنیا کاری گرنگی هونەرمەندەکانی یەک خست و بیرکردنەوەیانی لە بارەی هونەر

لە سەردەمی جەنگی کۆنترۆڵکراو خستە ڕوو، بەڵکوو هاریکاری زانستی درۆنی ڕێك خست، لەنێویاندا پۆلێنکردنی کێشەی درۆنەکان وەک بەرچاوبوون، کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگە.

هەرچەندە، خوێندن لەسەر جەنگی درۆن و هونەری درۆن زیاتر تیشک دەخاتە سەر ئەوانەی خاوەن هێزن، لەسەر ئەوانەی کە دەتوانن بڕیار بدەن لەسەر "بینراو" و "بەبینراوکراو"، کە چەقی پێکهاتەی جەنگی مۆدێرنە تەنانەت پێش بیردۆزی کارڵ ڤۆن کلاوسڤیتز لە بارەی جەنگەوە (١٨٣٢). ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی جەنگی ئەمریکییەکان، ( ئۆپەراسیۆنەکانی مەیدانی کردەیی)، کە هونەری ئۆپەراسیۆنی بە هونەری دامەزراوەیی ناو دەبات، کات و جێگە و هۆکار کە هێزە گەورەکان بۆی دەجەنگن. ئەمە حوکم دەدات لەسەر جێگیرکردنی ئەو هێزانە، پابەندبوونیان یان کشانەوە لە جەنگ، هەروەها ڕێکخستنی جەنگە سەرکەوتووەکان و ئۆپەراسیۆنە گەورەکان بۆ گەشتن بە ئامانجی گەورە. وەک نیکۆلاس میرزۆیفدا دەڵێت بینین کلیلی چالاکییە بۆ جیهانی مۆدێرن لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە، کاتێك مەیدانی جەنگ زۆر فراوان بوو بۆ ئەوەی لە چاوی یەک کەسەوە ببینرێت، دەرەنجامەکەی دروستبوونی چینێکی نوێی ئەفسەری نزمترین پلەی سەربازی بوو، کە پرۆسەی بینینی ناوچەکانی دەکرد و بەڵام دواتر زانیارییەکانی دەگەیاندە فەرماندە پلە باڵاکان بۆ ڕوئیاکردنی هونەرەکانی کردەیی جەگکردن. لایەنە جیاوازەکانی بینین، ڕوئیاکردن، هەروەها چاودێریکردن لە جەنگدا هەموویان گرێ دراون بە مێژووی توندوتیژی و داگیرکاری کە لە کۆنەوە دامەزراوەیەکی پتەوی هەیە. بەرەوپێشچوونی یەکەکانی درۆن تەنیا پەیوەست نییە بە بەرەوپێچوونی لەمێژینەی ڕوئیای جەنگەوە، بەڵکوو لەگەڵ لۆژیک و بەکردەیی سیاسەتی داگیرکاری و کۆنترۆڵکردنی دانیشتووان، لە لایەن هێزە ئاسمانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفغانستان یەک دەگرێتەوە، بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە. بە پێی توێژینەوەیەك، سەرکەوتنی وڵاتە یاخیبووەکان لە مەیدانی جەنگدا بەندە بە 'دیدگەی فەرماندەکە' بۆ ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکان،'بە تێکەڵکردنی مێژوو، کولتوور، جۆرەکانی دیکەی زانیاری "نەبینراو" لە وێنە گەورەکەدا، کە بە شێوەیەکی بەرچاو درکی پێ کراوە.

مێژووی داگیرکاریی هێزی ئاسمانی، ئەو توندوتیژییە ڕەگەزپەرستی و کولتوورییەی دایهێنا، هۆکارە بۆ ئەوەی هەندێك درۆن بە ' تەکنەلۆژیای لەناوبەری نەژادەکان' بناسێنن. ئەم لەناوچوونە پاڵپشتی دەکرێت بە دابینکردنی دارایی بۆ تەکنەلۆژیاکە، بەو پێیەی دیمەنی ئاسمانی و توانای درۆن بۆ خۆشاردنەوە لە چاوی مرۆڤەکانی سەر زەوی واي کردووە، کە کاریگەرییەکانی دووری و بابەتی و بینینی نزیکە ئەفسانەیی بەهێز بکات بۆ ئەوانەی بەکاری دەهێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر سەرنج بخەینە سەر ئەزموونی ئەو هاووڵاتانەی کە لەسەر زەوی بە بەردەوامی دەنگی درۆن و ترسی

توندوتیژییان نزیك لە ئاسمانەوە هەیە، تووشی دڵەڕاوکێی درێژخایەن دەبن. لەم ڕوانگەیەوە، ئێمە ڕووبەڕووی ' مانایەکی قووڵتری زیانی مەدەنی' دەبینەوە کە بەشێکە لە ڕژێمی بینراوی درۆن.

ئەو دابەشکارییەی درۆن دەیکات لەنێوان ئاستی بەرز و نزم، بینەر و بینراو، ئێمە و ئەوان- نیگەرانییەکی بەردەوامە لە هونەری درۆندا، شارەزایانی درۆن ڕووبەڕووی ئەمە بوونەتەوە کە چۆن نمایندەی بکەن، هەروەها چۆن ئەو بۆشاییانەی بەیەك بگەیەنن بە ڕێگای خۆیان. ئەم دوو چالاکییە بە شێوەیەکی مۆراڵی یەک ناگرنەوە، بەڵام یەکگرتنەوەیان وا دەکات، کە تەنیا لایەنێکی ببینرێت ئەویش بەو مەرجانەی ئەو لایەنەی کە دەیبینێت.

ڕێگای بەرەوپێش ئەوەیە کە جێنیفەر ڕپی گفتوگۆی لەسەر دەکات، ئەویش بەئاشکرا دەستێوەردانە لە سنوورەکانی 'پەیوەندییە ناسێنراوەکان' لەنێوان بابەتە ڕۆژئاواییەکان و نارۆژئاواییەکاندا لە پێناو دانان بە پێشێلکردنی بەها نەژادی و مرۆییەکان، کە تەکنەلۆژیای درۆنە جەنگییەکان بەهێز دەکات. بەڵام تۆماس ستەبڵفێڵد گەیشتووە بەوەی کە هونەری درۆنە ناسیاسییەکان حەزێکە بۆ هاندان لە بڵاوکردنەوەی نووسین و باری مانادار، لەم ڕێگایەوە نووسەر کێشەی ناساندن لە بەرچاو دەگرێت، بەتیشکخستنەسەر واتا پێشبینینەکراو و ناهاوسەنگەکان، کە زۆرجار بینەرەکان لەسەر درۆن لە دەرەوەی پارادایمە مادییەکان دەیخەنە ڕوو.

لە هەمان کاتدا، ڕۆناک کاپادیا ئەرشیفێکی جیاوازی هونەری درۆن دەخاتە ڕوو، لە هونەرمەندە نامۆکانەوە لە باشوری گۆی زەوییەوە، کە جەخت دەخەنە سەر' ناوزڕاندن و ناشرینکردن'ی توندوتیژی نەتەوەیی و نەژادی، کە مەرج نییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بیخەنە ڕوو، بەڵکوو ڕووکەشی دەکەن و وەک ئامێرێکی سانسۆرکراو دەری دەخەن، بۆ ئەو کەسانەی بە جیاکاریی نەژادی درۆن هێشتا کاریگەر نەبوون.

لەگەڵ چوونەناوەوەی درۆن بۆ ناو بواری ژیانی ناسەربازی لە درۆنی کشتوکاڵییەوە بۆ سیستمی درۆنی گەیاندن، لە درۆنی مرۆییەوە بۆ درۆنی پزیشکی، لە درۆنی فۆتۆگرافەرەکانەوە بۆ درۆنی ڕووناکی دروستکەر، لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستە کە سەرنجەکان بخرێتە حاڵەتە تەکنۆپۆلەتیکیەکان کە شێوە دەدات بە درۆنەکان و بواری بەکارهێنانەکانیان فراوان دەکات. نووسەری 'چەماوەی هونەری درۆن' هۆلاند میچڵ دەنووسێت، وانەیەکی بەنرخە، کە چۆن هونەر و تەکنەلۆژیا تێکەڵ دەبن، یەک دەگرن و دەگۆڕێن و لە یەکدیدا ون دەبن و بەرهەمێکی نوێ پێک دەهێنن، هەروەها چۆن درۆنەکان بوون بە پایەی تەکنەلۆژی و بوونیان لە ژیانی ڕۆژانەدا ئاسایی کراوەتەوە. هەروەها میتچڵ دەڵێت هونەری کردەیی درۆن لە ١٠ ساڵ بۆ ١٥ ساڵی پێش ئێستا هێندە چالاک نەبووە، بەڵام وەک دروستکراوێك لە مەیدانەکەدا نرخی خۆی هەیە. ئەم پرسە تایبەتە لە ئێستادا وەک فلیم، کولتووری بڵاو، ئەدەب، هونەری بینراو دەر

دەکەوێت، بەڵام بەردەوام ئەگەری ئەوەی هەبووە کە دەستێوەردانی تێدا بکرێت. گفتوگۆی ئەوە دەکرێت کە پێویستە دووبارە چاو بخشێنرێتەوە بە بەرەوپێشچوونی جەنگی درۆن لەبەر ئەوەی بابەتەکە ئاسایی کراوەتەوە لای کۆمەڵانی گشتیی خەڵک سەرەڕای بابەتە سیاسییە چارەسەرنەکراوەکان و ئەو مشتومڕانەی، کە لەسەر ئەخلاقی کوشتن لە دوورەوە هەیە.

لەنێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٩ ژمارەی ئەو وڵاتانەی، کە درۆن بەکار دەهێنن بە ڕێژەی ٥٨٪ زیادی کردووە، لایەنی کەم ٩٥ وڵات لە ئێستادا خاوەنداری یاخود هەناردەی دەکەن، کە لە ڕابردوودا تەنیا تەکنەلۆژیای ناو کتێبەکان بوو و زۆر زیاتر لە جەنگی تیرۆر بەکار دێت. لە ساڵی ٢٠٢٠دا زیاتر لە ١٠ وڵات هێرشی درۆنییان کردووە، لە کاتی نووسینی ئەم بابەتە، بە بەردەوامی تورکیا هێرشی درۆنی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی باکووری سووریا دەکات، کە قوربانیی مەدەنی لێ کەوتووەتەوە.

شان بە شانی باوبوونی درۆنی سەربازی و ئاساییکردنەوەی هێرشی درۆنی، جەنگی درۆن تەنیا لە یەک دیدگەی بەکارهێنانی درۆنەوە سەیر دەکرێت .حاڵەتەکانی لەبەرچاوگرتنی "درۆنی باش" سەری هەڵداوە و چەندین بەکارهێنانی باشی درۆن هەیە، کە لە بەرەوپێشچووندایە. هەروەك ئامێری هەستەوەر کە زیاترن لە ئامێری بینراو، درۆنەکان شێوازی نوێی جووڵە، ئەزموون و تێگەشتن لە جووڵەیان دەخەنە ڕوو، بۆ ئەوەی زیاتر لە بۆشایی دەوروبەرمان تێبگەین، چ لە میانەی کۆمەڵگە مەدەنییەکان بێت، پەیوەندی کولتوری بێت یاخود جیهانی ئاسایی.

سەرەڕای چەندین تەکنەلۆژیای مەترسیدار، لەگەڵ ئەوەشدا درۆنەکان ئامێری لاستیکین و کەمیی نرخ و زۆریی فەراهەمییان دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ تاقیکردنەوە و هەروەها خراپ بەکارهێنانیان. لە بری ئەوەی درۆنەکان تەنیا وەك شتێکی باش یان خراپ ببینین، حاڵەتی ئێستای بەرەوپێشچوونی درۆن و بڵاوبوونەوەیان، وا دەکات بیرکردنەوەیەکی دووفاقی بۆ درۆن لەبار نەبێت.

سنوورەکانی نێوان بەکارهێنانی درۆنی سەربازی و مەدەنی بەرەو نەمان دەچێت: درۆنی سەربازی بە شێوەیەکی ئاسایی لە چاودێریکردنی سنوورەکان دژی کۆچی نایاسایی بەکار دێت، هەروەها بۆ چاودێریکردنی خۆپیشاندانەکان، درۆنی پۆلیسییش لە کاتی قەدەغەی هاتوچۆ، لە کاتی بڵاوبوونەوەی کۆڤید١٩ بۆ سەپاندنی یاساکان بەکار دەهات.

درۆنەکان دەکەوەنە دەستی کۆمەڵگە جیاوازەکان، بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەیان زیاتر ناباو دەبن، ئەمە مانای ئەوەش دەگەێنێت کە ڕەخنەگرتن لە توانایان بۆ دروستکردنی "میلیتاریزمی ڕۆژانە" قورستر دەبێت.

زیادبوونی جەنگی درۆن وانەیەکی گرنگمان فێر دەکات، لە بارەی ئەو ڕۆڵەی کە بەها و یاسا و دامەزراوەکان دەیبینن لە قبووڵکردنی درۆن لە لایەن کۆمەڵگەوە، قبووڵکردنی

هێرشکردنیان بۆ سەر ژیانمان ئەگەری هەیە. ئەمە ئەوە لەخۆ دەگرێت کە ئێمە چۆن تەکنەلۆژیای درۆن وەک ویستراو یاخود نەویستراو سەیر دەکەین، لە ڕووی چۆنێتیی جەنگردنمانەوە، بەڵام ئەوەش لەگەڵ نیگەرانییە فراوانەکانی تری وەك وەک تایبەتمەندێتی، بەکارهێنانی داتا، ڕۆڵی سانسۆرەکان و زیرەکی دەستکردەوە، هەروەها چۆن و لەکوێ هێڵی بەرپرسیارێتیی نێوان مرۆڤەکان و ئامێرەکان دەکێشرێت، بەتایبەتی کە درۆنەکان لەگەڵ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری یەک دەگرنەوە، کە بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان.

لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم ژمارە تایبەتە هەردوو هونەری جەنگی درۆن لەگەڵ نوێترین کارەکان کە لەسەر پەیوەندییە فراوانەکانی درۆنەکان بە وێناکەران و بایۆپۆلەتیکەییەکان کراوە گرێ دەدات. ئەندریاس ئیمانوێل گرای و کاترین ماورەر نووسیویانە، وێناکردنەکان لەنێوان ئەزموونی هەستیاری کەسی و وێناکردنی فراوانتری کۆمەڵایەتی، جیاوازیی شێوەیی دووریەکانی درۆنەکان سەنتەرییە، بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن و بۆ درۆنەکان لە جیهانە فراوانە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانماندا پەرە دەسەنن. ئەگەر وێناکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕێگەی تێگەیشتنن لە کۆمەڵایەتی کە خۆیان دەبنە یەکە کۆمەڵایەتییەکان، بەرەو ناو ژیانی بەکۆمەڵ، کەواتە تێڕوانینی وێناکارەکان بۆ جەنگی درۆن یارمەتیمان دەدات لە دەرخستنی چۆنێتیی گەیشتن بە دروستکردن و قبوولکردنی 'چینی بەئامانجگیراو'، کە ئێمە ڕێگای پێ دەدەین لە وەرگرتن وەک لە کۆنترۆڵکردنی کۆتایی بەکارهێنانی درۆنەکان، ئەوانەش کە ئەزموونی شۆکهێنەریان لەگەڵ درۆنەکان هەیە، ناتوانرێت ڕوون بکرێتەوە بە تیشکخستنەسەر وردی لە ژمارەکان و ژمارەی قوربانییەکان.

چۆن گەشتین بەوەی ئێستا هەیە؟ چ مێژوویەک پشتگیری لە بەکارهێنانی بەردەوامی هێرشە درۆنییەکان دەکات، بەتایبەتی لە ناوچە پۆست- کۆلۆنیاڵەکان؟ چۆن کولتوور یارمەتیدەر بووە بۆ پەرەپێدان و شاردنەوە، بەڵام لە هەندێک کاتی دیکەدا بەگژداچوونەوە و بەرگریکردن، لە زیادبوونی هێرشە درۆنییەکان؟ بە قبووڵبکردنمان بۆ ئەم مێژووە چ ئاگادارکردنەوەیەکمان دەداتێ، بۆ داهاتوو لە بەکارهێنانی درۆنەکاندا؟ جیك شتاوفەر بەراورد دەکات لەنێوان ئەوەی کە ئێمە چۆن بەکارهێنانی درۆنی سەربازی دەبینین تا دەگات بەوەی، کە چۆن داگیرکارە کۆڵۆنیالیزمەکان جێگیر دەبن لە ئەو هەستەی جیهان و ئەم مێژووەوە ئەوەی، کە هەیە پیشان دەدەن، ئەم پرسە تایبەتەکە داوامان لێ دەکات، کە پێزانین بدەین بە کێشە سنووردارکراوەکە، هەروەها ئەو مێژووانەی کە هەن وەک خۆیان وەری بگرین، لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە بیر بکەینەوە لە بەرەوپیشچوونی درۆن لەژێر تیشکێکی نوێدا.

وەک دەر کەوت، کە ڕۆڵی سۆشیاڵ میدیا لە پەرەپێدانی بەکارهێنانی درۆن لە جەنگی ئۆکراینا و ڕووسیا، کە بە یەکەم جەنگی جیهانیی تیکتۆک ناسراوە، ڕای گشتی

کلیلە بۆ ئاساییکردنەوە، هەروەها بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ سیستمە سەربازییە سەربەخۆکان.

لە یەکەم بابەتدا، پیتەر بورت لەژێر ناونیشانی جەنگی درۆنی شانشینی یەکگرتوو، یەکێک لە دیارترین ناونیشانەکان کە کەمترین گفتوگۆی لەسەر کراوە، لە بەرهەمەکانی کولتووری درۆنی بیندراو: ڤیدیۆی بەبازاڕکردنە.

لە بنەڕەتدا مێژوویەکی دامەزراو بۆ هەماهەنگی لەنێوان فرۆشیاری درۆن و دروستکردنی فلیم و کەسە پرۆفیشناڵەکان لە بواری ئەنیمەیشندا هەن، وەک ڤیدیۆی بەبازاڕکردنی ٦ خولەکی بۆ شێوازی تۆڵەسەندنەوە، کە بینەرەکانی لە میدیادا دەخاتە حاڵەتێکی حەماسیی فلیمی جەنگەوە، کە بە درۆن کراوە. هەروەها فلیمە ئەکشنەکان کە بە درۆنەکان دەرازێنرێنەوە، هەروەها هەندێک هەوڵی دیکە دەبینین لەو ڤیدیۆ مارکێتینانەی بورت بە سیستمی BAE و بەرگری SRC شیکاریی بۆ کردووە، هەروەها سیستمی سەربەخۆی سەربازیی پێشکەوتوو، کە دامەزراوەی حکومی بەشدار بووە تێیدا بە ناوی هێزی دەریایی شاهانەیی شانشینی یەکگرتوو.

بورت گفتوگۆ لەسەر جۆراوجۆرێتی و ستایلە تایبەتییەکانی دەکات، هەروەها پێشکەشکردنیان وەک تەکنەلۆژیایی شکستنەخواردووی درۆن و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەنێوان مرۆڤ و ئامێر، کار دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی سیاسەت، یاسا و سنوورەکانی تەکنەلۆژیاکە. وەک ڕێکخراوێکی چالاکی قازانج نەویست، جەنگی درۆنەکانی شانشینی یەکگرتوو، ئامرازێک بووە بۆ تاقیکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە درۆنییەکان لەنێو دەقە بەردەستەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ئەم نووسراوە ستایشی سیاسەتی کارەکانیان دەکات، لە نیشاندانی فۆرمە کولتوورییەکاندا لە ڕێگایەوە، کە بەکارهێنەرە سەربەخۆکان و بەکارهێنەرەکانی دەوڵەت لە ڕێگای درۆنی سەربازییەوە پاڵپشتی و سەرنجی گشتییان بەدەست هێناوە.

نووسراوی دووەم بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕوو دەکاتە هۆلیوود بۆ تێگەیشتن لە پەیامە گشتییە کولتورییەکان بۆ یاسا ئاڵۆزەکانی جەنگی درۆن. هەرچەندە فلیمی سینەمایی ئەندرو نیکۆڵ بەناوی 'گود کیڵ ٢٠١٤' باس لە ڕەخنەگرتنێککی یاسایی دەکات، لە جەنگی درۆن، ئەلێکس ئادەم جیاکاری دەکات لەوەی چۆن فیلمەکان چێژ دەبەخشێت و قبووڵ کراوە بە تیشکخستنەسەر چەکە سەربازییەکان و چەسپاندنی فشارە دەروونییەکان لە لایەن بەکارهێنەرانی درۆنی سەربازییەوە. پێشەشکردنی فیلمەکە تەواوکاریی بیرۆکراسی سەربازی و تراومای تایبەتە، ئادەم دەنووسێت، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕۆڵ دەبینن لە خێزانێکی گەورەتری جەنگێکی لاساییکەرەوە لە فیلمەکاندا. گوود کیڵ تیشکەکان دەخاتە سەر جێنەر و فۆڕمەکانی جەنگی درۆنی ڕاستەقینە، لە کاتێکدا کە خەڵکانێکی کەم لێی تێدەگات. ئەمە لە کاتێکدایە کە

کولتووری بەناوبانگی ئەمریکی ترسی هەبوو لە تێگەیشتن لە جیاوازیی جەنگێک لە دوورەوە ئەزموونی سەربازی دروست دەکات، نیگەرانییەک کە هۆکارەکەی وێناکردنی هەواڵپێدەرەکانە، ئەو کەسانەش لەخۆ دەگرێت کە لە لایەن شیکەرەوەی بەرگریی پێشوو دانییێل هەیڵ و بەکاربەری درۆن سێنسەر براندۆن بریانت ئاماژەیان پێ کراوە. هەرچەندە چیرۆکی شۆکهێنەری ئەو کەسانەی، کە کار بە درۆنی سەربازی دەکەن بە بەردەوامی لە ڕۆژنامەکاندا دەر دەکەوێت، هەژمارەکانی دیکەی جەنگی درۆن ئەو ئایدۆلیجستانە لەخۆ دەگرێت، کە بورت لە نووسراوەکەیدا ئاماژەی پێ داون. زۆرێک لەمانە خەیاڵین، وێناکردنی گوماناویی شۆکهێنەرن کە کارپێکەری درۆنەکان وەک جەنگاوەری دیجیتاڵیی نوێ پیشان دەدات، هەرچەندە لە چوارچێوەی ڕێککەوتنە باش دامەزراوەکانی ناوەڕاستی ئەدەبیدایە.

کەسەکانی دیکە ڕاستەقینەن و لە لایەن فرۆکەوانی درۆنەکان و کارپێکەرەکانەوە خۆیان نووسراون، بەڵام دەنگی ماتیو لە شیکارکردنی بایۆگرافییەکانیاندا ناوەندێکی جیاوازی کارکردن پشان دەدات. بە دەنگێکی دیار و ڕوون ئەزموونەکانیان دەخاتە ڕوو، زمانی ڕوون بەکار دەهێنێت بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن دیاردەبوونی جەنگی درۆن تێکەڵاو بووە، لەگەڵ فکری بەکاربەرەکانی لە ڕووی گوتار و فۆڕمی گێڕانەوەدا. ئەمە لە ڕێگای مێتافۆرێکەوە ڕوو دەدات (قوربانییانی درۆن وەک مێروو، فڕۆکەوانی درۆن وەک یاری ڤیدیۆیی) هەروەها لە ڕێگای پێکهاتەی ڕێزمانی فکرییەوە، کە تۆڕی کارەکتەری ئۆپەراسیۆنەکانی 'زنجیرەی کوشتن' دەڕووخێنێت و ناشرینی دەکات، لە بڕیاردەرانەوە بۆ شیکەرەوانی وێنەیی بۆ فڕۆکەوانی درۆنەکان.

ڤۆیس دەنووسێت، تێگەیشتن لە هەردوو پێکهاتەکە، وا لە خوێنەر دەکات کە بزانێت تا چەند زمان کار دەکات بۆ تێگەیشتن لە ئایدۆلۆجیایەکی دیاریکراو، کە دەوری جەنگی درۆنی لە هەمان کاتیشدا دەرگاکان دەکاتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لێیان.

ئەدەبی دەورەدراو دەربارەی ئەوانەی جەنگ دەست پێ دەکەن بێلایەن نییە، لەڕاستیدا، خوێندنەوەی پێشنیارەکان بۆ فەرماندە دژە یاخیبووەکان، ئەمانە لەخۆ دەگرێت لەناویاندا تی ئی لۆرانس( عەرەبی) و ئەدەبی جەنگی ئیمپراتۆریەتی سەدەی نۆزدەهەم، بۆ هاندانی بینینی جەنگەکانی ئێستا بە بەردەوامی، لەگەڵ جەنگە شاهانەییەکانی پێشوو. هەردوو ئادەم و ڤۆیس جەختیان لەسەر پێویستیی دیراسەکردنی تێکستە سەرەتاییەکان هاوشان لەگەڵ ئەو کارانەی لە بارە و دەربارەی ئەوانەی، کە بوونەتە ئامانجی درۆنی سەربازی کردووەتەوە، دوو بابەتی داهاتوو بەوردی باسی ئەوە دەکات. هەروەك بیرەوەرییەکەی عەتیف ئەبوسەیف سەبارەت بە دەربازبوونی لە جەنگی غەزەی ٢٠١٤ بە ناوی، درۆنەکان لەگەڵ مندا دەخۆن (٢٠١٥) ، بە' کارێکی تازەپێگەیشتووی خەیاڵی درۆن' ناو دەبرێت، کە پێچەوانەی بانگەشەی دەقەکەیە وەک کارێکی شایەتحاڵی، جەختکردنەوەکانی دەقەکە لەسەر پێشینە مێژوویە کاراکان

بۆ توندوتیژیی ئاسمانیی درۆنەکان کەم دەکاتەوە.

وەک چۆن سۆفیا براون پشانی دەدات، پێویستە نووسراوەکە بە شێوەیەکی قووڵتر لێی تێبگەین بەتایبەتییش لە ڕووی توندوتیژیی جیۆپۆلیتیکی لە ناوچەکانی فەڵەستین لە کاتی نەکبەی ١٩٤٨ەوە. لەبەر ئەم هۆکارە، براون دەڵێت هەردوو ئەبو سەیف و بڵاوکراوەکەی زیاتر پێویست بوو تێکەڵ بین لە ڕێگای زمانی نووسین و ڕەوانبێژییەوە، هەروەها لە ڕێگای ئامرازەکانی نووسینەوە، بۆ دیارخستنی ئەزموونی غەزە لەگەڵ جەنگی درۆن وەک تەنیا چاپتەر لەوەی پێی دەوترێت' درێژترین داگیرکاریی مێژووی نوێ'.

نووسراوی پێنجەم کە لە لایەن مادۆنا کالۆسیانەوە نووسراوە، باس لەوە دەکات کە هونەری روز الوزیر، نور بەهرام و موحسین چیشتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی مێتافۆرە توندوتیژەکانی قوربانییەکان وەک مێروو دەدەنەوە و کە لە لایەن ڤۆیسەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە. بە وێناکردن لە تیۆرییەکانی مارتن هێدگەر و جۆرجیۆ ئەگامبێنەوە وەر گیراوە لەسەر نزیکی، دووری، بیینەرەکان لەسەر شاشە، کالۆوسیان پێشنیار دەکات، کە کارە هونەرییەکەیان شێوەیەکی دژە مرۆڤ سەنتەری وەر بگرێت لەژێر ڕووناکیی ناونانی ناڕاستەوخۆی بەشی بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پرۆگرامی سۆفتوێرەکەیان، 'بەگسپلات (ئامرازی ڕاپۆرتدان)' کە ئەوە نیشان دەدات، ئەو جێگەیەی زیان ڕوو بدات تێیدا، زیانی لاوەکییشی بەدڵنیاییەوە دەبێت.

لەو شوێنەی چیشتی شێوەی درۆنەکانی بە ڕەنگی ئاڵو واڵا دەڕازێنێتەوە بۆ لاساییکردنەوەی نیشاندەرە بابەتییەکانی ئاژەڵە دڕندەکان، الوزیر و بەهرام تیشک دەخەنە سەر سیاسەتەکانی ڕووی مرۆڤ: هەردوو بەشێکن لە کۆکراوەکان کە یەک دەگرن لە بەکارهێنانی وێنەی فۆتۆگرافی ڕووخساری، کە ڕۆژانە لە ئاسمانەکانی سەنعا، یەمەن، داندەدەڕیا خێل، پاکستان، بە شێوەیەکی تاک، بۆ دەرخستنی چیرۆکی ئەو کەسانەی لەژێر ئاسمانی درۆنەکاندا دەژین. هەریەک لە سێ هونەرمەندەکە دژی لۆجیکی کاوسیانن و بە مێرووی ڕووت ناوی دەبەن، سووریشن لەسەر 'مافی سەیرکردن'.

کۆتا نووسراو خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ ڤێرژنی ئێستای دانپێدانراوی نەبینراوی و بینراوی درۆنەکانە لە ئەمریکا، وێنەکانی تریڤەر ۆاگلان بە ناوی (درۆنی دروێنەکەر)، یەکێک لە وێنەکانی لە زنجیرە ناونەنراوەکەی وێنەی درۆنەکان (٢٠١٠-٢٠١٥).

بۆ ڕێگریکردن لە عەقیدەی درۆنە سەربازییەکان لە کۆکردنەوەی زانیاری لە یەک سەرچاوەوە، چاودێریکردن و تێکدان، سۆفی ماکسوێڵ یاسایەک دەخاتە ڕوو بۆ سەیرکردنی هێواش و وردی وێنەکانی پاگلان، کە تێیدا هەڵگری ناوی درۆن نەناسراوە و بە ئاستەم دیارە دژی ئاسمانی ناڤادا، بە بەدواداچوونی ئەزموونەکانی خۆی کە تێیدا درۆنەکان دۆزەرەوە و بەدواداچوو و بینەرن. بە ڕەنگدانەوە لەسەر کارە هونەرییەکەی یاریی بە وشەکانی دەکات، هەروەها ناوی شێوەپێنەدەر دەدات بە وێنە فۆتۆگرافییە

نائاساییەکان، ماکسوێڵ ڕەچاوگرتنێکی کردەیی لە بەرچاو دەگرێت بۆ ئەوەی بە بینەری کاتی ناوی دەبات، کە بە شێوەیەکی کاتی هونەری 'سەیکردن' گفتوگۆی قووڵتر و گرنگتر لەنێوان بینەر و ئامرازەکە ڕێگە پێ دەدات. فۆڕمی نووسراوەکە و ڕێزمانە فیکرییەکەی بۆ بەکارهێنانی زاراوەی دەنگ–ڕژێمی بینەری و تێڕوانینی کوشندە بۆ درۆنی سەربازی لا دەبات و نایکاتە چەقی بابەتەکان.

ماکسوێل وتەیەک لە تی جەی کلارکەوە وەر دەگرێت، کە دەڵێت: چەندین شتی سەرسوڕهێنەر ڕوو دەدەن ئەگەر تاک کردەی بینینی دووبارە و دووبارە بدات بە خۆی؛ ڕوو لە دوای ڕووی وێنەکە دەر دەکەوێت'.

نووسراوەکان لەم کێشە و بابەتە تایبەتەدا دەگاتە میدیا و بەرهەمی کولتووری جیاواز لە بنچینە و باکگراوند، جوگرافیا و مەبەست و نەوایای جیاوازەوە، بەڵام هەموویان هەمان بەرهەمی کولتووریی هاوبەشیان هەیە، کە پێویستە ببینرێن و دووبارە تاقی بکرێنەوە بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییە سەرەکییەی لەپشت سیستمی سەربەخۆی سەربازییەوەیە، کە زیاتر و زیاتر ڕەگ دادەکوتێت. ئەم نووسراوانە گرنگی دەدات بە جوانکاری و جوانکارییش وەک هونەر و ئەزموونی زیندوو سەیر دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە وا دەکەن، سیاسەتەکان بەرچاو بن و ببینرێن. جاکۆس ڕانسیێر گفتوگۆ دەربارەی ئەوە دەکات، کە جوانکارییەکان سیاسیین لەبەر ئەوەی ' دابەشبوونی عەقڵانییەت' دەکەن: جوانکارییەکان وا دەکەن سیاسەت سروشتیتر دەر بکەوێت، وەکوو خۆی بێت، یاخود دەرچوون لێی نەبێت لە ڕێگای یارمەتیدان بۆ دیاریکردنی' ئەوەی دەبینرێت و دەتوانرێت لە بارەیەوە بوترێت' هەروەها ' ئەو کەسەی خاوەنی توانای بینین و بەهرەی قسەکردنە'.

لە درۆنی دروستکردنی کەمپینی ڤیدیۆی مارکێتینەوە، بۆ فیلمەکانی هۆلیوود، لە زمانەوانی بەکارهێنراو لە لایەن فڕۆکەوانی درۆنەکانە بۆ نووسینی ژیاننامەی قوربانیانی درۆنەکان، لە کردەی یاخیبووەکان لە هونەری بینراوی هەڵقوڵاوی چینی بەئامانجگیراو بۆ وێنەی ئاسمانیی نائاسایی ئامێرە بکوژە بینراوەکان، ئەم نووسراوانە پرسیارمان لێ دەکەن، کە چۆن ئەم کردە کولتوورییە کاریگەریمان دەخاتە سەر لە جوانکارییەکانی جەنگی درۆن، لە ڕەچەڵەکی مێژوویی چاودێری جیۆپۆلەتیکی و ستەمی کۆلۆنیالیزمدا، دامەزرێنەرە بۆ ئەوەی بینراوە و دەربارەی دەوترێت. دووبارە ڕووبەڕووبوونەوەی هونەری جەنگی درۆن ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە جەنگی درۆن لە ڕابردوودا نییە، بەڵکوو بەشێکە لە پێکهاتەی ئێستامان، تەنانەت لە کاتێکدا سیاسەتەکەی و سنوورەکانی دیاریکردنی بوونی، کەمتر و کەمتر هەستی پێ دەکرێت.

**سەرچاوە: جۆرناڵی دیراساتی جەنگی و کولتوور**

# بەکارهێنانی درۆن لە بوارەکانی سەربازی و مەدەنیدا و مەترسی بۆ ئاسایشی نیشتمانی

نووسەران: وەردەتول حەیات، موحەمەد فادی خەمیس
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

زانیارییەکان بە چەندین ڕێگای جیاوازدا دەڕۆن لەگەڵ دروستبوونی ئینتەرنێتدا، لەو کاتەوە زانیارییەکان خێراتر دەگوازرێنەوە وەک لە پێشووتردا، دڵنیابوونەوە لە سەلامەتیی وڵاتێک لە بەرانبەر هەر هەڕەشەیەکدا لە ڕێگای شیکارییەکی بەرفراوانەوە لەسەر شەڕی پەیوەندیی تاکتیکییەوە دەکرێت، کە لە لایەن نەیارانییەوە بەکار دەهێنرێت لەبەر ئەوە، گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای نوێ و تاکتیکەکان بە شێوەیەکی زانیاریی مۆدێرن گەشەیان پێ دراوە، کە ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن، ئەم چەمکە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ وە بەکارهێنانی زیادی کردووە و گۆڕاوە لە بەکارهێنانی سەربازییەوە، بۆ بەکارهێنانی مەدەنی، خراپبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئاسایشی نیشتمانی دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە ئامانج لەم توێژینەوەیە پێداچوونەوەیە بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بەکارهێنانە سەربازییەکاندا و لە دواتردا ڕوونی دەکاتەوە، کە چۆن خراپبەکارهێنانی تەکنەلۆجیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کاریگەری لەسەر ئاسایشی نیشتمانی دەبێت.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکان، کە بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری بەکار دەهێنرێن و وەک ناوەندی پەیوەندیکردن لە لایەن فەرماندەیی باڵاوە کۆنترۆڵ دەکرێت و هەروەها بەمبەستی لێدان و کۆتاییپێهێنانی نەیاران بەکار دەهێنرێت، ، وەک شەڕی زانیاری مۆدێرن لەنێوان بەکارهێنەراندا دەر دەکەوێت، لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی

فرۆکەی بێفرۆکەی بازرگانی لەنێوان هاووڵاتانی مەدەنیدا بۆ مەبەسەتی ڕووپێوی زەوی و بینا و بە مەبەستی کاتبەسەربردن و پیشەسازی بەکار دێت و دەگونجێت. هەروەها پیشەسازی داهێنەرانە، توێژینەوەیەکی زۆر باش کە لە داتایەکی لاوەکیدا بەکار هاتووە (لیتریچە ڕیڤیوو) بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا بگونجێت.
پێداچوونەوەکان کە کۆنسێپتی بولیان یان بەکار هێناوە بە مەبەستی گەڕان بەدوای وشە سەرەکەییەکاندا و لەگەڵ ئەوەشدا، ناوەڕۆکی پێداچوونەوەکە زیاتر بەکارهێنانی فرۆکەی بێفرۆکەوان لەنێوان سەربازی و مەدەنیدا ڕوون دەکاتەوە و دەیخاتە ڕوو، لەگەڵ مەترسییەکانی ئاسایشی نیشتمانی.

## پێشەکی

جەنگی زانیاری: بریتییە لە دەستکاریکردنی ئەو زانیاریانەی، کە جێگای متمانە بوون لە لایەن ئامانجێکەوە، بەبێ ئاگاداری ئەوەی، کە ئامانجدارەکان بڕیار بدەن لە دژی بەرژەوەندیی خۆیان، ئامانجی سەرەکیی جەنگی زانیاری بریتییە لە بەدەستهێنانی باڵادەستیی دەستکەوتنی زانیاری بەسەر لایەنێکی نەیاردا. لەوانەیە مانای ئەوە بێت کە زانیاریی زیاتر مانای زانیاری باشتر بێت، کە ئەم مەرجە لەوانەیە لە شیکاری یان زانیارییەکان بەکار بهێنرێت هەروەها بە بەکارهێنانی ناوەندی گونجاو بە مەبەستی گەیشتنی بڵاوکراوەکان و زانیارییەکان بۆ بیسەری ئامانج لە هەمان کاتدا، جەنگی زانیاری واتای ئەوەی دەگەیەنێت ڕەتکردنەوەی باڵادەستی زانیاری نەیارێک بۆ بەدەستهێنانی سوودبینین لە دۆخەکە، بەرەوپێشچوون و گەشەپێدانە تەکنەلۆژییە نوێییەکان وای کردووە، کە کۆکردنەوەی زانیاری و دابەشکردنیان بە شێوەیەکی باش و ناوازە وەک فرۆکەی بێفرۆکەوان، لەم لێکۆڵینەوەیەی ئێستادا ئامانجەکان بریتین لە دۆزینەوەی ئەو شێوازانەی، کە لە هەردوو بەکارهێنانە سەربازی و مەدەنییەکاندا بەکار دەهێنرێت.
لە جەنگە تاکتیکییەکاندا فرۆکەی بێفرۆکەوان بەکار دەهێنرا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نەیارەکان بەو شێوازەی ژمارەیەکی زۆر ڕەووەیەک لە فرۆکەی بێفرۆکەوان دەنێردرا بۆ شوێنەکانی بەرانبەر یان دوژمن بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری، ناردنی فرۆکەی بێفرۆکەوان لە ڕووی دەروونییەوە تێڕوانینێک دروست دەکات هەروەها هەستکردن بە هەڕەشە و نائەمنییەت دروست دەکات ئەمەش بەکارهێنانی درۆنە لە زۆربەی جارەکاندا لە بوارەکانی سەربازی و سیخوریدا بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری.


بە پاساوهێنانەوە بۆ ئەو دۆخەی کە باس کراوە، لێکۆڵینەوەکانی پێشوو بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە شەش جۆر پێکهاتە و جەنگی زانیاری هەن ئەوانیش:
١. ئۆپراسیۆنی زانیاری.
٢. ئۆپراسیۆنە دەروونییەکان.
٣. فریودانی سەربازیی جەنگی ئەلیکترۆنی.
٤. لەناوبردنی فیزیکی.
٥. ڕێوشوێنی ئەمنی.
٦. هێرشی زانیاری.

بۆ نموونە ئۆپراسیۆنی زانیاری هەر خۆی دابەش دەکرێت بەسەر دوو هێرشبردندا، بۆ نموونە هێرشی کۆمپوتەری، شەڕی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، ئۆپراسیۆنی زانیاریی تایبەت)، کاروباری مەدەنی، کاروباری گشتی (جەنگی میدیا)، و ٢ بەرگری (بۆ نموونە ئاسایشی فیزیکی، بەرگریی تۆڕی کۆمپیوتەر، دژە پڕوپاگەندە).

ئەمەش بووەتە هۆی مشتومڕی زیاتر لەنێوان زانایان و پسپۆڕان سەبارەت بە پەیوەندیکردنی هەڕەشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، لە پرسە ئەمنییەکانی نیشتماندا، لە ڕێگەی ئامێرە سیخورییەکانەوە لە ڕێگەی سیستمی چاودێرییەوە. پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەم سەردەمەدا بووەتە هۆی ئاڵۆزی زیاتر لە کۆکردنەوەی زانیاری لە وڵاتێکدا و ناوی لێنراوە شەڕی مۆدێرن. شەڕی مۆدێرن شەڕێکە کە بە پێچەوانەی چەمک و میتۆد و... تەکنەلۆژیا، جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی، کە چۆن شەڕکەران دەبێت مۆدێرن بن بۆ پاراستنی شایستەیی شەڕکردنیان کە ئێستا بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، بە ئامێرێکی بچووکی بچووک کە توانای کۆکردنەوەی وێنەی بینراوی هەیە بۆ ڕاپۆرتکردن دۆخەکە بۆ ناوەندی فەرماندەیی.
بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بواری سەربازیدا، بووەتە بەکارهێنانی سەرەکی لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئامانجی فێڵباز بەکار دەهێنرا بۆ ئەرکەکانی شەڕکردن، لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بۆ چاودێریکردن. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەردەم بەشێک بووە لە هێزە سەربازییەکان لە سەرانسەری جیهاندا، هەواڵگریی ناوخۆیی ڕاپۆرتی لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەکارهێنانەکانی لە جیهانی پیشەسازی و بوارەکانی سەربازی و بازرگانیدا بڵاو کردەوە بۆ ساڵی ٢٠٢١ و داهاتووش.

درێژکردنەوەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە سەربازییەوە بۆ گشتی، وەک ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بووەتە هۆی دروستکردنی نیگەرانی لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، وێناکردنی لە چوارچێوەی ئێستادا لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فڕۆکەی

بێفڕۆکەوان لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی، بەبێ ئەوەی کە ڕێسایەکی توند سەبارەت بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەر بکرێت، لەسەر مەترسییەکانی بۆ ئاسایشی نیشتمانی. هاوولاتانی مەدەنی دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاکە و وەرگرتنی وێنەی بینراو لێیەوە. هەروەها بۆ مەبەستی ڕووپێوی و داهێنان و کاتبەسەربردن و چەندان شتی تر. داتا کۆکردنەوەکان یارمەتیی بەکارهێنەرەکەی دەدات بۆ شیکردنەوە و بڕیاردان لە هەمان کاتدا، ناردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئاسانتر و سەلامەترە لە ناردنی مرۆڤێک بە مەبەستی وێنەگرتن لە ناوچە مەترسیدارەکاندا، بەم شێوەیە بە هۆی بەرزی لە توانای وێنەی بینراوەوە، خراپبەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە یان جێبەجێنەکردنی یاساکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەوا ئاسایشی نیشتمانی دەخاتە ژێر مەترسییەوە، توێژینەوەکە لە خوارەوەی چوارچێوەی توێژینەوەوە ڕێنمای دەکرێت (وێنەی ١) کە دواتر ئامانجەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکێشرێتەوە.





وێنەی ١ چوارچێوەی توێژینەوە

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئاشکراکردنی ئەو هۆکارانەیە کە کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەیە، لە لایەنەکانی سەربازی و مەدەنییەوە، هەروەها خراپبەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایە، کە بووەتە هۆی دروستکردنی مەترسی بۆ ئاسایشی نیشتمانی، پێشبینی دەکرێت، کە جێبەجێکردنی یاسای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان مەترسیی پێشێلکارییەکان بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی کەم بکاتەوە، ئەم بابەتە هەتا بەشی دووەم بەردەوام دەبێت بە مەبەستی زیاترتێگەیشتن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بوارەکانی سەربازی و کەسانی مەدەنیدا، بە مەبەستی پشتگیریکردنی ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەکانی پێشووتر پێداچوونەوەیان بۆ کراوە بۆ دەستنیشانکردنی بەکارهێنان و خراپبەکارهێنانی ئەم دواییەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

## مێژووی درۆن

لەدوای پێداچوونەوەی وێبسایتی مۆزەخانەی جەنگیی ئێمپریاڵ لەسەر مێژووی درۆن، لە پێداچوونەوەکەدا دەر کەوتووە، کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بەکار هاتووە لە جەنگدا، کاتێک کە نەمساییەکان بەکاریان دەهێنا لە شێوەی باڵۆنی هەوایی گەرمی بێفڕۆکەواندا. ئەم بەرەوپێشچوونەی درۆنەکان وەک ئامرازێکی پەیوەندی و کۆکردنەوەی زانیاری، ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتن لە ستراتیجییەکان دژی نەیارەکانیان. درۆنەکان بازرگانییەکیان بۆ خۆیان دروست کرد بەو بەرەوپێشچوونە گەورەیەی لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا، کە لەم سەردەمەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەنێوان جەنگەکانی پێشوو و جەنگی مۆدێرنیشدا بەکار دێت، بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەستکەوتنی زانیاری و بڕی داتاکانی زیاتر کردووە، کە لێیانەوە دەست دەکەوێت، هەروەها زیاتر وردبین و دەوڵەمەندە زانیارییەکانیان و زیاتر پشتی پێ دەبەسترێت، دوای بەکارهێنانی کوین بی، کە مەبەست لێی (شاژنی هەنگەکانە)، هەروەها فڕۆکەیەکی دوو باڵ پەرەی پێ درا، بۆ ئەوەی کە لە زەوییەوە بە ڕادیۆ کۆنترۆڵ بکرێت. ئەمەش بووەتە هۆی فراوانکردنی تەکنەلۆژیاکە بۆ ئەوەی بگات بە ئەوپەڕی تواناکانی، چەکەکانی دژە فڕۆکەکەکان (هەنگە شاژنیان) بەکار هێنا وەک کۆنترۆڵێک بۆ ئامانجی مەشقپێکردن بەکار دەهێنرا، هاوشێوەی نازی D١ diidlebug، لە سەرەتاییترین شێوەکانی مووشەک(هاژەک)ی کروز، هێشتا وەک بۆمبی ڕێنماییکراو کار دەکات و بەکار دەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵەکانی ١٩٥٠ دا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بۆیان دەر کەوت کە فڕۆکەکانی بێسەرنشین و دەکرێت، کە لەمەودوا وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کۆنترۆڵکەر لە زەوییەوە بەکار بهێنرێت . فڕۆکە بێفڕۆکەوانە زۆر بچووکەکان کە لە زەوییەوە بە کۆنترۆڵی ڕادیۆیی کۆنترۆڵ دەکرێت کامێرای فیلمیان تێدا جێگیر کرابوو، ئەم درۆنە زۆر بچووکانە بەسەر وڵاتەکانی چین و ڤێتنامی باکووردا فڕیون و زانیاریی هەواڵگری و وێنەییان گرتووە بەبێ ئەوەی فڕۆکەوانەکانیان بخەنە مەترسییەوە. لە لایەن کۆمۆنێستەکانەوە دەستبەسەر بکرێن، لە سەردەمی جەنگی سارددا جەنگی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە تەکنەلۆژیای پەراوێزخراو دادەنران، لە پێشوودا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان ناجێگیر بوون و بچووک و گران بوون. فڕۆکەکان دەبوایە ئاماژە ڕادیۆییەکانیان لە مەودای خۆیاندا بهێڵنەوە بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە کارکردن. هاوکات فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ئەمریکا لە سەرەتاوە وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سیخوڕی دەستیان بە کار کرد. پێش ئەوەی کە پەرەیان پێ بدرێت بۆ بەکارهێنانیان وەک فڕۆکەی بکوژ، بە درێژای ١٥ ساڵەی جەنگی واشنتۆن لەگەڵ تیرۆردا درۆنەکان بەکار هاتوون و دامەزراون بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە لە حەوت نەتەوەی جیاوازدا، درۆنەکان داتایان کۆ کردووەتەوە و خۆراکیان ناردووە بۆ سەربازەکان و جۆرەها کاریان جێبەجێ کردووە، لە شەڕە هەواڵگرییەکاندا. هەروەها

کوشتن و بەدواداچوونی تیرۆرستان بە سەرۆکایەتیی باراک ئۆباما، بەکارهێنانەکانی درۆن بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش گەشەی کرد و ژیانی ئەوان وەک فڕۆکەی سیخوڕی دەستی پێ کرد پێش ئەوەی پەرەی پێ بدرێت بۆ چەکی کوشتن. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چەندەها هێرشی مووشەکی لە لایەن فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە تایبەتەکان و هاوبەشی پێنتاگۆن و دەزگای هەواڵگری ناوەندی لە یەمەن و پاکستان و سۆماڵ کراوە، لایەنگرەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە بەرنامەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ژیانی ئەمریکییەکانی ڕزگار کردووە و خۆی لە ئۆپراسیۆنە سەربازییە قورس و مەیدانییەکان بەدوور گرتووە، وەک شەڕەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا (مەکتەبی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەگەری) لە وێنەی ژمارە دوودا مێژووی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بواری سەربازیدا لە ساڵی ١٩٠٠ هەتا ٢٠٠٣ نیشان دەدات. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تازە نییە، بەڵام تەکنەلۆژیاکە وردە وردە پەرەی پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ خواستی بەکارهێنەرانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بگونجێت.




شێوەی دووەم: بەکارهێنانی درۆن لە سەربازیدا لە ساڵی ١٩٠٠ تا ٢٠٠٣

أ

ئەو سنووردارکردنەی لە پێشوودا کرا بۆ ڕووماڵکردنی تیشکی سنووردار لە ئەنجامی بەکارهێنانی درۆنەوە بوو لە لایەنی سەربازیدا، بۆ چاودێریکردن و گفتوگۆکردن لە ڕێگای سەتەلایتەوە، بەرزترین تایبەتمەندی ئەوەیە، کە ڕووماڵکردنێکی لەڕادەبەدەر بەرزیان هەیە لە ناوچەی ڕووماڵکردنەکانیاندا، کە هەریەک لە سەتەلایتەکان ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراویان هەیە. بەکارهێنانی جی پی ئێس لە درۆنەکاندا بۆ مەبەستی مەشق و کۆنترۆڵکردنی درۆنەکانە، لە ناوچەی ئامانجی فڕینی درۆنەکەیە، سەرەکیترین مەبەستی بەکارهێنانی درۆنەکان لە سەربازیدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگرییە، لە هەمان کاتدا کە فڕۆکەکانی وەک گلۆباڵ هۆک و فڕۆکەی نوێی ئەلترا لیپ کە ١٨،٠٠٠ کاتژمێر فڕینی تۆمار کردووە، لە لایەن یەکە سەربازییەکانەوە بۆ مەبەستی چاودێری بەکار

دەهێنرێت (فڕۆکەی بێسەرنشین)، کە زۆربەی جار بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەناسرێت بوارێکی لێکۆڵینەوەیە، کە لە گەشەکردندایە و دەتوانرێت بۆ هەردوو مەبەستەکان و بەکارهێنانەکانی سەربازی و مەدەنی بەکار بهێنرێت. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک شێوازێکی پەیوەندیکردن بۆ پارێزگاریکردنی پەیوەندییان لەگەڵ وێستگە زەمینییەکان ڕێگەیەکی باشە بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی داتا و زانیارییە گواستراوەکان، لەو وڵاتانەدا کە هێشتا لەشەڕدان. درۆنەکان تەنیا وەک ناوەندێکی پەیوەندی و گفتوگۆکردن سنووردار نییە بەڵکوو وەک تێکشکێنەرێکیش سنووردارە، بیرۆکە و چەمکەکان لە لایەن فەلەستینییەکانەوە ئیستیغلال کران هەروەها وێنەی ژمارە (٣) باڵۆنە ئیسرائیلییە سیخوڕەکە پشان دەدات.




شێوەی٤ بۆمبی فریوی فەلەستینی



شێوەی ٣ باڵۆنە سیخورییەکانی ئیسرائیل

ئاشکراکردنی ئامێرێکی چاودێری ئایرۆستاتی سکایستار لە قودس بۆ بەدواداچوونی ڕووبەڕووبونەوەی نێوان فەلەستینییەکان و سەرچاوە سەربازییەکانی ئیسرائیل، یەکێکی ترە لە چیرۆکەکان، هەروەها ئیسرائیل سوودی لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەر گرتووە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانەکەی، لە ئێستادا فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان تەنیا لە بواری سەربازیدا بەکار ناهێنرێن، بەڵکوو هاووڵاتانیش فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار دەهێنن و لاینگرافیی ژمارە ٥ نیشانی دەدات، کە ڕێژەی بەکارهێنانی درۆنەکان لەناو خەڵکدا تا چ ڕاددەیەک بەرز بووەتەوە بە پێی پێشبینیی وەزارەتی گواستنەوی ئەمریکا بەردەوامیی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەنێوان خەڵکیدا بووەتە هۆی ئەوەی بابەتەکە بەرەو ئەو پرسە نیشتمانییانە بڕوات، کە پەیوەستن بە سەلامەتیی ئاسایشی نیشتمانییەوە، هەرچەندە ئەو لێکۆڵینەوانەی کراون لەسەر بابەتەکە، ئاماژە بەوە دەکەن کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یارمەتیدەری سەرەکی بووە بۆ چالاککردنی خزمەتگوزاری 5G و وەک ڕاگری سەلامەتیی تۆڕی گشتی کار دەکات، لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی تردا کە دۆزرایەوە لە کاتی خۆیدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کاتی ئاگر کوژاندنەوەدا بەکار هێنراوە و دۆخەکە بەرزبوونەوەی بەردەوامی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نیشان دەدات. هەتا ساڵی ٢٠٣٥ و هەروەها داهاتووی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گەشاوە دەبێت و پێشبینی دەکرێت زۆر پێشکەوتوو بێت لە داهاتوودا.




شێوەی ٥ پرۆژەی بەکارهێنانی سیستەمی فرۆکەی بێفرۆکەوان
سەرچاوە: بەشی گواستنەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

هاووڵاتانی مەدەنی بەردەوام سەرسامن بە درۆنەکان و بەکارهێنانی درۆن بۆ وێنەی فۆتۆگرافی و کاتبەسەربردن بەو شێوەیە داواکاری بۆ درۆن بەرز کرایەوە و ڕاهێنانی بەکارهێنانی درۆن لەسەر ئینتەرنێت پێشکەش بە هاووڵاتانی مەدەنی کرا، مۆدێلێکی ئاسایی بەردەستە بۆ کڕینی تازەترین پلاتفۆڕمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بازرگانی DJI ، کە بیرۆکەکەی لە سیستمی فرۆکەی بێفرۆکەوانی مۆدێرن وەر دەگرێت، پێشکەشکردنی هەتا نزیکەی ٥٥ خولەک فڕین، توانایەکی زۆر بەرزی زیرەکیی دەستکردن، شەش هەستەوەری ئاڕاستە و توانای بەشوێندانان. هەروەها لە پێشوودا پشکنینی ژێرخانی گرنگی دەکرد وەک گەڕان بەدوای نەوت و گاز و ژێرخانی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن هەروەها یارمەتیی داتا سەلمێنراوەکانی دەدا، بە بەکارهێنانی کامێرای گەرمی، بەم شێوەیە تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفرۆکەوان بەردەوام چارەسەر بووە بۆ کێشەکانی مرۆڤ، سوود و گرنگی بۆ بەکارهێنەرەکەی زۆرە، بەهەڵەبەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوەگێڕی، بەم شێوەیە جێبەجێکردنی یاسای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای پێویستە، بۆ زامنکردن و دڵنیابوون لە سەلامەتیی نەتەوەیەل، لە بەشی داهاتووی توێژینەوەکەدا ڕوون دەکرێتەوە، کە ڕۆڵی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جەنگی مۆدێرندا و بەشداریکردنی کەسانی مەدەنی و بەشداریکردن و مامەڵەکردنیان وەک سەرباز، هەروەها کردەوەکانی کەسانی نابەرپرس، کە درۆن بەکار دەهێنن بۆ هێرشکردن،کە ئەمەش جێگەی نیگەرانییە.

### ٢.٣ ڕۆڵی درۆن لە شەڕی مۆدێرندا.

درۆنە نوێیەکان لە یارییە نوێکاندا بەکار دەهێنرێت بە مەبەستی زیادکردنی ناوبانگ و کۆکردنەوەی درۆنەکان لەگەڵ C٤ دا لە یارییەکاندا، ئەمەش سنووردار دەر ناکەوێت بۆ گەیاندنی وێنە بە ناوەندی فەرمانپێکردن، لە بارودۆخە سەخت و گرنگەکاندا وەک

تێکشکێنەرێک کار دەکات وەک ئەو کاتانەی، کە لە کاتی سیخوڕیکردندا گیرابێت یان لە کاتی بەئامانجگرتن و کۆنترۆڵکردنی لە لایەن کۆنتڕۆڵێکی دەستییەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، تێکەڵکردنی تەقەمەنیی C٤ و درۆن بووەتە هۆی بەرزکردنەوەی توانای درۆنەکان وەک ناوەندێکی پەیوەندیکردن لە ناوەندی کۆنترۆڵکردنەوە زیادی کردووە، هەروەها سڕینەوەی شوێنپێکان و بەڵگەکانی درۆنەکە پێش ئەوەی کە لە لایەن نەیارەکانەوە شوێنیان بکەوێت، دوو شێوە و جۆر لە درۆن بەکار دەهێنرێت ئەوانیش فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی باڵجێگیر و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی باڵسووڕاوە، کە هەردووکیان سوودی جیای خۆیانیان هەیە و هەردووکیان توانای سنووورداری خۆیانیان هەیە، وێنەی ژمارە ٦ وێنەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی باڵ جێگیر پیشان دەدات، کە پێکهاتەیەکی سادەی هەیە و خێراییەکەی زیاترە.

لە بەرانبەردا پێشبڕکێکارەکەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی باڵسووڕاوە (وێنەی ٧) کە دەتوانێت بە هەرئاراستەیەکدا بیەوێت بفڕێت لەگەڵ هەڵسان و نیشتنەوەی ستوونی. بەبێ گوێدانە جۆری درۆن، لەیەکچوونەکانیان یەک شتە کە ئەویش بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و وێنە بینراوەکانە و گواستنەوەیانە بۆ ناوەندی فەرمانپێکردنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و بۆ فڕۆکەوانەکە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە درۆنە مەدەنییەکانەوە بۆ درۆنە پێشکەوتووەکان.



شێوەی ٦ درۆن(باڵی جێگیر)



شێوەی ٧ درۆن(باڵی سوراوە)

ئەرکەکەی زیاتر دەبێت لە ئامرازێکی پەیوەندیکردنەوە بۆ ئامرازێکی کۆکردنەوەی زانیاریی بینراو هەروەها لە ئێستادا بووە بە چەکێکی بکوژ و مەترسیدار، لە ئێستادا تەکنیکەکانی شەڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەرەو پێشەوە دەڕوات بە بەکارهێنانی تەکنیکی پۆل یان ڕەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە مەبەست لێی هەڵدانی چەندان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە بەرەو یەک ئامانج بە مەبەستی بە ئەنجامگەیاندنی یەک ئامانجی هاوبەش. جان لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕاپۆرتیداوە لەسەر ڕاپۆرتەکانی ئەمریکا، بەریتانیا و سعوودیە، وەزارەتی بەرگریی ئیسرائیل لەسەر هێرشی ڕژێمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر ئاسمانی وڵاتەکەی، ئەم شۆڕشە نوێیەی فڕۆکە بێفڕۆکەوان کە وەک ناوەندێکی پەیوەندیکردن و کۆکردنەوەی زانیاری بەکار دەهێنرێت، دەبێتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی.



شێوەی ٨ هەڵفرینی درۆنەکان بە پۆل

دیزاینێکی جێنەتیکی بۆ کارکردن و فەرمانپێدان لە ڕێکخستنەکانی پۆلە درۆنەکان، لە وتارەکاندا پیشان دراوە وەک لە وێنەی ٨ دا دیارە، هەڵدانی پۆلە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان وەک ئەوەی کە لە لایەن (مێچ، پراکاش، ساڵح)ەوە ئاماژەیان پێ کراوە نموونەیەکە لەو نموونە تەلارسازیانەی، کە بە مەبەستی بازرگانیکردن بەکار دەهێنرێن، هەروەها ئاماژەشیان بەوە کردووە کە پۆلە درۆنییەکان سوودی هەیە لە گەڕاندنەوەی کات و پاشەکەوتکردنی کات. هەروەها سوودی هەیە لە کەمکردنەوەی کارمەندی کارپێکەری درۆنەکان، هەروەها کەمکردنەوەی خەرجییەکانی کارپێکردن و تێچووەکانی تری کارکردن. مکمولان کە توێژەرێکەو پێی وایە کە هەڵدانە پۆلییەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، دەبێتە هۆی دروستکردنی شۆڕشێکی گەورە لە جەنگەکانی داهاتوودا، هەروەها کاریگەریان دەبێت لەسەر لایەنی تەکنەلۆژی لەسەر فەرماندەیی و کۆنترۆڵکردنی ڕەوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هەروەها هێڵکاری کرا بۆ خۆبەڕێوەبردنی و سەربەخۆیی هەڵدانە پۆلە درۆنییەکان لەسەر پێکهاتە و کێشەکانی مرۆڤ، بە مەبەستی یارمەتیدانی ئەرکەکانی داهاتوو پۆلە درۆنییەکان لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکاندا بەکار دەهێنرێت. خشتەی یەکەم بەکارهێنانی ڕژێمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکاندا بە مەبەستی پاسادانی زیاتری ئۆپراسیۆنەکە بدرێت، لەوانەی پێکهاتە تەکنیکی و مرۆییەکان

خشتەی ١ چالاکییەکانی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی

| | |
|---|---|
| جەنگی ئەلیکترۆنی | نا کوژەر |
| پاڵپشتی ئاسمانی داخراو | کوژەر |
| هێرشی جەنگی داخراو | |
| قەدەغەکردنی ئاسمانی | |
| هێرشی ستراتیجی | |
| بەزاندنی دوژمن لە ڕێگای بەرگری ئاسمانییەوە | |
| ئۆپەراسیۆنی سایکۆلۆجی | |
| پەیوەندییە کۆدییەکان | |
| چالاکییە سەربازییە تۆمارکراوەکان | |

**٢.٤ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پەیوەندیکردن.**

جیو،لیو، وانگ و یوو ڕوونی کردەوە، کە هەڵدانە درۆنییە زیرەکەکان بە شێوەی پۆل توانای وەرگرتنی توێژینەوەی زۆریان هەیە لەم ساڵانەی دواییدا، پۆلی سیستمە درۆنییەکان وەک بەکارهێنانی پۆلی زیرەکی، درۆن بە شێوەیەکی گشتی کۆنترۆلی دەرەکی پیشان دەدەن، کە لە ڕێگای کارلێکەکان و ڕەفتارەکانی بریکارەکەوە بەدەست هاتووە، لە ئەنجامدا خۆی-خۆی بەڕێوە دەبات ئەمەش بە سەرهەڵدانی ڕێکخستن لە سیستمەکەوە دادەنرێت، سیستمەکە بەگشتی لە پێکهێنەرەکانی گەورەترە دەتوانێت ئەو کێشانەی خۆی چارەسەر بکات، کە هیچ یەکێک لە بریکارەکانی خۆیان ناتوانن چارەسەری بکەن، پۆلە درۆنییەکان هەروەها جێگۆرکێیە کارەگەرەکان زیاتر پشت بە پەیوەندییە پرۆتۆکۆڵییەکان دەبەستن، لەگەڵ پۆلێک لە درۆندا سیستمێکی پەیوەندیی دابەشکراوی دەوێت، کە بە شێوەیەکی کاریگەر قەبارەی دەکات و گەورەی دەکات. ڕەوی پۆلە درۆنییەکان بریتییە لە فڕینی درۆنی بێوایەری داینەمیکی، کە بە تۆڕی بێوایەر ناسراوە لە بنەڕەتیترین و بناغەترین ئاستی خۆیدا، بە زانیاریی تەواو یان بەشی لەسەر بابەتەکە دەتوانرێت لە دامەزراوەی ناوەندی کۆنترۆڵکردنەکەوە یان لەناو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەوە فەراهەمکردن و مەنتقپێدانی بکرێت، کە ئەمە کارێکی ئاسانە، لە بەرامبەردا کردنی ئەو کردارە بە هۆی سنوورداری تواناکای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەوە و ئامانجە جیاوازەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانەوە کارێکی سنووردارە، زانیاری لە لایەن پێکهاتەی پەیوەندی و تۆڕەوە دزە دەکات، ئەم بلۆکە دەبێت بەرگری دژی گۆڕانکارییە ژینگەییەکان هەبێت و بتوانێت بەخێرای وەڵامی گۆڕانکارییەکانی تۆپۆلۆجیی تۆڕ بداتەوە. پەیوەندیکردن نەک تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی چاودێری و ئەرک و زانیاری کۆکردنەوە گرنگە، بەڵکوو بۆ باشترکردن و زیادکردنی هەماهەنگیان بەرەو ئامانجێکی هاوبەشیش گرنگە، لەوانە چاودێریکردنی ناوچەیەکی دیاریکراو و دیاریکردنی ڕووداوەکان لە کەمترین ماوەدا، کە ئەمەش لە کاتە کارەساتبارەکاندا گرنگە، بە پێی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان شێوازی کارکردنیان بەو شێوەیەیە، کە لە دوورەوە لە وێستگەکانی کۆنترۆڵکردنی زەمینییەوە فەرمان وەر دەگرن، ئەم ئاماژەپێدانانە بە شێوەی جیاواز و بە ڕێگایەک و بە چەند بڕێکی جیاواز دەنێردرێنە دەرەوە، بەو پێیەی کە زۆربەی ئەو زانیارییانەی کە لە درۆنەکانەوە دێت یان دەڕوات بۆیان لە ڕێگای هەواوە دەگوازرێنەوە و زۆربەی زانیارییەکان زۆر هەستیار و گرنگن، بەگشتی لە پەیوەندییەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا سەلامەتی و ئاسایشی زانیارییەکان خەمێک و نیگەرانییەکی گەورەیە، ڕێکاری زۆر دەگیرێتە بەر. لە ئەنجامدا یەکێک لە گرنگترین پێوەرەکان بۆ پەیوەندیکردنێکی سەلامەت لەنێوان فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و وێستگەی کۆنترۆلەکەیدا، بریتییە لە ئاسایشی ئەم کەناڵە لە سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیدا (GCS) ، لە ئەنجامی کەموکوڕییە ئەمنییەکان ئەگەر هەیە نهێنی و متمانەپێکراوی

و دەستڕاگەیشتن بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، بکەوێتە ژێر مەترسییەوە، ڕێکارەکانی کریپتۆگرافی، بە شێوەیەکی گشتی دەبنە هۆی کۆنترۆڵکردنی ئاسایشی پەیامەکان و نامەکان و هەروەها دەبنە هۆی مسۆگەرکردنی کۆنترۆڵکردنی سیگناڵەکان، لەبەر ئەوە ئەو نیگەرانییانەی کە لە ئەنجامی کەموکوڕییە ئەمنییەکانەوە دروست بوون، وەک دەستڕاگەیشتنی بێمۆڵەت بە درۆنەکان و کۆنترۆڵکردن و پەیوەندیی نایاسایی یان هێرشە زیانبەخشەکانی تر دەڕەوێننەوە و کاریگەرییان لەسەر دەرئەنجامەکان کەم دەبێتەوە.

## ٢.٥ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و جێبەجێکردنی یاسا.

جێبەجێکردنی یاسا لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، هۆکاری سەرەکیی کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی درۆنە، هەروەها دڵنیابوونە لە پارێزراویی ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی، براون لە ڕووی یاساییەوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی پێناسە کرد، کە یارمەتیی ڕووپێویی داوە لە زیانی کارەساتە مرۆییەکاندا، هەروەها گەشتن بەو جێگایانەی کە مرۆڤ بە ئاسانی پێی ناگات بە مەبەستی پشکنین لەوانە پردەکان، تاوەرەکان بۆ بینینی جێگاکان بە وردی، هەروەها بەکارهێنانی درۆن لەنێوان سەرباز و پۆلیسدا و ڕێنماییپێدانیان بە شێوەیەکی ورد و گشتی لە فڕینی سەرەتایی و تاکتیکیدا. ئەم ڕاهێنانە لە لایەن کارگێڕی فڕۆکەوانی فیدراڵیی(FAA)یەوە بەڕێوە دەبرێت و سەرپەرشتیی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکات لە ئەمریکا و بڕوانامەیان پێ دەدات بە پێی کۆنترۆڵی ئۆپراسیۆنەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیFAA .

بەڵام سەرپەرشتیی سیستەمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ناکات، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بەکار دەهێنرێت بۆ زانیاری کۆکردنەوە لەسەر خەڵک یان مۆڵک، کە ئەمەش لە ئاستێکی بەرزدا دەپەیڵێتەوە، ئەویش بۆ تاکە دەوڵەتێک یان شارەوانییەکان، ولایەتێکی وەک دێلاوێر، ڕێساکانی یاسا جێبەجێ دەکات، کە دابەش دەبن بەسەر سێ گرووپدا.

١. فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک فڕۆکەوانێکی بازرگانی وەک فڕینی کار و مەبەستی بازرگانی، کە پێویستە پەیڕەوی ڕێکارەکان و پێداویستییەکان بەشی ١٠٧ لە یاسای سیستەمی فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی FAA جێبەجێ بکات، کە دەرچوون لە تاقیکردنەوەی زانیاریی فڕۆکەوانی FAA بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

٢. سەلامەتیی سیستەمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی و کاتبەسەربردنی.

تاقیکردنەوەیەک پێویستە بکرێت، ئەگەر ویست هەبوو بۆ کارپێکردنی درۆنێک وەک درۆنی کاتبەسەربردن، ڕێنمایی زیاتر دەبێت بۆ بەرزییەکەی و ئاسمانییەکەی، هەروەها هێشتنەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە لە هێڵی بینیندا لە کاتی فڕیندا، مەبەستی فڕینی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کارمەندێکی حکومەت واتە پۆلیس یان ئاگرکوژێنەرەوە

دەتوانێت مۆڵەتی فیدراڵی بەدەست بهێنێت، بە پێی یاسای درۆنی باشی ١٠٧ لە یاسای سیستمی فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا، بە پێی مەرجەکانی بڕوانامەدانی بۆ فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەگەر تاکێک بیەوێت فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار بهێنێت، بە مەبەستی کاتبەسەربردن، دەبێت تاقیکردنەوەی سەلامەتیی سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کاتبەسەربردن وەر بگرێت، لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەی (متمانە)شی پێ دەوترێت.
لە ئەمریکادا ئەگەر کەسێک بیەوێت، کە درۆن بەکار بهێنێت بە مەبەستی بازرگانی، ئەوا پێویستە بڕوانامەی کۆنترۆڵی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەدەست بهێنێت لە یاسای فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا.
لە خوارەوە ئەو پێداویستییانە دەخەینە ڕوو، کە پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مۆڵەتە و لە ماڵپەڕی ڕاهێنەری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بڵاو کراوەتەوە.

• پێویستە بتوانێت زمانی ئینگلیزی بخوێنێتەوە و قسەی پێ بکات و پێی بنووسێت و تێی بگات(دەکرێت جیاکاری تێدا بکرێت و ئەگەر کەسەکە نەتوانێت یەکێک لە مەرجەکان جێبەجێ بکات وەک مەرجێکی پزیشکی وەک تێکچوونی بیستن).
• پێویستە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە سەلامەت بێت تا بتوانێت سیستمێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار بهێنێت.
•پێویستە بە لایەنی کەمەوە تەمەنی سەروو ١٦ ساڵ بێت.
• پێویستە لە تاقیکردنەوەی زانیاریی فڕۆکەوانی لە بەشی (١٠٧)دا دەر بچێت.
• پێویستە بە ئاسایشی پشاندانی سەلامەتیی کارگێڕیدا تێپەڕ ببێت.

توێژەران باس لە ڕێسا و یاساکانی ئیسپانیا دەکەن سەبارەت بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەتایبەت لەنێوان ڕۆژنامەنووساندا. ئەمەش بووەتە هۆی نیگەرانی لە ئیسپانیادا چونکە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کێشەی گەورە و جیددی دروست کردووە لە سەلامەتیی گشتیدا، بەو پێیەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەتوانێت کە هاووڵات بریندار بکات و بەر یەک بکەون و دەستوەردان بکات لە فڕینەکانی تردا، ئەمەش لە لایەن زاناکانی ئەو بوارەوە پشتگیری دەکرێت، کە نیگەرانن لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر سەلامەتیی گشتی.
بەو جۆرەی بەکارهێنانیان لە شوێنە مەترسیدارەکاندا، وەک لە کاتی سووتانی باڵەخانەکاندا یان ئەو شارانەی لافاو دەیانگرێتەوە، دەبنە هۆی ڕێگریکردن لە هەوڵەکانی ڕزگارکردن و ئێمە لێرەدا باس لە هاککردن یان ڕفاندی سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ناکەین، فڕاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئیسپانیا پێویستی بە مۆڵەت هەیە و هەروەها پێویستە کە ڤیدیۆی هەواڵی تۆمار بکات بۆ ناوەندە میدیاییەکان، بە

مەبەستی بڵاوکردنەوە، بەو شێوەیە میدیا هیچ دەستوور و یاسایەکی نییە هەرچەندە بۆچوونی جەماوەری ئیسپانیا لەسەر یاسای ڕێکخستنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئەوەیە، کە یاساکە زیاتر نەرم و لیبراڵە.

لە و وڵاتاندا، نەک ئیسپانیا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی، کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ مەبەستی وێنەگرتن و کاتبەسەربردن زیاتر سنووردارە و توندترە. یاساکانی تەنانەت بۆ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە درۆن بەکار دەهێنن بەمەبەستی ڕووماڵکردن، لە مالیزیا، تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان ناتوانرێت بفڕێنرێن لە بەشە پۆلێنکراوەکانی ئاسمانی، A،B،C، یان G دا یان لەناو ناوچەی هاتوچۆی فڕۆکەخانەکاندا، هەروەها سەروو ٤٠٠ پێ لە سەروو ڕووی زەوییەوە، فڕۆکەوانانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، کە مەبەست لێی ئەو کەسانەن کە ئاماژە و کۆماند دەدەن، بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەبێت ئەوان لە کاتی ئۆپراسیۆنەکاندا ڕاستەوخۆ بتوانن هێڵی فڕینی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیان ببینن، بە مەبەستی پاراستنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیان.

بۆ ئۆپراسیۆنی درۆنە بازرگانییەکان پێویستە مۆڵەتی بەڕێوەبەری گشتی وەر بگیرێت بە مەبەستی فڕین، ئەو درۆنانەی کە کێشیان لە سەروو ٢٠ کیلۆگرامەوەیە دەبێت مۆڵەتی بەڕێوەبەری گشتیی فڕین وەر بگیرێت، شانشینی یەکگرتوو یاسای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی خۆی هەیە لەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەی، کە خەڵکی بەکاری دەهێنێت بە مەبەستی کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی هەڕەشە ئەمنییەکان، ئەو ڕێسایانەی خوارەوە لیستی ئەو ڕێسایانەیە کە لەناو هاووڵاتاندا ڕێک خراوە.

• هێشتنەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکەت لەسەر هێڵی بینینی ڕاستەوخۆ.
• بەرزتر لە ١٢٠ مەتر لەسەر ڕووی زەوییەوە، درۆنەکانتان مەفڕێنن.
• ٥٠- مەتر زیاتر نزیک مەبنەوە لە باڵەخانەکان و ئۆتۆمبێلەکان.
• نزیکتر لە ١٥٠ مەتر لە ناو قەرەباڵغی و خەڵکی مەفڕن.
• هەموو ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی، کە کامێرایان هەیە پێویستیان پێناسی کارپێکەری هەیە، بەبێ گوێدان بە کێش.

**٣,٠ میتۆدۆلۆجی.**

توێژینەوەی لاوەکی، کە هەندێک جار بە توێژینەوەی مێز ناسراوە، جۆرێکە لە توێژینەوە کە سوود لە داتا کۆکراوەکانی پێشوتر وەر دەگرێت، دەیتاکان لەسەر بەکارهێنانەکانی تەکنەلۆژیای درۆنەکان لە هەردوو بوارەکانی سەربازی و نێو هاووڵاتاندا کۆ کراوەتەوە و پوختە کراوە، جگە لەوەش نووسراو لەسەر ئەو توخمانە کۆ کرایەوە، کە کاریگەرییان لەسەر بڕیاردانی جێگیرکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەیە بە مەبەستی

باشترکردنی کاریگەریی توێژینەوەکان، هەروەها لە توێژینە دووەمییەکاندا زانیاری لە نووسینە ڕۆژنامەوانییەکانەوە و ڕاپۆرتە توێژینەوەکان و ئەو نووسینانەی، کە باس لە بەراوردارییەکان دەکات و هەروەها ماڵپەرە باوەڕپێکراوەکان کۆ کرایەوە.
پێداچوونەوە لە پلاتفۆرمی گووگڵ سکۆلار بۆ بابەتەکانی "فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سەربازی"، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەدەنی" ، "مەتر درۆنەکان بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی" لە وشە سەرەکییەکان بوون، کە لە گەڕانەکەدا بەکار هاتووە، لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١٨ تا ٢٠٢١ نزیکەی ١٨،٤٠٠ توێژینەوە لەسەر بەکارهێنانی درۆن لە کەرتی سەربازیدا و ١٦،٩٠٠ بابەت لەسەر هەڕەشە لەناو هاوولاتاندا و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیدا کراوە. لەم توێژینەوەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ ڕێسا و یاساکانی کرد بە مەبەستی زانینی چۆنیەتیی بەکارهێنانیان.

**٤.٠ دۆزینەوەکان.**

ئەم بەشانە ئەو بابەتانە کورت دەکاتەوە، کە لە گەڕانەکاندا دۆزراوەتەوە سەبارەت بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و بەکارهێنانیان لە بەشەکانی سەربازی و بازرگانیدا، دواتر ئەو هۆکارانە دیاری دەکەن کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جەنگی مۆدێرندا وەک ناوەندێک بۆ پەیوەندیکردن بە ناوەندی فەرمانپێکردنەوە بەکاری دەهێنن و هەروەها ڕوونی دەکاتەوە، کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کۆنترۆڵنەکراو لەوانەیە ببێتە هۆی زیانگەیاندن بەو و مەترسی دروستکردن بۆ ئاسایشی نیشتمانی.
**٤.١ ئامانجی یەکەم:** بۆ دەستنیشانکردنی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک ناوەندێکی پەیوەندیکردن بە ناوەندی فەرمانپێدانی سەربازییەوە لە چاودێریکردنی ئاسمانیدا.
پێداچوونەوەکان ئەو بەکارهێنانە بەرفراوانەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەیان ڕوون کردووەتەوە لە بەکارهێنانیان بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی، پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای درۆن و ستراتیجییەکان بووەتە هۆی زیاتر بەرەوپێشچوونی درۆنەکان لە ڕێگای هەڵدانی پۆلە درۆنەکان، بە مەبەستی زیادکردنی توانای پەیوەندیکردن لە بواری سەربازیدا. پەیوەندیکردن بۆ سەنتەری فەرمانپێدانەکان ئاسانتر و باشتر بووە بەراورد بە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی لە کۆکردنەوەی زانیاری لایەنەکانی بەرانبەر، جگە لەوەش بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بواری سەربازیدا بەتەنیا کاری چاودێریکردنی ئاسمانی بێت، بەڵکوو کاری کۆکردنەوەی زانیارییە لەنێوان فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی تردا، کە بۆ گەیاندن بەکار دەهێنرێن، کە لەمساڵدا بە ڕێژەی ٥٤٪ بەرامبەر ڕکابەرەکانی زیادی کردووە. لەم توێژینەوانەی ئێستادا باس لەو درۆنانە دەکرێت، کە تەقەمەنییان پێوە لکاوە کە بەکار دەهێنرێت بۆ لەناو بردنی بەڵگەکان، لە هەرکاتێکدا تووشی سەختی یان پەلامار بووەوە.

**٤.٢ ئامانجی دووەم:** دیاریکردنی ئەو فاکتەرانەی، کە بەکار هێنراون لە فرۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا وەک ناوەندێک بۆ پەیوەندیکردن بە سەنتەری فەرمانپێدانی فڕۆکەی بێفرۆکەوان لە چاودێریی ئاسمانیدا بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی.

لە لێکۆڵینەوەیەکدا لە لایەن یووی و یەنگەوە کراوە، ئاماژەیان بەوە داوە کە زۆرێک لە بەکارهێنەران ئامادە نین بۆ ئەم تەکنەلۆژیایە نوێیە، هەرچەندە کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نیگەرانی بەرز کردووەتەوە نەک تەنیا لە بواری سەربازیدا بەڵکوو لە بواری مەدەنییشدا، بابەتی داهاتوو ئەو فاکتەرانە دەخاتە ڕوو، کە لە ڕێگای پێداچوونەوەوە بەدەست هاتوون، بەشێک لە فاکتەرە وەدەستهاتووەکان فاکتەری ئۆپراسیۆنی دەگرێتەوە، کە پەیوەندی هەیە بە کارکردن لە ئۆپراسیۆنی سەربازیدا، دووەم فاکتەر، فاکتەری تەکنیکی ستراتیجی فەرمانکردن و کۆنترۆڵکردنی ڕەوە پۆلییە درۆنەکانە لەگەڵ فاکتەرە مرۆییەکاندا، کە باس لە کێشەی مرۆڤ دەکات لەگەڵ سەربەخۆیی پۆلە درۆنییەکان.

لە کاتێکدا کە لێکۆڵینەوەیەک لە لایەن تویلڤیرگەرە و هاوڕێکانییەوە کراوە لە ساڵی ٢٠١٥ دا و فاکتەرێکی تریان زیاد کردووە، بە ناوی "پێویستیی هەستپێکراو" کە دەگەن بە تێگەیشتنێکی ڕوونتری ئەو فاکتەرانەی، کە دەبنە هۆی گەشەپێدانی یاسایی (بۆ نموونە ئێستا و داهاتوو) ، کە بەشدارییان کردووە لە بەرەوپێشچوونیان لەناو بەشداربووواندا، هەروەها ئەم توێژینەوەیە ئەوەشی زیاد کردووە، کە فاکتەری مرۆیی لە ئێستادا چاوەڕوانییەکی هاوبەش هەیە، کە مرۆڤ "فێر دەبێت خۆی بگونجێنێت" لەگەڵ ئەو کۆنترۆڵ و پیشاندانانەی دابین کراون لەگەڵ سیستمێکدا دوای ڕاهێنان و ئاشنابوون پێی.

**٤.٣ ئامانجی سێیەم:** بۆ دیاریکردنی مەبەستی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ناو خەڵکیدا.

بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەناو خەڵکیدا بەردەوامە لە بەرزبوونەوە بۆ ئامانجی بازرگانی، وەک بەکارهێنانیان لە پێوانەکردن و سەرژمێریکردنی موڵکەکان هەروەها بە مەبەستی گەیشتن بە جێگا بەرزەکان لە کاتی دروستکردنی خانووبەرە و باڵەخانەکاندا، تەنانەت بە مەبەستی کاتبەسەربردن و داهێنانەکانیش. سنووردارکردنی یاسای درۆنی لە هەروڵاتێکدا دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ترس و هەڕەشە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، لە هەندێک وڵاتاندا بەتەواوەتی فشارێکی زۆر دەکرێت و بەیاساییکردنی درۆنەکان فراوان کراوە سەپێنراوە وەک یاسایەک بە مەبەستی دانانی ئاسایشی نیشتمانی وەک لەپێشینەیی. وەک ئەوەی کە لە بەشەکانی پێشوودا باس کراوە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان پەرە دەسێنن و زیاتر بەناوبانگ دەبن لەنێو خەڵکیدا بە هۆی تواناکانییەوە لە کەمکردنەوەی تێچوو، زیادبوونی تواناکان و هەروەها خزمەتگوزارییە

داهێنەرانەکانییەوە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان زۆر بەسوودن بۆ ئەو شوێنانەی، کە دوور، نادیار، یان مەترسیدارن، دەبێت فڕۆکە بێفڕۆکەوانە مەدەنییەکان لەگەڵ یاسای فڕۆکەوانیدا بگونجێن، بەتایبەتی لەگەڵ یاسای فڕۆکەوانیی شارستانی ساڵی ١٩٨٢ هەروەها لەگەڵ فەرمانی هاتوچۆی ئاسمانی(ANO) ساڵی ٢٠١٦. بە پێی یاسای شانشینی یەکگرتوو لە ساڵی ٢٠١٨، ANO نوێ کرایەوە بە مەبەستی چەند قەدەغە کردن و سنووردارکردنی درۆنەکان هەتا ٢٠ کیلۆگرام و سنووردارکردنی فڕینیان هەتا ٤٠٠ پێ و نزیکنەبوونەوەیان لە فڕۆکەخانەکان بە دووریی ١ کیلۆمەتر، درۆنە وێنەگرەکان و فیلمتۆمارکەرەکان بۆ توێژینەوەکان و بۆ بازرگانی و فیلمتۆمارکردن بۆ خۆشی و کاتبەسەربردن، هەروەها بۆ چاودێریی ژینگەیی وەڵامدانەوەی خێرا یان بە مەبەستی ڕزگارکردن، هەروەها درۆنی وەرزشی ئەمانە نموونەی بەکارهێنانی درۆنەکانن لە ناو کەسانی گشتیدا.

٤.٤ بۆ دەستنیشانکردنی خراپبەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەڕەشەکانیان بۆ ئاسایشی نیشتمانی.

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەتوانێت، کە زانیاری و وێنە کۆ بکاتەوە لە ڕێگای سەرنجدان کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە کەسانێکی زۆر نیگەران بکات بەوەی کە مافی تایبەتیان پێشێل دەکرێت، ئەگەر بەکارهێنەرانی ئاشنا نەبن بە یاساکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و تەکنەلۆژیای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، ئەوا ئەگەر هەیە کە بە شێوەیەکی هەڵە بفڕن. بە شێوەیەکی مەترسیدار و بۆ ناو ئەو ناوچانەی کە قەدەغەی فڕینی درۆنیان هەیە وەک فڕۆکەخانەکان. هەڵەمرۆییەکان یان لەکارکەوتنەتەکنەلۆژییەکان لەوانەیە وا بکەن، کە فەرمانپێدەری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆنترۆڵ لەدەست بدەن و فڕۆکەکانی دیکە، هەروەها خەڵکی، ئۆتۆمبێل، ژێرخانی زەوی لە ئەنجامدا لەوانەیە لە مەترسیدار بن. خێرایی و کەمیی تێچوویان و زیادبوونی مەودای فڕینیان و توانای هەڵگرتنی درۆنەکان، بووەتە هۆی بانگەشە بۆ ئەوانەی درۆن بە خراپی و نابەرپرسیارانە و بێئاگایانە یان بە شێوەیەکی خراپ و بە مەبەستی تاوانکاری بەکاری دەهێنن، بە وێنەگرتنی تاکەکان بەبێ ڕەزامەندیی ئەوان تۆ هێرش دەکەیتە سەر تایبەتمەندییان ئاسانکارییەکان بۆ هێرشی سایبەر وەک ڕفاندنی بلوتووسێک بە فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان، کە ڕادیۆیەکی گواستنەوەی هەڵگرتبێت ئەوا هێرشە جەستییەکان ئاسانتر دەکرێت، بۆ نموونە گەڕان بەدوای ژێرخانی سەرەکیدا یان بە هێنانی بۆمب یان تێکشکاندنی کەلوپەل لە کردەیەکی تیرۆرستیدا، وەک چالاکییە نایاساییەکان وەک بەقاچاغبردنی کەلوپەلەکان بۆ زیندانەکان، یان دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی لاواز و ئاسان بۆ دزیکردن.

## ٥.١ دەرئەنجامەکان و گفتوگۆکان.

مرۆڤ یارمەتی دراوە لە لایەن تەکنەلۆژیاوە بۆ کەمکردنەوەی مەترسی، مانەوە بە بەرهەمداری، وێناکەر و داهێنەر. هەموو سوودەکانی تەکنەلۆژیا دەبینرێت ئەگەر بە بەرپرسیارێتی بەکار بهێنرێت، بەڵام کاتێک هەمان تەکنەلۆژیا بەخراپی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لەوانەیە کارەساتبار بێت، زۆرێک لە هەواڵەکان پشتگیری ئەم مشتومڕەیان کرد، ئاماژەکردن بە خراپبەکارهێنانی درۆنەکان و ئەو زیانانەی، کە دەیکەنە سەر ئاسایشی نیشتمانی، وەک پێشکەشکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕووسی، کە لە هەڵۆیەکی بەفراوی دەچێت، کە شووێنپێی نادۆزرێتەوە، خراپبەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ئاستبەرز لەوانەیە ڕێگایان پێ بدات بە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر بەرانبەرەکانیان و لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لەنێوان دوو وڵاتدا. بەڵام ئەمە تەنیا بەسەر ڕووسیادا جێبەجێ نابێت: ئەمە بۆ وڵاتانی دیکەش ڕاستە بڵاوکردنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە گوێزەرەوەیەکی ڕادیۆی هەڵگرتبێت، دەتوانێت کە بلووتووسێکی بچووک بفڕێنێت لە جەنگی سایبەردا، هێرشی فیزیکی ئاسانتر دەکات، بەوەی کە گەڕان بەدوای ژێرخانی سەرەکیدا، یان گواستنەوەی تەقەمەنی یان کەلوپەلە زیانبەخشەکانی دیکە لە هێرشێکی تیرۆرستیدا. بەڵام لە هەردوو هێرشەکەدا ئاسایشی نیشتمانی بە شێوەیەکی گشتی پارێزراو نییە، ئۆپراسیۆنە درۆنییەکان لەو شوێنانەی کە فڕینی درۆنی تیادا قەدەغە کراوە، وەک فڕۆکەخانەکان کەسانی مەدەنی دەخەنە مەترسییەوە لە ڕوداوێکدا یان لە ئۆپراسیۆنێکی نایاسایی داتاکۆکردنەوەدا، بۆیە یاسا و ڕێساکان و جێبەجێکردنیان بۆ بەکارهێنەرانی درۆن، زۆر گرنگە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی.

**سەرچاوە: بەشی توێژینەوە و پەیوەندی میدیا، زانکۆی تەکنەلۆجی مارا شاعەلام**

# درۆنەکان و تێکدانی ستراتیجییەکانی ئاسایشی نیشتمانی

نووسینی:جیم کوونی
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

**فڕۆکە بێفڕۆکەو انەکان ... لایەنگر انی (لایەنەکانی دیکەی هێزی نەتەوەیی)بێدەنگ دەکەن لە ڕێگەی کار ایی بەرچاو و چارەسەرێکی سەربازیی کەم مەترسییەوە.**

درۆنەکان ڕێبازی ئەمریکا بۆ دروستکردن و پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی تێک دەدەن. درۆنەکان بەکار هێنراون بۆ کردنی سەدان هێرشی فەرمی دانپێدانراو لە دەرەوەی ناوچەکانی شەڕکردن، ئەمەش بازاڕێکی بۆ بژاردەی شەڕکردن دروست کردووە، کە پێشتر بوونی نەبووە. دوو نموونە تیشک دەخەنە سەر ئەمە. پاکستان کە گوایە هاوبەشی ئەمریکایە، بەڵام دووچاری زیاتر لە ٤٠٠ هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا بووەتەوە، لە کاتێکدا سەرۆکی پێشووی ئەمریکا باراک ئۆباما ئاماژەی بەوە کردووە کە درۆنەکان زۆر  زیاتر جیاوازییان هەیە لە چەکی ئاسایی، هەر بۆیە ژیانی کەسانی بێتاوان زیاتر لە کەسانی سەرباز ڕزگار دەکات. پرسیارە بێوەڵامەکە (یان ئەو پرسیارەی هەرگیز نەکراوە) ئەوەیە، ئایا ئەم بەئامانجگرتنانە بەبێ ئەم توانا تایبەتە ڕوو دەدەن؟ سەیرکردنی تەکنەلۆژیای درۆن وەک داهێنانێکی تێکدەر کاریگەری فراوانتر لەسەر سیاسەت و ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئاشکرا دەکات. ئەمە تەنیا تێکدانێک نییە لەناو بواری سەربازیدا. بەڵکوو درێژ دەبێتەوە بۆ لایەنەکانی دیکەی هێزی ئەمریکا بەبێ وەڵامدانەوەیەکی گونجاو، درۆنەکان بەردەوام دەبن لە بەدەستهێنانی "پشکی خۆیان لە بازاڕدا" لە جێبەجێکردنی ستراتیجی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکادا، کە ئەگەری هەیە کاریگەری ترسناکیش بەدوای خۆیدا بهێنێت.

تیۆری داهێنانی تێکدەرانە (DI) باس لە گۆڕانکارییەکان دەکات لە ژینگەی بازرگانیدا، کە تێیدا هاتنەژوورەوەی نوێیە بۆ بازاڕێک و ئەو کەسانە بێکاریگەر دەکات لە بازاڕەکەدا کە پێشتر باڵادەست بوون و سەرکەوتنەکانیان لەسەر داهێنانی تازە و بەردەوام بونیاد ناوە – بیر لە کارپێکەری وشەیی وانگ و کۆمپیوتەری تایبەتی بکەرەوە، پۆلارۆید و فۆتۆگرافی دیجیتاڵی، یان کەشتیی جەنگی و فڕۆکەهەڵگرەکان . داهێنانی تێکدەرانە (DI) پڕۆسەیەکە کە بەرهەمێک یان خزمەتگوزارییەک لەناو بازاڕێکدا جێگیر دەبێت و دواتربە گۆڕینی ژینگە بەبێ وەستان بەکار دەهێنرێت.

پەرەپێدانی ژێردەریاییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا و وەڵامی هێزی دەریایی شاهانە بۆی نموونەیەکی مێژوویی بەهێزی داهێنانی سەربازی تێکدەر پیشان دەدات. ئینگلتەرا بە دانىنان بەوەی کە بەلەمی ژێر دەریایی ئەڵمانی مەترسی دەبێت بۆ سەر هێزی دەریایی وڵاتەکەی، ئینگلتەرا پێش سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم توانای کاریگەری دژە ژێر دەرياييەکانی پەرە پێ دا، بەڵام لە چوارچێوەی داهێنانی بەردەوامدا. بە سەیرکردنی ژێردەرياييەکان تەنیا وەک پەرەسەندنێک لە هەڕەشەی بەلەمی تۆرپیدۆ کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا گەشەی کرد، کە لە لایەن تێکدەرەکانی بەلەمی تۆرپیدۆوە (هاوناوی پۆلی تێکدەرەکانی ئەمڕۆ) ڕێگرییان لێ کرا، ئینگلتەرا توانای دژە ژێردەریایی پەرە پێ دا کە بۆ پاراستنی بەلەمی بەهێزی درێدنۆتەکانی داڕێژرابوو. کاتێک ئەڵمانیا ژێردەرياييەکانی لە دژی کەشتییە بازرگانییەکان دەستی کرد بە هێرشکردن، بە بەکارهێنانی تواناکانی لە دەرەوەی پێکدادانی تەقلیدی بەلەمەکان، داهێنانە تێکدەرەکە زۆر نزیک بوو لەوەی کە شەڕی بەریتانیا لەدەست بدات.

نموونەی ژێردەرياييکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ناسینەوەی DI چەند قورسە تەنانەت کاتێک گۆڕانکارییە تەکنەلۆژییەکان بەئاسانی دەر دەکەون. سەرۆکی ئێستای وڵاتەکە بە شێوەیەکی گشتی باس لە گۆڕانکارییەکان دەکات لە چوارچێوەی داهێنانی بەردەوامدا – هەروەک چۆن بەریتانییەکان هەوڵیان دا ژێردەرياييەکان بخەنە ناو ئۆپەراسیۆنی بەلەمە ئاساييەکانەوە.

لە داهێنانی تێکدەردا، بەشداربووەکان سەرکەوتنیان بەسەردا تۆمار دەکرێت نەک تەنیا لەبەر ئەوەی شکستیان هێناوە لە ناسینی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە سیستمی نوێ درووستی دەکات، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە ناتوانن ئەو هۆکارانە ببینن، کە سەرچاوەی هەڕەشەن بۆ سەر بازاڕە سەرەکییەکانیان. داهێنانە تێکدەرەکان بە یەکێک لە دوو ڕێگا سەر هەڵدەدەن، بە بەدەستهێنانی پێگەیەکی نزم یان پێگەیەکی کەم لە بازاڕێکی نوێدا، بۆ کۆمپانیاکانی ئێستا کە نیازی ئەوەیان هەیە (لانی کەم لە سەرەتادا) سەرنجڕاکێش دەر نەکەون، پێشکەشکردنی قازانجێک کە زۆر کەم بێت بۆ ئەوەی پاساو بۆ وەبەرهێنانی زیادە بهێنێتەوە چونکە بەرهەمە تێکدەرەکان تەنیا لە کۆتایی

نزمی بازاڕی ئێستادا کێبڕکێکارن، یان قەبارەی پێویست لە بازاڕی نوێدا پێشکەش ناکەن. ژێردەریاییەکان نموونەیەکی ڕوونی پەککەوتنێکی نوێن لە بازاڕدا، بەو پێیەی ڕێگایەکی نوێیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجییە ئاست بەرزەکان لە دەریادا دروست کردووە، نەک بە کۆنترۆڵکردنی، بەڵکوو بە ڕەتکردنەوەی دەستڕاگەیشتن بە نەیارێک بۆ بازرگانی دەریایی.

درۆنەکان لە ڕێگەی چوونە ژوورەوەی ئاستی نزمی مارکێتینەوە خرانە ناو بازاڕی ئاسایشی نیشتمانی. ڕێڕەوی چوونە ژوورەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئاست نزمەکان دیارە، تێچوون و تایبەتمەندییەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی Predator و Reaper ، بەراورد بکەن بە هێزی ئاسمانی JSTARS ٨-E یان فڕۆکەی هەواڵگری و چاودێری و سیخوڕی ISR)) ی هێزی دەریایی Poseiden ٨-P و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە لەگەڵ پۆلی کلاسیکی چوونەژوورەوەی ئاستی نزمی مارکێتیندا دەگونجێن. بەراوردکردنی کۆمپانیا ڕێزدارەکانی نۆرسرۆپ-گرومن و بۆینگ لەگەڵ کۆمپانیای جەنەراڵ ئەتۆمیک GA)) کە بەرهەمهێنەری ئەم کەشتییە سەرەکییانن لە بەلەمی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا، ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە؛ هەرچەندە بەشی فڕۆکەوانیی کۆمپانیای جی ئەی لە ساڵی ١٩٩٢ دا بە تیمێکی حەوت کەسی دەستی پێ کردووە. کۆمپانیای (GA) سەرنجی خستە سەر سیستمی بێسەرنشین لە کاتێکدا کە سنووردارکردنەکانیان وای لێ کردن ببنە ڕکابەرێکی نەگونجاو بۆ فڕۆکە سەرنشیندارەکانی پیشەسازیی فڕۆکەی ئێستا. نەبوونی میراتی فڕۆکەوانی GA ی ڕزگار کرد بۆ ئەوەی پێشکەوتنی داهێنەرانە ئەنجام بدەن، کە درۆنەکانی کردە کێبڕکێکار لە پیشەسازیی بەرگریدا.

خێرایی درۆنەکان، توانای مانۆڕکردن و توانای مانەوەیان (هەروەها تێچووەکەشی) بە بەراورد لەگەڵ فڕۆکە سەرنشینەکان پێگەیان کاڵ دەبێتەوە. ئەم تایبەتمەندییانە زۆر کەمتر گرنگ دەبن کاتێک باشی فڕۆکەوان و تیمی فڕۆکەوانی نەبەسترێتەوە بە فڕۆکەکەوە. لە زاراوەی DI دا، کۆمپانیاکانی ئێستای (پیشەسازیی فڕۆکەوانیی تەقلیدی) بەرهەمەکانی باشتر کردبوو، لە دەرەوەی پێویستی زۆربەی کڕیارەکان کە تەنیا دەیانویست زانیاری کۆ بکاتەوە، یان ئامانجیان تەنیا لەسەر چەک بوو. لە ئێستادا هێشتا پێویستیان بە فڕۆکەی بەسەرنشین هەیە، بەڵام درۆنەکان زۆرێک لەو ئەرکانەیان پێسپێردراوە.

### بۆ ئەوەی بگەیت بە ئاشتی بە شێوەیەکی گشتی پێویستە قوربانیی زۆر بدەیت

کاتێک کە پێگەی نزمیان لە گۆڕەپانی ISR بەدەست هێنا، بەرهەمهێنەرانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەستیان کرد بە دروستکردن و بەشداریکردن لە بەشەکانی دیکەی بازاڕی هێزی ئاسمانی بە چەکدارکردنی هەمان ئەم پلاتفۆرمانەی ISR. چەکدارکردنی فڕۆکەی

بێفرۆکەوان ڕێگەی بە GA دا ڕکابەری بکات لە بازاڕی ئاستبەرزدا، کە پێشتر مەودای تایبەتیی فرۆکەکانی وەک فرۆکەی جەنگی هێرشبەری هاوبەش و هەڵۆی هێرشبەری ئێف ١٥ بوو. لەڕاستیدا لە ئاسمانی ڕێگەپێدراودا، فرۆکە بێفرۆکەوانە سەبازییەکان لە فرۆکەی هێرشبەری تەقلیدی گونجاوتر بوون، بە هۆی توانای دەستڕاگەیشتنیان بۆ سەر ناوچە ئامانجدارەکان.

جگە لەوەی بەشێکی باش لە بازاڕ لە پیشەسازییە دروستکراوەکانی فرۆکەوانی وەردەگرن، کۆمپانیای جی ئەی و کۆمپانیاکانی تری بەرهەمهێنەرانی فرۆکەی ناتەقلیدی کۆمەڵگەی فرۆکەوانەکان تێک دەدەن. لەگەڵ گۆڕانی هێزەکانی شەڕکەری ئاسایی بۆ فرۆکەی بێفرۆکەوان، خزمەتگوزارییەکان لە هەوڵدان بۆ پێناسەکردنی ئەوەی کە فرۆکەوان بوون لە سەردەمی فرۆکەی بێفرۆکەوانەکاندا مانای چییە، لە هەوڵدان بۆ پاراستنی ستانداردەکانی فرۆکەوانی فرۆکە بێفرۆکەوانەکان و هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی لەگەڵ خواستەکاندا بگونجێن بۆ ئەرکی زیاتر، کە هەموو ئەمانە زیان بە مۆراڵ دەگەیەنن. هەروەها خواست لەسەر ئەم توانایە هۆکارە بۆ کورتهێنانی گەورە لە فرۆکەواندا.

لەگەڵ ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە درۆنەکان بەدەستیان هێناوە لەو کردانەی کە پێویستە لە نزیکەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام پێگە و جێ پێیان لە بازارە نوێیەکەدا توانای زیاتری هەیە بۆ تێکدانی ڕێبازی ئەمریکا بۆ ئاسایشی نیشتمانی. فرۆکە بێفرۆکەوانەکان لە بنەرەتدا بازاڕێکی نوێیان بۆ هێزی سەربازی دروست کردووە، بازاڕێک کە کێبڕکێ لەگەڵ بژاردەی ناسەربازی (یان سەربازی ناتوندوتیژ) دەکات. بە پێشکەشکردنی بژاردەیەکی جووڵەیی وەڵامدەرەوە و کەم مەترسی، فرۆکە بێفرۆکەوانەکان کێبڕکێ دەکەن لەگەڵ سەقامگیرییەکی کەمتر دیاریکراو و ئامرازەکانی بونیادنانی توانا، کە پێشتر سەرنجڕاکێشتر بوون لە بژاردەی هێرشی هێزی زەمینی مەترسیدارتر یان فرۆکەی سەرنشین. فرۆکە بێفرۆکەوانەکان بازاڕی چالاکی پڕ بژاردەی فراوانتر کردووە، هەر وەک چۆن ئۆپەراسیۆنی پاکستان ئەوە نیشان دەدات. بەم شێوەیە فرۆکەی بێفرۆکەوان نەک هەر لە ڕێگەی ئەرکەکانی فرۆکەی سەرنشیندارەوە زیاتر بازارەکە دەگەڕێن؛ ئەوان لە لایەنەکانی تری دەسەڵاتیش، سەربازی و ناسەربازی لە ئاستی باڵادان. ڕەنگە مرۆڤ وەسوەسەی ئەوە بێت کە هەموو ئەمانە وەک شتێکی باش سەیر بکات. بەڵام هەرچەندە فراوانکردنی لێدانی وردبینی سوودی دیاری لە ئاستی ئەرکدا هەیە، بەڵام دەرئەنجامەکانی بۆ ستراتیجی بە شێوەیەکی فراوان ترسناکن.

بەکارهێنانی فراوانی هێرشە ئاسمانییەکان بۆ خۆی، تێکدەر نییە، ئەگەر لە بواری ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکاندا بمێنێتەوە و جێگرەوەی بژاردەی دیکە نەبێت. بەڵام فرۆکە بێفرۆکەوانەکان تایبەتمەندی تێکدەریان لە "بازاڕی" گەورەتری ئاسایشی نیشتمانیدا وەرگرتووە. تیۆری DI پێی وایە کاتێک داهێنانێک پێگەیەک بازاڕدا بەدەست دەهێنێت،

ئەو کەسەی کە ئێستا کردەکەی لە بەردەستدایە بەشێک لە بازاڕەکەی لەدەست دەدات. ئەمەش لەناو وەزارەتی بەرگری و لە سەرانسەری دەزگاکانی تری حکومەتدا ڕوو دەدات. بە لایەنگریکردنی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ بەئامانجگرتنی ئەو کەسانەی کە هۆکاری ناسەقامگیری و تیرۆرن، ئێستا لایەنەکانی سەربازی سەرنجی لەسەر توانا پێشکەوتووەکانی شەڕکردنە نەک ئەرکەکانی سەقامگیرکردن، کە ڕەگ و ڕیشەی هۆکارەکانی ناسەقامگیری چارەسەر دەکەن و سەرکەوتنی سەربازی دەگۆڕن بۆ سەرکەوتنی سیاسی. هێزی دەریایی فەوجەکانی کاروباری مەدەنی دەریایی خۆی لەکار خست و کاریگەری بەرنامەی کەشتی نەخۆشخانەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، سوپا بڕیاری دا هەموو فەوجەکانی کاروباری مەدەنی ئۆپەراسیۆنە ناتایبەتییەکان کەم بکاتەوە و بگوازێتەوە بۆ ناو پێکهاتەکانی یەدەگ و پاسەوانی.
هێزی دەریایی توانای کاروباری مەدەنیی خۆی پاراستووە، بەڵام لە چوارچێوەی پێکهاتەی یەدەگدا. ئەم بڕیارانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە وەزارەتی بەرگری سەرنجی لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرە نزیکە هاوتاکانی لە مەیدانی شەڕدا بووە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک ئامرازێک بەجێ دەهێڵێت بۆ سزادانی کارەکتەرە خراپەکان کە ناسەقامگیری دەورووژێنن. تەنانەت دەستپێشخەری نوێی لیوای یارمەتیدانی هێزی ئاسایش SFAB)) ی سوپای ئەمریکا وەک ڕێگەیەک بۆ باشترکردنی ئامادەیی شەڕی ئاست بەرز بانگەشەی بۆ دەکرێت. SFABs تیمەکانی لیوای شەڕکەرBCTs)) ئازاد دەکەن بۆ ئەوەی سەرنجیان لەسەر ئەرکی سەرەکی خۆیان بێت. وەک تیمێکی لیوای شەڕکەر دەبن لە چاوەڕوانیدا لەگەڵ پێکهاتەی ئەو کارمەندانەی، کە توانای ئەوەیان بە شێوەیەکی خێرا کادرەکان وەربگرن و نوێ ببنەوە لە تیمی لیوای شەڕکەردا. لە دەرەوەی وەزارەتە سەربازییەکان، بڕینی بودجەی ڕێکخراوی USAID و وەزارەتی دەرەوە پێشنیار کراوە. ئەم کردەیە هەنگاو بە هەنگاو بووە بەڵام هاوکات بووە لەگەڵ فراوانبوونی کەشتی درۆنەکان.
ناسینەوەی ئەم داهێنانە تێکدەرانە قورسە چونکە لە ناوخۆی دامەزراوە ئەمنییەکاندایە . دەتوانرێت فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ڕاپەڕینی DI هەژمار بکرێت، چونکە کەسی بەرپرسیار لەم چوارچێوەیەدا دامەزراوەی ئاسایشی نیشتمانییە، کە پێویستە هەموو ئامرازەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی (دیپلۆماسی، زانیاری، سەربازی و ئابووری، یان DIME) بەکار بهێنێت بۆ چارەسەرکردنی پرسە ئەمنییەکان. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان تێکدەرن لەبەر ئەوەی ئێستا چارەسەرێکی گەورەن کە لەناو دامەزراوەکەدا جێگیر کراون، لایەنگرانی دۆمەینەکانی I ،D و E بە هۆی کارایی بەرچاوی چارەسەری سەربازیی کەم مەترسییەوە بێدەنگ دەکرێن.
درۆنەکان بەردەوام تواناکانیان لە زیادبووندایە، لەگەڵ پەرەسەندنی زیرەکی دەستکرد و زیادبوونی سەربەخۆیی و بڕیارەکانی ئاسایشی نیشتمانی زیاتر و زیاتر لەئەستۆ دەگرن،

کە بنەماکانی ئەلگۆریتم یان لۆژیکی تەمومژاوی لە بەرچاوی دەگرن. لەگەڵ زیادبوونی تواناکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ئەرکی زیاتر و زیاتر دەگرنە ئەستۆ، بەردەوام دەبن لە جێگرتنەوەی هەردوو لایەنە شەڕانگێزەکان و ناشەڕانگێزەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی، کە بۆ بەدواداچوونی ئامانجە ئەمنییەکان بەکار هێنران بەبێ ئەوەی بچنە شەڕەوە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە وەڵامی ئەمریکا بۆ ئاستەنگە ئەمنییەکان زیاتر بەرەو ئاگرکەوتنەوەیەکی یەکڕەهەندی و لەبیرکردنی وەڵامدانەوە دەگۆڕن. ئەمە باش نییە. بۆ ئەوەی بگەیت بە ئاشتی بە شێوەیەکی گشتی پێویستە قوربانی زۆر بدەیت و ئەم جۆرە ڕێبازانە نە لەگەڵ بەهاکانی ئەمریکا و نە لەگەڵ خواستەکانی بۆ پاراستنی سەرکردایەتی جیهانیدا ناگونجێت.

مشتومڕێکی زۆر لەسەر بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان درووست بووە، سەبارەت بە کاریگەری و یاسایی و بەکارهێنانی مۆڕاڵییان، ژەنەراڵ پێترایۆس لەم دواییانەدا تێبینی ئەوەی کردووە، "ناتوانیت هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار بهێنیت بۆ دەربازبوونت لە کێشەیەک." بەڵام هەموو ئەم مشتومڕە لە چاویلکەی داهێنانی بەردەوامەوە بووە. کاتێک لە کاریگەری تێکدەرانەیان تێدەگەین، کاریگەری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لەسەر بڕیارە گەورەکانی سیاسەت زیاتر ڕوون دەبێتەوە. درککردن بەم بابەتە دەتوانێت ڕێگری بکات لە هەڵبژاردنی هەڵە لەنێوان دەستپێکردنی هێرشێکی ئاسایی مەترسیدار و وێرانکەر و هێرشێکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وردبینی کەم مەترسی، ئەمەش دیسانەوە دەرگایەک دەکاتەوە بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەری دیکە یان تەواوکەر. پێویستە پێوانە و هاوسەنگ بین لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئاستەنگە ئەمنییە بێشومارەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا و ڕێگری لە نەمانی تواناکانی سەقامگیرکردن لەناو جبەخانەی ئەمریکادا بکەین.

لە کۆتاییدا، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ نموونەی هێزی دەریایی شاهانە، سەرکەوتن بەسەر داهێنانی تێکدەرانەی ژێردەرياییەکاندا پێویستی بە چارەسەرێکی نوێ یان قووڵی داهێنەرانە نەبوو. کاتێک بەرنامەی کاروانەکان دامەزرا، زیانی کەشتییەکان لە ژێردەرياییەکانەوە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، کاروانەکان بۆ پاراستنی بازرگانیی ئینگلتەرا بۆ چەندین سەدە بەکار دەهێنران. بیروباوەڕی ئەدمیراڵی بەهێزی دەریایی لە ئێستادا دەکەوێتە سەر ئاسایشی تۆپهاوێژە بەبەهاکان، لەگەڵ لابردنی هەر بەربەستێکی دیکە کە هۆکار بێت بۆ گەشتن بەم چارەسەرە سادەیە، بە شێوەیەکی مەترسیدار و هۆکار بووە بۆ لەدەستدانی پێگەی سەرکردەی دەریایی یەکەم.

چارەسەرکردنی ئەو دۆخە سەختەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان زۆر لە یەک دەچێت. بەدڵنیاییەوە دامەزراوەی ئاسایشی وڵات پێویستە توانا ناوازەکانی خۆیان بەکار بهێنن و پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە شێوەیەکی سروشتی بەردەوام بن لە

پێشکەشکردنی بەرهەمی سوودبەخشتر. بەڵام بەکارهێنانی تواناکانیان نابێت جێگەی ئەو لایەنانەی دیکەی دەسەڵاتی نەتەوەیی بگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی کاریگەر دوژمنان ڕادەگرن و دەوڵەتە زیان لێکەوتووەکانی ململانێ سەقامگیر دەکەن و خۆڕاگری لە دەوڵەتە لاوازەکاندا بونیاد دەنێن. بەڵام بۆ سوودوەرگرتن لەم بەدیلانە، ئەمریکا دەبێت توانای کێبڕکێی خۆی لە ژینگەیەکدا بپارێزێت و بونیادی بنێتەوە، کە زۆرجار دوژمنەکانیان لە خوار ئاستی شەڕی چەکدارییەوە کار دەکەن. ئەمەش پێویستی بە داهێنانی قووڵی تەکنەلۆژی یان چوارچێوەی فیکری نییە. سەیرکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە چاویلکەی داهێنانی تێکدەرەوە، یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی، بە تێکەڵەیەکی هاوسەنگ لە هەموو لایەنەکانی دەسەڵاتی نیشتمانی بمێنێتەوە.

**سەرچاوە: ژووری جەنگ لە کۆلێژی جەنگی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

# بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جەنگی هاوچەرخدا: شیکارییەکی یاسایی و مۆراڵی

نووسینی: سارا کرێپس، جۆن کاگ
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

زیادبوون لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جەنگی هاوچەرخدا چەندین گفتوگۆ و دیبەیتی لە نێو سیاسی، کاربەدەستانی حکومی و توێژەران دروستکردووە. وتەبێژانی حکومەتی ئەمریکا زۆرجار تیشک دەخەنە سەر وردبینی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و دەڵێن ئەم خاسیەتە ڕێگە بە کردەوەی سەربازی دەدات، کە پابەند بێت بە بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی جیاکاری و ڕێژەیی.

ئەم توێژینەوەیە، لەسەر هەمان ئەو بنەمایانە ڕەخنە لە چەکە تەکنەلۆژییە پێشکەوتووەکانی حکومەتی ئەمریکا دەگرێت، کە حکومەتی ئەمریکا بەرگریی لێ دەکردن: گەیشتن بە ستانداردە نێودەوڵەتی جیاوازی و ڕێژەیی. ئەم توێژینەوەیە دەرفەتی گفتوگۆ دەڕەخسێنێت بۆ کاریگەرییە یاساییەکانی بێردۆزی جەنگ. پاشان هەڵسەنگاندن بۆ ئەو گوتارە سیاسی و سەربازییانە دەکات، کە دەربارەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هەیە و چوارچێوەیەکی فەلسەفی دەخاتە ڕوو، کە ئەگەری هەیە ئەو ناڕوونییانەی دەربارەی مۆڕاڵەکانی جەنگی نوێ هەیە کەم بکاتەوە.

کۆتایی ئەم توێژینەوەیە بریتی دەبێت لە چەند گفتوگۆیەك لەسەر ئەو ڕێگە جیاوازانەی، کە بەرگریکارانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەیگرنە بەر بۆ گەورەکردن و پێداهەڵدانی تواناکانی تەکنەلۆژیا، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سیاسی و یاساییە سەختەکان کە بنەماکانی جیاوازی و ڕێژەیی پێشنیاری دەکەن.
لە ساڵی ٢٠٠٩دا، لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور کۆمەڵێك یاسای بڵاو کردەوە، لەسەر چۆنیەتیی تێگەیشتن لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە ناسراوە بە یاسای جەنگ یاخود یاسای شەڕی چەکداری.
ڕاپۆرتەکە هاندان بوو بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشداری کە لە چەند دەیەیەکی ڕابردوودا، جەنگ نزیکتر بووەتەوە لە چەقی دانیشتوان. ئەم دیاردەیە هێڵی سنووری نێوان جەنگاوەر و خەڵکانی سڤیلی کاڵ کردووەتەوە و جیاکردنەوەی ئامانجی یاسایی و نایاسایی قورس کردووە. دڵنیابوونەوە لە شەرعیەتی ئامانجەکان، بە شێوەیەکی هەڵە بەستراوە بە تایبەتمەندێتیی ئەو چەکانەی، کە لەشکرە سەربازییە مۆدێرنەکان بەکاری دەهێنن.
بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و وردیی چەکەکان لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی دیکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ساڵانی پێشوودا زیادی کردووە.
ژمارەیەك لە چاودێران بە شێوەیەکی هەڵە ئەم تەکنەلۆژیایانەی کە ئاڵۆزییان لەهەڵکشاندایە، لەگەڵ حوکمی تاکەکەسی کە بە هەمان شێوە لە ئاڵۆزبووندایە تێکەڵ دەکەن. بۆ نموونە دیدگەی هاوبەشی سەربازیی ٢٠١٠ تێبینیی ئەوەی کردووە، کە "لە هەموو ئۆپەراسیۆنەکاندا تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان ڕێگەیان پێ دەدات (جەنگاوەرەکان) بڕیاری باشتر بدەن.
ئەوە ڕاستییە، کە ئەم تەکنەلۆژیایانە زانیاریی زیاتر بۆ سوپا سەربازییەکان دابین دەکەن، کە شەڕکەرەکان لە کەسانی سڤیل و مەدەنی جیا دەکاتەوە. هەروەها ڕێگە بە سەربازەکان دەدات کە زۆر بەوردی ئامانجەکانیان بپێکن و کەسەکانی دیکە لە ئامانج لا ببرێن. بەڵام چەکەکان ناتوانن گەرەنتیی ئەوە بکەن کە ئەو ئامانجەی بە نیشانەی دەگرێت ئامانجە ڕاستەکە بێت. سروشتی ئەو ئامانجە زیاتر یاسایی و مۆراڵیین وەك لەوەی تەکنەلۆژی بن. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێك شەڕکردن دژی تیرۆر یەکێك دەبێت لە ئامانجەکان، لەو کاتەدا سنوورە ڕێژەییەکان دەبن بە بێسنوور. تەکنەلۆژیا، لەو کاتانەش کە زۆر پێشکەوتوو و وردە، ناتوانێت ڕێژەیی لێدانەکان دیاری بکات لە کاتێکدا هەموو بابەتەکانی دەوروبەر بە بابەتی سەربازی هەژمار بکرێن. بەکورتی، تەکنەلۆژیا ناتوانێت دابینکاری بکات بۆ ڕێگایەکی ئاسان بۆ پابەندبوون بە بنەما یاساییە نێودەوڵەتییەکانی لەناوبردن و ڕێژەیی. لە بەرامبەردا، تەکنەلۆژیا ڕەنگە هۆکارێك بێت بۆ ناڕوونکردنی ئامانجەکان و بەئەنجامگەیاندنیان زەحمەتتر بکات.
لەم توێژینەوەیەدا، باس لە ژمارەیەك دۆسیە دەکەین کە لێکدانەوە بۆ بنەماکانی

جەنگ دەکات کە لاوازکراون بە هەڵەی لۆژیکی و گریمانە مۆراڵییەکان کە جێگەی پرسیارن. لە سەرەتادا تێبینی زیادبوونی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەین لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەوە، هەروەها تێبینی ئەو بەپەرۆشییە دەکەین کە تەکنەلۆژیاکە دروستی کردووە. هەروەها تیشك دەخەینە سەر بابەتە یاسایی و مۆراڵییەکان، کە پاساو بۆ بەئامانجکردنی سەربازی دەهێنێتەوە، هەروەها، تیشکخستنەسەر هۆی زیادبوونی ئاڵنگارییەکان بۆ پابەندبوون بە پرنسیپەکانی جیاکردنەوە و ڕێژەییبوون لە بنەماکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.
بەتایبەتی ئێمە مشتومڕ لەسەر ئەوە دەکەین، کە جیاوازیکردن لەنێوان بەها و ڕاستیدا پێویستییە بۆ بڕیاردانی ژیرانە لەسەر پرسە مۆراڵییەکان. وەك پێشەکییەك، ئێمە باس لە دوو وتار دەکەین:

١. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیانی لاوەکیی ڕووداوەکان بۆ کەسانی مەدەنی زۆر کەم دەکاتەوە یاخود بەتەواوەتی نایهێڵێت.
٢. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان برینداربوون یاخود مردنی تاکەکانی، کە ئامانج نین زۆرسنووردار دەکات. لە سەرەتادا، ئەم وتارانە لەوە دەچێت هاوواتا بن، بەڵام بەو جۆرە نین.
وتاری یەکەم کە بەها و حوکمدانە. ئەم وتارە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە وردی و تەکنەلۆژیای بێفڕۆکەوان ڕێگامان پێ دەدات بۆ ئەوەی بە وردییەکی زۆر تەنیا شەڕکەرەکان بە ئامانج بگرین.
وتاری دووەم ڕاگەیاندنێکی ڕاستەقینەییە. ئەم وتارە دەڵێت کە تەکنەلۆژیا وردەکان دەتوانن هەندێك لە تاکەکان بەئامانج بگرن و ژمارەیەکی دیکە بپارێزن. وتاری دووەم زۆر جار تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ وتاری یەکەم و سەرلێتێکدانێك دروست دەکات، ئەم تێکەڵکردنە کێشە دروست دەکات بۆ جیاکردنەوەی مانای ڕاستەقینەیی و بەهایی.
لە کۆتا بەشی ئەم توێژینەوەیەدا، باس لەوە دەکەین کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چۆن سەربازە ئەمریکییەکانی لە مەیدانی جەنگدا پاراستووە – بەدوو شێوە؛ پاراستنی دانیشتووانی مەدەنیی ئەمریکی لە کاریگەرییەکانی جەنگێکی بەردەوام، ڕێگە دەدات بەو کەسانەی ستراتیج دادەڕێژن مەترسییە لۆجیکی و مۆراڵییەکان تێبپەڕێنن، کە پەیوەستن بە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو. لەوانەیە تۆ بتوانیت ئارگیومێنتی ئەوە بکەیت، کە ئەم دەرئەنجامانە سوودی پراکتیکیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانن و چەکە ورد نیشانەکان بە شێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەم سوودانە نابێت تێکەڵ بکرێن لەگەڵ سوودە یاسایی و مۆراڵییەکان.

## پێشینەی یاسایی

لە ساڵی ٢٠٠١ەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکار دەهێنێن بۆ بە ئامانجکردنی تیرۆرستە گومانلێکراوەکان. وەك لە خشتەی یەکەمدا دەر دەکەوێت، ژمارەی هێرشەکان و مەودای کوشتن بە شێوەیەکی جێگیر لەزیادبووندایە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە. لە ساڵی ٢٠١٠دا، بۆ نموونە، ژمارەی هێرشەکان و کوژراوەکان لە سەرجەم هەموو ساڵەکانی پێشووی زیاتر بووە. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان داواکاریی ئاشکرا بووە بۆ ئەو وڵاتانەی لەجەنگدان. یەکەم، لەبەر ئەوەی فڕۆکەوانیان نییە و مرۆڤ هەڵناگرن و زیان بە فڕۆکەوانەکە ناگات، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەتوانن بچنە زۆر ژینگەی جیاوازتر لەو ژینگانەی فڕۆکە ئاساییەکان دەچن. وەك داتای هێرشەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا لە پاکستان پشانی دەدات، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە چەندین ناوچەی خێڵەکان، کە بارمتەی تێدابووە ئامانجەکانیان پێکاوە لە پاکستان: باکوور و باشووری وەزیرستان. دووەم، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان، لەبەر ئەوەی سنووری حەوسەڵەکردنی مرۆڤی نییە، دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر لەسەر ئامانجەکە بمێننەوە وەك لە فڕۆکەی ئاساییدا فڕۆکەوانەکان دەتوانن بیکەن. بۆ نموونە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕیپەر دەتوانێت بۆ ماوەی ٢٥ کاتژمێری بەردەوام بفڕێت، ئەمەش ٣ بۆ ٤ جار زیاترە لەو ماوەیەی فڕۆکەی لێکۆڵەرەوە 'یو'٢ ئەنجامی داوە. سێیەم، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بە شێوەیەك دیزاین کراون، کە بەئاسانی بگۆڕدرێت و جێگرەوەی هەبێت. تێچووەکەیان ٥-١٠٪ی فڕۆکەی فڕۆکەواندارە، وەك فڕۆکەی ئێف-١٦.

**خشتەی ١**

سەرجەمی هێرشەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و ژمارەی قوربانییەکانی لە پاکستان، ٢٠٠٤-٢٠١٠

| ساڵ | ژمارەی هێرشەکان | مەودای کوژراوەکان |
|---|---|---|
| 2004–2007 | 9 | 89–112 |
| 2008 | 33 | 274–314 |
| 2009 | 53 | 369–724 |
| 2010 | 118 | 607–993 |
| 2011 | 70(11/15/2011) | 328–470 |

سەرچاوە: بنچینەی ئەمریکای نوێ

"من لەو کەسانەم کە دەمەوێت بڕوا بکەم" بەڕێوبەری دەزگای هەواڵگریی پێشوو و وەزیری بەرگریی ئێستا لیۆن بانیتا لە بارەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە ڕایگەیاند کە "ئەمە تاکە یارییە کە لە ئێستادا بەکار دێت بۆ لەکارخستنی ئەلقاعیدە" هۆکارەکەشی ئەوەیە کە چەکێکی زۆر وردە و زیانە لاوەکییەکانی زۆر کەمە.

لە هەمان کاتدا، هێرشەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بووەتە جێگەی ڕەخنەگرتن لەسەر هەردوو ئاستی مۆراڵی و یاسایی. لە وەڵامدا، هارۆڵد کۆو (ڕاوێژکاری یاسایی بۆ بەشی دەوڵەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا و سەرۆکی کۆلێژی یاسای پێشوو لە زانکۆی یەیڵ) بە شێوەیەکی بەهێز جەختی لەسەر بەرگریکردن لە بەکارهێنانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دەکات لە جەنگدا. لە تێبینییەکانی ساڵی ٢٠١٠ کە ئاڕاستەی کۆمەڵگەی یاسای نێودەوڵەتی ئەمریکیی کردبوو، کۆو ڕایگەیاند کە " ئەوە ڕوانگەی لەبەرچاوی ئەم ئیدارەیەیە - و ئەزموونی من بووە لەو کاتەی ڕاوێژکاری یاسایی بووم -کە مەشقەکانی بەئامانجگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەمیانەشیاندا ئۆپەراسیۆنە کوژەرەکان یەکیان گرتووەتەوە لەگەڵ بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هەموو ئەمانەش دەچنە ژێر چەتری یاسای جێبەجێکراو، لەنێویشیاندا یاساکانی جەنگ.

هەروەها ئاماژەی بە دوو بەشی یاسای جەنگی پەیوەندیدار کردووە - جیاکاری و ڕێژەیی- هەروەها ئاماژەی بەوە کردووە" بە پێی ئەزموونی من، بنەماکانی جیاکاری و ڕێژەیی، کە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیڕەوی دەکەن تەنیا لە کۆبوونەوەکاندا پەیڕەو ناکرێن".

شیکردنەوەی دواتر، جەخت دەخاتە سەر بنەماکانی جیاکاری و ڕێژەیی، کە چەقی ستراتیجی و پرنسیپەکانی بەڕێوبەرایەتین سەبارەت بە بەرگریکردن. بنەچەی هەردوو بنەماکە دەکەوێتەوە سەر کولتووری جەنگ، کە ڕێنمایی فەلسەفەیی و مۆراڵی پێشکەش دەکەن بۆ ئەو ئامانج و ڕەفتارانەی جەنگ دروستی دەکات.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم، دەوڵەتەکان بیرۆکەی جەنگ، ڕێککەوتنەکان و پرۆتۆکۆڵەکانیان ڕێك دەخست، ئەمانە بنچینەکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییان دامەزراند. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی بە دوای"باڵانس لەنێوان مەترسییە مرۆییەکان و داواکارییە سەربازییەکانی دەوڵەتاندا دەگەڕێت". لەنێو چەندین شتی دیکەدا، یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی چاوەڕوانی ئەوە دەکات، کە دەوڵەتەکان جیاوازی بکەن لەنێوان کەسانی مەدەنی و شەڕکەرەکان، هەروەها دڵنیایی ئەوە بدەن، کە زیانی بێمەبەست و ڕێککەوتی بۆ کەسانی مەدەنی پەیوەست بێت بە بەرژەوەندیی سەربازییەوە.

## جیاکاری

**بنەمای جیاکاری ڕێگری دەکات لە هێرشی ڕاستەوخۆ دژی کەسانی مەدەنی.**

بە پێی نووسراوی ژمارە ٤٨ی پرۆتۆکۆڵی ڕێککەوتنی جنێڤ"بۆ دڵنیابوونەوە و ڕێزگرتن لە پاراستنی هاووڵاتانی مەدەنی و بابەتە سڤیلەکان، پارتەکانی جەنگ پێویستە جیاکاری لەنێوان هاووڵاتانی مەدەنی و جەنگاوەرەکان بکەن هەروەها جیاکاری لەنێوان بابەتی مەدەنی و بابەتی سەربازی بکەن، هەروەها ئۆپەراسیۆنەکانیان تەنیا دژی بابەتە سەربازییەکان بکەن". جەنگاوەرەکان فەرمانیان پێ دەکرێت بە وەستان لە هێرشکردنی ڕاستەوخۆ یان هەڕەمەکی بۆ سەر ئامانجە ناڕاستەوخۆیە سەربازییەکان. نووسراوی ٥٧ی ڕێککەوتنی جنێڤ داواکاریی زیاتر ئاڕاستەی دەوڵەتەکان دەکات و دەڵێت ئەوەی لە توانادایە بکرێت بۆ دڵنیابوونەوە لە ئامانجە سەربازییەکان.

لەگەڵ ئەمانەشدا، پێویستە "ڕێوشوێنی خۆپارێزیی تەواوەتی بگیرێتە بەر بۆ مانا و مێتۆدی هێرشکردنەکان بۆ خۆپاراستن لە هەر ڕووداوێك و کەمکردنەوەی تەواوەتی، لە لەدەستدانی ژیانی کەسانی مەدەنی و برینداربوونیان و زیانگەیاندن بە کەلوپەلە مەدەنییەکان."

بۆ کارکردن بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەم بنەمایە، هێرشکەرەکان پێویستە جیاکاری بکەن لەنێوان ئەوانەی بە ڕاستەوخۆ تێوە گلاون لە جەنگەکاندا'و ئەوانەش' کە بەشێکی چالاکیی جەنگەکان نین'، لەدوای ئەمانەش پێویستە ڕێکارە خۆپارێزییەکان بگیرێتە بەر بۆ بەرگرتن بە زیانگەیاندن بەوانەی 'کە بەشێکی چالاکیی جەنگەکان نین'. ئەمە هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی سێ کێشە لە تێگەیشتندا. یەکەم، چۆن کەسێك لە کاتی جەنگدا جیاوازی لەنێوان تاکەکاندا بکات - بە پێچەوانەی بابەتە سەربازییەکان - بەتایبەتییش لەنێوان شەڕکەر و کەسانی مەدەنیدا؟ ماددەی ٤ی سێیەم ڕێککەوتننامەی جنێڤ کار دەکات لەسەر بابەتی کەسانی پارێزراو و مافەکانی بەندکراوانی جەنگ، هەروەها زەمینەسازی دەکات بۆ بنەماکانی ماددەی ٥٠ی پرۆتۆکۆڵ، کە پێناسەی کەسانی مەدەنی و پەیوەندییەکانیان بە ماددەی ژمارە ٤ی سێیەم ڕێکەوتننامەی جنێڤ ڕوون دەکاتەوە.

خاڵەکان تیشك دەخەنە سەر ئەو ئاڵنگارییانەی جەخت لە کەسانی مەدەنی و جەنگاوەرەکان دەکات کاتێك بڕیار لەسەر بەئامانجگرتن دەدرێت، بەتایبەتی لە کردە نارێکەکاندا.

بە پێی ماددەی ژمارە ٤، تاك دەکرێت وەك جەنگاوەر هەژمار بکرێت و یاساکانی بەندکراوی جەنگی بەسەردا بسەپێت ئەگەر ئەم خاڵانە بوونی هەبێت:

١- فەرمانی پێ بکرێت لە لایەن سەرۆکێکەوە، کە بەرپرسە لێی و گوێرایەڵی بێت.

٢- نیشانەیەکی ناسەرەوەی پێ بێت، کە لە مەودایەکی دوورەوە بناسرێتەوە.

٣- کەسێك کە بە شێوەیەکی ئاشکرا چەکی پێ بێت.
٤- ئەو کەسانەی کە ئۆپەراسیۆنەکانیان بە پێی یاسا و داواکارییەکانی جەنگ بەڕێوە دەبەن.
لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، یاساکان و جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە ڕاستەوخۆ بوون. جەنگاوەرەکان جلوبەرگی فەرمییان لەبەردا بوو، کەسانی مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی لە ناوچە نیشتەجێبوونەکاندا بوون، جەنگاوەرەکانیش لەو خاکانەدا شەڕیان دەکرد، کە بەشێك بوون لە یاسای نێودەوڵەتی. لە حاڵەتێکی ئاساییدا، ئەستەمترە کە تاك جیا بکرێتەوە کە شەڕکەرە یاخود لە حاڵەتی مەدەنیدایە. کارەکتەری تێوەگلاو لە جەنگ لە زۆرینەی کاتەکاندا جلوبەرگی مەدەنی لەبەر دەکەن وەك لە جلوبەرگێك کە لە مەودایەکی دوورەوە بناسرێتەوە." شەڕکەرەکان، پابەند نابن بەو ئۆپەراسیۆنانەی، کە یاسای نێودەوڵەتی سەپاندوویەتی، بەتایبەتی ئەگەر جەنگەکەیان بۆ ئەو دەوڵەتانە نەبێت، کە ئەندامن لە ڕێککەوتنە یاساییە نێودەوڵەتییەکان.
دووەم، ئاڵنگارییە پەیوەستەکان ئەو حکومدانە لەخۆ دەگرێت، کە ئایا تاکەکان ڕاستەخۆ بەشدارن و لەبەر ئەم ئەوەش ئامانجی شەرعین یاخود یاساییین، یان بەشداربووە ناڕاستەوخۆکانن و دەبنە بابەتی پاراستنی کەسانی مەدەنی. لە کاتێکدا مەیدانەکانی جەنگ زیاتر کەسانی مەدەنی لەخۆ دەگرێت، هاووڵاتانی سڤیل" تێکەڵبوونی زیاتر" ئەزموون دەکەن لەگەڵ شەڕکەرەکاندا، ئەمەش هۆکارە بۆ زیاتر تێکەڵبوون و ناڕوونی لە جیاکردنەوەی نێوان شەڕکەرەکان و کەسانی مەدەنی. ئەم تێکەڵبوونە ئاسانکاری دەکات بۆ تێوەگلانی کەسانی مەدەنی لە کاری جەنگیدا، هەروەها لێکچوونێکی کردەیی دروست دەکات لەنێوان جەنگاوەرەکان و ئەو کەسانەی بەشێکن لە جەنگەکان.
بۆ نموونە، هەردووك کەسانی مەدەنی و شەڕکەرەکان دەتوانن زانیاری کۆ بکەنەوە. بەڵام، جەنگاوەرەکان بەردەوام ئامانجی یاساییین، بەڵام بەئامانجگرتنی کەسانی مەدەنی تەنیا بۆ "ماوەیەکی کاتی"یە، کە تێیدا بەشدارن لە جەنگەکاندا. ئەمەش واتای ئەوە دەگەیێنێت کە هەندێك لە هاووڵاتیە مەدەنییەکان ئامانجی یاساییین بە شێوەیەکی کاتی. هەوڵدان بۆ زیاتر تێگەیشتن لە سەرەتای یاسایی نێوان بەشداریکردنی ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کردە توندوتیژەییەکاندا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خاچی سوور زنجیرەیەك دانیشتنی یاسایی کەسانی شارەزای کرد. کارەکانیان بە بەڵگەنامەیەك پێشکەش کرد لەژێر ناوی ڕێنوێنی شیکەرەوەیی بۆ تێگەیشتن لە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ، لە کردە توندوتیژییەکاندا بە پێی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، کە پێشنیاری ئەوە دەکات" دەبێت لەوە تێبگەین کە هۆکاری ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و دەبێت بە یەك هەنگاو پرسیار لە هۆکارەکە بکرێت.
دۆخی یاسایی بۆ کۆمەڵێك چالاکی، وەك هەڵدانی مووشەك و بەکارهێنانی ڕیمۆت

کۆنترۆڵ بۆ کارپێکردنی ئۆتۆمبێل، ئاشکرایە بۆ ڕای گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە کۆتایدا دان بەوەدا دەنێت، کە" دەکرێت جیاوازی لەنێوان بەشداری"ی ڕاستەوخۆ" و ناڕاستەوخۆ هەبێت بەڵام بنیادنانی کارێکی زەحمەتە".
دادگای باڵای ئیسرائیل گەشتووەتە دەرئەنجام لە بارەی کوشتنی بەئامانجگیراو، کە ئەم دەرئەنجامەش هاوشێوەیە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە "بیرۆکەی بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە کردە توندوتیژییەکاندا بیرۆکەیەکی ئاڵۆز و هەستیارە، تا ئێستا بە شێوەیەکی تەواوەتی شیکاریی بۆ نەکراوە.
بە پێی دادگای باڵا، نابێت کارەکتەری"ڕاستەوخۆ" تەنیا بۆ ئەو مەودایە بچووك بکرێتەوە، کە کەسەکە کردەکە دەکات، بەڵکوو دەبێت هەموو ئەو کەسانەش کە زانیاریی هەواڵگری کۆ دەکەنەوە و ئەو کەسانەش کە جەنگاوەرەکان دەگوازنەوە بۆ ناوچەکە، بۆ ئەنجامدانی کردەی توندوتیژی و بەکارهێنانی چەك.
"ئە جۆرە هەوڵانە کە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێت هەوڵی بوێرانەیە بەڵام هێشتا کەموکورتیی تێدایە. ئەگەر بەشداریکردنەکەش ڕاستەوخۆ بێت پێویستە پێناسێکی ڕاستەوخۆی ئاشکرا هەبێت بۆی، بەو جۆرەش نییە، چۆن تاك مامەڵە لەگەڵ پرسی بەشداربوونی ساتی و پچڕپچڕ دەکات؟ ئایا کردنی یەك کردەوە لە بەشداریی ڕاستەوخۆ هۆکارە بۆ ئەوەی تاك ئەمانجێکی ڕاستەقینە بێت؟ ئەم جۆرە پرسیارانە وەڵامی سادە و ڕوونیان نییە.

### ئاڵنگاریی سێیەم لەژێر ناونیشانی" ئامانجە سەربازییەکانە".

مادەی ٥٢ی پرۆتۆکۆڵ ئامانجە سەربازییەکان پێناسە دەکات"ئەو ئامانجانە دەگرێتەوە، کە بە حوکمی سروشت یاخود پێگە یان مەبەستی بەکارهێنانی، بەشداری دەکات لە کردەی سەربازیدا و ئەو ئامێرانە بەتەواوەتی یان بەشێکی لەناو دەچێت بە ئامێری سەربازی لەقەڵەم دەدرێت. وەك چۆن دینشتاین لە مادەی ٥٢دا تێبینیی کردووە" تاقیکردنەوە هیچ ئەنجامێکمان پێ نادات بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ئەمانجانەی، کە تەنیا سوودی سەربازییان هەیە" ناڕوونی لە زماندا وەك سەرچاوەیەك و بنچینەیەکە. وەك دینشتاین ئاماژەی پێ دەکات، مادەی ٥٢ "هیچ تاقیکردنەوەیەکی ترشی پراکتیکی بۆ پشتڕاستکردنەوەی لەو جۆرە بەرهەم ناهێنێت بە ئامانجکردنی تەنیا ئەو ئامانجانەی، کە سوودی سەربازیی بەرهەم دەهێنن." ناڕوونی زمان لە یەك مانادا یەکێکە لە سەرچاوەکان. دەوڵەتان زیاتر ئەو بڕگانە پەسەند دەکەن، کە پشتڕاستکردنەوەی پابەندبوونیان ئەستەمە. دەوڵەتان بە ئەگەری زیاترەوە ئەو بڕگانە پەسەند دەکەن، کە دەتوانن پێیەوە پابەند بن هەرچەندە سەلماندنیشیان قورس بێت.
لەگەڵ ئەمانەشدا، ناڕوونی زمان دەرفەت دەڕەخسێنێت و توانای نەرمی دەدات بە پێشبینی کردنی سیناریۆکانی داهاتوو" لە ڕێگای پابەندبوون بە زمانی یاسایی دیاریکراو.

لەگەڵ ئەمانەشدا، زمانی یاسایی ناڕوونیش مانای ئەوەیە، کە نوێنەرەکانی دەتوانن بە ئاسانییەکی زیاترەوە مشتومڕ لەسەر ئەوە بکەن، کە پابەندن بەو جۆرە یاسا باڵایانەوە. هەروەها ئەنتۆنیۆ کاسیزی دەڵێت، زمان دەکرێت ئەوەندە فراوان بکرێت، کە هەرشتێکت بوێت پێی داپۆشیت. هەر ئامانجێکی کاتی جەنگ دەکرێت بخرێتە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەوە، لەبەر ئەوەی هەموو دەزگاکان لەو کاتانەدا دەکرێت بۆ جەنگ بەکار بهێنرێن.

سەرەڕای ناڕوونی لە مانای هەریەك لە پێگەی شەڕکەر و ئامانجی سەربازی، هەندێك لە هێرشەکان بە شێوەیەکی ئاشکرا ستراتیجی بۆمبارانکردنی جیاکاری پێشێل دەکات، وەك ئەوەی لە جەنگی جیهانی دووەمدا کرا، سەرەڕای یاسای مرۆیی هاوچەرخ، هەموو شارەکانیان بە بۆمب وێران کرد، نایاسایی ئەمە لەوەدا بوو، کە ئەوانەی بۆمبباران دەکران هیچ ڕێوشوێنێکی لەپێشینەییان نەگرتبووە بەر بۆ بەرگرتن بە زیانگەیاندن بە کەسانی مەدەنی بەڵکوو بەمەبەست کەسانی مەدەنییان بۆمبباران کرد بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان بۆ خۆبەدەستەوەدان.

لەوەش زیاتر، "هەندێك لە جەنەراڵی هاوپەیمانان لە داگیرکارییەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوا ڕۆڵی زیاتریان بینی لە سەرسامکردنی یەکێتیی سۆڤیەتدا" بە هۆکاری ئەوەی لەم خاڵەی جەنگدا، درز و شکان کەوتبووە نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و هاوپەیمانە ئینگلیز و ئەمریکییەکان.

بنەمای جیاکاری، لەگەڵ ئەوەی بوو بە نۆرمێکی جەنگیی بنچینەیی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا. هەمان ئەو دەوڵەتانەی، کە بۆمبارانی سەرجەم شارەکانیان دەکرد، بە وریاییەکی زیاترەوە مامەڵەیان دەکرد و ئێستاش ڕێوشوێنی پێویست دەگرنە بەر بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتە سڤیلەکان و کەمکردنەوەی قوربانییەکان. جەنگی کەنداوی فارسی ساڵی ١٩٩١ بە نموونە وەر دەگرین، کە تێیدا وڵاتانی هاوپەیمانان لەژێر فەرماندا بوون بۆ خۆبەدوورگرتن لە بەقوربانیدانی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتانی سڤیل. پارێزەری سەربازی مایکڵ لویس تێبینیی ئەو وریاییە زۆرەی کردووە، کە هاوپەیمانان گرتوویانەتە بەر بۆ ناسینەوە و خۆلادان لە نەخۆشخانە، ناوچە مێژووییەکان و دامەزراوە ئاینییەکان. ئەم هەوڵانە نیشانە و بەڵگەیە بۆ ئەوەی دەیانەوێت لەگەڵ بنەماکانی جیاکاری یەك بگرنەوە و پەیڕەوی بکەن.

## هاورێژەیی

بە شێوەیەکی نزیك لە بنەمای جیاکاری لەنێوان بابەتە مەدەنی و سەربازییەکان بنەمای هاورێژەییە. بە پێی ئەم پرەنسیپ و بنەمایە، بەدەست هاتووە سەربازییە چاوەڕوانکراوەکان دەبێت زیاتر بێت لە ئەو زیانە چاوەڕوانکراوانەی بە کەسانی مەدەنی و موڵکەکانیان دەگات. ماددەی ٥١ لە پرۆتۆکۆڵی زیادکراو دەڵێت کە" هێرشێك کە

چاوەڕوانکراو بێت لەوەی ژیانی کەسانی مەدەنی تیا لەدەست بدرێت، برینداربوونی کەسانی مەدەنی لێ بکەوێتەوە، زیان بگەیێنێت بە دامەزراوە و هەر ئامێرێکی مەدەنی، چاوەڕێ دەکرێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پتەوی هەبێت بە دەستکەوتی سەربازییەوە".

لە کاتی لێکدانەوەی ئەو تاوانانەی لە جەنگی ٢٠٠٣ لە عێراق کرا - بەتایبەتی لە شەڕەکانی ماوەی نێوان مارس و مایس-جێبەجێکاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، لویس مۆرینیۆ ئۆکامپۆ، پێشنیاری ڕای خۆی کرد لەسەر ئەم بنەما یاساییە. لە نامەیەکدا، تێبینی ئەوەی کردووە، کە مردنی هاووڵاتانی مەدەنی لە میانەی پێکدادانی چەکداریدا، هەرچەندە جێگەی داخ و پاشیمانی بێت، بە تاوانی جەنگ هەژمار ناکرێت. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، یاسای نێودەوڵەتی کە بەسەر پێکدادانی چەکداریدا دەسەپێت، یاسای ڕۆما بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان ڕێگە بە کردنی ئەو هێرشانە دەدات دژی بابەتە دەربازییەکان تەنانەت ئەگەر هۆکار بێت بۆ برینداركردن و کوشتنی کەسانی مەدەنییش.

بە شێوەیەکی دیکە، کوشتنی نامەبەستی کەسانی مەدەنی قەدەغە کراو نییە لە یاسای نێودەوڵەتیدا. بەڵام زیانگەیاندن بە کەسانی مەدەنی، کە هیچ دەستکەوتێکی تێدا نییە بۆ کایەی سەربازی، ئەوە کارێکی نارەوایە و لە یاسای نێودەوڵەتیدا قەدەغە کراوە. نووسراوی ٨-٢-بی-IV لە یاسای ڕۆمای ساڵی ١٩٩٨ ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بنەمای هاوڕێژەیی لە پرۆتۆکۆڵی زیادکراوی ساڵی ١٩٧٧ پێویستی بە کۆمەڵێك هەژمارکردن هەیە لەوانەش:

١- زیان یاخود برینداربوونی کەسانی سڤیلی چاوەڕوانکراو.

٢- لەپێشینەی سەربازیی چاوەڕوانکراو.

٣- ئایا بە شێوەیەکی ڕوون ناپێویست بوو لە پەیوەندییەکەدا.

لە کاتێکدا ئەم هەژمارکردنە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە، دیاریکردنەکەی زۆر بابەتییە. جێبەجێکارێکی سەربازی دەتوانێت لەپێشینە سەربازییەکان دیاری بکات" بە پشتبەستن بەو ئەزموونەی هەیەتی و لێکدانەوە بۆ ئامانجەکە لە بنچینەی هەموو کامپینەکە و ئەو زانیارییانەی لەو کاتەدا مانادارن و بەردەستن".

تەنیا لە کاتێکدا نەبێت، کە مردنی کەسانی مەدەنی بە هۆی بە ئامانجگرتنی نێودەوڵەتییەوە ڕووی دابێت - ئەمە لە کاتێکدایە کە فەرمانڕەواکە دەستی بگات بە زانیاریی پێشکەوتوو، کە ئەنجامێکی لەو جۆرە دەر بخات و ئەو قوربانییە مەدەنیانە لە سوودی سەربازی بێت، لەو کاتەدا هێرشەکە شکاندنی یاسای نێودەوڵەتی نییە.

هاوتەریب لەگەل داواکارییەکانی بنەمای جیاکاری، لە دەوڵەتان داوا کراوە، لەژێر سایەی نووسراوی ٥٧ی پرۆتۆکۆڵی زیادکراو١، بۆ ئەوەی" ئەوەی لەتوانادایە بکرێت" بۆ خۆپارێزی لە زیانگەیاندن بە کەسانی سڤیل و دڵنیابوونەوە لەوەی بەرژەوەندیی

سەربازی لەپاشینەی زیانی مەدەنی بێت. هەروەها وەك زمانی جیاکاری، زمانی هاوڕێژەییش چەند کێشەیەك لە تێگەیشتنەکەیدا هەیە لەبەر دوو گریمانەی کەموکورتیدار. یەکێکیان ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین جیاکاریی ورد لەنێوان ئامانجە ڕاستەقینەکە و کەسانی سڤیلی پارێزراودا بکەین.
"دووەمیش ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین بە شێوەیەکی ڕوون ناسینەوە بۆ ئەو ئاستانە بکەین، کە تێیدا سوودی سەربازیی پێشبینیکراو زیاترە لە زیانی مەدەنیی چاوەڕوانکراو یاخود پێشبینیکراو. ئەم کێشەیە هەردوو پرسی دژیەکەی یاسایی و مۆراڵی لەخۆ دەگرێت، تەنیا هەڵسەنگاندنە تەکنەلۆژییەکە نییە."


## تەکنەلۆژیا وەك وەڵامێك بۆ بەربەستە یاساییەکان؟

لە وتارێکی سەرەکیدا ساڵی ٢٠١٠، کە هارۆڵد کۆو ئاراستەی کۆمەڵگای ئەمریکیی یاسای نێونەتەوەیی کردووە، بەرگری لە پابەندبوونی ئیدارەکە دەکات بۆ یاسای نێودەوڵەتی بەگشتی و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکی بەتایبەتی. ئەم وتارە ئەو فشارەی سەر ئیدارەکەی ئاشکرا کرد، کە پێوەندی دەکرد بە پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە.
بە پێی هەندێك لە تیۆرەکانی یاسای نێودەوڵەتی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەرسوڕهێنەر نییە کە ئیدارەکە هەستی کرد، کە ناچارە پابەند بێت بە یاسای نێودەوڵەتی و کردەکانی بگونجێنێت لە چوارچێوەی ستانداردە یاساییەکان.
کاتێك یاساکان بەدامەزراوەیی دەکرێن، دەوڵەتەکان زیاتر لۆمە دەکرێن لە جێبەجێنەکردنیدا. هەندێك لە لێکۆڵینەوەکان تێبینیی هەڵسوکەوتی هاوشێوەیان کردووە لە کۆنگرەی چەکی کیمیاییدا، کە تێیدا وڵاتان پۆلێن کران بۆ "ناشارستانی" و "شارستانی" بە پێی بەکارهێنان و نەکارنەهێنانیان بۆ ئەم چەکانە. ئەو دەوڵەتانەی دەیانویست شارستانییانە دەر بکەون نەیاندەویست یاسای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەکراو پێشێل بکەن. دەتوانرێت پێشبینی ئەم حاڵەتە بکرێت لە کاتێکدا لە دەیەکانی ڕابردوودا ژمارەی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان پەیوەست بەم باسەوە زیادی کردووە، دەوڵەتان ڕووبەڕووی فشاری زۆر دەبنەوە بە هۆی پابەندبوون یاخود وا دەر بکەون کە پابەندن بە یاساکانی جەنگەوە.
بە هۆی ئەو ئارەزووەی، کە هەیە بۆ جێبەجێکردنی بنەمای جیاکاری و هاوڕێژەیی لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، دەوڵەتان بیریان لەوە کردووەتەوە، کە وردیی ئامانجەکانیان زیاتر بکەن. لەبەر ئەم هۆکارەش چەکە ڕابەرییە وردەکان چارەسەرێك پێشکەش دەکەن. ئەوان سوودی سەربازییان دەبێت بە شێوەیەکی بەرچاو، هەروەها قوربانییانی مەدەنی کەم دەکاتەوە و ڕێگە بە دەوڵەت دەدات، کە پابەند بێت بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ناوی ئەم چەکانە" بۆمبی زیرەك" وەك وەڵامێکە

بۆ هەردوو داواکارییەکانی یەکە سەربازییەکان و نۆرمە نێودەوڵەتییەکان. لە پەڕەکانی داهاتوودا باس لەم تەکنەلۆژیایانە دەکەین و ئەو مەترسییانەی دێتە بەردەم یەکە سەربازی و نۆرمە نێودەوڵەتییەکان تاوتوێ دەکەین.

**شێوەی ١**

**ژمارەی ڕێککەوتنەکانی پەیوەست بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە دەیەکاندا**




سەرچاوە: لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و داتابەیسی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.
ئەم داتابەیسە ئەو پەیماننامانە لەخۆ دەگرێت، کە هەڵسوکەوتی دەوڵەت ئاماژە پێ دەکات لە شەڕی چەکداریی نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتی. پرۆتۆکۆڵەکان وەك پەیماننامەی جیا لەخۆ گیراون، لەبەر ئەوەی واژۆی جیا و پرۆسەی پەسەندکردنی تایبەتی هەیە. کۆدەکان بە پێی ساڵانی قبوڵکراو دانراون. بەهای ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٦٠ بریتییە لە سفر.

وەك سەلماندنی بەڵێنەکانی بەها سەربازییەکان، فەرماندەی هێزی ئاسمانی جەنەراڵ بەستەر گلۆسۆن ئەوەی نووسیوە، کە بۆ ئەوەی پیشەسازییەك لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بوەستێنیت، پێویست بوو هەموو ناوچەکە بەئامانج بگرین لەبەر ناوردی لە بەئامانجگرتنی چەکەکاندا، ئەمڕۆ تەنیا پێویستە هێرش بکەینە سەر چەند باڵەخانەیەکی سەرەکی. ئەوەی ئێمە بەدرێژایی مێژوو کردمان دەتوانن ئێستا بە وردییەکی زۆرەوە بیکەین. لە کۆتاییدا، کردەکان بۆ ئەوە نەبووە، کە بزانین چەند بۆمب دەتوانین بەر بدەینەوە بەڵکوو بۆ ئەوە بووە، کە ئەنجامەکەمان چەندی لێ بەرهەم هاتووە.

چەکی ئامانجگرتنی ورد وەك وەڵامێکە بۆ لێکۆڵینەوەکانی هێزی ئاسمانی کە وەك "سزای زیانە هاوتەریبەکان" ئاماژەی پێ دەکەن، کە ڕەخنەگرتنی نێودەوڵەتی و تووڕەیی دانیشتووانە بەئامانجگیراوەکانە. وەك ئاماژەی پێ کراوە، بەرەوپێشچوون لە جەنگی

ئاسمانی لە دەیەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی دیاریکراو جەنگی بە مرۆڤانە کردووە، ئەگەر دیاردەیەکی لەو شێوەیە ئەگەری هەبێت.
هەنگاوی گرنگی تەکنەلۆژی لە بەکارهێنانی چەکی نیشانەورددا، لەگەڵ بەرەوپێشچوون لە ئامێرە ئاسمانییەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، کارئاسانی تەواوەتی کردووە بۆ جیاکاری لەنێوان ئامانجی سەربازی و سڤیل و بەئاسانی دەتوانرێت بۆمبارانی ئامانجە سەربازییەکان بکات.
لە بەرگریکردن لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمریکی، کۆباسی لە باوەڕێکی هاوشێوە کردووە، کە دەڵێت " کردەوە و مەشقەکانمان بۆ ناسینەوە و دیاریکردنی ئامانجە ڕاستەکان زۆر بەهێزن، هەروەها تەکنەلۆژیا پێشکەوتووەکان یارمەتیدەر بووە بۆ بەئامانجگرتنی وردتر".
جەختی کردەوە لە وردی، کە هاوواتایە لەگەڵی و یەك دەگرێتەوە لەگەڵ بنەماکانی جیاکاری و هاوڕێژەیی نێودەوڵەتی. ڕەخنەگران ئەم بەرگریکردنە بە باوەڕپێکراو نابینن. لە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە بارەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بۆ نموونە، ئەوە دەدۆزینەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشتووەتە سنووری یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بەئامانجگرتنی تیرۆرستەکان لە باشووری ئاسیا. لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا، بڕیاردەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، فلیم ئەڵستۆن، دەنووسێت، کە "چەندین ناڕوونیی پڕ کێشە و زیادەڕەوی لە سنوورەکانی چوارچێوەی کارە یاساییەکاندا بەدی دەکرێت، هەروەها خواست هەیە بۆ فراوانکاری لەوەی کە کێ ڕێگەپێدراوە بۆ ئەوەی بکرێت بە ئامانج و لە ژێر چ بارودۆخێکدا بێت."

**پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا.**

سەرنجی ئەلۆنسۆ دەربارەی ئاڵۆزبوون و لێڵبوونە کێشەدارەکانی یاسای جەنگی لە ململانێ ناهاوسەنگە مۆدێرنەکاندا، دەبێتە هۆی وروژاندنی پرسیارێك ئەویش ئەوەیە کە بۆچی ئەو جۆرە لە لێڵی و فراوانبوونانە ڕوو دەدەن؟ بەشێك لە وەڵامەکە لەوەدایە کە تەکنەلۆژیا مۆدێرنەکان، وەك فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەمکە ستراتیجییەکان بۆ توانای چەکەکان و گۆڕانکارییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و بنەمای جیاکارییەکان دەگەڕێتەوە، کە لەسەرەوە باس کراون، لە شوێنێکی تردا کاگ و کاوفمن ئاماژەیان بە تێکەڵاوبوونەکانی نێوان هەردوو پرسیارە نۆرماتیکییەکان و پرسیارە وەسفە فاکتواڵەکان دەکەن، کە مەبەست لێیان ئەو پرسیارانەیە کە دەبێت چی ڕووبدات و ئەو پرسیارانەی کە لەڕاستیدا لە جیهاندا چی ڕوویداوە لەسەر وردبینیی ڕێبەری چەکەکان. هەروەها باسی لەوە کردووە، کە ئایا پرسیارە مۆراڵییەکان بە شێوەیەکی دروست وەڵام دراونەتەوە لەسەر بنەمای تەکنەلۆژیای نوێ؟ نەك تەنیا لە بەکارهێنانیاندا و بەبێ گوێدانە بنەما مۆراڵییەکان. بەڵام ئەوان باسیان لە سەرچاوەی ئەم سەرلێتێکچوونە

نەکردووە، کە لە جیاوازییەکانی بەها ڕاستییەکاندا زۆر لەمێژە، کە مۆڕاڵناسانی بواری جەنگی نیگەران کردووە.

جیاوازییەکان لەنێوان ئامانجەکان و دابەشبوونە ڕاستییەکاندا وەك لە پێشوودا ئاماژەمان پێی کرد ئامانج و سەرنجی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی، لەسەر پاراستنی کەسانی بێچەك و هاووڵاتانی ئاساییە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەیە کە زۆربەی ململانێ و جەنگەکانی سەدەی بیستەم بووەتە هۆی کوژرانی کەسانی مەدەنی زیاتر لە کەسانی سەربازی.
ئامانجی کەمکردنەوە و سنووردارکردنی قوربانییە مەدەنییەکان، کە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان دەر دەکەوێت، دەتوانرێت بە دوو شێوازی جیاواز لێك بدرێتەوە. یەکەم: وەك مایکڵ والـزەر ئاماژەی پێ دەکات ئەم ئامانجە پێویستی بە وردبینی هەیە لەوەی کە کێ دەبێتە زیانلێکەوتوو و کێ زیانی بەر ناکەوێت.
بە گریمانەی، نیازباشی بۆ هێرشبەرەکان، ماددەی ٤٨ی پرۆتۆکۆڵی زیادەی ساڵی ١٩٧٧ داوا دەکات کە:
١. ناسینەوەی وردی هاووڵاتان و شەڕکەران.
٢. دەستەبەرکردنی چەکی تەکنەلۆژیای بەرز کە دەتوانێت بەوردی لە ئامانجە ویستراوەکان بدات.
ئەم دوو لایەنە لە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا دانراون و جێگیرن، لە ماددەی پرۆتۆکۆڵی ٤٨ی ساڵی ١٩٧٧ دا لێرەدا ئەو دوو بڕگەیەی باسی لێوە دەکرێت کراوە بە دوو بەشەوە. بەمەبەستی دڵنیابوون لە پاراستن و ڕێزگرتن لە کەسانی مەدەنی و دانیشتووان و ماڵ و موڵکیان.
ئەو لایەنانەی لە ململانێدان دەبێت هەردەم جیاوازی بکەن لەنێوان کەسانی شەڕکەر و دانیشتووان و ماڵ و موڵکی دانیشتووان لەگەڵ ئامانجە سەربازییەکان، بەم پێیە ئامانجەکانیان تەنیا دژی سەربازانی بەرامبەر ئاڕاستە دەکرێت.
مەرجی یەکەم بریتییە لەوەی کە کارەکتەرانی دەوڵەت دەبێت ئامانجەکانیان دابەش بکەن بەسەر دوو بەشەوە بە پێی (مەدەنی و سەربازی) هەروەها، مەرجی دووەم ئەوەیە تەنیا دەبێت بەدوای بەئامانجگرتنی سەربازیدا بگەرێت ئەمەش دوای ئەوەی، کە مەرجی یەکەمیان بەسەردا جێبەجێ بوو. مەرجی یەکەم بەندە بەو بڕیاردانە یاسایی و مۆڕاڵییانەی، کە شەڕکەرێك بەرپرسە لە دروستکردنیدا.
هەروەها مەرجی دووەم پەیوەستە بە لێهاتوویی تەکنیکی و ستراتیجی هێزە سەربازییەکانەوە، ئەم دوو پێوەرە زۆربەی جارەکان لە بەئامانجگرتنەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا فەرامۆش دەکرێت و چاوپۆشی لێ دەکرێت و دەتوانرێت ستراتیجناسەکان و داڕێژەرانی سیاسەت بەلاڕێدا ببات و بەرەو باوەڕپێکردنی بێبنەمای

مۆڕاڵی تەکنەلۆژیا سەربازییە مۆدێرنەکان ببات، هەرچەندە ئەوکەسانەی، کە بەرگری لە فرۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەن هەردەم دەڵێن، کە چەکە مۆدێرنەکان داواکارییەکانی مەرجی (٢)ەم جێبەجێ دەکەن بەڵام لە ئەگەری جێبەجێنەکردنیاندا ئەوا هۆکارەکەی سەرلێشێواندینانە.

ئەم سەرکەوتنە لە توانای تەکنیکی و لەگەڵ پێشکەوتنیاندا لە بڕیاردانە یاسای و مۆڕاڵییەکاندا، لەوە مەترسیدارتر ئەوەیە، کە وردبینیی چەکە مۆدێرنەکان وەك پاساوێکی لۆجیکی بۆ حوکمە مۆڕاڵییەکان وەر گیراوە. ستراتیجناسەکان و داڕێژەرانی سیاسەت لە ڕەوایەتیپێدانیان لە بەئامانجگرتنیان لە جێگەی شەڕە هاوچەرخەکاندا بەها و ڕاستی دەرووخێنن، کە زۆربەی فەیلەسووفەکان بە پاراستنی بواری مۆڕاڵی دەزانن.

جیاکارییەکانی ڕاستی - بەها لە سەردەمی ئیۆسیفۆی ئەفلاتونەوە باس کراوە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرندا ئەو بابەتە بۆ یەکەمین جار لە لایەن دەیڤید هیومەوە بەتەواوەتی لە کتێبی ( ناميلكەی سروشتی مرۆڤ)دا لە ساڵی ١٨٣٩ ی زاینیدا باس کراوە و دواتر لە لایەن جی.ئی. مۆر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. کاتێك مۆر خەریکی نووسین بوو، زۆرێك لە بیرمەندان پێیان وا بوو، کە زانستی مۆدێرن دەتوانێت سیستمێکی مۆڕاڵی دروست بکات، و وەسفە زانستییەکان ڕەنگە یارمەتیدەرمان بن بۆ ئەوەی ژیانێکی مۆڕاڵیتر بژین.

ئەوکاتەی، کە موور دەینووسی زۆرێك لە بیرمەندان پێیان وا بوو، کە زانستی مۆدێرن دەتوانێت سیستمێکی مۆدێرن دروست بکات و وەسفە زانستییەکان یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی ژیانێکی مۆڕاڵییانەتر بژین، هەبەر و هەنری وەك ئۆریتس ئامانجی هێرشەکەی مۆر بوون، موور ئاماژەی بەوە داوە کە ناتوانرێت پابەندبوونێکی مۆڕاڵی لە لێدوانێکی ڕاستەقینەوە دەر بهێنێت، یان ئەگەر بە شێوازێکی تر بیڵێین ناتوانێت لێدوانێکی "پێویستە" بە لێدوانێکی "هەیە" دەر بخات، کاتێك مرۆڤ بەو شتە دەگات ئەوە پێی دەوترێت هەڵەیەکی سروشتی.

نزیکەی دوو سەدە پێش ئێستا، هیوم تێبینیی ئەوەی کردووە، کە هیچ پەیوەندییەکی پێویست لەنێوان ڕاستییە ڕاڤەکراوەکان و ڕاستییە ئاساییەکاندا نییە، هەروەها سەرسوڕمانی خۆی دەر بڕیوە لە بارەی ئەوەوە، کە زۆربەی سیستەمە مۆڕاڵییەکان بە هەڵە ئەم پەیوەندییەیان باس کردووە، هیوم ئاماژەی بەوەش کردووە، کە لە زۆربەی سیستمە مۆڕاڵییەکانی پێشوودا، فەیلەسووفەکان لێکدانەوە ڕاڤەکراوەکان یان پێناسە لێکدانەوەییەکانیان تێکەڵ کردووە بەو جۆرەی، کە ڕووداوەکان لە جیهاندا هەن لەگەڵ لێکدانەوە مۆڕاڵی و لۆجیکی (بەو شێوەیەی کە دەبێت ڕووداوەکان لە دۆخێکی نموونەییدا ڕوو بدەن)، بۆ هیوم ئەم ڕاستییە کێشە بەجێ دەهێڵێت، لە کاتێکدا کە پێویست نییە دوای هیوم بکەوین لەسەر ئەم خاڵە، بەڵام گرنگە بزانین،

کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان وەسفکردن و حوکمە نۆرمییەکان هەروەها ئەوە زۆر نادادپەروەرانە و نالۆجیکییە، یان لە ڕووی مۆڕاڵییەوە کێشەیە بۆ چەسپاندنی داواکارییە نۆرمییەکان.

کێشەکانی پشتوگوێخستنی یاسای جیاوازییەکان لە حوکمە مۆڕاڵییەکاندا، چۆن کاریگەری لەسەر سیاسەتمەندان دادەنێت لە جێبەجێکردنی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی.

بە پێی ماددەی ٢٨ لە ئەی پی ئای-دا یەکێکیان بە دوای بەهاوەیە و ئەوی تریان بەدوای ڕاستییەوەیە. یەکەم: بەوردی ئامانجە یاساییەکان دیاری دەکرێت. دووەم: داوای ئەوە دەکات هێرشە سەربازییەکان تەنیا بۆ ئامانجە سەربازییەکان ئاڕاستە بکرێن. لە بەرگریکردنیان دژی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان ستراتیجیناسەکان و سیاسەتمەداران ئەو دوو داواکارییە بە دوو شێوە دادەڕووخێنن: بەکارهێنان. بەرگگریکردنەکان لە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان هەوڵ دەدات، کە یاسای جیاوازی جێبەجێ بکات.

دەکرێت لە ڕێگای تەکنەلۆژیای ئاستبەرزەوە لەگەڵ چەکی ڕێبەریکراوی وردەوە، ئامانجە سەربازییەکان بەوردی بپێکرێت، دەتوانین زیاتر ئەو لایەنانە بێلایەن بکەن، کە بەتایبەتی هێرشیان کراوەتە سەر و کراونەتە ئامانج، لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەم تەکنەلۆژیایە یارمەتیمان دەدات لە دیاریکردنی ئامانجەکان و جێبەجێکردنی یاسای جیاکاری.

داواکاری ڕەمسفێڵد دەربارەی بەئامانجگرتنی تانکێك لەژێر پردێکدا دەتوانرێت بەم جۆرە پوخت بکرێتەوە، ئەم جۆرە بەرگرییە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەمان ئەو هەڵەیەی، کە لە سەرەوە باس کراوە، کە هەڵەی سروشتیی پێ دەوترێت، ئەمە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وردی لە تەکنەلۆژیاکەدا و سەرلێشێواوییەکانی تەکنەلۆژیاکە زیاد دەکات و وردیی زیاتر دەدات بە

چاودێریکەرەکان، لە کاتی جیاکاریی نێوان کەسانی شەڕکەر و کەسانی مەدەنی. لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکارانی چەکە تەکنەلۆژیایە بەرزەکان ڕێکخستنە لۆجیکییەکانیان گۆڕیوە بە یاسا جیاکارییەکان. هەروەها دانانی داواکاریی ڕاستی پێش دانانی داواکارییە بەهاییەکان، ئەمە ئەو بیرۆکەیە دەر دەخات، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی گفتوگۆ و دوای مشتومڕ دابین کراوە، لەگەڵ

ڕاستییەکانی ئەم بابەتەدا وەك بنەمایەك بۆ دەرئەنجامێکی مۆڕاڵی خزمەت دەکات. هیوم و مۆر هەروەها زۆربەی مۆڕاڵناسانی دیکە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەم جۆرە جووڵەیە نە لۆجیکییە نە مۆڕاڵییە.

لەوانەیە کەسێك دژایەتیی ئەوە بکات، کە دواکەوتووانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکە وردەکان ئەو داواکارییانە جێبەجێ ناکەن، وەك وەڵامێك بۆ ئەم کردارە، با لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستی و ڕەوانبێژیی ئەو جووڵانە بکەین، کە لە لایەن ئیدارەی بوش و ئۆباماوە ئەنجام دراون سەبارەت جیاوازی ڕێژەیی، پاشان باس لەو زیانانە

دەکات، کە بە دەوری دەستەواژەی "زیانی لاوەکی"یەوە بوون، دۆناڵد ڕامسفێڵد لە ساڵی ٢٠٠٣ ڕایگەیاند، کە "توانا سەربازییەکانی ئێمە ئەوەندە وێرانکەر و وردن، کە دەتوانێت تانکێکی عێراقی لەژێر پردێکدا تێك بشکێنێت بەبێ زیانگەیاندن بە پردەکە، ئێمە پێویستمان بە کوشتنی هەزارەها هاووڵاتی بێتاوانی عێراقی نییە بۆ لابردنی سەدام حوسێن لەسەر دەسەڵات"

یەکەم لێدوانی ڕامسفێڵد بابەتێکی ڕاستییە، بەڵام لێدوانی دووەمی کە لەسەر ئەوەیە کە کێ بێتاوانە بابەتێکی بەهاییە واتە ڕێژەییە، دیاریکردنی ئەوەی کە کێ بێتاوانە هەرگیز بێلایەن و بابەتی نییە ئەو دیاری کردنە دەگەڕێتەوە بۆ کارێکی پڕ لە بەهای مەدەنی و سەربازی، هەروەها ڕاسمفێڵد دەیەوێت کە پەیوەندییەکی لۆجیکی لەنێوان ئەم دوو ڕستەیە دروست بکات و لە یەکەم ڕستەیانەوە دەرەنجامێك بکێشێت و لە سەرمایەی مۆراڵی لە دووەم ڕستەوە وەر بگرێت. بە هەمان شێوە بەرگرییەکەی کۆهە، کە دەڵێت بەرگریکردن لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نزیکە لە دارمانی یاسای جیاکاری.

هەروەها ئاماژەی بەوەش کردووە، کە بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیا ئاستبەرزانە دەتوانێت دڵنیایی بدات بەوەی، کە باشترین زانیاریی هەواڵگری هەیە بۆ پلاندانانی ئۆپراسیۆنەکان، هەروەها قوربانییەکانی هاووڵاتانی مەدەنی کەم دەکرێنەوە لە کردنی ئەو جۆرە ئۆپراسیۆنانە. بێگومان ئەمە لە چەند لایەنێکەوە ڕاستە، ئەگەر ویست هەبێت بۆ بەرزڕاگرتن و گوێدان بە یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی یان جیاوازیکردن لەنێوان شەڕکەران و هاووڵاتانی ئاسایی هەبێت بە یارمەتیی تەکنەلۆژیای ئاستبەرزی چاودێریکردن و بیرکردنەوە مۆراڵییەکان، حکومەتەکان دەتوانن لە ڕێگای ئەو چەکە ئاستبەرز و وردانەوە ئەو کەسانە ڕزگار بکەن کە کەسانی ئاساییین. ئەوەی کە تەکنەلۆژیا بەتەنیا ناتوانێت بیکات ئەوەیە، کە ویستی خۆی دروست بکات بۆ مانەوە لە لایەن یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیەوە و جیاکردنەوەی شەڕکەرەکان و کەسانی ئاسایی.

ئەمە وەك ئامانجی شەڕی ئاسایی ڕابردوو بوو. تانکی عێراقی، کە ڕامسفێڵد ئاماژەی پێ دەکات، بە پێناسە، ئامانجێکی یاسایی بوو. ژمارەیەکی زۆر کەم لە تیۆرییە یاسایی و تیۆرییەکانی جەنگ پرسیار لەو خاڵە دەکەن. تانك ئامانجێکی یاساییە بە سادەیی بە هۆی ئەوەی تانکێکە، تانکێك کە بە مەبەست دیزاین کراوە بۆ شەڕ. با ئەمە ناو بنێین "پێناسەی یاسایی. هەروەك پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، هەوڵەکانی ڕامسفێڵد بۆ دابینکردنی پاساوێکی مۆراڵی، پشت دەبەستێت بە زەوییەکی لۆجیکی لەرزۆك، چونکە کەسێك ناتوانێت دەبێت لە هەیە دەر بهێنێت. ئە م بە رنامە یە زۆر بەهێزترە ئەگەر ئە م خاڵانە ی خوارەوە بەکار بهێنێت. بۆچی یاسای جیاوازی نەبووە هۆی کێشەی مۆراڵی لە ناکۆکییە سەربازییەکانی پێشوودا؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە بە لایەنی کەمەوە بەشێکی ئەوەیە کە ڕامسمفێڵد هەوڵی داوە باسی بکات لە جیاوازی لەنێوان شەڕی

ئاساییدا، هەروەها ئەو ململانێیانەی کە لە لایەن کۆهەوە باس کرا لە وتەکانیدا. وەك ئەو سەربازە بیانییانەی، کە سەربازانی ئەمریکی لە ئۆپراسیۆنی ئازادکردنی عێراقدا کردییانە ئامانج، ئەمە لە بەئامانجگرتنی جەنگەکانی ڕابردوو دەچوو.

١. تانکەکانی دوژمن بە پێی پێناسە ئامانجی شەرعین وەك لە یاسای مرۆی نێودەوڵەتیدا هاتووە (ڕەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە تانکەکان ئامانجی سەربازین وە بەو پێیە ئامانجی شەرعین).

٢. تانکێکی دوژمن هەیە لەژێر پردێکی دیاریکراودا.

٣. تەکنەلۆژیای سەربازیی مۆدێرن ڕێگە بە هێزەکانی ئەمریکا دەدات، کە تانکێکی دوژمن بکەنە ئامانج بەبێ ئەوەی پردەکە یان کەسانی مەدەنی لەسەر پردەکە بکرێتە ئامانج.

٤. هەر بۆیە کە تانکی ناوبراو ئامانجێکی سەربازیی ڕەوایە و لە کاتی جەنگدا دەکرێت بکرێتە ئامانج مافی لێبوردەییمان هەیە لە ڕەخنەگرەکان، توانای تەنکەلۆجیمان خۆی لە خۆیدا وەڵامێکی مۆڕاڵیی تەواوە، بۆ ئەو ئاڵنگارییانەی کە لە لایەن یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیەوە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، لە سەرەتادا وا دەر دەکەوێت کە ئەم ڕەواییپێدانە شکست دەهێنێت لە پشتگیریکردنی یاسای جیاوازی.

بەڵام گەلاڵەی یەکەم لەم گفتوگۆیەدا، حوکمێکی مۆڕاڵیی گرنگ لەخۆ دەگرێت ئەویش ئەوەیە، کە تانکەکان بە پێی پێناسە ئامانجێکی ڕەوان، ئەمەش ڕێگایان پێ دەدات، کە دەرئەنجامێکی تەسك دروست بکەن وەك ئەوەی لە خاڵی ٤ دا ئاماژەی پێ درابوو.

لەم جەنگەی ئێستادا لە ئەفغانستان و پاکستان، ئەمریکا ئامانجی سەربازی هەبووە، کە پێك هاتوون لە تانکی سەربازی یان گروپی سەربازی و لە کاتی بە ئامانجگرتنیاندا پێویست نەبووە بەئامانجگرتنەکان ببێتە هەڕەشە بۆ کەسانی مەدەنی.

شەڕکەرەکان پۆشاکی یەکپۆشیی سەربازی لەبەر ناکەن و لە زۆربەی کاتەکاندا چەك بە ئاشکرا هەڵناگرن و بەکاری ناهێنن، بەو جۆرەی کە ئاشکرا بن و لە کەسانی مەدەنی جیایان بکاتەوە .

بە واتایەکی تر، زۆر قورسە بۆ سوپای ئەمریکا کە جیای بکاتەوە و بڵێت کە A ئامانجی سەربازیی شەرعییە (تانکە) یان جیای بکاتەوە، کە B ئامانجی سەربازی نییە و مەدەنییە ( کاتیك کە ڕاستەوخۆ دەستی لە شەڕکردنەکەدا نییە )، بۆیە لە ململانێ هاوچەرخەکاندا دەتوانین ئامانجی A تێك بشکێنین بەبێ ئەوەی زیان بە B بگەیەنرێت، تەنیا یەك چەمکی ناڕوون هەیە لە بارەی "شەرعیەتی پێناسەیی" دوژمنەوە. تەکنەلۆجیای ئاستبەرز ڕێگای بە دەوڵەتان داوە، کە ئەو زیانانەی کە لە ڕێگای توندوتیژییەوە دروست دەبن سنووردار بکەن و هەروەها توانای، ئەنجامدانی وردتر و ئامانجەکان نابێت لەگەڵ شەرعییەتییە یاساییەکان و مۆڕاڵییەکان تێکەڵ بکرێت.

**ئەنجامدانی نۆرمە ڕێژەییەکان: دەرئەنجامە نەخوازراوەکان.**

هەتا ئەم خاڵە، باسەکە سەرنجی خستووەتە سەر ڕەخنە مۆڕاڵییەکان بۆ چەمکی جیاکاری لەژێر ڕۆشنایی گەشەپێدانی تەکنەلۆژیای سەربازیی مۆدێرن. لە ئێستاوە هەوڵمان داوە، کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی پەردە لەسەر ئەو بابەتە لابدەن کە هەتا ئێستا ئێمە وامانزانیوە دەیزانین و ئاشناین پێی ئەویش ئەوەیە کە "بۆمبە زیرەکەکان" لەڕاستیدا زیرەك نین.

تەکنەلۆژیا توانای بابەتی بەرزە بەڵام ناتوانێت بڕیار لەسەر بەهاکان بدات، بەم شێوەیە ئەوانەی کە پێیان دەوترێت بۆمبی زیرەك لەڕاستیدا زیرەك نین لە لایەنی توانای بڕیاردانی بەهاکان سەبارەت بەوەی، کە ئامانجێکی یاسایی و مۆڕاڵی و شەرعی دروست دەکات.

لەبەر ئەوەیە کە بەکارهێنانی چەکی زیرەك لە لایەن دەوڵەتێکەوە ناتوانێت کە داواکارییەکانی ڕێکخراوی مرۆیی جیهانی قەرەبوو بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کە جیاوازیی نێوان کەسانی مەدەنی و کەسانی شەڕکەر کەوتووەتەوە سەر حوکمە مۆڕاڵی و یاساییەکان نەك بنەمای ڕاستییەکان، هەروەها مەترسیدارە کە پێشنیاری ئەوە بکەین، کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن لە وتەکانی کۆهە "دڵنیایی ئەوە دەدات، کە تەنیا ئامانجە ڕەواکان دەکرێنە ئامانج و زیانە لاوەکییەکان لە کەمترین ئاستدا دەهێڵێتەوە" کۆو پێشنیاری ئەوە دەکات، کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و چەکە وردەکان دەتوانن کە زیانە لاوەکییەکان کەم بکەنەوە. مەرج نییە ئەمە ڕاست بێت ڕاستی لێدوانەکەی کۆە کەوتووەتەوە سەر مانای "زیانی لاوەکی" ئەم دەستەواژەیە لە سەرەتادا دەگەڕێتەوە بۆ هەرشتێك کە لە ڕێگای هێرشی ئاسمانییەوە زیانی بەر کەوتبێت، لە ڕێبەری هەواڵگریی بەئامانجگرتنی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٨دا هاتووە، کە ئەم دەستەواژەیە دەگەڕێتەوە بۆ هەر لەناوبردنێکی نەخوازراو، کە تووشی ئۆپۆزسیۆن یان بێلایەنەکان یان توشی دۆستەکان بووە.

بەڵام ئەم پێناسەیە لە ساڵانی ڕابردوودا هەموار کراوەتەوە بەو مەبەستەی، کە تەنیا ئاماژە بە قوربانییانی مەدەنی بکات.

وەك ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، فەرمانگەی وەزارەتی بەرگری بۆ زاراوە سەربازییەکان، زیانە لاوەکییەکانی بەو شێوەیە پێناسە کردووە، کە"برینداربوون یان زیانگەیاندن بە شتانێك، کە ئامانجی یاسای سەربازی نەبن لەو کاتەی حوکمی تیادا دەکات". لە وردبوونەوەکەیدا بۆ یاساییبوونی ئامانجەکان لە پێناسە نوێیەکەیدا زیانە لاوەکییەکان و زیانگەیاندن بە کەسانی مەدەنی و شەڕنەکەر یەکسان دەکات.

ئەم گۆڕانکارییانە لە پێناسەکاندا گرنگە چونکە بیرکردنەوە و دیدگای مرۆڤەکان، بەرانبەر تواناکانی فڕۆکە بێفڕێکەوانەکان و چەکە وردەکان بە شێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕێت، ئەگەر ئێمە باس لە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و چەکە وردەکان بکەین

بەوەی، کە زیانە لاوەکییەکان کەم دەکەنەوە ئەوا ئێمە باس لە ڕاستییەك دەکەین، کە توانای فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان و چەکە وردەکانە لە بەئامانجگرتنی ئامانجێك بەبێ ئەوەی زیان بە چواردەورەکەی بگەیەنێن، هەروەها ئەگەر باسی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکە وردەکان بکەین بەوەی، کە ئازاری هاووڵاتانی مەدەنی و بێتاوان کەم دەکەنەوە ئەوا ئێمە باس لە بەها دەکەین، کە پێك هاتووە لە تێگەیشتن لە بێتاوانی و تێگەیشتن لە شەڕانگێزی.

بە هەڵە بەیاننامەکە پێشنیاری ئەوە دەکات، کە دەکرێت توانا تەکنیکییەکان دوو هێندە بکرێت وەك نۆرمێك. مەترسیی ئەوەشمان هەیە کە حوکمدانەکان لە بارەی جیاکارییەوە لە کەرتی سەربازیدا دەبێت بڵاو بکرێتەوە پێش ئەوەی، کە یەکێك هەوڵی حساباتە ڕێژەییەکان بدات. بەڵام بۆ ئێستا با وا دابنێین کە پرەنسیپە جیاکارییەکان بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ کراون و سەرنجمان بخەینە سەر پرسی ڕێژەیی. چوار جۆر لەو مەترسییانە بە هەمان شێوەی ناڕوون سەر هەڵدەدەن.

١. ئامانجە سەربازییەکان فراوان دەکرێت بە مەبەستی ئەوەی لەگەڵ تەکنیکییەکاندا بگونجێت.

٢. واتای مۆراڵی و یاسای کردارەکان بە پێی ئۆپراسیۆنەکان: بنەما دانانەکانی بڕیاری مۆراڵی و یاسایی لەسەر حسابکردنەکانی کاریگەرییەکانی پلە دووەم و سێیەمی هێزە سەربازییەکان کێشەیەکی زۆری هەیە.

٣. بەرپرسەکان تووشی دڵڕاوکێ دەبن بەوەی، کە ڕێگا بە تێچووی ئابووری و سەربازی بدەن، کە ببنە هۆی زیادبوونی تێچووەکان بۆ هاووڵاتانی ئاسایی.

٤. خودڕازیبوونی مۆراڵی لەڕاستیدا وەك پێشکەوتنی مۆراڵی وەهایە.

بەپێی نۆرمی ڕێژەیی، ئامانجە سەربازییە پێشبینیە کراوەکان کە بە هێرشی ئاسمانی دیاریکراو بەدەست دەهێنرێن، دەبێت لە زیانە پێشبینیکراوەکانی هاووڵاتان و ئەو کەسانەی بەر دەکەون زیاتر بێت، ئەمە پێوانەی سەربازییە، لە بەرانبەر ئامانجە ستراتیجییەکاندا، ئەم حساباتە کاتێك دەبێتە کێشە، کە کۆتاییەکان کۆتایی کراوە بن، بۆ نموونە جۆرج دەبلیو بۆش لە ساڵی ٢٠٠١دا وتی، کە "ئێمە بڕوامان بە سەربازەکانمان هەیە و کارێکمان لەسەر شانە، کە دەبێت بیکەین وەك ئەو کارەی، کە جووتیارێك و ڕەنجدەرێك و خاوەنکارێك و کرێکارێکی کارگەکان دەیکەن .... ئێمە جیهان لە خراپەکاران ڕزگار دەکەین".

ئەو شتەی کە ئیدارەی بۆش گرتییە ئەستۆی خۆی دەتوانێت وەك ئامانجێکی زۆر فراوان سەیر بکرێت، چونکە بنبڕکردنی خراپەکاری لە سەرانسەری جیهاندا هیچ سنوورێکی نییە و دەکرێت خراپەکاری لە چاوەڕواننەکراوترین شوێندا هەبێت.

پاساو چی بوو بۆ دەرکردنی ئەم تۆمەتە؟ بە شێوەیەکی کۆنکرێتی بە ڕاستی و دروستی بۆش مەبەستی چی بوو لە دروستکردنی شەڕ دژی "خراپە دەست پێ کرد. زۆرێك لە

تیۆرناسەکان چ لە بواری فەلسەفی یان بواری یاساییدا ئەو تێڕوانینەیان پەسەند کردبوو، کە هێلاری پوتنام پێی دەڵێت "زانستناسیی جەنگی ناڕەوا" . ئەوان پاساو و وەسفی جەنگە ناڕەواکان پێشکەش دەکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەدەگمەن پەیوەندییە تەکنەلۆژییە سەربازییەکان و ئەم زانستناسییە لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە.

بۆش لەدوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەرەوە لێدوانەکانی لەسەر "خراپە" دا. ئەو ڕووداوە سەلماندی، کە دەکرێت تاکەکان یان گرووپەکان تەکنەلۆژیای مۆدێرن بەکار بهێنن و ببنە هۆکاری کوژرانی هاووڵاتان و لەناوبردنی بەکۆمەڵ لەسەر خاکی ئەمریکا. کە ئەمە خراپە بوو سەرەڕای گرنگیپێدانی بووش بە عێراق و ئێران و کۆریای باکوور، جەنگی جیهانیی دژی تیرۆر هەڵمەتی دەوڵەت سەنتەری نەبوو، بەڵکوو هێرشێکی بەردەوام بوو دژی ئەو کەس و لایەنانەی کە ناپاك بوون و دەیانتوانی پلانگێڕ بن بەرانبەر هاووڵاتانی ئەمریکی،ئەم جۆرە کەس و گرووپانە دەتوانن لە هەر کات و وڵاتێکدا بێت سەر هەڵبدەن و تەنانەت لە حەشارگە بچووکەکانیشدا لە ناوچە دوورەکان نیشتەجێ ببن هاتن و هەبوونی چەکی کۆمەڵکوژ مانای ئەوەیە، کە ئەم ئەکتەرانە دەتوانن وێرانکاریی گەورەتر بکەن.

بە درێژایی هێڵە شیکارییەکانی کارڵ شمیت لە کتێبی وەرچەرخان بۆ چەمکی جیاکاریی جەنگ، ئیدارەی بوش نەیارێکی سەربازیی فراوانی "خراپەکاری" دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی لەگەڵ هەڕەشەی ئەم کارەساتە ئەگەرییەدا بگونجێت. وەك شمیت نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوبەر ئاماژەی پێ کردووە، وەسفکردنی نەیارێکی سەربازی بە زاراوەی مۆڕاڵی یان تاوانکاری توندڕەوایەتی دەدات بەو کردە توندوتیژانەی، کە دژی دوژمنی ناوبراو کراون. بەڵام جیاوازییەکی گرنگ هەیە لەنێوان "خراپەکار" لە سەردەمی شمیت و "خراپەکار" لە سەردەمی ئێمەدا. لە سەردەمی شمیتدا، "خراپەکار" بۆ وەسفکردنی کارەکتەرە تایبەتەکانی دەوڵەت بەکار دەهێنرا، کە سوپای پێناسەکراویان هەبوو. بەڵام لە ئێستادا، "خراپەکار" ئاماژەیە بۆ کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، " ئەو کارەکتەرە بچووکانەی" کە ئەندام نین لە دامەزراوەیەکی چەکداری فەرمیدا، کە ئەندامەکانیان جلوبەرگی ناسراو و جیاواز لەبەر دەکەن. فراوانی زاراوەی "خراپەکاری" ڕاستییەکی دژە مەنتق پەردەپۆش دەکات - کە بنبڕکردنی پەیوەستە بە بەئامانجکردنی تەسکی ژمارەیەکی کەم لە تاکەکان.

لێرەدایە کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکی بچووکتر دەچنە ناو باسەکەوە. ئەم تەکنەلۆژیایانە وەك گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکان بە شێوەیەکی کارا و مرۆیی مژدەیان پێ درا، چونکە زیانە هاوبەشەکانیان سنووردار دەکرد، کە وەك زیانگەیاندن بە کەسانی ناشەڕکەر (ئەو هاووڵاتە مەدەنییانەن، کە بەشداری ڕاستەوخۆ لە شەڕەکاندا ناکەن) پێناسە دەکران. لەوەش زیاتر، پلاندانەرانی سەربازی ستایشی

بەربڵاوی توانا تەکنیکییەکانی ئەم چەکانەیان وەك مۆڵەتێك بۆ فراوانکردنی ئامانجەکان و هەڵمەتەکان بەکار هێناوە و داڕێژەرانی سیاسییش ستایشی بەربڵاویان وەك مۆڵەتێك بەکار هێناوە بۆ گەڕان یان پاساوهێنانەوە بۆ ئامانجە چەمکییە دوورمەوداکان. بۆ نموونە، ڕاپۆرتی داواکاری گشتی لویس مۆرێنۆ ئۆکامپۆ لە ساڵی ٢٠٠٦دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە نزیکەی لە "٨٥٪ ئەو چەکانەی کە لە لایەن فڕۆکەکانی بەریتانیاوە بڵاو کراونەتەوە، بەوردی ڕێنمایی کراون، ژمارەیەك کە مەیلی ئەوەی هەیە هەوڵەکانی کەمکردنەوەی قوربانییەکان پشتڕاست بکاتەوە". ئامارەکە بەڵگەیە لەسەر خواستە تێکدەرەکانیان. لەبری ئەوەی کۆتاییەکانی شەڕێك ئامرازە گونجاوەکانی جەنگ دیاری بکەن (کە لە نۆرمە ڕێژەییەکەیدا دیاری کراوە)، ئامرازەکانی شەڕی مۆدێرن ئامانجەکان دیاری دەکەن.

**فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ململانێی هاوچەرخدا**

ڕەخنەگرانە لە پراکتیکەکانی بە ئامانجکردنی ئەمریکا، مەترسی پێچەوانەکردنەوەی نۆرمە ڕێژەییەکان دیاری دەکات:

نۆرمە ڕێژەییەکان بابەتی ڕێکخستنی ئامرازەکانە بۆ کۆتاییەکان، بەڵام وەك فەلسەفەی ئیسرائیلی یەهودا مێلزەر ئاماژەی پێ کردووە، لە کاتی جەنگدا خواستێکی سەخت هەیە بۆ ڕێکخستنی کۆتاییەکان بۆ ئامرازەکان، واتە ئامانجە بەرتەسکەکانی سەرەتا پێناسە بکەینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هێز و تەکنەلۆژیا سەربازییە بەردەستەکاندا بگونجێت. لەم جۆرە مشتومڕانەدا پێویستە کۆتاییەکان بەبەردەوامی بهێڵینەوە، بەڵام چۆن مرۆڤ ئەوە دەکات؟ لە پراکتیکدا، ڕەنگە هەڵاوسانی کۆتاییەکان حەتمی بێت، مەگەر بە هۆی ڕەچاوکردنی خودی دادپەروەرییەوە ڕێگری لێ نەکرێت.

لەوانەیە لە یەکەم چاوتروکاندا وا دەر بکەوێت کە ئیدارەی ئۆباما ئامانجە سەربازییە گەورەکانی ئیدارەی بوشی ڕێك خستووە. پێش دەستبەکاربوونی باراك ئۆباما پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە باڵادەستی سەربازی دەبێت هەڵوێستی بەرگریی مۆڕاڵی لەگەڵدا بێت یان لە پێشی بێت. بە وتەی والزەر، پێدەچوو "بیرکردنەوەکانی خودی دادپەروەری" هەلی باشتری هەبێت بۆ ئەوەی لە لایەن ئیدارەی نوێیەوە بەجددی وەر بگیرێت. کشانەوەی سەربازەکان لە عێراق و شەڕی شەرعیەتی جێی پرسیار (لە ڕووی هەردوو ستانداردی jus ad bellum مافی چوونە شەڕ و jus in bello ئەنجامدانی شەڕ) ڕەنگە بە هەنگاوێکی سەرەتای باش لەم هێڵانەدا هەژمار بکرایە. بەڵام، گواستنەوەی هێزەکان بۆ ناوچەکانی ئەفغانستان و پاکستان، چەندین پرسیاری مۆڕاڵی قورس دەخەنە ڕوو، کە هێشتا بە شێوەیەکی سیستماتیکی چارەسەر نەکراون.

کاتێك گواستنەوەی هێزەکان لە عێراقەوە بۆ ئەفغانستان، لە پاییزی ٢٠٠٩دا خێراتر بوو، ئیدارەی ئۆباما وازی لە وەسفکردنی ئۆپەراسیۆنەکان هێنا لە ڕووی "جەنگی جیهانی

دژی تیرۆر". کە دەستەواژەکە وەك دەستەواژەیەکە کە زۆر ئایدیۆلۆژی، زۆر فراوان، زۆر ناڕوون و زۆر ئەگەری تێکەڵکردنی گرووپە جیاوازەکان لەژێر زاراوەی کۆمەڵایەتی "تیرۆریست"دا سەیر دەکرا. لە بری ئەوە، ئیدارەی ئۆباما دەستەواژەی "ئۆپەراسیۆنە مەترسیدارەکانی دەرەوەی وڵات( ″(OCOی بەکار هێنا. ئەم گۆڕانکارییە لە زماندا کە هاوسنوورە لەگەڵ تەکنۆکراتی، پێدەچێت خۆی لە کۆبوونەوەی شەڕانگێزە پەیوەندیدارە هاوبەشەکان لەژێر سەردێڕی هاوبەشی "تیرۆر" بەدوور بگرێت. وەرگرتنی زمانی ئۆکۆ، بە جۆرێك، ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیش تەسك دەکاتەوە. بۆ نموونە، ئەرکە نوێیەکە گۆڕینی دیموکراسیەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی داگیرکاریی سەربازییەوە بەدەر دەکات، چونکە بەکورتی وردەکارییەکانی دەخەینە ڕوو، ئەمە بە ئۆپەراسیۆنێکی "پێشهاتەکانی داهاتوو" نازاندرێت. هەرچەندە سوودەکانی ناونانی نوێ سنووردار بوون.
لە هەندێك ڕووەوە، ئۆپەراسیۆنە مەترسیدارەکانی دەرەوەی وڵات (OCO) لە شەڕی جیهانیی دژی تیرۆر (GWOT) کەمتر گەورە مەبەستر یان ناڕوونتر نییە. بەڕاستی ڕەنگە پێچەوانەکەشی بێت. پێشهاتەکان دەتوانێت ئاماژە بە شتێك بکات، کە بە ڕێککەوت ڕوو دەدات یان ڕووداوێك کە ڕەنگە ڕوو بدات، بەڵام دڵنیا نییە، کە ڕوو دەدات. ئەم دوو پێناسە پەیوەندیدارە ڕۆشنایی دەخەنە سەر مانای (OCO) کە ئاماژە بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەکات، کە ئامانجیان هەڕەشەی ئەگەرییە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم کردەوەیە بە واتای بە ئامانجگرتنی کارەکتەرە نادەوڵەتییەکان، گرووپە بچووکەکان و ئەو کەسانە دێت، کە پلانی هێرشکردنە سەر ئەمریکا دادەنێن. کێشە مۆراڵی و یاساییەکانی بە ئامانجگرتنی "پێشهاتەکان" زۆر لەیەك دەچن لەگەڵ ئەوانەی کە ئەزموونیان هەیە لە بەئامانجگرتنی "خراپەکار"دا. خراپەکار لە هەموو شوێنێکدا هەیە و دەتوانێت لە هەرشوێنێك خۆی بشارێتەوە؛ پێشهاتەکانی داهاتوو ئەم تایبەتمەندییانەشیان هەیە. بەڵام جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان شەڕێکدا، کە بەدوای بنبڕکردنی خراپەکاریدا دەگەڕێت و شەڕێك کە بەدوای بنبڕکردنی هەڕەشە مەترسیدارەکاندا دەگەڕێت. ئەم جیاوازییە دەمانباتەوە بۆ پرسی ڕێژەیی. "خراپەکاری" بە پێناسەکەی بێت، شتێکە کە دەبێت لەناو ببرێت. تەنیا بوونی ئەو کردەی ڕەوایەتی دەدا و خراپەکاری گەورەش ڕەوایەتی بە کردەی گەورە دەدا. ئەگەر سەربازێکی مۆدێرن تۆمەتبار بێت بە بنبڕکردنی خراپەکاری گەورە، ئەوا بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی سەربازی ڕەنگە ڕەوا دەر بکەوێت.
لە دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلول، جۆرج بوش چەندین جار نیازی خۆی دەر بڕیوە بۆ کۆکردنەوەی تیرۆریستان بە پاساوی ئەوەی ئەم کارەکتەرانە خراپ بوون. والزەر ئاماژە بەوە دەکات، کە "کۆکردنەوەی شەڕەنگێزەکان زۆر جار پێویستی بە داگیرکردنی سەربازی دەبێت، ئەم هێرشە کۆمەڵێک پاشماوە لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵت، کە

کاریگەری لەسەر زۆر کەسانی دیکە هەیە جگە لەو کەسانەی کە دەستگیر کراون".
بە پێچەوانەوە، سروشتی ئامانجە لەناکاوەکان پۆزش نییە بۆ بەکارهێنانی تاکتیکی سەربازیی گشتگیر. ئامانجە مەترسیدارەکان لە کاتی چاوەڕواننەکراودا لە هەر شوێنێکی جۆراوجۆردا سەر هەڵدەدەن. بەئامانجگرتنی ئەم تاکانە پێویستی بە داگیرکاریی بەکۆمەڵ نییە، بەڵکوو پێویستی بە لێدانی "عەمەلیاتی"; هەیە کە بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ دژی دەوڵەتێکی بیانی دەکرێت. پاساوی یاسایی و مۆراڵی بۆ ئەم لێدانانە ئاڵۆزە، بەڵام پێدەچێت ئەو گریمانەیە بێتە پێشەوە، کە کارەکتەرە مەترسیدارەکان "کارەکتەرە بچووکەکان" دەتوانن زنجیرە هۆکارێك دەست پێ بکەن کە کاردانەوەی جیهانی هەبێت. ئەمە لۆژیکە بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هێرشی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانەی لە یەمەن کە لە ئەیلوولی ٢٠١١دا ئەنوەر عەولەکی کوشت، سەرەڕای ئەوەی ئەمریکا لەگەڵ یەمەن لە شەڕدا نەبووە و ئامانجەکەی هاووڵاتێکی ئەمریکی بووە، کە بە هیچ تاوانێك سزا نەدراوە.
ئەم مەنتقە نوێیەی بەئامانجگرتن پەیوەندی بە ڕێباز و چەمکە نوێیەکانەوە هەیە - بەتایبەتی شەڕی ناوەندی تۆڕ (NCW) و کاریگەرییەکان بە پێی بنەمای کارکردن- (EBO) کە ڕێنمایی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا و بەتایبەتی هێزی ئاسمانی ئەمریکا دەکەن. ئەم ڕێبازە سەربازییانە لە دەوری ئەو باوەڕە دەسووڕێنەوە، کە بەئامانجگرتنی "گرێ" هەڵبژێردراوەکانی سیستمێکی سەنگەرەکان دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی بەرفراوانی ئەو سیستمە. بە واتایەکی تر، بێلایەنکردنی چەند پێگەیەکی ستراتیجی دەتوانێت کاریگەرییەکی گەورە لەسەر هەڵمەتی سیاسی -سەربازی هەبێت. فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکی بچووك بەتەواوی گونجاون بۆ ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەربازییە.
لەڕاستیدا، ئەم تەکنەلۆژیا سەربازییانە، لەگەڵ باوەڕێکی نوێ لە مۆدێلکردنی بیرکاریدا، تا ڕاددەیەکی زۆر بەرپرسیار بوون لە گۆڕانکاری بەرەو NCW و EBO. وەك میلان ڤێگۆ ئاماژەی پێ کردووە، ئەم هەنگاوە "هونەری لە جەنگ دەر هێناوە و بە زانست جێگرەوەی کردووە".
لایەنگرانی EBO دەڵێن، کە بەئامانجگرتن تاکە گرێیەکە کە وەك کلیلێکە لە سیستمی مەیدانی شەڕدا، کە کاریگەری دووەم و سێیەم، n-Order ی هەیە و دەتوانرێت ئەم کاریگەرییانە بەوردی حیسابی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لە زۆرترین سەرکەوتن. ڤێگۆ وای دادەنێت، کە پێشبینیکردنی کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی ڕیزبەندی یەکەم قورسە؛ ڕۆیشتنی چەند هەنگاوێك زیاتر بۆ هەوڵدان بۆ پێشبینیکردنی کاریگەرییەکانی پلەی دووەم، سێیەم، یان چوارەم، وەك ئەوەی لایەنگرانی EBO دەیکەن، مەحاڵێکی پراکتیکییە. گۆڕاوەکان بە شێوەیەکی سادە زۆرن. گۆڕانکارییەکی کەم لە بارودۆخی یەکبووندا دەتوانێت کاریگەریی پێشبینینەکراوی خوازراو و نەخوازراو دروست بکات.

بەڵام پلاندانەران زۆرجار ئەم مەحاڵە پراکتیکییە کەم دەکەنەوە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن دەتوانێت هەژماری ئەم کارەساتانە بە ئەنجام بگەیەنێت. سەرەڕای ئەوە، ئەو باوەڕەی کە دەتوانرێت کاریگەرییەکانی پلەی سێیەم و چوارەمی لێدانی عەمەلیاتی حیسابی بۆ بکرێت، هەژمارکردنی سوودمەندییەکان دەگۆڕێت، کە بە شێوەیەکی نەریتی بۆ دیاریکردنی هاوسەنگی لەگەڵ بنەمای ڕێژەییدا بەکار هاتووە. کاتێك کوشتنی فەرماندەیەکی تاڵیبان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە هۆکاری کاریگەری بەرفراوان و لە هەمان کاتدا هەژمارکراو لێك دەدرێتەوە، ئەوا مەترسییە یاساییە مۆراڵییەکانی هێرشێکی لەو جۆرە کەمتر قورسایی لەسەر ستراتیجیستەکان و داڕێژەرانی سیاسەت دەبێت. ئەمە بەتایبەتی کاتێك ڕاستە کە گوایە لێدانەکان "زیانی هاوبەش سنووردار دەکەن". والزەر پێی وایە کە لە هۆکارەکاندا، زۆرجار بیرکردنەوەی مۆراڵی جێگەی کاریگەرییە هەستپێکراوەکانی هێرشێکی سەربازیی دیاریکراو دەگرێتەوە. دەنووسێت کە "ئەگەر حوکمە مۆراڵیەکانمان... تەنیا چاوەڕێی ڕەچاوکردنی لایەنی سەربازی بکەن و بەدەگمەن لە بەرانبەر شیکاریی بارودۆخی شەڕ یان ستراتیجی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە لایەن پیشەگەرێکی شارەزا بەردەوام دەبن." لە حاڵەتی ئۆپەراسیۆنە مەترسیدارەکان و ئامانجگرتی بنەمادار بە کاریگەرییەکان، نەك تەنیا ئامانجەکانی هەڵمەتێکی سەربازیی فراوان دەکرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ توانا تەکنەلۆژییەکان بگونجێت، بەڵکوو کاریگەرییە بەردەوامەکانی ئۆپەراسیۆنە تایبەتەکان، ئەگەری زۆرە زیادەڕەوییان تێدا بکرێت بۆ ئەوەی پاساو بۆ لێدانە عەمەلیاتییەکان بهێنرێتەوە. کە چەندین کاریگەری بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

وەك ڤێگۆ ئاماژەی پێدەکات، فەرماندە سەربازییەکانی ئەمریکا، کە هیوای پێشخستنی EBO یان هەیە، "لە بنەڕەتدا شەڕ وەك بازرگانییەك دەبینن" لە کاتێکدا ئیرادەی سیاسی (هەم نێودەوڵەتی و هەم ناوخۆیی)، سەربازەکان، تێچووی ئابووری، زیانە هاوبەشەکان و سوودی سیاسی - سەربازی حیساب دەکەن. زیادبوونی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ساڵی ٢٠٠١وە هێزی سەربازیی ئەمریکای لە زۆرێك لە ناوچە سەربازییەکان سنووردار کردووە، چونکە فڕۆکە بێسەرنشینەکان زیاتر لە فڕۆکەی ئاسایی چوونەتە ناو خاکی دوژمنانەوە. پێدەچێت ئەمە لایەنێکی سوودبەخش بێت چونکە ژیانی ئەمریکییەکانی تێدا ڕزگار دەکرێت و بەهای خوێن و گەنجینەکان، کە زۆرجار ڕەخنەگرانی جەنگ ئاماژەی پێ دەکەن کەم دەبێتەوە.

بەڵام ئەم جۆرە پاراستنانە دەتوانێت هەموو بەریەککەوتنەکان بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بکات. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو تابووتانەی کە لە ڤێتنامەوە دەگەڕێنرانەوە بۆ نیشتمان، بە شێوەیەکی کاریگەر ئاواتەکانی خەڵکی لەناو دەبرد. بەڵام، هیچ هێرشێك نییە لە دژە شەڕەکاندا کە تێچووی ناوخۆیی کەمی نەبێت. زیانەکانی هاوبەشە بۆ هاووڵاتانی مەدەنی عێراقی یان ئەفغانی، بەڵام باجێکی

بەرچاو بۆ دانیشتووانی ناوخۆیی ئەمریکا پێك ناهێنێت. وەك جۆن مۆلەر و کارڵ مۆلەر پێشنیاریان کردووە، "هەرچەندە ئەمریکییەکان زۆر هەستیارن بەرانبەر بە قوربانییەکانی ئەمریکا، بەڵام زۆرجار پێدەچێت تەواو بێهەست بن بەرامبەر بەو قوربانییانەی، کە لە لایەنی بەرانبەردان، جا چ سەربازی بێت یان مەدەنی." بە کەمکردنەوەی مەترسی و تێچووی جەنگ، بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکی بچووك ڕەنگە لەڕاستیدا هاندەری شەڕانگێزیی زیاتر و شەڕی درێژتر بێت.
بەڵام لە چاوی زۆرێك لە ڕەوشتناس و تیۆریستەکانی یاساییدا، کەمکردنەوەی قوربانییەکانی خۆت لەسەر حیسابی ئەوانەی لە لایەنی بەرانبەردان، سەرپێچییەکی گەورەیە. بۆ نموونە، والزەر دەوڵەتان ئاگادار دەکاتەوە، کە زۆر ئاگاداری خۆیان بن لە دوورکەوتنەوە لە قوربانییانی مەدەنی. ئەو دەنووسێت کە "تەنانەت ئەگەر ئامانجەکە زۆر گرنگ بێت و ژمارەی ئەو کەسە بێتاوانانەی، کە هەڕەشەیان لەسەرە تا ڕاددەیەك کەم بێت، (پلاندانەرانی سەربازی) دەبێت مەترسی لەسەر سەربازەکان دابنێن پێش ئەوەی خەڵکی مەدەنی بکوژن." والزەر تەنیا داوای هەڵسەنگاندنی تەکنیکی و یاسایی ورد ناکات، کاتێك بڕیارەکان سەبارەت بە ئامانجگرتن دەدرێن، بەڵکوو داوای قوربانیدان و مەترسییە ڕاستەقینەکان دەکات، لە لایەن کارمەندە سەربازییەکانەوە لە کاتێکدا هەوڵ دەدەن بۆ پاراستنی گیانی هاووڵاتانی مەدەنی. چوونکە سەربازان ئەرکی مۆراڵییان لەسەرە کە خۆیان بخەنە مەترسییەوە لە پێناو هاووڵاتانی مەدەنیی لایەنی بەرامبەر، کە خاڵێکی هێندە دیار و باو نییە، بەتایبەت لە لایەنی ناوخۆدا. ئەم فەرمانە لە پراکتیکدا مانای چییە، ڕەنگە ساتێك تێڕامان بە زۆر کەس بدات.
بۆ نموونە، ئەو ئۆپەراسیۆنە زەمینییانەی، کە مەترسی لەسەر سەربازانی ئەمریکا دروست دەکەن بەڵام کەمترین قوربانی لەسەر هاووڵاتانی مەدەنی دروست دەکەن، ڕەنگە زۆر مرۆڤانەتر بن لە هێرشە ئاسمانییەکان، کە ئامانجی هاوشێوە بەدی دێنن بەڵام ژیانی مەدەنییەکان دەخاتە مەترسییەوە. والزەر دەگاتە ئەم ئەنجامە چونکە عەقیدەی جەنگی دادپەروەرانە بە عەقیدەی "بەرپرسیارێتیی ڕادیکاڵ" دەزانێت، کە تێیدا سەرکردە سیاسی و سەربازییەکان دەبێت بۆ هەرپێشهاتێك ئامادە بن، و ئامادە بن قوربانی بدەن، نەك تەنیا بۆ "خەڵکی خۆیان" بەڵکوو بۆ خەڵکی مەدەنی "لایەنی بەرانبەریش."
لە شوێنێکی تردا، والزەر و ئەڤیشای مارگالیت ئامۆژگاریی سەربازەکان دەکەن بە پێی ڕێنماییکردن بۆ سەربازەکان: بۆ دابینکردنی یەکگرتوویی، تۆی شەڕکەر مەترسییەك بۆ خۆت دەگریتە ئەستۆ، کە تەنیا لە لایەن ئەو کەسانەوە هەڵدەگیرێت، کە ڕاهێنراون بۆ بریندارکردنی ئەوانی تر.. . وەك سەربازێك، داوات لێ دەکرێت مەترسییەکی زیاتر بگریتە ئەستۆ لە پێناو سنووردارکردنی مەودای جەنگ. پێی وایە کە شەڕکەرەکان دەیڤد و گۆلیاتەکانی کۆمەڵگاکانیانن(دەیڤد کارەکتەرێکە لە کتێبی سامیۆلدا، کە باس

لەوە دەکات چۆن کەسێکی گەنج بە ناوی دەیڤد بەرگری لە دانیشتووانی ناوچەکەی کردووە) . تۆ دەیڤدی ئێمەیت. ڕوانگەی ئەوان بە شێوەیەکی گشتگیر هاوبەش نییە. بۆ نموونە، ئاسا کاشر و ئەمۆس یادلین، پێیان وایە کە بە ئۆپەراسیۆن لە دەوروبەری خەڵکی مەدەنی، "تیرۆریستان" نەیارەکانیان لەو بەرپرسیارێتییە دەبەنەوە، کە والزەر و مارگالیت دەستنیشانیان دەکەن. بە گوێرەی کاشر و یادلین، "جێهێشتنی شەڕکەران نەك تەماشاکەران لە کاتی کردەوەیەکی سەربازی دژی تیرۆریستێك، بە مانای بەرزکردنەوەی بەرپرسیارێتی دێت، بەرانبەر بە سروشتی تێکەڵاوی دەوروبەر." بە بۆچوونی ئەوان، ڕێکخستنەکانی شەڕی هاوچەرخ کە خەڵکی مەدەنی و شەڕڤانان تێکەڵ دەکەن، وا دەکات کە بنەمای والزەر و مارگالیت بە شێوەیەکی قەدەغەکراو قورس و تەنانەت ناعەقڵانییش دەر بکەوێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە، زۆرێك لە پسپۆڕانی بواری دژە یاخیبوون (COIN)، لەوانەش ژەنەراڵ دەیڤید پێترایۆس و نووسەرانی کتێبی ڕێنمایی مەیدانی ArmyCOIN ی ساڵی ٢٠٠٦، ئەم مشتومڕە لە لایەن والزەر و مارگالیتەوە درووست بووە، بە پێی کتێبی ڕێنمایی COIN، بەدەستهێنانی یاخود بردنەوەی "دڵ و دەروون"ی دانیشتووانی مەدەنیی بیانی پێویستی بە کەمکردنەوەی قوربانییانی مەدەنی هەیە:

سەرکەوتنی کۆتایی لە COIN دا بە پاراستنی دانیشتووان بەدەست دێت، نەك پاراستنی هێزەکانی هاوپەیمانیی کۆین. ئەگەر هێزە سەربازییەکان لە ناوچەکانیاندا بمێننەوە، ئەوا پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا دەکەن، وا دەر دەکەوێت بەترسەوە ڕابکەن و دەستپێشخەرییەکە بدەنە دەست یاخیبووان.

یان وەك لە کتێبی ڕێنماییەکەدا کورت کراوەتەوە کە "هەندێك جار، تا زیاتر هێزی خۆت بپارێزیت، ڕەنگە کەمتر پارێزراو بیت." ئەم جۆرە پاراستنەی هاووڵاتانی مەدەنی بە پارادۆکسێك دەناسێنێت. بۆ پاراستنی دانیشتووان، سەربازەکان پێویستیان بە جێهێشتنی بنکە سەربازییەکانیان دەبێت. بە لایەنی کەمەوە لە ماوەیەکی کورتدا، چونکە بە ئەگەرێکی زۆرەوە بەرکەوتنیان قوربانیی زیاتری لێ دەکەوێتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕێگەیەکی باشتر و کاریگەرتریش بۆ پاراستنی دانیشتووان دابین بکەن.

لێرەدا، دەگەینە ئیرۆنییەك، کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر داهاتووی یاسایی مرۆیی نێودەڵەتی هەبێت. ئەگەر ژمارەی هێزەکان زیاد بکات، بە هۆی زیادبوونی بەریەکەوتن و پێکدادان لەسەر زەوی، ئایا بنەمای ڕێژەیی زیاتر بە شێوەیەکی گونجاو جێبەجێ دەکرێت؟ پێدەچێت ئەمە ئەگەری هەبێت. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی قوربانی سەربازەکان، ئایا پاشەکشەی ناوخۆیی هاوتا لە دژە شەڕەکاندا ڕوو دەدات؟ ئەمەش زۆر ئەگەری هەیە. تێڕوانینەکانی شەڕ لە بەرەی ناوخۆدا (و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، سیاسەتی ناوخۆیی کە هاوتای ئەم تێڕوانینانەن) لەوانەیە سەربازە مۆدێرنەکان لە ململانێکان بکشێننەوە، کە ئاڕاستە کراون بۆ ڕازیکردنی نۆرمە ڕێژەییەکان. بەم پێیە،

ئەو شەڕانەی کە هاوتەریبن لەگەڵ یاسایی مرۆیی نێودەڵەتی لەوانەیە شەڕێکی زۆر ناپەسەند بن.

## دەرئەنجام

ئەو مشتومڕانەی کە پێشکەوتوون لە تەکنەلۆژیادا یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتنی "بڕیاری باشتر" کە دوو گریمانەی کەموکوڕ دروست دەکات. یەکەمیان ئەوەیە کە تەکنەلۆژیا دەتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان شەڕکەران و بێتاوانەکاندا- جیاوازییەك کە لە ناوەندی یاسایی مرۆیی نێودەڵەتی دا هەیە. لە شوێنە ناهاوسەنگەکاندا، ئەم جۆرە جیاوازییانە پڕن لە ناڕوونی و دەتوانرێت بە شێوەیەك کە جێگەی ڕەزامەندی بێت وەڵام بدرێتەوە نەك بە تەکنەلۆژیای ورد، بەڵکوو بە گفتوگۆی یاسایی و مۆڕاڵیی جددی. کەم کەس هەیە کە نکۆڵی لەوە بکات، کە ئەو کەسانەی بۆمب لە گوندەکانی ئەفغانستان دەچێنن ئامانجی سەربازیی شەرعییان هەبێت. بەڵام شەرعیەتی زۆرێك لە ئامانجەکانی دیکەی وەك لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور لە کۆبوونەوەکانیاندا لە شارەزایانی بواری یاساییدا دۆزییەوە، کە بەو شێوەیە ڕوون نییە. پێناسەی بەشداریکردن (ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ) لە تایبەتمەندییەکان و یاسای سنووردارکردن سەبارەت بە بەشداریکردنی ڕابردووی تاکەکان پرسیاری یاسایی و مۆڕاڵین، نەك پرسیاری تەکنیکی کە تەنیا بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یان چەکی بچووك دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە.

دووەم گریمانەی کەموکوڕ ئەوەیە، کە تەکنەلۆژیا دەتوانێت سنوورێك بۆ ئامانجە گەورە مەبەستەکانی وەك "بنبڕکردنی خراپەکاری" دابنێت. وەك ئاماژەمان پێ دا، هەڵسەنگاندنی ڕێژەیی لە باشترین حاڵەتەکاندا کێشە دروست دەکات، بە لەبەرچاوگرتنی سەختییەکانی جیاکردنەوەی شەڕکەر لە هاووڵاتانی مەدەنی و پێشبینیکردنی سوودە سەربازییەکان بە بەراورد بە زیانەکانی کەسانی مەدەنی. کاتێك کە ئامانجەکان بەم شێوەیە کراوە دەکرێن، ئەوا سوودی سەربازی دەتوانێت هەموو شتێك لەخۆ بگرێت و دەتوانێت هەموو شتێك وەك لێدانێکی ڕێژەیی پاساو بدات. بەتایبەتی ئەمە کاتێك ڕاستە کە هەڵسەنگاندنی زیان و مەترسییە هاوبەشەکان بۆ سەربازانی ئەمریکا کەم بکرێنەوە، بە دوو پارامێتەر، کە لە سەردەمی پێش فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کردەوەی سەربازییان سنووردار کردبوو.

زۆر ڕێگە هەیە کە کارمەندانی سەربازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و تەکنەلۆژیای وردیان بەکار هێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی باشتر. بێگومان ئەمە بۆ بەرزکردنەوەی بنەماکانی جیاکاری و ڕێژەیی بەسوودە. بە پێچەوانەوە ئێمە نامانەوێت پێشنیار بکەین. بەڵام ئێمە دەمانەوێت جەخت لەوە بکەینەوە، کە تەنیا بەکارهێنانی

تەکنەلۆژیا تایبەتەکان لە هێرشە سەربازییەکاندا ناتوانێت شەرعیەتی یاسایی و مۆراڵییان، بە باشترین شێوە بخاتە سەر؛ ئەوە تاکەکانن نەك بە تەنیا تەکنەلۆژیاکان کە ئەم هەڵسەنگاندنانە دەکەن.
مشتومڕەکانی ئەم بابەتە بۆ ئەوەن، کە وەك هۆشدارییەك بن لە زیادەڕەویکردن لەو پێشکەوتنە یاسایی و ڕەوشتییانەی، کە لە ڕەفتاری شەڕدا بەدەست هاتوون. هەروەها مەبەستیان پاراستنی ئێمەیە لەو دەستکەوتە مۆراڵییانەی، کە بە شێوەیەکی پۆڵاین بەدەست هاتوون و مەیلی گەورەکردنی خۆبەخشییان هەیە. لە توێژینەوە ئەمنییەکاندا زۆر جار دەوترێت، کە هەستکردنێکی هەڵە لە ئاساییشدا گەورەترین مەترسییە. بە هەمان شێوە، هەستکردنێکی هەڵە لە شەرعیەتی مۆراڵیدا دەتوانێت ببێتە هۆی نەبوونی وریایی بەرانبەر بە مەترسی سەبارەت بە پرسە مۆراڵی و یاساییەکان.
ڕێگایەکی دیکە هەیە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بەکارهێنانە زۆر و ناپێویستەی ئەم تەکنەلۆژیایانە، بیرکردنەوەیەك لەوەی ئەم توێژینەوەیە نەك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەڵکوو بە شێوەیەکی تەواوکاری لەسەر هەمان هێڵی گفتوگۆکانی بابەتەکەیە. ئەو تێڕوانینەی کە تەکنەلۆژیا ناسیاسییە و لە ڕووی نۆرماتیڤەوە بێلایەنە، بەرهەمێکی ئەم دواییەی مۆدێرنییەتە و بەتایبەتی مۆدێرنییەتی ئەمریکییە. ئەم بیرۆکەیە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات بیر لەوە بکاتەوە، کە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دووفاقە مۆراڵییەکان ناهێڵێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێت بە پێچەوانەوە بڵێت: کە تەکنەلۆژیا هەمیشە و لە ئێستاوە بابەتێکی سیاسی و بەهادارە. بەکورتی، بانگەشەیەکی لەو جۆرە یارمەتیدەرمان دەبێت لەوەی، کە خۆمان لەسەر تواناکانی تەکنەلۆژیا سەربازییەکان جێگیر نەکەین و سەرنجمان بخەینە سەر بێتوانایی ئەم تەکنەلۆژیایانە لە چارەسەرکردنی دووفاقە مۆراڵی و یاساییەکانمان.

**سەرچاوە: جۆرناڵی پالگرەیڤ**

# ڕەوایەتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لەژێر ڕۆشنایی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیدا

نووسینی: د.غسان صربی کاطع
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

## پێشەکی

بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لە لایەن دەوڵەتان و گرووپە چەکدارە ناحکومییەکانەوە ترس و نیگەرانییەکی گەورەی مرۆیی لێ کەوتووەتەوە، کە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، جگە لەو چوارچێوە یاساییەی کە بەکارهێنانی بەڕێوە دەبات لەبەر ئەوەی یاسای نێودەوڵەتی بەکارهێنانی ئەو فڕۆکانەی بەدیاریکراوی ڕێک نەخستووە بۆیە پێویستە بەکارهێنانیان بە گوێرەی ڕێسا گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی بێت: نابێت بە پەیڕەوکردن لە یاسا بەکار بهێنرێت بەڵکوو دەبێت ئەو لایەنانەی بەکاریان دەهێنن ڕێز لە یاسا بگرن.

خودی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لە خۆیدا چەک نییە، بەڵکوو سەکۆیەکە بۆ هەڵدانی چەک بە پێی یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان، کە ئامرازەکانی جەنگی چەک و سیستمی چەکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەخۆ دەگرێت، کە یەکێکە لە تەکنیکەکانی جەنگیی مۆدێرن. پێویستە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار وەک ئامراز و تەکنیکێکی جەنگی بە گوێرەی پێوەرەکانی ڕێسا و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ ڕێک بخرێت، لە کاتی ئاشتی و جەنگدا. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتییش کۆنترۆڵی بەڕێوەچوونی کارە دوژمنکارییەکان دەکات لە کاتی ناکۆکییە چەکدارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی توێژینەوەکە لە خێرایی ڕەوتی گەشەسەندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و زیادبوونی بەکارهێنانی لەلایەن دەوڵەتان و گروپە چەکدارەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ترس و نیگەرانییەکی گەورەی مرۆیی دروستکردووە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە بە بەراورد بە کەمی توێژینەوە و سەرچاوە لەبارەی ئەم بابەتەوە، ئەمەش ڕووبەڕووی ئاڵنگاریمان دەکاتەوە بۆ زانینی چییەتی ئەم بابەتە و ئەو چوارچێوە یاساییەی حوکم بەسەر فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا دەکات.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانجی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ماهیەت و سروشتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە لەڕووی پێناسەکردن و تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی، لەگەڵ دیاریکردنی ڕۆڵ و ڕێساکانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شەڕەدا.

کێشەی توێژینەوەکە: کێشەی توێژینەوەکە لە هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناڕوونییە یاساییەدا دەردەکەوێت، کە لە دەوری ماهیەتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداردا دەخولێتەوە لەگەڵ ڕەوایەتییەکەی لە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و یاسای مرۆیی نێودەوڵەتیدا، لەگەڵ ناسینی بنەمای یاسای بەکارهێنانی و پێویستی کاراکردنی ئەو کۆت وبەندە نێودەوڵەتییانەی بەکارهێنانی سنووردار دەکات، لەگەڵ سەرپێچینەکردن لە کاتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا.

میتۆدی توێژینەوەکە: توێژەر پشت بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبەستێت بۆ ڕەوایەتیی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و دەستنیشانکردنی چوارچێوەی یاسایی بەکارهێنانی، لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

**پلانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە دابەش دەبێت بۆ دوو تەوەر:**

**تەوەری یەکەم:** چەمکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی

**لقی یەکەم:** پێناسەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەرباز ی

**لقی دووەم:** تایبەتمەندییەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

**تەوەرەی دووەم:** چوارچێوەی یاسایی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار

**لقی یەکەم:** بنەمای یاسایی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار

**لقی دووەم:** پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان بۆ بەکارهێنانی هێز لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە

**تەوەرەی یەکەم:** چەمکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار: دەوڵەتان گەیشتوونەتە ئاستی گەشەپێدانی شێواز و تەکنیکە تازەکانی بەکارهێنانی هێزی کوشندە، وەک لە سیستمی ڕۆبۆتی سەربەخۆ و نانۆتەکنۆلۆژی و بایۆتەکنۆلۆژیدا، کە کاریگەری لەسەر ژمارەیەکی گەورەی دۆسیەی ئاڵۆز هەیە وەکوو زیادبوونی بەکارهێنان و بڵاوبوونەوەی

خێرا و کۆنترۆڵنەکراوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار، بە بیانووی بەرگریلەخۆکردن و ڕێوشوێنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەک دەبینەوە کە پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بە شێوەیەکی هاوبەش چارەسەری بکەن. لەم توێژینەوەیەدا "فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار یان فڕۆکەی بێسەرنشین یان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکهەڵگر" بە "فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار" بەناو دەکرێت.
دەرکەوتنی بایەخی ئەم فڕۆکانە بە هۆی تایبەتمەندییەکی ستراتیجییەوەیە، کە بریتییە لە پێکانی هێزی کوشتنی دژی ئامانجێکی دوور بەبێ ئەوەی ئەو لایەنەی بەکاری دەهێنێت دووچاری مەترسی ببێتەوە. ئەم تەوەرەیە تەرخان دەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە میانەی دوو لقدا: لە لقی یەکەمدا پێناسەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەین و لە لقی دووەمدا، باسی تایبەتمەندییەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەین.

**لقی یەکەم:** پێناسەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی شەڕکەر:
یەکەم: پێناسەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار: بریتییە لەو فڕۆکەیەی لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، واتا ڕۆبۆتێکی ئاسمانییە، باڵەکانی جێگیرە، کێشیان لە یەک تۆن بۆ سێ تۆن دەبێت، بەرزیی فڕینیان لە دە هەزار مەترەوە بۆ پازدە هەزار مەتر دەبێت و بەرگەی زیاتر لە پازدە سەعات دەگرن، وەکوو فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە سیستمێکی گەشت و فڕۆکەوانێکی هەیە سەربەخۆییەکی گەشتیاری گەورە بە فڕۆکەکە دەبەخشێت، هەروەها ئامێری سیگناڵی ئەلکترۆنی و کارۆموگناتیسیی لێ بەستراوە و دەتوانرێت بە مووشەکی ئاسمانی یان بۆمبی ئاڕاستەکراو چەکدار بکرێت.
جیاوازیی گەورە هەیە لە توانای دروستکردن و تەکنیکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە لە تەکنۆلۆجیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازیی گەورە و گرانبەها و ئاڵۆزەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازیی بچووکی چاودێریکردن و هێرشی چەکداری، سەرەڕای ئەوەش، دەتوانرێت تەکنۆلۆجیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەدەنی، دەستکاری بکرێت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداری بچووکی لێ دروست بکرێت، هەروەها دەکرێت لە هەرشوێنێک فڕێ بدرێت بەو پێیەی تێچوونیان هەرزانە.
گرووپە چەکدارە ناحکومییەکان لە کاتی شەڕ و پێکدادانە سەربازییەکاندا، بەزۆری هەڵدەستن بە لکاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەدەنی دەستکاریکراو بە جبەخانە تەکتیکییەکانیانەوە، هەروەها فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ئامێری ئاسمانیی بێفڕۆکەوان دەناسرێت، کە لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و لە قەبارە و ئەرکدا جیاوازن و لە شەڕی ئاسمانیدا تێچووی بەکارهێنانیان لە ڕووی دارایی و ماددی و مرۆییەوە کەمتر و هەرزانترە.
بە پشتبەستن بە دەلیلی (HPCR-Manual) کە پێناسەی فڕۆکەی چەکدار دەکات و

و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداریش بەم جۆرە دەناسێنێت: (فڕۆکەیەکە لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ڕۆبۆتێکی ئاسمانییە، باڵەکانی جێگیرە، کێشیان لە یەک تۆن بۆ سێ تۆن دەبێت، بەرزی فڕینیان لە دە هەزار مەترەوە بۆ پازدە هەزار مەتر دەبێت، بەرگەی زیاتر لە پازدە سەعات دەگرن، وەکوو فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان کە سیستەمێکی گەشت و فڕۆکەوانێکی هەیە سەربەخۆییەکی گەشتیاری گەورە بە فڕۆکەکە دەبەخشێت، هەروەها ئامێری سیگناڵی ئەلکترۆنی و کارۆموگناتیسی لێ بەستراوە و دەتوانرێت بە مووشەکی ئاسمانی یان بۆمبی ئاراستەکراو چەکدار بکرێت).
هەرچی وەزارەتی بەرگریی ئەمریکایە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار بە گوێزەرەوەیەکی ئاسمانی دادەنێت، کە بە وزە کار دەکات و دەتوانێت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بفڕێت و ئامانجەکەی بپێکێت و دەتوانرێت لە دوورە کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها دەتوانرێت ئەرکی جەنگی یان ناجەنگیی پێ جێبەجێ بکرێت.
لە کۆتاییدا، بە دیدی توێژەر (غسان صبری كاطع) "فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار بریتییە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی، کە لە ڕێگەی ئیشپێکەرێکی زەمینییەوە کار دەکات و بە شێوەیەکی خۆکردانە پڕۆگرام کراوە و هەڵدەستێت بە کردنی ئەرکی جۆراوجۆر وەکوو سیخوڕیکردن و وێنەگرتن و کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریی و پێکانی ئامانجەکان بە بەکارهێنانی هێزی ئاگرین". ئەم پێناسەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لە خودی خۆیدا چەک نییە، بەڵکوو چەکی بۆ زیاد دەکرێت، هەر بۆیە خودی فڕۆکەکە خۆی بابەتی گفتوگۆی قەدەغەکردن نییە، بەڵکوو ئەو چەکەی بەکاری دەهێنێت و میکانیزمەکانی بەکارهێنانی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی بابەتی گفتوگۆی قەدەغەکردنە. لە ڕێگەی ئەو پێناسانەی کە پێشتر بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار کرا، دەکرێت تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان بکرێت، کە لە بەشی دووەمی ئەم لقەدا هاتووە.

**دووەم:** تایبەتمەندییەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان: فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە چەند تایبەتمەندییەکدا ناوازەن، کە دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێتەوە:
١- جیاوازیی گەورە هەیە لە توانای دروستکردن و تەکنیکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار، کە لە تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازیی گەورە و گرانبەها و زۆر ئاڵۆزەوە دەست پێ دەکات، تا دەگاتە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازیی بچووک، کە بۆ چاودێری و هێرشی چەکداری و سیخوڕی بەکار دەهێنرێت.
٢-دەتوانرێت تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەدەنی، کە لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی سەربازی دیزاین نەکراوە، دەستکاری بکرێت بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداریی قەبارە بچووک، دەکرێت یەک جار بەکار بهێنرێت چونکە لە ڕووی ماددییەوە تێچووی هەرزانە.

٣- ئەو فڕۆکەیەیە کە تیمی کارپێکەری نییە و دەتوانێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ئاسماندا بمێنێتەوە و لە دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە ئەگەری زیانی مرۆیی لە پلەی سفردایە چونکە پێویستی بە تیمی فڕین نییە لەناو فڕۆکەکەدا، هەروەها ئاسانکارە و کاتی کەمی دەوێت بۆ ڕاهێنان و فێربوون و ئەو ئۆپەڕاسیۆنانەی پێی دەکرێت، بەو پێیەی ئەم تەکنۆلۆجیا ئاسمانییە تایبەتمەندییەکانی پاراستنی سەرچاوەی مرۆیی پەرە پێداوە، بۆیە پێویستییەکی کەمی بە دەستێوەردانی مرۆیی و بڵاوکردنەوەی هێزی مرۆیی هەیە لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا. هەروەها، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک ئامرازێک بەکار دەهێنرێت بۆ وردبینیکردن و بە شێوەیەکی سەرەکییش بۆ ئەرکی ئاڵۆز بەکار دەهێنرێت بە هۆی بارودۆخی مەترسیدار و قورسەوە.

٤-کەمی تێچووی کارپێکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هەروەها کەمی تێچووی سووتەمەنی ئەم فڕۆکانە، پێویستیان بە ڕێڕەوی فڕینی تایبەت نییە بە بەراورد بە فڕۆکەی شەڕکەری ئاسایی، هەروەها ئەستەمە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەسەر زەوی دابنرێت بە هۆی بچووکی قەبارەکەیەوە.

٥-فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گونجان و دەستکراوەیی زۆری هەیە لە کاتی پەخشی ڕاستەوخۆی وێنە و ڤیدیۆ و هەڵسەنگاندنی ڕێڕەوی ئۆپەراسیۆنەکان و چاودێریکردنی جووڵەی یەکە سەربازییەکان، یان پێگە تیرۆریستییەکان و گواستنەوەیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ بۆ ناوەندەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، هەروەها توانای فڕینی درێژخایەنیان هەیە، ئەمەش بەو مانایەیە کە لە کاتی کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریدا سەبارەت بە ئامانجێکی مەبەستدار، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە دەتوانێت بەسەر ئامانجەکەیدا هەڵبفڕێت بۆ وەرگرتنی زانیاریی نوێکراوە بە بەکارهێنانی وێنەی ورد و ڕوونی بەرز، کە لە کاتی نزیک لە کاتی ڕاستەقینەدا کۆ کراونەتەوە، ئەم زانیارییانە دەنێردرێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی فڕۆکەوانەکە بۆ بارودۆخی گونجاو بۆ دەستپێکردنی هێرشەکە، کە توانای چاودێریکردنی -٢٤- کاتژمێری بۆ ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانانە دابین دەکات، ئەمەش بەو مانایەیە فڕۆکەوانەکە دەتوانێت شێوازەکانی ئامانج و ناوچەکە بەگشتی هەڵبسەنگێنێت لەپێناوی دەستنیشانکردنی فاکتەرەکانی بەشداریکردن و تێکچڕژان لەگەڵ چەکەکەدا.

٦-بە دەربازبوون لە هەڵە مرۆییەکان، کە لەلایەن تیمەکانی فڕۆکە ئاساییەکانەوە دەکرێت لە کاتی بەرنامەدانان بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و ئامانجەکان بە وردبینییەکی بەرز بپێکرێت و ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە جێبەجێ بکرێت، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار مووشەک بەکار دەهێنێت بۆ ئۆپەڕاسیۆنی ڕووپێویکردن بۆ چاودێریکردنی گرەنتیکردنی وردی ئامانجەکە، لە چوارچێوەی پێوەرەکانی دیاریکردنی ناوچەی دەوروبەر و سنووری ئۆپەڕاسیۆنەکەدا لەو ڕووەوەی لەیزەری جێگیرکراو بە کامێرای فڕۆکەکەوە ڕووپێوی

ئامانجە وردەکە، بۆ نیشانەشکێنەکە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، تەکنۆلۆجیای کامێرا چەندین بژاردە بۆ سەرنجی بینین دابین دەکات وەکو بینینی شەوانە و تیشکی ژێر سوور و وێنەی دیجیتاڵی دیکە بەخێرایی نزیک لە کاتی ڕاستەقینە لەگەڵ وێنەی ڕوون و وردی ئاڕاستەکراو بە لەیزەر.

**تەوەرەی دووەم:** چوارچێوەی یاسایی بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لە یاسای نێودەوڵەتیدا

چوارچێوەی یاسایی پارێزگاریکردن لە ئاشتیی نێودەوڵەتی و پاراستنی ماف لە ژیاندا سیستمێکی یەکانگیر و توندوتۆڵ پێک دەهێنێت، کە ڕەنگدانەوەی ئەو پێوەرانەیە کە بە درێژایی سەدەکان پەرەیان پێ دراوە و بەرگەی تاقیکردنەوەی کاتییان گرتووە. بەو پێیەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چەکێکی نایاسایی نییە، بۆیە ئاسانە بە خراپ بەکار بهێنرێت، بەڵام پێویست ناکات و نابێت واز لە ڕێسا سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی بهێنرێت لەپێناوی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی، کە تیرۆر و شێوەکانی ململانێ تازەکان دەیسەپێنن. بەپێچەوانەی ئەو ڕاستییەی کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وا دەکات کوشتنی بەئامانجگیراو زۆر ئاسانتر بێت، پێویستە ئەمە هاندەرێک بێت بۆ گرەنتیکردنی پابەندبوونی پاڵپشت بەو پێوەرانەوە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەگەرەی ژمارەی ئەو دەوڵەتانەی لە داهاتوودا دەستیان بەم تەکنۆلۆجیایە دەگات لەوانەیە زیاد بکات.

**لقی یەکەم:** بنەمای یاسایی ڕێکخستنی بەکارهێنانی هێز لە لایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە یاسای نێودەوڵەتیدا.

کۆمەڵێک بواری بابەتی لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا هەن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕەوایەتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار هەیە و هەوڵیش دەدەین چاوێک بە گرنگترینیاندا بخشێنین، کە بریتییە لە بەرگری لەخۆکردن و ڕەوایەتی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەم شێوەیە:

**یەکەم:** بەرگری لە خۆکردن: هەڵاواردنێکی زیاتر باو و بەربڵاو هەیە، کە بیانوویەکە بە دەست ئەو دەوڵەتانەوە کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە سنووری دەوڵەتێکی دیکەدا بەکار دەهێنن ئەویش بریتییە لە بەرگریلەخۆکردن. یاسای نێودەوڵەتی مەرجی توند دەسەپێنێت بۆ بەکارهێنانی هێز بە پاساوی بەرگریلەخۆکردن، کە بیرۆکەیەکی ناسراوە بە تەواوی سیستمە یاساییەکاندا و بە پێی ماددەی (٥١) لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و یاسا نێودەوڵەتییە عورفییەکاندا، ڕێگە بە دەوڵەتێک دەدرێت بانگەشەی بەرگریلەخۆکردن بکات بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بەکارهێنانی هێز، لە بەئامانجگرتنی تاکەکان لەسەر خاکی دەوڵەتێکی دیکە، کە هێرشێکی چەکداریی دژی ئەو دەوڵەتە یان لە نزیکی ئەو دەوڵەتە

ئەنجامدرابێت و دادگای دادی نێودەوڵەتی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە ئەو هێرشە "هێرشێکی چەکداری"یە، ئیتر مافی دەوڵەتەکەیە بۆ بەرگریکردن لە خۆی هێز بەکار بهێنێت، بەڵام دەبێت قەبارە و کاریگەرییەکانی هێرشەکەی تا ئاستێکی دیاریکراو بێت لە ڕووی مەترسییەوە.

سەرباری ئەوەش، ئەو دەوڵەتەی بانگەشەی بەرگریلەخۆکردن دەکات دەبێت پێویستییەکانی دەستپێکردنی هێرشە چەکدارییەکەی جێبەجێ بکات لەگەڵ جێبەجێکردنی هەردوو ئەو داواکارییەی، کە بریتین لە زەرووەرەت و گونجانی پشتبەستوو بە یاسای نێودەوڵەتی عورفی، کە ئەم دوو پرەنسیپە پەیوەندییەکی بەتینیان هەیە بە بایەخی ئامانجی کردەی بەرگریلەخۆکردنەکە، بۆیە هەردووکیان – زەرووەرەت و گونجان- بەو مانایە دێت کە بەرگریلەخۆکردن نابێت تۆڵەسەندنەوە یان سزادان بێت، بەڵکوو دەبێت بە ئامانجی ڕاوەستاندنی هێرشەکە یان بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە بێت.

پێویستە ئەو ڕێوشوێنانەی دەگیرێنە بەر لە خزمەتی شێوەی یاسایی بەرگریلەخۆکردنەکە بێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی فرۆکەی بێفرۆکەوان بۆ بە ئامانجگرتنی تاکەکان لە سنووری دەوڵەتێکی دیکەدا بە مەبەستی ڕاوەستاندن و بەرپەرچدانەوەی هێرشی چەکداری دەبێت زەروور بێت و لەگەڵ ئەو ئامانجەدا بگونجێت.

بە نیسبەت ئەو ڕێوشوێنانەی دوای کۆتاییهاتنی هێرشێکی چەکداری دەکرێت –لە کاتێکدا لە واقیعدا هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیە لەو هێرشە چەکدارییە- بە شێوەی یاسایی پەیرەو لە بەرگریلەخۆکردن ناکات، بەڵکوو تۆڵەسەندنەوەیەکی چەکدارییانەیە و پێشێلکردنی ماددەی ٢ (٤) میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە بەرگریلەخۆکردنەوە بە شێوەی یاسایی تەنیا بریتییە لە بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەیەکی هەنووکەیی، لە کاتێکدا بانگەشەی بەرگریلەخۆکردن ناشێت و نایاساییە بۆ ڕێگریکردن بێت لە سەرهەڵدانی هەڕەشەیەک لە داهاتوودا، بەڵکوو زەرووەرەتی بەرگریلەخۆکردن بە گوێرەی سیستمی یاسایی پەسەندکراو دەبێت لە ئێستادا بێت و هیچ بژاردەیەک بۆ ئامرازەکانی دیکە نەهێڵێتەوە.

و بە گوێرەی ماددەی (٥١) مافی پیادەکردنی بەرگری لەخۆکردن بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەنجوومەنی ئاسایش ڕێوشوێنی پێویست دەگرێتە بەر، بۆ پارێزگاریکردن لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە خاڵی کۆتایی بۆ هەر ڕێوشوێنێکی بەرگریلەخۆکردن دەستنیشان ناکرێت تەنیا لە ڕێگەی پرەنسیپەکانی زەرووەرەت و گونجاندنەوە نەبێت، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام دەشکرێت لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە بڕیاری لە بارەوە بدرێت.

هەروەها دەبێت ئاماژە بەو پرسە گرنگەش بکرێت کە پەیوەستە بە ڕەوایەتیی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پشت بە ڕێوشوێنەکانی بەرگریلەخۆکردن

دەبەستێت، کە لە دەوڵەتێکی دیکەدا کراوە دژی ئەکتەرێکی نادەوڵەتی، کە نوێنەرایەتی ئەو دەوڵەتە ناکات، ئایا دروستە ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییە بکرێتە ئامانج بە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە لە سنووری دەوڵەتێکی دیکەدا، کە ئەو دەوڵەتە بەرپرسیارێتیی کردەوەکانی ئەو ئەکتەرە نادەوڵەتییە هەڵناگرێت؟

گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە خودی خۆیدا چەک یان ئامرازێکی جەنگی نایاسایی نییە، بەو واتایەی لە خودی خۆیدا خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە نییە، کە ڕێسا گشتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکات، جگە لەوەش هیچ کۆدەنگییەک نییە سەبارەت بە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ڕێسا جۆراوجۆرە پەیوەندیدارەکان، لە یاسای نێودەوڵەتیدا لەسەر بەکارهێنانی، بەتایبەت یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای مافی مرۆڤ.

**دووەم:** ڕەوایەتیی هێرشکردن بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان: بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە لایەن دەوڵەتێکەوە بۆ بەئامانجگرتنی تاکەکان لە دەوڵەتێکی دیکەدا، دەبێت بە پلەی یەکەم لەگەڵ ڕێساکانی بەکارهێنانی هێز، لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا بگونجێت. هەروەکو یاسای نێودەوڵەتیی عورفی و ماددەی ٢ (٤) میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی هێز لەنێوان دەوڵەتاندا یاخود بەکارهێنانی قەدەغە کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت دەوڵەتێک ڕێگە بە دەوڵەتێکی دیکە بدات لەسەر خاکەکەی هێز بەکار بهێنێت، ئەمەش واتا دژی کارکردنە بە ماددەی ٢ (٤)، کاتێک دەوڵەتێکی هەرێمی ڕێگە بە دەوڵەتێکی دیکە دەدات ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەسەر خاکەکەی بەئامانج بگرێت، چونکە نابێت هیچ پرسێک لە ڕووی پرەنسیپەوە، بە پێی یاسای پەنابردن بۆ شەڕ بکرێت لەبەر ئەوەی ناکرێت ماددەی ٢ (٤) لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشێل بکرێت.

بە کردارییی، ڕەزامەندی لە لایەن پاکستان و یەمەن و سۆماڵەوە درا و دواتر ئەمریکا پشتی پێ بەست بۆ ئەوەی پاساو بۆ بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەو ناوچانە بهێنێتەوە و پاشان پاکستان پاشگەز بووەوە، هەرچەندە لە یەمەن و سۆماڵ ڕەزامەندییەکە نەکێشرایەوە، بەڵام دەسەڵاتی ئەم دوو حکومەتە ڕەوایەتی و دروستیی ئەم ڕەزامەندییەی خستە ژێر پرسیارەوە.

ئەمەش بەو مانایەیە، کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی دیاریکراو، بۆ سەر خاکی دەوڵەتێکی بیانی لەگەڵ یاسای پەنابردن بۆ شەڕ لە ئەگەری وەرگرتنی ڕەزامەندی، لە لایەن دەوڵەتە ناوچەییەکەدا یەک دەگرێتەوە، بەڵام لە لایەنی کردارییەوە ئەم بەکارهێنانە ڕەنگە چەندین کێشە دروست بکات، کە پەیوەست بە یاساییبوونی ئەم ڕەزامەندییەوە، وەک ئەوەی کێ دەسەڵاتی بەخشینی ڕەزامەندی هەیە؟ ئایا پێویستە ئاشکرا و ڕاشکاوانە بێت؟ یان تەنیا بە ناڕاستەوخۆیی ئاماژەی پێ بکرێت بەسە؟ سەبارەت بەوەی کێ دەتوانێت ڕەزامەندی بدات: بە

گەڕانەوە بۆ سروشتی بنەڕەتی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێزی سەپێنراو، لە پێناوی پاراستنی سەروەریی دەوڵەتدا بەو مانایەیە کە دەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەت دەتوانن بە شێوەیەکی دروست ڕەزامەندیی بدەن.
ئەو دەوڵەتەی ڕێگەی ئەم مافەی بە پێی دەستووری دەوڵەت پێ دراوە ئەوەندە بەس نییە ڕەزامەندی لە دەسەڵاتە هەرێمییەکە وەر بگرێت، تەنیا ئەگەر هات و دەستوور ئەو مافەی بەڕوونی پێ بدات، لەگەڵ زانینی ئەو بۆچوونەی دەڵێت، کە ڕەزامەندی لەسەر بەکارهێنانی هێز دەبێت لە لایەن دەسەڵاتە باڵاکان لە حکومەتی ناوەندیی دەوڵەتەکەدا بدرێت، کە لەگەڵ بەشێکی گەورە لە پەیڕەوکراوە نێودەوڵەتییەکاندا یەک دەگرێتەوە، دەربارەی شێوەی ڕەزامەندییەکە: پێویستە ڕوون و ئاشکرا بێت و پێشوەختە و بەئازادی و بەتایبەت بدرێت بە دەوڵەتە دەستێوەردەرەکە، هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە ڕەزامەندییەکە بە هۆی هەڵە یان ساختەکاریی یان زۆرەملێوە پووچەڵ دەبێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە.
لەم ڕووەوە دەکرێت بنەماکانی پەیوەست بە دروستی ڕەزامەندی لەسەر پەیماننامەکان وەربگیرێت، بۆ دروستیی ڕەزامەندی لەسەر ئەم بابەتە. لە ئەگەری کێشانەوەی ڕەزامەندییەکە بۆ بەکارهێنانی هێز، ئەوا ئەو دەوڵەتەی ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکە دەکات، قەدەغەیە دەست بکات بە کردنی هەر ئۆپەڕاسیۆنێکی دیکە لە ساتەوەختی کێشانەوەی ڕەزامەندییەکە، بەپێچەوانەوە بە پێشێلکردنی ماددەی ٢ (٤) لە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان دادەنرێت، کە پەیوەندیدارە بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هێزەوە.

**لقی دووەم:** پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان بۆ بەکارهێنانی هێز لە لایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدارەوە.
پێویستە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار لەگەڵ پرەنسیپەکانی یاسا نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بگونجێت، هەروەها پێش هەڵفڕاندنی هەر فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی چەکدار، پێویستە لەسەر لایەنەکان دڵنیا بن لەوەی بەکارهێنانی فڕۆکەکە بەگوێرەی پێوەر و کۆت و بەندە نێودەوڵەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاریکردن لە مافی ژیان و ڕێسا تایبەتەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییە، ئەگەر هات و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئاڕاستەی ئامانجێکی سەربازیی کرا، لە چوارچێوەی ململانێ نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتییەکان.
**یەکەم:** پابەندبوون بە جێبەجێکردنی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ:
مافی ژیان ئەو چوارچێوە بنەڕەتییەیە، کە دەبێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی ڕەوایەتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان لە بەرچاو بگیرێت، کە بریتییە لە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، بەدیاریکراوی پاراستنی

مافی ژیان، کە بە "مافی باڵا" وەسف دەکرێت و ئەو فۆرمەیە کە پارێزگاری لە ڕێسایەکی زۆرەملێ دەکات لە یاسای نێودەوڵەتی عورفی، کە هەموو دەوڵەتەکان پابەند دەکات وەک لە پەیماننامە جیاوازە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی عورفیدا هاتووە و پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ئاشتی و هەروەها لە کاتی ناکۆکییە سەربازییە نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتییەکانیشدا بەکار دێت، ئەمانەش دوو گروپ لە یاساکان دروست دەکەن، کە تەواوکەری یەکترین و یەکتری بەهێز دەکەن، هیچ ئاماژەیەکیش لە پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤدا نییە، کە لە دۆخی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا جێبەجێ نەکرێن.

ئەمەش بەو مانایەیە، کە هەندێک پێشێلکاریی مافی ژیان لەوانەیە تاوانی جەنگ یان تاوانی دژی مرۆڤایەتی بە پێی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتی پێک بهێنێت. بەم پێیە، مافی ژیان بە پێی یاسای مافی مرۆڤ چوارچێوەیەکی یاسایی گریمانەیی پێک دەهێنێت، کە لەسەر ئەو کەسانە جێبەجێ دەکرێت، کە بە هۆی هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە زەرەرمەند دەبن.

یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ وەک ڕێسایەکی گشتی، دەخوازێت کە زەوتکردنی ژیان ئارەزوومەندانە نەبێت. پێوەری نائارەزوومەندانە، کە لە چوارچێوەی مافی ژیاندا لێک دراوەتەوە بە شێوەیەکی گشتی لە فیقهی مافی مرۆڤدا، داوا دەکات کە هێزی کوشندەی بەمەبەست تەنیا وەکوو دوا ڕێگە لە پێناوی پاراستنی ژیاندا بەکار بهێنرێت، بۆیە لە پرەنسیپی (٩) لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، سەبارەت بە بەکارهێنانی هێز و چەکی ئاگرین لە لایەن لێپرسراوانی جێبەجێکردنی یاساوە هاتووە، کە "بەکارهێنانی کوشندەی بەمەبەست بە چەکی ئاگرین ناکرێت بکرێت، تەنیا کاتێک نەبێت کە بەتەواوەتی لە پێناوی پاراستنی ڕۆحدا بێت" بە پێی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ هەرهێزێک دەبێت زەرووری بێت: واتا کەمترین ئامرازی زیانبەخش بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە مەشرووعە دیاریکراوەکە لە پاراستنی ژیاندا. ئەگەر بێت و ئەم حاڵەتە بە واقیعی هەڵبسەنگێنرێت دەبێت سەرەتا ڕێگاکانی دیکەی لێک بدرێتەوە و تەنیا کاتێک کە ڕوون بێتەوە نەگونجاوە، ئەوکات دەکرێت پەنا بۆ هێز ببرێت.

ئەگەر هات و هێرشێکی دیاریکراو بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بکرێت دەبێت لەسەر بنەمای هەموو حاڵەتێک بە جیا جیا بپشکنرێت: ئەوەی گرنگە جەختی لەسەر بکرێتەوە ملکەچبوونییەتی بە گوێرەی ئەو ڕێسایەی جێگرەوەکانی هێزە کوشندەکانی پێ دەپشکنرێت و سەلماندنی ئەوەی تەنیا ئەوە بەس نییە، کە هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یاسایی بێت و لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە هەڵبهێنجین، کە بەکارهێنانی هێزی کوشندەی زەرووری لەسەر ئەو بنەمایە بێت، کە ئەو کەسەی دەکرێتە ئامانج مەترسیی جیددی بۆ سەر ئەوانی تر دروست بکات، واتا ئەو کاتەی دڵنیایە لەوەی لە کاتی جێبەجێکردنی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ هاوشانە

لەگەڵ یاسا نێودەوڵەتییە مرۆییەکاندا.
ئەمەش لە کۆمەڵێک بڕیاری دادگای دادی نێودەوڵەتیدا پشتڕاست کراوەتەوە، کە جەخت لەسەر ململانێی چەکداری دەکاتەوە، لە کاتی بوونی بڕگەیەکدا کە پەیوەستە بە پابەندنەبوون بە هەندێک پەیماننامەی مافی مرۆڤەوە. ئەم بڕگانە ڕێگە بە دەوڵەتە ئەندامەکان دەدات، کە لە کاتی شەڕ یان باری نائاسایی گشتیدا ڕەهای بکەن لە هەندێک پابەندبوون لە بوارەکانی مافی مرۆڤدا کە بە گوێرەی ئەو پابەندبوونانە سەر هەڵدەدەن، ئەم بڕگانە پشتڕاستی دەکەنەوە، کە لە کاتی شەڕ یان ناکۆکییە چەکدارییەکاندا دەر چوون لەژێر سێبەری پابەندبوونەکانی مافی مرۆڤدا ڕەوایە. بەم جۆرە، پابەندبوونە پەیماننامەییەکانی دەوڵەتێک لە بواری مافەکانی مرۆڤدا ڕاناگیرێت، تەنیا کاتێک نەبێت کە ئەو دەوڵەتە بە شێوەیەکی دروست مافەکان هەڵدەپەسێرێت، بە پێی پابەندنەبوون بە بڕیارەکانی پەیماننامەکە.
لەگەڵ ئەوەشدا مافی ژیان بە گوێرەی زۆربەی پەیماننامە سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ وەکوو مافێکی دەستلێبەرنەدراو لێی دەڕوانرێت، کاتێک دەوڵەتێک تاکێک دەکاتە ئامانج بە هێرشی فڕۆکەی بێفرۆکەوانی چەکدار لە چوارچێوەی ناکۆکییەکی چەکدارییدا، ئەگەر هات و ئەو دەوڵەتە پێشێلی پابەندبوونەکانی خۆی کردبێت بە بێبەشکردنی ئەو تاکە لە مافی ژیان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە، ئەوە پشت بەوە دەبەستێت، کە ئایا ئەو دەوڵەتە بە پێی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی مامەڵەی کردووە یان نا. دەوڵەتان ناتوانن ڕەزامەندی لەسەر پێشێلکردنی پابەندبوونەکانی خۆیان بدەن بە گوێرەی یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ بەڵکوو دەوڵەتێک ڕەزامەندی لەسەر چالاکییەکانی دەوڵەتێکی دیکە دەدات لەسەر خاکەکەی، کە پابەندە بە پابەندبوونە تایبەتەکانی مافی مرۆڤەوە لەنێویاندا ئەو پابەندبوونانەی، کە دژی پێشێلکردنی مافی ئەو کەسانەیە، کە ملکەچی دەسەڵاتە دادوەرییەکەی ئەو دەبن، هەروەها بۆ ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی مافی ژیان لەوانە: لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی دیکە، کە لەسەر خاکەکەیان کار دەکەن تا ئەو ڕادەیەی دەکرێت ئەو کارە بکەن.
لە کۆتاییدا، هەموو لایەنەکان لەبیریان بێت، کە سەرەڕای پابەندبوون بە یاسا نێودەوڵەتییەکان دەبێت لایەنەکان کاریگەرییە مرۆییەکانی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفرۆکەوانی چەکدار، لەسەر دانیشتووانە مەدەنییەکان لە بەرچاو بگرن، لەوانەش: پەککەستنی ژێرخانی مەدەنی و زەبروزەنگی تەندروستیی دەروونی.
جێبەجێکردنی مافی ژیان لە دەرەوەی سنووری هەرێمی ئەو ڕاستییە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفرۆکەوانی چەکدار، لە لایەن دەوڵەتانەوە لەگەڵ کاریگەریی کوشندەیان دژی تاکەکانی دەرەوەی خاکی دەوڵەتەکە، پرسیارێکی دیکە دەهێنێتە کایەوە، چونکە دەوڵەتان بە پێی ئەو پەیماننامانەی مافی مرۆڤ کە لایەنێکن تێیدا لەسەر دەستدرێژیکردنە سەر سنووری دەوڵەتێکی دیکە لێپرسینەوەیان

لەگەڵدا دەکرێت.

لە مافی ژیان و قەدەغەکردنی زەوتکردنی ئارەزوومەندانەوە، ڕێسایەک لە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی عورفی دروست دەبێت، کە لە شێوەی ئاسایی خۆیدا لانی کەم وا دیارە، کە پابەندبوونی نەرێنی دژی بێبەشکردنی کەسێک لە ژیان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە کورت نابێتەوە لەناو خاکی دەوڵەتێکدا، لەو ڕووەوە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بڕگەیەکی تێدا نییە، کە چوارچێوەی جوگرافی جێبەجێکردنەکەی سنووردار بکات و بەسادەیی دەڵێت کە "هەموو کەسێک مافی ژیانی هەیە" ئەمەش بەو مانایەیە لە ڕووی پرەنسیپەوە، دەوڵەتەکان پابەندن بە مافەکانی مرۆڤ بۆ ئەو پەیماننامانەی، کە بەشدارن تیایدا تەنانەت سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانەی لە دەرەوەی خاکی خۆیان دەیکەن، ئەمەش لە لایەن دادگای دادی نێودەوڵەتییەوە پشتڕاست کراوەتەوە، هەروەک لیژنەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپاش، بڕیاریان لەسەر داوە، ئەمەش بە سروشتی خۆی کاتێک دەگونجێت، کە دەوڵەتێک بەکردارییی کۆنترۆڵی بەشێک لە خاکی دەوڵەتێکی دیکە دەکات، دەبێت پابەندبوونەکانی بە پێی ئەو پەیماننامانەی مافی مرۆڤ جێبەجێ بکات کە بەشدارە تیایدا.

لە پەیماننامەکانی مافەکانی مرۆڤدا، بڕیار لەسەر ئەوە دراوە، کە ناکرێت بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە، کە ڕێگە بە دەوڵەتێکی ئەندام دەدات پێشێلکاری بکات. (پەیماننامەیەک لەسەر خاکی دەوڵەتێکی تر، کە ناتوانێت لەسەر خاکەکەی خۆی بیکات). مافی ژیان دەبێت بە پێی یاسای عورفی و یاسای پەیماننامەکان جێبەجێ بکرێت. لە ئەنجامی ئەمەدا هەر ڕێوشوێنێکی ئەرێنی، کە دەوڵەتێک بیگرێتە بەر لە خاکەکەی خۆیدا یان لە خاکی دەوڵەتێکی دیکەدا، دەبێت بە پێی پابەندبوونی بە بوارەکانی مافی مرۆڤ بە گوێرەی پەیماننامە و عورف جێبەجێ بکرێت.

**دووەم:** پابەندبوون بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی: وەک دەزانرێت کە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بریتین لە: ئەو ڕێسایانەی کە ململانێ چەکدارییە نێودەوڵەتی و نانێودەوڵەتییەکان ڕێک دەخەن، ئەم یاسایانە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەم ململانێیانەدا قەدەغە ناکەن، هەروەها بە خاوەن سروشتێکی هەڕەمەکی یان ستەمکارانە دانانرێن، یاسای نێودەوڵەتی لەنێو فڕۆکە تەقلیدییەکاندا، ئەوانەی فڕۆکەوانیان هەیە و ئەوانەی بێفڕۆکەوانن یەکسان دەکات و لە خودی خۆشیاندا بە شەرعیی دادەنێت، بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەو واتایە نییە، کە دەوڵەتان شکستیان هێناوە لە پابەندبوون بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییەوە، چونکە پابەندبوون بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆییەوە، بریتییە لە پابەندبوونی شیاوی ڕاستەوخۆی بەو تاکانەوە کە مافی ئەوەیان هەیە بپارێزرێن بە گوێرەی ئەو سیستمە یاساییە، کە شیاوی ئەوە نییە سازشی لەسەر بکرێت لە لایەن ئەو دەوڵەتەوە.

ئەمەش بەو مانایەیە کە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پابەندبوونێک بەسەر دەوڵەتاندا دەسەپێنێت کە تەنیا ڕێزگرتن نییە لەم پەیماننامانە، بەڵکوو گرەنتیی ڕێزلێگرتنیان دەکات، ئەمەش بە یەکەم ماددەی هاوبەشی ڕێککەوتننامەی جنێڤ (٤) ساڵی ١٩٤٩ و پاشکۆی پرۆتۆکۆڵی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ پشتڕاست دەکرێتەوە، کە لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور بۆ ساڵی ٢٠١٦ ماددەی (١)ی ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ بەم شێوەیە دیاری دەکات: ئەو بەرژەوەندییانەی کە لە لایەن ڕێککەوتننامەکانەوە پارێزراون گرنگییەکی بنەڕەتییان هەیە بۆ مرۆڤایەتی، لەو ڕووەوە هەر لایەنێکی باڵای پەیماننامەکە ڕێز لە بەرژەوەندییە یاساییەکە دەگرێت، لە هەرشوێنێک ململانێیەک ڕوو بدات و قوربانییەکان هەرکەسێک بن. بەم شێوەیە، ڕێککەوتنەکان هەموو لایەنەکان پابەند دەکەن، واتە پابەندبوون بەرانبەر بە هەموو لایەنە باڵاکانی دیکەی پەیماننامەکە (بڕگەی ١١٩)، هەروەها لە سەرنجی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور، لەسەر ماددەی یەکەم لە پاشکۆی پرۆتۆکۆڵی یەکەمدا هاتووە: کۆنگرەی دیبلۆماسی بەڕوونی نیشانی دا، کە یاسای مرۆیی پابەندبوون لەسەر هەموو دەوڵەتێک بەرانبەر بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی دروست دەکات، بە سەرنجدان لە گرنگیی مافە پەیوەندیدارەکان، دەشێت ئەوە لە بەرچاو بگیرێت، کە هەموو دەوڵەتێک بەرژەوەندییەکی یاسایی لە پاراستنی ئەو مافانەدا هەیە.

دەقی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی پاراستنی کەسانی مەدەنی و شەڕنەکەر لە بەئامانجگرتن دابین دەکات، مەگەر کاتێک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری لە ئۆپەراسیۆنێکی دوژمنکارانەدا بکەن ماددەی (٥١-٣) پاشکۆی پرۆتۆکۆلی یەکەم و ماددەی (١٣-٣) لە پاشکۆی پرۆتۆکۆلی دووەم، دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە، کە چەمکی ئەو بەشدارییە چییە و چی دەبێت ئەگەر ئامانجی ئەگەریی هێرشەکە بە بەشداریی کردەیی هێرشی چەکداری کرابێت. ئایا ئەو هێرشە دیاریکراوە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە پشتبەستن بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی ڕێک دەخرێت یان نا، ئەوەش پەیوەستە بەوەوە کە ئەو هێرشە دەکەوێتە چوارچێوەی ناکۆکیی چەکدارییەوە یان نا، ئەگەر ئەو هێرشە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نەکەوتە چوارچێوەی ناکۆکیی چەکدارییەوە و بە یاسای نێودەوڵەتی مرۆییش نەکرابێت ئەوا ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، بەردەوام جێبەجێ دەکرێت لە بەڕێوەبردنی بەکارهێنانی هێزی کوشندەدا.

تاقیکردنەوەی هەبوونی ململانێی چەکداری، تاقیکردنەوەیەکی بابەتی و واقیعییە و بەو بۆچوونە کەسییانە دیاری ناکرێت، کە پەیوەندیدارە بە وەسفکردنی لایەنە دیاریکراوەکانی حاڵەتە سەرەکییەکان لە جێبەجێکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییدا، لە بارەی لێدانەکان بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

## کۆتایی

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەرچەندە لە سروشتدا چەکی نایاسایی نییە، بەڵام وا دەکات هێزی کوشندەی سنووربڕ زۆر ئاسانتر بێت بە بەراورد بە پێشتر، هەر بۆیە مەترسییەکی گەورە لەسەر پاراستنی ژیان دروست دەکات، لەم چوارچێوەیەدا ئەو پارادایمە یاساییانەی بۆی بەکار دەهێنرێت، کە جیاوازییەکی زۆریان هەیە. ئەگەر گریمانەکە ئەوە بێت، کە ململانێیەکی چەکداری هەیە و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لەسەر جێبەجێ دەکرێت بەو پێودانگەی کە سیستمی یاسایی باڵکێش و باڵادەست پاساوی هێزە کوشندەکە ئاسانتر دەکات لەوەی ئەگەر چوارچێوەی یاسایی گریمانەیی بۆ یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە بەرچاو بگیرێت، بەو ئیعتیبارەی کە سیستمێکی باڵادەستە، هەروەکوو پێشتر نیشانمان دا، کە بیرۆکەی ململانێی چەکداری جیهانی نانێودەوڵەتی، بیرۆکەیەکی مشتومڕئامێزە و بەتایبەتی لە کاتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداردا، لە هەر حاڵەتێکدا بوونی هەر پێوەرێکی یاسایی بابەتی لەو جۆرە، دەبێت بە ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی هەڵبسەنگێنرێت و ڕێک بخرێت لە کاتی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداردا.

## ئەنجام

١- فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە پێی ڕێساکانی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە نایاسایی دانانرێت، ئەمەش یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دەگرێتەوە، بەو پێیەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل ناکات، بەڵکوو وەک هەر چەکێکی ناهەڕەمەکی و ناستەمکار مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

٢- بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار ڕێگە بە گەیاندنی هێزی کوشندە دەدات لە دوورەوە، چ لە ناوەوە یان دەرەوەی شەڕە چەکدارییەکاندا بە بێ ئەوەی هیچ مەترسییەک بۆ سەر کارپێکەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکە هەبێت، ئەمەش هانی دەوڵەتان و گرووپە چەکدارەکان دەدات بەکاری بهێنن، ئەمەش مەترسیی بەرکەوتنی خەڵکی مەدەنی زیاتر دەکات.

٣- کاتێک هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە چوارچێوەی ململانێی چەکداری نێودەوڵەتی یان نانێودەوڵەتیدا ڕوو بدات (پرسێکی واقیعییە کە بە پێوەرە یاساییە بابەتییەکان حوکمی لە بارەوە دەدرێت) ئەوا بە هەردوو یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و یاسای نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ حوکمی لە بارەوە دەدرێت.

**سەرچاوە: گۆڤاری زانکۆی عێراقیە**

# ڕێنمایی بۆ پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئێران و چالاکییە پەیوەندیدارەکانی

نووسینی: نووسینگەی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ڕێگری لە بڵاوبوونەوە
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

وەدەستخستن و پەرسەندن و بڵاوکردنەوەی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ی ئێرانی دەبێتە هۆی زیادبوونی هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، وەزارەتی بازرگانی و وەزارەتی داد و وەزارەتی دەرەوە هەروەها وەزارەتی گەنجینە، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی ڕێنماییەک بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک و کۆمپانیا جیهانییەکان سەبارەت بە هەڕەشە و چالاکییە پەیوەندیدارەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران، هەروەها پێویستە هەنگاوی گونجاو و جیددی بنرێت بۆ نەهێشتن یاخود ڕێگریکردنی هەر چالاکییەک، کە پاڵپشتی لە بەرەوپێشبردنی زیاتری بەرنامەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی دەکات.

ئەمریکا پابەندە بە بەرپەرچدانەوەی بەرنامەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی، لەوانەش لە ڕێگای ڕێگریکردن لە خراپبەکارهێنانی سیستەمی دارایی ئەمریکا و ڕێگریکردن لە بەدەستهێنانی پارچەی سەرچاوە بیانییەکان. پێویستە کۆمپانیا پیشەسازییە تایبەتەکان ئاگادار بن لە ئەرک و پابەندبوونە یاساییەکان لە بەرانبەر ئەو قەوارە و بابەتانەی کە بەشدارن لە هەوڵی بەدەستهێنان، بە لەبەرچاوگرتنی توانای کارپێکەری کۆنترۆڵی هەناردەکردن و سزاکانی ئەمریکا، مەبەست لەم ڕێنماییە سەرنج خستنەسەر وردی و کارایی یاساکانە، پێکهاتەی پەسەندکردن و هەروەها کۆنترۆڵە ناوخۆییەکان کە تایبەتن بە چالاکییەکانی پەیوەست بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێران بۆ جەختکردنەوە لە پابەندبوون لەگەڵ هەلومەرجە جێبەجێکراوەکان لە سەرانسەری زنجیرەی

ئامادەکردندا، هەروەها مەبەست لەم ڕێنماییە بریتییە لە یارمەتیدان لە ڕێگریکردنی کۆمپانیاکان لە بەشداریکردنیان لە بەرنامەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی، ئەمەش لە ڕێگای گواستنەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ دابینکەرانی وڵاتی سێیەم، کە ڕەنگە ببێتە دروستکردنی هەڕەشەیەکی گەورەتر بۆ بەرژەوەندیی ئەمنیی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و هەروەها هاوپەیمانان و هاوبەشانی ئەمریکا.

**مەترسیەکە:**

بەدەستهێنان و پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی دەبێتە هۆی نائارامی بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەرەوە، لە ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا، ئێران دەستی کرد بە زیادکردنی ژمارەی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار و بێچەکدار بە کەمترین تێچوو و ساکاری لە بەرهەمێناندا، ئاسان لە بەکارهێنانیدا ئەمەش وای کردووە ببێتە مایەی سەرنج بۆ ئەو قەوارە و وڵاتانەی، کە ڕەنگە ئێران مەبەستی بێت بیگوازێتەوە بۆیان، بەڵام مەرج نییە پابەند بێت پێیانەوە:

ڕووسیا: بە لایەنی کەمەوە تا کۆتایەکانی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٢ ، ئێران دەستی کرد بە گواستنەوەی سەدان فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی لە زنجیرەکانی جۆری شەهد و مۆهاجری بۆ ڕووسیا. مۆسکۆ ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار هێنا لە ماوەی پەلاماردان لە جەنگی دڕندانەی دژ بە ئۆکرانیا بۆ لێدان لە ژێرخانە گرنگەکانیان. لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢، ئەمریکا چووە پاڵ وڵاتانی بەریتانیا و فەڕەنسا بە بەرزکردنەوەی نیگەرانی و نارەزایەتییەکانیان دەربارەی ئەو گواستنەوانە لە ئێرانەوە بە سەرپێچی لە بڕیارنامەی ژمارە ٢٢٣١ ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. لەو کاتەوە، ئەمریکا بە بەردەوامی کاری کردووە بۆ ئاشکراکردن و تێکدانی هاوبەشی سەربازیی نێوان ئێران و ڕووسیا، ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ چالاککردنی جەنگ و پەلامارداني ڕووسیا دژ بە ئۆکرانیا. هەروەها یەکێتیی ئەورووپا و بەریتانیا دەستیان کرد بە سەپاندنی سزا بەسەر ئەو کەس و قەوارە ئێرانییانەی، کە تێوە گلاون لە پێشکەشکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بۆ ڕووسیا.

حوسییەکان: ئێران بەردەوامە لە چالاکییە ناسەقامگیریەکانی لە وڵاتی یەمەن، لەوانەش بە ناردنی کەلوپەلی نایاسایی وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و چەکی دیکە بۆ حوسییەکان، کە بەکاریان هێناوە بۆ کردنی هێرش و پەلامار لە ناوخۆیی یەمەن هەوەها وڵاتانی دراوسێ وەک عەرەبستانی سعوودیە و ویلایەتی یەکگرتووی ئیمارات.

دامەزراوەی بەرهەمهێنانی دەرەکی: ڕاپۆرتەکان باس لەوەش دەکەن، کە ئێران پێشنیاری دابینکردنی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆ وڵاتانی

ڕووسیا و تاجکستان کردووە. لەگەڵ ئەم هەوڵانەدا، ڕەنگە تاران بەدوای هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی بدات، بە بەرزکردنەوەی قازانجی کەرتی هەناردەکردن، هەروەها ئاڵۆزکردنی هەوڵەکانی بۆ فشارخستنەسەر چالاکییەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ڕێگای کۆنترۆڵی هەناردەکردن و ڕێوشوێنەکانی تر.

**بڕگە سەرەکییەکان:**


ئێران پشت دەبەستێت بە بەدەستهێنانی پێکهاتەی بیانی، کە لەتوانایدا نییە، لە نێوخۆی وڵاتەکەیدان بەرهەمی بهێنێت، زۆرجار خواستی لەسەر تەکنەلۆژیای ڕەسەنی ئەمریکی هەیە، ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئێرانییانەی، کە لە لایەن هێزەکانی ڕووسیاوە لە جەنگی ئۆکرانیا ئەوە دەر دەخەن، کە بەرنامەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانە ئێرانییەکان چەندین پێکهاتەی تێدا بەکار هێنراوە، کە لە لایەن وڵاتانی سێیەمەوە بەرهەم هێنراوە و بۆی دابین کراوە. کۆمپانیا پیشەسازییەکان پێویستە ملکەچی ئەو پێبەندبوونانە بێت لە بەرانبەر ئەو هەڕەشەیەی، کە لە لایەن تۆڕە بەرفراوانەکانی دەرەکی لە دەڵاڵەکانی بەدەستهێنان و کۆمپانیا ڕووکەشەکان، دابینکەران، نێوەندەکان کە ئێران بەکاری دەهێنێت بۆ بەدەستخستنی پێکهاتەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی، کە هەموو ئەوانە چەندین ڕێچکەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن بۆ خۆلادان لە کۆنترۆڵی هەناردەکردن و سزادان. کۆمپانیا پیشەسازییەکان پێویستە زۆرتر هۆشیار و ئاگادار بن لە بەکارهێنانی سروشتی زۆرێک لەو بابەت و شتومەکانەی، کە لە هەموو جێیەکدا هەیە، لەبەر ئەوەی ئێران پێکهاتەی ئاستی بازرگانی بەکار دەهێنێت لە چەکەکانیدا.

ئەم لیستەی دواتر سەرنج دەخاتە سەر ئەو کەلوپەلە سەرەکییانەی، کە ئێران بۆ گەشەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەدوایدا دەگەڕێت.

ئەلیکترۆنیاتەکان وەک مۆدیولەکانی نێرەر و وەرگر (ڕادیۆ)، پرۆسێسەر و کۆنترۆڵکەر، بیرگە، ئامێری بەهێزکەری دەنگ و سووڕە یەکخراوەکانی تری ئەلیکترۆنی. لە هەمووشی گرنگتر ئێران پشت دەبەستێت بە هەندێک لە کەلوپەلی مارکەی ئەمریکی وەک ڕیزبەندی دەروازەی بەرنامەبۆدارێژراوی مەیدانی، لەوانەش (هاردوێرێکە دەتوانرێت ڕێک بخرێت و ڕێك بخرێتەوە بە بەردەوامی بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت )FPGA، ئامێری وەرگری فریکوێنسی ڕادیۆیی و پاشان گواستنەوە و گۆڕینی سیگناڵەکەی RF، مایکرۆکۆنترۆڵەر و هەروەها بارگەگر)، هەندێک لەم پارچانە تەکنەلۆژیای نزمن، کە ڕەنگە لە لیستی کۆنترۆڵی بازرگانی (ccl)ی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردندا ERA (EAR، ١٥ C.F.R. بەشی ٧٣٠-٧٧٤) دا نەبن واتا بە کاڵای جۆری ERA٩٩ دیاری کرابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە کۆنترۆڵ کرابێت بۆ هەناردەکردنی بۆ وڵاتی ئێران بە پێی سزاکان و کۆنترۆلی هەناردەکردنی ئەمریکا.

کەرەستەکانی وەک ڕێبەرایەتیکردن و ئامێری گەڕان و ڕێنیشاندەری و ئامێری کۆنترۆڵ وەک خێرایی پێوەر، کە ئەمانیش لەگەڵ دیزاینی سیستەمەکان دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵە، ژیرۆسکۆپ کە دەزگایەکە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی و لەنگەری فڕۆکە، یەکەی پێوانی نەگۆڕ ئامێرێکی ئەلیکترۆنییە کە هێزی دیاریکراوی تەنێک بە ڕێژەی گۆشەیی و هەندێک جار ئاڕاستەی تەنەکە دەپێوێت IMUS، لەگەڵ هەستەوەرەکانی تری گەڕان.

هەروەهاپارچەکانی وەک گرگرتنی پریشکی فڕۆکە، هەروەها بزوێنەری سووتانی ناوەکیی بزوێنەری پستۆنی ناوەکی لەگەڵ پارچەی هاوەڵی یەدەگ و مۆدولەکانی وەک کۆمپیتەری فڕین، کە ئامێرێکە بۆ حیسابکردنی سووتەمەنی و ڕاستکردنەوەی با، هەروەها بۆ نوێکردنەوەی کاتی گەیشتنی خەمڵێنراو بەکار دەهێنرێت.




شێوەی ١- فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئێرانی هەڵگیراوە کە ئەو پێکهاتانە لە خۆدەگرێت کە پۆلێنکراوە بە پێی کۆدەکانی خشتەی ڕێکخراوی باجی گومرگ لە ژمارە ٧ تا ١٥.

هەناردەکاران و بەرهەمهێنەران و بڵاوکەرەوان یاخود دابەشکەرانی ئەو کاڵایانەی لەسەرەوە باس کراوە، پێویستە ئاگاداری تەواوی کڕیارەکانیان بن بە شێوەیەک، کە بگونجێت لەگەڵ ڕێنماییەکان و نیشانە مەترسیدارەکانی نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش BIS لە ژێر ناوی "کڕیارەکەت بناسە"، هەروەها بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو کەسانەی، کە کاڵاکان دەفرۆشن لەگەڵ ئەوانەی کە دەیگوازنەوە.

نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش داوا لەو بەرهەمهێنەرانە دەکەن، کە کەلوپەلی پەیوەندیدار بە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان دابین دەکەن، بە دانانی چەندین شێواز بۆ شوێنکەوتنی ئەو کاڵایانە بە هۆی ئەو ڕێگا بەرچاوانەی بەکارهێنەرەکان دەیگرنە بەر بۆ شاردنەوەی سەرچاوەی پێکهاتەکانی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێرانی بەکاری دەهێنێت، وەک سڕینەوەی ژمارەی سیریاڵ و زانیاری ناسینەوانەی دیکە.

**کۆنتڕۆڵی هەناردەکرنی ئەمریکا:**

ئەمریکا بۆ ماوەیەکی زۆرە بە هۆی زنجیرەیەک لە کۆنتڕۆڵکردن هەناردەکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و کەلوپەلە پەیوەندیدارەکانی ڕێک خستووە، ئەوانەش بریتین لە داواکارییەکانی بۆ مۆڵەتدان بۆ ئەو بابەتانەی، کە لە لیستی چەک و تەقەمەنی ئەمریکادا هاتوون، وەک ئەوەی خراوەتە ڕوو لە یاساکانی بازرگانی نێودەوڵەتی چەک لەگەڵ ئەو بابەت و کاڵایانەی، کە لە لیستی کۆنتڕۆڵی بازرگانیدا هاتوون.

هەروەها ئەمریکا دەتوانێت دەست بگرێت بەسەر کۆنتڕۆڵکردنی هەموو ئەو بابەتانەی کە دەکرێت یارمەتیدەر بن لە هەندێک سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، تەنانەت ئەگەر لە لیستی کۆنتڕۆڵی بازرگانیشدا باس نەکرابێت. لەگەڵ هەبوونی ئەو کۆنتڕۆڵانەی کە لە پێشتردا، نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش چەندین یاسای تری بڵاو کردەوە بۆ بەئامانجکردنی ئێران بە پێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بۆ ڕووسیا و هەروەها بەهێزکردنی بنکەی پیشەسازیی بەرگریی ڕووسیا لەگەڵ هەوڵە سەربازییەکانی دژ بە ئۆکراینا. لە ٢٤ ی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣ دا نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش دەستی کرد بە هەمووارکردنەوەی ژمارە ٥ی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن ((١٥ CFR ٧٤٦,٧ بە زیادکردنی داواکارییەکانی مۆڵەتدان، لەسەر هەندێک کاڵای ERA٩٩ کە چارەنووسی ئێرانە، بەبێ گرینگیدان بەوەی کە ئەگەر ئەو مامەڵەیە لە ئەمریکاوە سەرچاوەی گرتبێت یان ئەگەر لایەنێکی ئەمریکی تێیدا بەشدار بێت. هەروەها لە هەمان یاسادا نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش لیستێکی نوێی دانا، کە تەواوکەری ژمارە ٧ی بەشی ٧٤٦ە، بۆ ناسینەوەی کاڵای ERA٩٩، کە لەوانەش هەندێک بزوێنەر و ئامێری ڕێنیشاندەر و ئەلیکترۆنییە بە ڕێگای خشتەی ڕێکخراوی باجی گومرگ HTS، ژمارە ٦ ی کۆدی ٧، هەروەها سەپاندنی داواکاریی مۆڵەت بەسەر هەندێک لە کاڵای بەرهەمی بیانی، کە ئەم وەسفانەی تێدا بوو. لە ١٩ی ئابی ٢٠٢٣دا دووبارە نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش دەستی کرد بە هەمووارکردنەوەی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن، بە زیادکردنی پێکهاتەی ئەلیکترۆنیی زیاتر بە تەواوکەری ژمارە ٧ی بەشی ٧٤٦ی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن.

نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش دەستی کرد بە دانانی یاسایەکی نوێی بەرهەمی ڕاستەوخۆی بیانی (FDP) ئەویش ئەو یاسایەیە، کە باس لە کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی شتومەکی بەرهەمهێنراوی بیانی دەکات، کە بە تەکنەلۆژیای ئەمریکی دروست کراون، تایبەت بە ئێران بۆ ئەو بابەتانەی کە لە هەندێک پۆلێنی لیستی کۆنترۆڵی بازرگانیدایە، کە ئەلکترۆنیات و کۆمپیتەر و پەیوەندییەکان و زانیاریی ئەمنی لەگەڵ ڕێنیشاندەر و تەکنەلۆژیا و ئامێری ئەلیکترۆنی فڕین، لەگەڵ بابەتەکانی ERA٩٩ دەگرێتەوە لە تەواوکەری ژمارە ٧ ی بەشی ٧٤٦ دەستنیشان کراون. لە ئەنجامی دانانی ئەم یاسا نوێیەی بەرهەمی ڕاستەوخۆی بیانی، هەناردەکاران پێویستیان بە مۆڵەتی حکومەتی ئەمریکایە بۆ گواستنەوەی کاڵاکانیان کە لە دەرەوەی ئەمریکا بەرهەم هێنراون، لەگەڵ هەندێک لە تەکنەلۆژیای ئەمریکی و سۆفتێر یان کەرەستەی بەرهمهێنان، کە هەناردە دەکرێن بەرەو ئێران یاخود بەکارهێنانیان لە هەندێک ئامێری تایبەتدا، کە دواتر بەرەو ئێران بگوازرێتەوە تەنانەت ئەگەر بێت و ئەو کەرەستانە بە هیچ شێوەیەک لە ئەمریکاوە هەناردە نەکرابێت، یان لە لایەن هیچ لایەنێکی ئەمریکی لەم مامەڵەیە بەشدار نەبووبێت. هەروەها نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش، دەستی کرد بە فراوانکردنی یاسای بەرهەمی ڕاستوخۆی بیانی بۆ وڵاتەکانی ڕووسیا و بێلارووسیا، بۆ کاڵا و بابەتەکانی ERA٩٩ بۆ تەواوکاریی یاسای ژمارە ٧.١٠.

لەگەڵ ئەوەشدا هەستا بە زیادکردنی چەندین لایەن و قەوارەی تر بۆ ناوی لیستەکەی بە هۆکاری ئەوەی، کە تێوەگلاون لە بەشداریکردنیان لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان یاخود گواستنەوەی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ئێرانەوە بۆ ڕووسیا، دیارترینیشیان لە ١١ ی مانگی شوبات و ١٧ مانگی ئازاری ٢٠٢٣دا بووە. لە ئەنجامی ئەم کارانەدا مۆڵەتی نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش پێویستە بۆ هەناردەکردن و دووبارە هەناردەکردنەوە، یاخود گواستنەوە لە ناو وڵاتەکەدا، بۆ هەرکاڵایەک کە لەژێر لیستی EAR دا بێت کاتێک لایەن و قەوارەکە لە ناوی لیستەکەیدا بێت و لایەنێک بێت لە مامەڵەکاندا.

ئەم نووسینگەیە سیاسەتی دانپیانانی هەموو ئەو داواکاری مۆڵەتانەی ڕەت کردەوە، جگە لەوەش نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش لەگەڵ تۆڕی جێبەجێکردنی تاوانی دارایی FINCEN ڕێنماییان بڵاو کردوە بۆ دامەزراوە داراییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی سیستمی دارایی بۆ بە خۆدزینەوە لە ڕێکارەکانی هەناردەکردن.

وێنەی ٢ تەواوکەری ژمارە ٧ ی کۆدی ٦ ی خشتەی ڕێکخراوی باجی گومرگ

| خشتەی ڕێکخراوی باجی گومرگ کۆدی ٦ | وەسفکردنی کۆدەکانی خشتەی ڕێکخراوی باجی گومرگ |
|---|---|
| 840710 | پلاکی سووتاندنی بەرامبەر یەکتر و بستۆنی خولانەوەی ناوەکی. |
| 840890 | بزوێنەری بستۆن سووتاندنی ناوەکی لە ڕێگای پەستانەوە ( بزوێنەری گاز یان نیمچە گازی) |
| 840910 | بەشەکانی پلاکی سووتاندن یان بزوێنەری سووتاندنی ناوەکیی پەستان یان بزوێنەری سووتاندنی ناوەکی بە پەستانی فرۆکە |
| 847150 | بەشەکانی پرۆسێسکردن جگە لە یەکە لاوەکییەکانی ٨٤٧١.٤١ و ٨٤٧١.٤٩ لە یەکێک لەو دوو جێگایەدا بێت یان نا . یەکەکانی هاتنە ژوورەوە یەکەکانی هەڵگرتن ، یەکەکانی دەرچوون. |
| 851762 | کارپێکەرە سەرەتاییەکان، گۆڕین و گواستنەوە و دووبارە دروستکردنەوەی دەنگەکان و وێنەکان یان دەیتاکانی تر لەو انەش ئامێری سویچەکان و ئامێری خولانەوەکان. |
| 852691 | ئامێری شوێنهەڵگری ڕادیۆی. |
| 853221 | بیرگەکانی تانتالەم. |
| 853224 | بیرگەی جێگیرکراویNESO، چەند چینێکی نەگەیەنەر و جیاکەرەوە. |
| 854231 | پرۆسێسەرەکان و کۆنترۆڵەکان ، یان لەگەل بیرگەکاندا لێکدراون لەگەڵ بیرگەکاندا، گۆڕەڕەکاندا، بلۆجیکییە بازناییەکان، ئامێرە گەورەکەرەکان، کاتژمێر و کاتی بازنەیی یان بازنەکانی دیکە. |
| 854232 | بیرگەکان |
| 854233 | ئامێری بەهێزکەری دەنگ |
| 854239 | سوورە یەکخراوەکانی ئەلیکترۆنی دیکە |
| 854800 | بەشە کارەباییەکانی ئامێرەکانNESOI |

## سزاکانی ئەمریکا:

ئەمریکا لە ڕێگای نووسینگەی کۆنترۆڵکردنی سامانە بیانییەکانی وەزارەتی گەنجینە OFAC، دەستی کرد بە جێبەجێ کردن و بەڕێوەبردنی گەمارۆی گشتگیر و هەمەلایەنە لە بەرامبەر ئێران هەروەک لە مامەڵە و ڕێساکانی سزای ئێراندا هاتووە لە یاسای ژمارە ٣١ ی C.F.R بەشی ٥٦٠ ی ITSRهاتووە، هەروەک یاسای مامەڵە و ڕێساکانی سازای ئێراندا هاتووە زۆربەی مامەڵە دارایی و بازرگانییە ڕاستەوخۆ و یان ناڕاستەوخۆکان قەدەغە دەکات، لەگەڵ خەڵکی ئەمریکا یان لەناو ئەمریکادا، مەگەر لە لایەن نووسینگەی کۆنترۆڵکردنی سامانەکانی بیانییەوە ڕێگەپێدراو بێت یاخود یاسا ڕێگەی پێ دابێت. جگە لەوەش بە پێی یاسای مامەڵە و ڕێساکانی سزای ئێران، کەس و لایەنی ئەمریکی بە شێوەیەکی گشتی قەدەغەکراوە، کە بەشدار بن لە هەرجۆرە مامەڵەیەک یاخود بازرگانییەک بکەن، کە حکومەتی ئێران یان دامەزراوەیەکی بازرگانیی ئێران تێدا بەشدار بێت هەروەها ناچارن ئەو خاسیەتە یاخود بەرژەوەندییان لەو خاسیەتەدا ڕێگری لێ بکەن، ئەگەر ئەو تاکە خاوەنی موڵکێک بێت لە ئەمریکادا، مەگەر ئەو مامەڵەیە لە لایەن نووسینگەی کۆنترۆڵکردنی سامانەکانی بیانییەوە ڕێگەپێدراو بێت یاخود یاسا ڕێگەی پێ دابێت.

لەژێر یاسای مامەڵە و ڕێساکانی سزای ئێراندا، کەس و لایەنی غەیر ئەمریکی قەدەغە کراون بە دووبارە هەناردەکردنەوەی هەر کاڵایەک و تەکنەلۆژیایەک یاخود هەرخزمەتگوزاریەک لە وڵاتانی سێیەمەوە بکرێت، کە خۆی لە ئەمریکاوە هەناردە کرابێت بۆی. ١. ئەگەر دووبارە هەناردەکردنەوەکە بە هۆکار یاخود ئاگادارکردنەوە کرابێت بەتایبەت بۆ ئێران یان حکومەتی ئێران، هەروەها ٢. هەروەها ئەگەر کاڵاکە لەژێر یاسا و مۆڵەتی داواکارییەکانی ئەمریکادا بێت، ئەوا ئەم قەدەغەکردنە جێبەجێ دەکرێت بۆ هەر دووبارە هاوردەکردنەوەیەک، لە لایەن غەوارە بیانییەکانەوە. ئەگەر کاڵایەکی ئەمریکی نەبێت، بەڵام لە سەدا ١٠ی یان زیاتری نرخی پێکهاتەکەی لەژێر کۆنترۆڵی ئەمریکادا بێت. کەس و لایەنی غەیر ئەمریکی ڕەنگە سەرپێچی بکەن لە یاسای مامەڵە و سزاکانی ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە هەناردەکردنی خزمەتگوزاری لە ئەمریکاوە، یاخود ببنە هۆی ئەوەی کەسانی تر سزاکانی ئەمریکا دژی ئێران پێشێل بکەن، بۆ نموونە لایەنێک و کەسێکی غەیر ئەمریکی کە مامەڵە بکات بە دۆلاری ئەمریکی لە ڕێگای دامەزراوەیەکی دارایی ئەمریکییەوە، کە پەیوەندیی بە کاڵا و فرۆشتن و گەیاندن یان خزمەتگوزاریەکی بێمۆڵەتەوە بکات بۆ ئێران، یاخود حکومەتی ئێران ئەوا تووشی ڕێوشوێنی یاسایی دەبێتەوە لە لایەن نووسینگەی کۆنترۆڵکردنی سامانی بیانییەوە OFAC، تەنانەت ئەگەر ئەم مامەڵەیە بەتەواوی لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بێت.

جگە لەوەش هەرلایەنێک کە پاڵپشتی ماددی دابین بکات بۆ  ئەو کەس و لایەنانەی، کە لە لیستی بلۆککراوی ئەمریکادان، کە بە لیستی SDN ناسراوە ئاوا دەکرێت سزا بدرێن یاخود ناویان زیاد بکرێن بۆ لیستەکە. لەگەڵ ئەوەشدا هەر دامەزراوەیەکی دارایی بیانی، کە بە شێوەیەکی ئەنقەست یاخود ئاسانکردنی مامەڵە داراییە گرنگەکان لە بەرژەوەندیی یاخود لە بری کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراو دەکرێت دووچاری سزا ببێتەوە، یاخود بچێتە لیستی بلۆککراوانەوە یاخود سنووردارکردنیان و لە لەدەستدانی دەستپێڕاگەیشتن  بە سیستمی دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەخۆ بگرێت.

سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا دەستی کرد بە دەستنیشانکردنی چەندین سزای تر، لەوانەش فەرمانی جێبەجێکردن E.O ژمارە ١٣٣٨٢ و ١٤٠٢٤دا، کە ئەوەش ئەو فەرمانەیە، کە ڕاستەوخۆ سەرۆکی ئەمریکا دەری دەکات و ڕاستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت و ناتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە. ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی ئێرانی و دامەزراوەی ئێرانی بەشدارن لە بەدەستهێنان و دابینکردن و بڵاوکردنەوەی سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا، هەروەها قەوارەی وڵاتی سێیەم، کە (ڕووسیا - چین - تورکیا) لەخۆ دەگرێت بەشدار بوون لە دابینکردنی پارچە و پێکهاتەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان  یاخود وەرگرتنی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان لە ئێران. لە ماوەی ١٢ مانگی ڕابردوودا، ئەمریکا دەستی کردووە بە دەستنیشانکردنی ئەو لایەنانەی، کە بەشدارییان کردووە لە چالاکییەکانی پەیوەست بە پەرەپێدان و وەدەستخستن و بڵاوکردنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پێکهاتەکانی فڕۆکەکان لە:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم لایەن و قەوارانەی دەستنیشان کردووە ئەوانیش بریتین: بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان: فڕۆکەوانی قودس، فڕۆکەوانی شەهید، کۆمپانیای پاراڤار پارس، دیزاین و دروستکردنی بزوێنەری (DAMA)، کۆمپانیای بەهارستان کیش، سەنتەری توێژینەوەی پیشەسازیی فڕۆکەوانی شەهید (SAIRC).

پێکهاتەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان: ئەمریکا دەستی کرد بە دەستنیشانکردنی  سەنتەری توێژینەوەی تەکنەلۆژیای بەرگری و زانستی (DTSRC) ، ئەندازیاری پیشەسازیی فەرازان و کۆمپانیای سێلین تەکنیکی دیاری کردووە.

**بڵاوکردنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان:** خزمەتگوزاریی فڕۆکەخانەی سەفیرانی دەستنیشان کردووە.

**لیستی کەلوپەلە بەئامانجکراوەکان لە ژمارەیەک لە دەسەڵاتەکانی سزادان.**

ویلایەتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتوەکان UN دەستیان کردووە، بە دانانی چەندین یاسای سزادان، کە تێیدا باس لە بەدەستهێنان و بڵاوکردنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکات. هەروەها لە ڕووی پێکهاتە و تەکنەلۆژیا و کەرەستە پەیوەندیدارەکانی فڕۆکەکان، بۆ ئێران یاخود لە ئێرانەوە. پێویستە کۆمپانیا پیشەسازییەکان ئاگاداری ئەم لیستە تەواونەکراوەی کاڵا بەئامانجکراوەکان بێت، کە لە هەندێک دەسەڵاتی پابەندبوون و ڕێژەیی ئەگەری هەیە جێبەجێ بکرێت.

یاسای بڵاونەکردنەوەی چەک لە ئێران و کۆریای باکوور و سووریا INKSNA، پێویستی بە ڕاپۆرت هەیە بۆ کۆنگرێس بە شێوەیەکی تەواو لەسەر هەر غەوارەیەکی بیانی، کە زانیاریی بڕواپێکراوی هەبێت، کە ئاماژە بەوە بکات، کە غەوارەیەکی بیانی دەستی کردبێت بە گواستنەوەی هەندێک بابەت و کەرەستە بۆ هەریەک لە وڵاتەکانی ئێران و کۆریای باکوور و سووریا. ( کە زۆربەی ئەو کەرەستە و بابەتانە لە لایەن سیستمی کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆژیای مووشەک MCTR و ڕژێمە فرەلایەنەکانی ترەوە کۆنترۆڵ کراون بۆ هەناردەکردن.

هەروەها یاسای INKSNA دەسەڵات بە سەپاندنی سزا دەدات بەسەر ئەو لایەنانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە. سزاکانیش بریتین لە قەدەغەکردنی بەدەستهێنانی کاڵا لە حکومەتی ئەمەریکا، قەدەغەکردنی هاوکاریی حکومەتی ئەمەریکا، قەدەغەکردنی هاوردەکردن و هەناردەکردن یان دووبارە هەناردەکردنەوەی کەلوپەل و تەقەمەنی بۆ قەوارە سزادراوەکان.

ماددەی ٧٣ی یاسای کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردنی چەک و ماددەی b(١١B)(١) لە یاسای بەڕێوەبردنی هەناردەکردنی ١٩٧٩، دەسەڵات بە سەپاندنی سزا لە بەرامبەر ئەو غەوارە بیانییانە دیاری کراون، کە بە مەبەست هەوڵی گواستنەوەی ئەو کاڵا و بابەتانە دەدەن، کە بەشدارن لە کڕین و دیزاین و گەشەپێدان و بەرهەمهێنانی مووشەک لە وڵاتە نائەندامەکانی سیستمی کۆنترۆڵکردنی تەکنەلۆژیای مووشەک. ئەم دەسەڵاتانەش دەست دەکەن بە دیاریکردنی دەرئەنجامی جیاواز لەسەر بنەمای سروشتی کاڵا گواستراوەکان، بەڵام ئەگەری هەیە نکۆڵی لێ بکرێت لە ڕێککەوتننامەکانی حکومەتی ئەمریکا و مۆڵەتی هەناردەکردن یاخود قەدەغەکردنی هاوردەکردن.

E.O. ی ژمارە ١٢٩٣٨ ڕێگە دەدات بۆ سزادانی هەر غەوارەیەکی بیانی، کە دەستی کردووە بە بەشداریکردن یاخود هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لەو چالاکییانەی، کە بە شێوەیەکی ماددی بەشداریان کردووە، یاخود مەترسیی بەشداریکردنی ماددییان هەبووە لەسەر بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژی یان ئامرازی گەیاندن، کە مەبەست لێی مووشەک و سیستمی بێفڕۆکەوانی ترە، کە توانای گەیاندنی چەکی ئەتۆمی و

کیمیایی و بایۆلۆژییان هەیە، کە بەتایبەتی بۆ گەیاندنی ئەو چەکانە دارێژراون.

E.O ژمارە ١٣٣٨٢ ڕێگە بە سزای دارایی یاخود ماددی دەدات بەسەر هەر غەوارەیەکی بیانیدا، کە بە بەشداریکرن یاخود هەوڵی بەشداریکردن لە هەرچالاکییەک یاخود گواستنەوەیەک لە ڕووی ماددییەوە، یان مەترسیی دروست بکەن بە بەشداریکردن لە ڕووی ماددییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژی یان ئامرازی گواستنەوە (کە ئەو مووشەکانە لەخۆ دەگرێت کە توانای گواستنەوەی ئەو چەکانەی هەیە) لە لایەن غەوارە یان وڵاتی بیانیەوە. هەروەها E.O هەستا بە دابین دەسەڵاتی بڕیار دانی بلۆک کردنی هەر غەوارەیەکی بیانی کە بڕیاریان داوە یارمەتیی دارایی یان ماددی یان کاڵا یان پشتیوانییان پێشکەش کردبێت یان خاوەندارێتی یاخود کۆنترۆڵ بکرێن لە لایەن هەرقەوارەیەکەوە، کە پێشتر لە لایەن E.Oـەوە بلۆک کرابێت.

E.O ی ژمارەی ١٣٩٤٩ ڕێگە بە سزای ماددی دەدات بەسەر هەرلایەنێکدا، کە بەشدارییان کردووە لە چالاکییەکان کە بەشدارییەکی ماددییان هەیە لە گواستنەوە چەک و کەلوپەلی پەیوەندیدار بۆ ناو ئێران یان لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە، هەروەها ئەو لایەنانەی کە بەشدار بوون یان مەترسیی بەشداریکردنی ماددییان لەسەرە، لە بڵاو کردنەوەی چەک یاخود کەلوپەلی پەیوەندیدار لە حکومەتی ئێران یان ڕێکخراوە نیمچە سەربازییەکانەوە، کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێن. هەروەها سزا بەسەر ئەو لایەنانە دەسەپێنێت، کە کار دەکەن لە بری ئەو کەسانە یاخود بە ناوی ئەو کەسانەی، کە بلۆک کراون لە لایەن E.O ەوە.

یاسای ئازادیی ئێران و قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژی داوای سەپاندنی سزا بۆ سەر ئەو لایەنانە دەکات، کە بەشدار بوون لە فرۆشتن و دابینکردن و گواستنەوەی کانزای بەنرخ یاخود هەندێک لە کانزای تر گرافیت و خەڵووز و پرۆگرامی پیشەسازی بۆ ئێران یا لە ئێرانەوە، یان خزمەتگوزارییە نووسراوەکان پێشکەشی دەکات، بیمە، یان دووبارە بیمە بۆ چالاکی و ئەو لایەنانەی کە لە لایەن سزاکانی ئەمریکاوە کراونەتە ئامانج لە بەرانبەر ئێران و مامەڵەی دارایی بە ناوی کەس و لایەنە سزادراوەکانی ئێرانەوە.

یاسای بەرپەرچدانەوەی دوژمنەکانی ئەمریکا لە ڕێگای سازاکانەوە (CAATSA)، بەشی ١٠٧ ڕێ بە سزادان دەدات لە بەرانبەر هەر کەس و لایەنێک کە بە مەبەست بەشدار بن لە هەرچالاکییەک لە ڕووی ماددییەوە، یان بەشداریکردن لە دابینکردن، فرۆشتن یان گواستنەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بۆ ئێران یان لە ئێرانەوە. یان بۆ بەکارهێنان یان سوودوەرگرتن لە ئێران، هەر تانکێکی جەنگی، ئۆتۆمبێلی جەنگی زرێپۆش، سیستمی تۆپخانەی گوللەخۆری قەبارە گەورە، فڕۆکەی جەنگی،

هێلیکۆپتەری هێرشکەر، کەشتی جەنگی، مووشەک یان سیستمی مووشەکی، کە پێناسە کراوە بۆ مەبەستی تۆماری چەکی ئاسایی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان کەلوپەلی پەیوەندیدار هەروەها بە پارچە یەدەگەکانیش لەخۆ دەگرێت.

یاخود بە مەبەستەوە دەست بکەن بە دابینکردنی هەر تانکێکی پەیوەندیدار بە ڕاهێنان بۆ ئێران، یاخود لە سەرچاوەی دارایی و خزمەتگوزارییەوە یاخود پێشنیارکردن یان هەر جۆرێکی دیکەی یارمەتی. هەروەها بە دابینکردنی فڕۆکەی جەنگی کە لە نەتەوەیەکگرتووەکان کە ناسێنراوە بە فڕۆکەی باڵی جێگیر یاخود بە فڕۆکەی جەنگی ئەندازەیی گۆڕاوەی چەکدار، کە ئامادە کراون بۆ هێرشکردنە سەر ئامانجەکان بە بەکارهێنانی مووشەکی ئاڕاستەکراو، یاخود مووشەکی ئاڕاستەنەکراو، بۆمپ، چەک، تۆپی جەنگی، یاخود هەر چەکێکی وێرانکاری دیکە" کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداریش لەخۆ دەگرێت.

بە بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٢٢٣١ ، دەست دەکات بە قەدەغەکردنی فرۆشتن و دابینکردن و گواستنەوە بۆ ئێران یان لە ئێرانەوە (لە نەبوونی مۆڵەتی پێشوەختەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر بنەمای کەیس بە کەیس) بۆ ئەو کەلوپەلانەی کە کۆنترۆڵ کراوە لە لایەن ڕژێمی تەکنەلۆژیای مووشەکەوە، کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی زنجیرەی مووشەکی شەهد و مەهاجیر لەخۆ دەگرێت.  هەروەها بڕیارەکانی بڕیارنامەی ژمارە ٢٢٣١ چالاکییەکانی مووشەک دەگرێتەوە، هەتا ١٨ مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ جێبەجێ دەکرێت.

دەتوانرێت زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەم دەسەڵاتانە لە ماڵپەری وەزارەتی کاروباری دەوڵەت، وەزارەتی خەزێنە یان ماڵپەڕەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدۆزرێتەوە. بە پشتبەستن بە وردەکارییەکانی مامەڵەکە، دەسەڵاتەکانی دیکەی E.O ی ژمارە ١٤٠٢٤ ( لەنێو شتەکانی تردا دەست دەکات بە پێدانی دەسەڵات بۆ بلۆککردنی هەر لایەنێکی بیانی، کە بڕیار بدات یاخود بڕیاری دابێت  بە کارکردن لە هەر کەرتێکی دیاریکراوی ئابووری فیدراڵی ڕووسیدا )، هەروەها بە بڕیاری ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٢٢١٦  (گەمارۆی چەکی دیاریکراو بەسەر یەمەندا دەسەپێنێت)، کە ڕەنگە بەسەریدا جێبەجێ بکرێت.

**جیاکردنەوەی ئاماژە مەترسیدارەکان بۆ خۆلادان لە کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن.**

حکومەتی ئەمریکا پێشبینیی دەکات، کە کۆمپانیاکان پرۆگرامێکی پابەندبوونی کاریگەر و هەمەلایەنانەی هەبێت بۆ  دەستنیشانکردنی هەوڵەکانی تاک و قەوارەکان لە خۆدزینەوەی  سزاکان بۆ کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن.

پڕۆگرامەکانی پابەندبوونی کاریگەر ڕێگایەکی مەترسیدار بەکار دەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن و سزادان بە گەشەپێدان و جێبەجێکردن، هەروەها بە نوێکردنەوەی ڕۆتینی پابەندبوون. کۆمپانیاکانی وەکوو کارگەکان و دابەشکەران و فرۆشیاران و هەروەها بارهەڵگرەکان زۆربەی جار باشترین شوێنن بۆ دیاریکردنی ئەوەی، کە ئایا مامەڵەیەکی تایبەتە یاخود پشکنینێکی گونجاوە، کە لەگەڵ نۆرم و پراکتیکیەکانی پیشەسازی هاوڕێک بن یان نا، بە پێچەوانەوە ئاماژەیە بە بەرزبوونەوەی مەترسی لە سزاکان یاخود خۆدزینەوە لە کۆنترۆڵی هەناردەکردن دەکات.

کۆمپانیاکان پێویستە زیاتر ئاگادار بن و هەوڵی زیاتر بدەن بۆ ئەگەری دۆزینەوەی ئاماژەی سەرپێچیی کۆنترۆڵی هەناردەکردن یاخود لە سزادان. پڕۆگرامەکانی پابەندبوون پێویستە ڕەنگدانەوەی پابەندبوونی بەڕێوەبردن بێت، بە لەخۆگرتنی پابەندبوون هەروەها هەڵسەنگاندنی مەترسی، کۆنترۆڵی ناوخۆیی، تاقیکردنەوە، چاودێریکردن و ڕاهێنان.

پڕۆگرامە کاریگەرەکان کار دەکات لەسەر پڕهێزکردن و دابینکردنی ئامێری تەواوەتی بۆ فەرمانبەرەکانی بۆ دیاریکردنی ئەو پێشێلکارییانەی دەکرێت بکرێن، بۆ سزاکانی ئەمریکا و ڕێوشوێنەکانی بڵاوکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرەکان، یان دیاریکردنی ئەوەی کە پێویست دەکات خۆویستانە بۆ حکومەتی ئەمریکی لە کاتی خۆیدا ئاشکرای بکات. بە شێوەیەکی گونجاو، پڕۆگرامەکانی پابەندبوون پێویستە کۆنترۆڵەکان لەخۆ بگرێت سەبارەت بەو مەترسییانەی، کە ڕووبەڕووی کارەکە دەبێتەوە، وەک لادانی ناوەندی لایەنی سێیەم.

هەرچەندە گشتگیر نییە، ئەم لیستەی "ئاماژە مەترسیدارەکان" کە لە خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە نیشانی دەدەن، کە لایەنێک لە مامەڵەکە ڕەنگە بەشدار بێت لە هەوڵەکانی خۆدزینەوە یاخود سەرپێچیکردن لە سزادان یان لە کۆنترۆڵی هەناردەکردن.

• بەکارهێنانی ئامێری ڕووکەش وەک ( قەوارە یاساییەکان هەروەک کۆمپانیای ڕووکەش و ڕێکخستنە یاساییەکان) بۆ شاردنەوەی خاوەندارێتی، سەرچاوەی پارە، یان ڕۆڵی وڵات و قەوارە پەیوەندیدارەکان، بەتایبەتی لە دەسەڵاتی دادوەری سزادراو یان قەوارە سنووردارکراوەکان.

• بەرهەڵستی لە هاوبەشکردنی زانیاری دەربارەی بەکارهێنانی کۆتایی بەرهەمێک، کە بەرهەڵستی لە تەواوکردنی فۆڕمی بەکارهێنەری کۆتایی لەخۆ دەگرێت.

• ڕەتکردنەوەی دامەزراوەی دەستووری، ڕاهێنان، یان پاراستنی کەلوپەلە کڕدراوەکان.

• ساختەکردنی ئەلیکترۆنی لە ئیمەیڵ یان ناونیشانی وێب بۆ ئەوەی وا نیشان بدرێت، کە لێکۆڵینەوە و پشکنینێکی نایاسایی لە بازرگانییەکی یاساییەوە دێت. زۆر جار ئەم هەوڵە کەڵک لە پەیوەندییە بازرگانییە ناسراوەکان وەر دەگرن بۆ ئەوەی باوەڕ بە هەوڵی ساختەکردن بکەن.

• ئینتەرنێت و وێبسایتی کۆمپانیاکان، کە لە ناونیشانی IP وە سەرچاوە دەگرێت، کە ناگونجێت لەگەڵ داتای ناونیشانی کڕیار، واتە شاردنەوەی شوێنی ڕاستەقینەی کڕیار، لە ڕێی ئینتەرنێتەوە ناتوانرێت دیاری بکرێت.

• ئەو مامەڵانە ئەو لایەنانەی تێدایە، کە ئامادەیی ئۆنلاینیان کەم هەیە یان هەر هیچیان نییە.

• بەکارهێنانی ناونیشانی ئیمەیڵی کەسی لە بری بەکارهێنانی ئیمەیڵی کۆمپانیا.

• گۆڕانکاری لە ڕێنماییەکانی ناردن لە کۆتا خولەکدا، کە پێچەوانەی مێژووی کڕیار یان شێوازەکانی بازرگانی دەر دەکەون.

• ئەو پارانەی کە لە وڵاتێک یان کۆمپانیایەک، کە لایەنی سێیەمن وەر گیراون و لە بەیاننامەی بەکارهێنەری کۆتایی یان فۆڕمی بەکارهێنەری کۆتایی کارپێکراودا نەخراونەتە ڕوو.

• بەکارهێنانی کۆمپانیاکانی شێڵ بۆ کردنی گواستنەوەی نێودەوڵەتی بە تەلەفۆن، زۆرجاریش دامەزراوە داراییەکان لە دەسەڵاتەکانی دادوەری جیاواز لە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەشداری دەکەن.

• بەڕێوەبردنی کارەکان بە بەکارهێنانی ناونیشانی نیشتەجێبوون یان ناونیشانی هاوبەش، کە لەنێوان چەندین دامەزراوەی کۆمپانیادا هاوبەشن.

• ئەو مامەڵانە بەکارهێنانی کۆمپانیاکانی گواستنەوەی بار یان ناونیشانی تری ناردنی پۆست دەگرێتەوە، کە وەک ناونیشانی کۆتایی کڕیاری بەرهەمەکە ڕیز کراون.

• ئەو مامەڵانەی پەیوەستن بە شێوازە نائاساییەکانی گواستنەوە بۆ بەرهەمێک و شوێنی مەبەست.

• ڕێڕەوکردنی کڕینەکان لە ڕێگەی هەندێک لە خاڵە دیاریکراوەکانی گواستنەوە، کە بە شێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرێت بۆ ئاڕاستەکردنەوەی بابەتە سنووردارەکان، بە شێوەیەکی نایاسایی بۆ شوێنە گەمارۆدراوەکان.

سەربارى ئەوەش، کۆمپانیاکان پێویستە ئاگادار بن لە کڕیارەکان ڕێگەی مۆدێلی فرۆشن و دابەشکردنی ئاڵۆز بەکار دەهێنن، کە ڕەنگە ڕێگری بکەن لە بەرچاوبوونیان لە بەرامبەر کۆتابەکارهێنەرەکانیان لە تەکنەلۆژیاکانیان و خزمەتگوزاری و بەرهەمەکانیان.

باشترین ڕاهێنانەکان لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەم مەترسیانە ڕەنگە بریتی بێت لە پشکنینی کڕیارەکانی ئێستا و نوێ، نێوەندەکان، هەروەها لایەنە بەرامبەرەکان کە لە لیستی پشکنینەوە ڕێکخراوە و لیستەکەش لە لایەن وەزارەتی بازرگانییەوە پارێزراوە. لیستی SDN لە لایەن وەزارەتی خەزێنەوە پارێزراوە، هەروەها لەسەر بنەمای مەترسی چاودێریکردنی بەردەوام لەسەر کڕیاران و نێوەندەکان و لایەنە بەرامبەرەکان بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکان پێویستە بەردەوام ڕێنمایی و ڕاوێژ وەر بگرن لە لایەن وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا و وەزارەتی بازرگانی بۆ ئاگاداربوون و بەهێزکردنی پرۆگرامەکانی پابەندبوونیان.

## سزاکانی سەرپێچیکردن لە سزا دانراوەکان و کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردن و کردەی جێبەجێکردن

وەزارەتی گەنجینە: نووسینگەی کۆنترۆڵکردنی سامانەکانی بیانی وەزارەتی خەزێنە OFAC دەسەڵاتی دادوەری هەیە، کە دەتوانێت کەسانی ئەمریکی و لایەنی غەیر ئەمریکی ڕووبەڕووی سزایەکی بەرچاوی دارایی بکاتەوە، ئەمەش جگە لەو کردە جێبەجێکارییانەی، کە دڵنیان دەکاتەوە بۆ پەیرەکردنی یاساکانیان بۆ ئەو کردارانەی کە پێشێلی یاساکانی نووسینگەی کۆنترۆڵی سامانی بیانی دەکات. شکستهێنان لە پەیڕەوکردنی ڕێساکانی سزاکانی ئەمریکا دەکرێت ببێتە هۆی سزای مەدەنی و تاوانکاری لەژێر یاسای ئەمریکادا، بۆ زانیاریی گەشەپێدان و پاراستنی بەرنامەی سزاکان. تکایە سەیری پێکهاتەی پابەندبوونەکانی نووسینگەی کۆنترۆڵکردنی سامانی بیانی OFAC بکە.

وەزارەتی بازرگانی: ئەو لایەنانەی، کە دەست دەکەن بە سەرپێچیکردنی کۆنترۆڵی هەناردەکردن بە پێی ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن ڕەنگە دووچاری ڕووبەڕووبوونەوەی کردەی بەڕێوەبردن یان جێبەجێکردنی تاوان ببنەوە، نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش لەگەڵ شیکەرەواندا، کار دەکەن بۆ دۆزینەوە و تێکدان هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەو تۆڕە ڕێخۆشکەرانەی کە پاڵپشتی لە ئێران دەکەن. هەروەک لە یاسای چاکسازیی هەناردەکردنی (ECRA) ساڵی ٢٠١٨ هاتووە لە یاسای ٥٠ی U.S.c ی ٤٨٠١-٤٨٥٢، زۆرترین سزای تاوانکاری، دەکرێت بگاتە نزیکەی ٢٠ ساڵ بەندینخانە تا ١ ملیۆن دۆلار قەرەبوو بۆ هەرسەرپێچییەک یان هەردووکیان. لە

سزای ئێستای کارگێڕیی دارایی بە بڕی ٣٥٣،٥٣٤ دۆلار زیاترە یاخود دوو هێندەی نرخی مامەڵەکە بۆ هەرسەرپێچییەک یان ڕەتکردنەوەی مافی هەناردەکردنە. نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی مافی هەناردەکردن لە لایەنێکی بیانی یاخود ناوخۆیی ڕەت بکاتەوە، لە دوای ئەوەی دیاری دەکات کە ئەو ڕەتکردنەوەیە پێویست بووە بۆ ڕێگریکردن لە سەرپێچیکردنی نزیک لە ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن. سەرەڕای ئەوەش لایەنێک کە تاوانبار کراوە بە تاوانێکی تایبەت وەک سەرپێچیی لایەنی پەیوەست بە سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا، ئەوا نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش، بە پێی ماددەی (١٧٦٠ e یاسای چاکسازیی هەناردەکردن)دا دەسەڵاتی هەیە مافی هەناردەکردنیان ڕەت بکاتەوە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ، هەروەها ئەم نووسینگەیە ڕەنگە دەست بکات بە زیادکردنی ئەو لایەنە بیانییانە بۆ لیستی قەوارە، بۆ چالاکییەکانی وەک دابینکردنی هاوکاری بۆ چالاکییەکانی بەدەستخستنی بۆ ئێران یان بەرنامەی چەک. نووسینگەکە دەستی کرد بە دەستنیشانکردنی لایەنە بیانییەکان، بازرگانییەکان، پەیمانگەی توێژینەوەکان، حکومەت، ڕێکخراوە تایبەتەکان لە لیستی قەوارەکاندا، کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نیشتیمانی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕۆڵ دەگێڕن. ئەم لایەنانە بە شێوەیەکی گشتی پێویستیان بە مۆڵەتی وەرگرتن هەیە لە زۆربەی ئەو بابەتانەی، کە لەژێر یاساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردنن EAR، هەروەها داخوازییەکانی مۆڵەت بە شێوەیەکی گشتی لەژێر دەسەڵاتی سیاسەتی بەدواداچوونەوەی گریمانەی پەسەندنەکردندان. بەردەستبوونی ئەم قبووڵکردنی مۆڵەتە سنووردارە. داواکاریی مۆڵەت بەسەر هەناردەکردن و دووبارە هەناردەکردن و هەروەها گواستنەوە لە ناو وڵات دەگرێتەوە، کە بەشدار بوون لە لیستی لایەنەکان. نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش دەتوانێت هەبوونی مۆڵەت بۆ لایەنە بیانییەکان هەڵپەسێرێت لە لیستی پشتڕاستنەکراوەدا، ئەگەر پشکنینی کۆتا بەکارهێنەر تەواو نەکرابێت. لیستی ئەو قەوارە و کەسانەی کە مافی هەناردەکردنیان ڕەت کراوەتەوە یاخود لە یەکێک لە لیستە سنووردارەکانی نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایشدا دانراون، هەروەها ڕەنگە لە لیستی پشکنینی یەکخراودا CSL بدۆزرێتەوە.

**وەزارەتی داد:** وەزارەتی داد دەست دەکات بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ سەرپێچیە تاوانکارییەکانی سزاکانی ئەمریکا و یاساکانی کۆنترۆڵی هەناردەکردن. لەوانەش یاسای چاکسازیی کۆنترۆڵی هەناردەکردن ساڵی ٢٠١٨ EXRA لە یاسای ژمارە ٥٠ U.S.C برگەی §§ ٤٨٠١-٥٢ ، هەروەها یاسای دەسەڵاتە ئابوورییە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان IEEPA لە یاسای ٥٠ U.S.C. بڕگەی §§ ١٧٠١-٠٩.. سەرپێچیکردنی بەمەبەست بۆ هەریاسایەک، ئەوا ڕووبەڕووی سزا دەبێتەوە بە ٢٠ ساڵ زیندانی. هەروەها سزا بە بڕی هەتا ١ ملیۆن دۆلار. هەروەها وەزارەتی داد بە سەرکەوتوویی چەندین تۆمەتباری ڕووبەرووی دادگا کردووەتەوە، بە هۆکاری سەرپێچیی بەئەنقەست لە هەوڵەکانی

هەناردەکردنی کاڵای پەیوەست بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ئێران، لەوانەش لەم ڕووداوانەی ئەم دواییە:

• لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢ دا، هاووڵاتێکی بە ڕەگەز بەریتانی دانی بە تاوانەکەیدا نا، بە پێشێلکردنی یاسای دەسەڵاتە ئابوورییە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان و یاسای مامەڵە و ڕێساکانی سزای ئێران، وەک بەشێک لە پلانەکانی بۆ هەناردەکردنی چەندین جۆر کاڵا بۆ ئێران، بە مەبەستی بازرگانی و سەربازی. یەکێک لەو کاڵایانە سیستمی دژەدرۆن بوو کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ وەستاندن و ناسینەوە و ئاڕاستەکردن و نیشتنەوە و کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی بەئامانج کراو، هەروەها ئەم هاووڵاتە بە ڕەگەز بەریتانییە، بڕیارە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٣ سزا بدرێت.

• لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٨دا هاووڵاتێکی بە ڕەگەز کەنەدی، سزای ٤٢ مانگ زیندانی بەسەردا سەپێنرا، بۆ هەناردەکردنی نایاسایی و پلانگێڕانی هەناردەکردنی چەندین جۆری جیاوازی کاڵا بۆ ئێران، لەوانەش دوو جۆر کامێرایی وێنەگری گەرمی، کە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ درۆنی سەربازی، ئەم تاوانبارە دەستی کرد بە بەکارهێنانی کۆمپانیا ڕووکەشەکان لە چین و هاوپیلانگێڕان لە ئێران، تورکیا و هەروەها پرتوگال بۆ هەوڵدان بۆ دەربازبوون لە یاساکانی ئەمریکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، وەزارەتی داد ڕێنوێنیی نێوان دەزگاکان لە جێبەجێکردنی یاسادا، کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ لاوازکردنی توانای ئێران، لە بەدەستهێنانی تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. هەروەها ڕێنوینیی هێزی KleptoCapture، کە لە مانگی سێی ٢٠٢٢دا دامەزرا بۆ سەپاندنی سزاکان و کۆنترۆڵی هەناردەکردن و هەروەها پەرچدانەوەی تری ئابووری بەسەر ڕووسیادا بۆ هێرشە بێبنەماکانیان و سەربازییەکانیان بۆسەر ئۆکرانیا. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم یەکەیە پچڕاندنی پاڵپشتییە هەوڵە جەنگییەکانی ڕووسیا، کە گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئێرانەوە لەخۆ دەگرێت، کە لە بەرانبەر خەڵکی ئۆکرایینادا بەکاری دەهێنن.

لە مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٣دا وەزارەتی داد و نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایش دەستیان کرد بە دروستکردنی هێزی شێوێنەری تەکنەلۆژیا، کە هەوڵێکی نێوان دەزگاکان بوو ، کە تیشکیان خستە سەر لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ گواستنەوە نایاساییەکان، بۆ تەکنەلۆژیا هەستیارەکان بۆ دەوڵەتە دوژمنە بیانییەکان لەنێویشیاندا ئێران. لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٣دا بەشی ئاسایشی نەتەوەیی لە وەزارەتی داد، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی سیاسەتی نوێکراوەی خۆویستانەی

خۆئاشکراکردن، بۆ جەختکردنەوە لە پێویستیی خۆویستانەی کۆمپانیاکان لەسەر ئاشکراکردنی ئەگەری تاوانکاریی سەرپێچی، بۆ سەر یاسای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا، لەوانەش سزاکان و یاسای کۆنترۆڵی هەناردەکردن یان ڕووبەڕووبوونەوەی یاسا. وەکوو چۆن لە سیاسەتی جێبەجێکردنی تایبەتی (NSD) بۆ ڕێکاری کارەکان هاتووە، کاتێک کۆمپانیایەک پێشێلکارییەکی یاسایی دەدۆزێتەوە، بە شێوەیەکی تەواوەتی هاوکاری دەکات، هەموو هەنگاوەکانی چارەسەرکردن دەگرێتە بەر لە کاتی گونجاودا، ڕێکاری توندیش نەگیراوەتە بەر، ئەگەرێک هەیە کە کۆمپانیاکە سزا نەدرێت و پارەی سەرپێچییەکان نەدات. بەپێچەوانەشەوە کاتێک کاری کۆمپانیایەک دەبێتە هەڕەشەیەکی زۆر بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، ئەوا ڕەنگە ڕووبەڕووی سزایەکی سەختتر ببێتەوە. لەگەڵ بەهێزکردنی هەوڵی کپکردن و نەهێشتنی ملکەچنەبوونی کۆمپانیاکان بە یاسای ئاسایشی نەتەوەیی، وەزارەتی داد دەستی کرد بە بڵاوکردنەوە دامەزراندنی و ٢٥ داواکاری گشتیی نوێ بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بۆ خۆدزینەوە لە سزاکان و سەرپێچی لە کۆنترۆڵی هەناردەکردن و تاوانە ئابوورییە هاوشێوەکان.

## چەمکەکان

لیستی کۆنترۆڵی بازرگانی CCL: کە ئەوەش ئەو لیستەیە کە کاڵاکان و بەرهەمەکان لەخۆ دەگرێت و دەتوانیت لەو ڕێیەوە بزانیت، کە ئایا مۆڵەتی هەناردەکردن پێویستە لە لایەن وەزارەتی بازرگانیی ئەمریکاوە بۆ هەناردەکردن لە ئەمریکا یاخود نا.

ڕێساکانی بەڕێوەبردنی هەناردەکردن ERA: کە ئەمەش کۆمەڵێک ڕێنمایی و قەدەغەکردنی هەناردەی ئەمریکایە، کە لە لایەن نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایشەوە بەڕێوە دەبرێن بۆ سنووردارکردنی هەناردەکردن.

Era ٩٩: بە گشتی ئەو کاڵا و بەرهەمە تەکنەلۆژیا نزمانە دەگرێتەوە، کە دەتوانرێت بە بێ مۆڵەت هەنارده بکرێت بەڵام دەبێت وردبینی لێ بکرێت، کە ئەو کاڵا و شتومەکە ناچێتە وڵاتێکەوە کە گەمارۆ دراوە یاخود سزا دراوە، هەروەها ئەگەر ئەو کاڵایانە بگوازیتەوە بۆ وڵاتێکی سزادراو، ئەوا پێویستە مۆڵەت بەدەست بهێنیت.

لیستی قەوارەی :entity list لیستێکە کە ناوی لایەنە بیانییەکان لەخۆ دەگرێت، کە مەرجی مۆڵەتی دیاریکراویان هەیە بۆ هەناردەکردن، دووبارە هەناردەکردنەوە، یان گواستنەوەی بابەتە کۆنترۆڵکراوەکان لەناو وڵات، دڵنیابوون لەوەی کە تەکنەلۆژیای هەستیار ناکەوێتە دەستی ئەو کەسانەی، کە هەڕەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا یان هاووڵاتانی ئەمریکا دەکەن، ئەو ڕێکخراوانە یان ئەو کەسانەی کە ئەم یاسایانە پێشێل دەکەن ڕووبەڕووی سزای تاوانکاری و سزای ئیداری دەبنەوە.

INKSNA یاسای بڵاو نەکردنەوەی چەک لە ئێران و کۆریای باکوور و سوریا: ئەو یاسایەیە کە دەسەڵات دەداتە ئەمریکا کە سزا بەسەر هەموو ئەو لایەنەتایبەتەکان و حکومەتەکاندا و بسەپێنێت، کە پەیوەندییان هەیە بە چالاکییەکانی بڵاوکردنەوەی چەکەوە.

Foreign person :مەبەست لێی هەر تاکێک و قەوارەیەکە، کە ئەمریکی نەبێت.

MCTR: سیستمی کۆنتڕۆڵکردنی تەکنەلۆژیای مووشەک سیستمێکی کۆنتڕۆڵی هەناردەکردنی فرەلایەنە ئەو سیستمەیە کە ٣٥ وڵاتی ئەندام لەخۆ دەگرێت، کە هەوڵدەدەن بۆ سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی مووشەک و تەکنەلۆژیای مووشەک.

E.O: فەرمانە جێبەجێکارەکان :ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەن کە سەرۆکی ئەمریکا لە ڕێگەیەوە کارەکانی حکومەتی فیدراڵ بەڕێوە دەبات، کە ڕێنماییەکان ئاماژە بە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار دەکەن بە پێی دەستوور و یاسا.

Unverified List. ئەو لیستەیە کە لە لایەن، نووسینگەی پیشەسازی و ئاسایشەوە دانراوە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی، کە پشکنین و بەدواداچوونی بەکارهێنەری کۆتایی واتە کۆتا بەکارهێنەری کاڵاکان نەچووەتە ئاستی ڕەزامەندییەوە بۆ نووسینگەکە.

CSL لیستی پشکنینی یەکخراو: ئەو لیستەیە کە ئەمریکا هەڵدەستێت بە پاراستن و سنووردارکردنی هەندێک لە بابەت بۆ هەناردەکردن و دووبارە هەناردەکردنەوە و گواستنەوە.

Task Force KleptoCapture: یەکەیەکی وەزارەتی دادی ئەمریکایە بە ئامانجی سەپاندنی سزا بەسەر ئۆلیگارکەکانی ڕووسیادا لە وەڵامدانەوەی لەشکرکێشیی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکراینا.

HTS: خشتەی ڕێکخراوی باجی گومرگ

**سەرچاوە: وێبسایتی ستەیتی حکومی**

# ئابووریی درۆن لە جیهان و لە تورکیا: چاوەڕوانییەکان بۆ داهاتوو

نووسینی: ڕوستەم بارش یەشیلای، ئەرماغان ماجیت
وەرگێڕانی: مەڵبەندی دیراساتی گشتی

لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنانی درۆن (فڕۆکەی بێفڕۆکەوان)ەوە، درککردنی زیاتر بە سوودەکانی درۆنەکان و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی فراوان لە بوارەکاندا، بووەتە تەکنەلۆژیایەکی گرنگ لە ژیانی بازرگانی. ئەم سێکتەرە داهات بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە بواری بەرهەمهێنانی درۆندا دەکەن فەراهەم دەکات. بە جۆرێک کە وڵاتانی بەرهەمهێنەری درۆن، کۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆیی زیاد دەکات، هەلی کار دروست دەکات، چالاکی هاوردە و هەناردەکردن زیاد دەکات، هەروەها هاتوچۆی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی خێراتردەکات، بەم کاریگەرییە ئابوورییانەی ئەم سێکتەرە ئابوورییەکی بۆ خۆی دروست کردووە. ئەو توێژینەوانەی بازاڕ کە کراون ئەوە نیشان دەدەن، کە پیشەسازی درۆن لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوودا لە ١٠٠٪ زیاتر گەشەکردن بەخۆیەوە دەبینێت. وەبەرهێنانە درێژخایەنەکانی کۆمپانیا گەورە و جیهانییەکان بەرەو کەرتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، دەبێتە هۆی پاشەکەوتکردنی تێچوون لە بەرهەمهێناندا و زیادبوونی بەکارهێنان لە زۆرێک لە کەرتەکاندا و چاوەڕوانییەکان بۆ داهاتوو زیاد دەکات. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی ئابووری فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە لە جیهان و تورکیادا، هەروەها خستنەڕووی ئاماژەکانی داهاتووی ئاستی سێکتەری درۆن دەگرێتەوە. هەروەها خستنەڕووی بارودۆخی ئێستای ئەو وڵاتانەی کە لە بواری بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا، لە جیهاندا کار دەکەن و ئەو کۆمەڵە وڵاتانەی کە بەرەو ئەو سێکتەرە هەنگاو دەنێن، خستنەڕووی چاوەڕوانییەکانیان دەگرێتەوە هەروەک لە ڕاپۆرتە فڕۆکەوانییەکاندا ڕوون کراوەتەوە.

# پێشەکی

گەشەسەندنی سێکتەری فڕۆکەوانی لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، بووەتە هۆی چەندین پێشکەوتنی ئەرێنی لە سێکتەری وەبەرهێنان لە بواری فڕۆکەوانیشدا. لەگەڵ ئەو گرنگییەی کە وڵاتان لە ئاستی سەربازیدا بە بەرگری ئاسمانی دەدەن، هەروەها بەکارهێنانی بە مەبەستی جۆراوجۆر "فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV)" سەری هەڵدا. بەو وەبەرهێنانەی وڵاتان لەم بوارەدا کردیان و بەکارهێنانی ئەو جۆرە فڕۆکانە لە چالاکییەکانی فڕۆکەوانیی مەدەنیدا، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کاریگەری لە بواری ئابووریدا دەر کەوت و کەرتی تایبەت بۆ خۆی دروست کرد. ئەوەی کە توێژینەوەکان لەسەر ئەم کەرتە جێگەیەکی کەمیان لە ئەدەبیاتی ئەکادیمیدا هەیە، خاڵی دەستپێکی ئەم توێژینەوەیە بووە.

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان(UAV) بریتین لە فڕۆکەیەک کە قەبارە و کێشیان بچووکە، مرۆڤ لە ناوەوەیدا نییە بۆ مەبەستی کۆنتڕۆڵکردن یان گەشتکردن، دەتوانێت لە ڕێگەی کۆنترۆڵی دوورەوە یان بەرنامەی فڕینی پێشوەختەی پرۆگرامکراوەوە بفڕێت. ڕێکخراوی فڕۆکەوانیی مەدەنیی نێودەوڵەتی (ICAO) فڕۆکەی بێسەرنشین لە دوو بەشدا پۆلێن دەکات، کە بریتین لە سەربازی و مەدەنی. بە پێی ئەم پۆلێنکردنە؛ فڕۆکە بێفڕۆکەوانە سەربازییەکان، کە بۆ مەبەستی وەک سیخوڕی و هێرش بەکار دەهێنرێن، فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان کە بۆ مەبەستی زانستی، وێنەگرتن یان خولیا بەکار دەهێنرێن بە مەدەنی دادەنرێت (ICAO, ٢٠١١).

چەکدارکردنی باڵۆنەکان لە سەرەتای ساڵانی ١٩٠٠ و دواتر فڕینی بێسەرنشینی فڕۆکە بچووکەکان، بە بنەمای بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی و "فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکدار (SİHA)" دادەنرێت. بەڵام بەکارهێنانی ئەم فڕۆکە بێفڕۆکەوانە چەکدارییانە کە بۆ مەبەستی سەربازی بەکار دەهێنرێت، دوای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لە بواری نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی سیاسییانە، بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداری وەستاند. بەڵام پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لە بواری فڕۆکە و فڕۆکەوانیدا بووە هۆی برەودان بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بۆ مەبەستی سەربازی لە سەرەتادا، پاشان بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە زۆر بواری جیاوازدا دەستی پێ کرد. هەروەها لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی لە بواری مەدەنیدا، سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئابووری و بازاڕی بۆخۆی دروست کرد.

لە ئەدەبیاتی نێودەوڵەتیدا ناوی "درۆن" بەو فڕۆکە چەکدارانەی، کە لە دوورەوە کۆنتڕۆڵ کراون هاتووە، پاشان لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی فڕۆکەوانی مەدەنیی بێسەرنشین وەک "فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAV)" ناو براوە. بەڵام فڕۆکە بێفڕۆکەوانە بچووکەکان کە دەتوانرێت لە ڕێگەی وای فای و جی پی ئێسەوە ئاڕاستە بکرێن

بەردەوامن لە ناونانیان بە "درۆن". هەروەها زاراوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئەدەبیاتی نێودەوڵەتیدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکار دەهێنرێت. هەروەها لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمهێنان و فرۆشتن لەو سێکتەرەدا، وەبەرهێنانی کۆمپانیا گەورەکان لەم بوارەدا وای کردووە، کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان کەرتێکی تایبەت بەخۆیان پێک بهێنن کە چالاکییە ئابوورییەکانی ئەم کەرتە بە "ئابووری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان" ناو دەبرێن.
لە کاتێکدا قەبارەی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا گەیشتووەتە نزیکەی ٣٠ ملیۆن دۆلار، بەڵام بە دروستکردنی دیزاینی نوێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پێشکەوتوو ئەم کەرتە بەردەوامە لە گەشەکردن. ژمارەی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی فڕۆکەوانی شارستانی تۆمار کراون، ٢٥ هەزاری تێپەڕاندووە. ٣٣ هەزار فڕۆکەوانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا هەن. لە هەمان کاتدا، لە کاتێکدا کە وردبوونەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ڕاگەیەندنەکانی ئیش دەکرێت، دەر کەوتووە کە ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیاکان بەدوای فڕۆکەوانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا دەگەڕێن. وەک لێرەوە تێدەگەین، کە گەشەسەندنی سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئابووری تایبەت بە خۆی دروست دەکات، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە هەردوو بواری ئابووری و دامەزراندندا.
لەم لێکۆڵینەوەیەدا؛ بە ڕوونکردنەوەی گەشەکردن و دۆخی ئێستای سێکتەری درۆن، لێکۆڵینەوە لە پێوەرەکانی ئابووری درۆن لە جیهان و لە تورکیا کراوە.
گەشەکردنی درۆن و دۆخی سێکتەری درۆن لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتیی ئەوروپا، ئینگلتەرا، چین، ژاپۆن، ڕووسیا، هیندستان، مالیزیا و تورکیا بە جیا جیا باس دەکرێت. بەڵام بە هۆی ئەوەی ڕاپۆرت و سەرچاوە هاوبەشەکان سەبارەت بە وڵاتان ساڵانی جیاواز و داتا جیاوازەکان دەگرێتەوە، نەتوانراوە ڕیزبەندییەکی ستاندارد لە داتا هاوبەشەکاندا پەیڕەو بکرێت.

### پەرەپێدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەستی بە گەشەکردن کرد، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی و ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕا لە ماوەی جەنگی سارددا، لە کەمکردنەوەی زیانەکانی فڕۆکەوانەکان، گرنگییەکەی لە بەشداریکردنی لە بابەتەکانی وەک سیخوڕی و هەواڵگریدا دەر کەوتووە. جگە لە تێگەیشتن لە گرنگیی سەربازییان، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە لە فڕینی خولیا و چالاکییەکانی فڕۆکەوانی مەدەنیدا دەستیان بە بەکارهێنانی کردووە، لە لایەن ناسا لە توێژینەوەی بۆشایی ئاسمانیشدا بەکار هێنرا. لەگەڵ پەرەسەندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، ناوچەی بەکارهێنانیان هەمەچەشن بوو، ناوچەی بەکارهێنانی هەمەچەشنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیادی کرد، ئەمەش بووە هۆی پێشکەوتنی بەرچاو

لە سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا.
گەشەکردنی تەکنەلۆژیا وا دەکات کۆنترۆڵکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ئاسانتر بێت و بەتایبەتی درۆن بە شێوەیەک دیزاین کراوە، کە دەتوانرێت لە لایەن هەموو کەسێکەوە وەک فڕۆکەیەکی ئاسان دەستی پێ بگات و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکار بهێنرێت. بە پێی پەرەسەندنی تەکنەلۆژی، بەکارهێنانی مۆبایلە زیرەکەکان و تابلێتەکان لە بری یەکەی کۆنترۆڵ لە درۆنەکاندا، کارکردنی فڕینی زیاتر کردووە. ئەو ڕاستییەی کە دەتوانرێت کارکردنی فڕین بە جی پی ئێس و وەرگری وای فای دابین بکرێت، تێچووی بەرهەمهێنانی درۆنی زۆر کەم کردووەتەوە. بەم شێوەیە لەگەڵ بەکارهێنانی درۆنی کەمتێچوو و کارادا، بەرهەمهێنانی درۆن زیادی کردووە و بەکارهێنانیان بەربڵاو بووە.

**دیدگای کەرتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان**

ئەمڕۆ زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانەی بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکرێت بۆ چالاکییە سەربازییەکانە. درۆنەکان لە چالاکییەکانی پشکنین، چاودێری، هەواڵگری، کیمیایی، بایۆلۆجی، ئەتۆمی و تیشکیدا بەکار دەهێنرێت. ئەو ناوچە سەربازییانەی تر کە درۆنەکانی تێدا بەکار دێن؛ دیاریکردنی ئامانجی گشتیی خێرا، چاودێریی گشتی لە کاتی ئاشتیدا، چاودێریکردنی چالاکییەکانی دوژمن لە کاتی جەنگدا، پێشبینی کەشوهەوای خێرا، ڕێڕەوکردن لە کەشوهەوای هەوردا، دۆزینەوەی ئاراستە، شوێنپێهەڵگرتنی دوژمن، گواستنەوەی سیگناڵی ڕادیۆیی، ئاسایشی فڕۆکەخانەکان، توێژینەوەکانی دیاریکردنی زیانەکان، بەکارهێنان وەک ڕادار لە کاتی پێویستدا.
جگە لە پەرەپێدانی درۆنەکان لە بواری سەربازیدا، پەرەسەندن لە بواری فڕۆکەوانی مەدەنیشدا بەدی هاتووە. پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەخێرایی گەشەی کردووە، بەتایبەتی کە ئەمریکا ڕێگەی بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان داوە لە فڕۆکەوانیی مەدەنیدا جیا لە سەربازی، و پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەخێرایی گەشەی کردووە، بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە فڕۆکەوانی مەدەنیشدا. بەکارهێنانی درۆنەکان تا دێت باو دەبێت و لە بوارەکانی بازرگانی، توێژینەوەی زانستی، توێژینەوەی زانکۆ-تاقیگە، توێژینەوەی گەڕان و ڕزگارکردن، بەکارهێنانی سەلامەتی گشتی، توێژینەوەی کەشناسی، پیشەسازی فیلم، توێژینەوەی ژینگە-سروشت، فۆتۆگرافی فڕۆکەوانی، چالاکییەکانی کانگا، بەکارهێنانی کشتوکاڵی و هتد بەکار دێت.
پێنج کەرتی سەرەکی هەیە، کە درۆنەکان بەربڵاوترین بەکارهێنانیان لەسەر ئاستی جیهانی هەیە؛ خانووبەرە و بیناسازی، فۆتۆگرامێتری (ڕووپێوی ئاسمانی)، وێنەگرتنی فیلم/ئاسمانی، کشتوکاڵ و چاودێری ئاسمانی (بەدواداچوون).

**دیدگای ئابوورییانەی پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان**

لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەڵام بە پێی هەندێک توێژینەوەی زانستی فرۆشی درۆن هێشتا لە ئاستی چاوەڕوانکراودا نییە. بە پێی خەمڵاندنەکانی ئیدارەی فڕۆکەوانی فیدراڵی (FAA)، فرۆشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بازاڕی جیهانیدا لە ساڵی ٢٠٢٠دا گەشتووەتە ٢.٧ ملیار. ئاماژە بەوەش کراوە، بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەدەنی لە ساڵی ٢٠٢٥دا دەگاتە ١٠.٩ ملیار لە کاتێکدا ٢.٧ ملیار بووە. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم زانیارییانەدا، مەزەندە دەکرێت، کە پیشەسازیی درۆن بە تێکڕا لە ماوەی ١٠ ساڵدا زیاتر لە ١٠٠٪ گەشە بکات.

کەمی تێچووی کڕین و بەکارهێنانی درۆن وای کردووە، کە کۆمپانیا گەورەکانی وەک تێسلا و گووگڵ و ئەمازۆن وەبەرهێنان لەم بوارەدا بکەن، لە هەمان کاتدا، کۆمپانیا بچووک و گەورەکان خۆیان لە ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی فڕۆکەوانی تۆمار دەکەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی مۆڵەتی چالاکی بازرگانی لەم بوارەدا.

پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پێشەنگی ئەو بازرگانییانە بووە، کە ساڵانێکی زۆرە کار دەکەن لە دروستکردنی دیدگایەکی نوێی کەمتێچوو. ئەمەش هەندێک جار دەتوانرێت وەک ستراتیجییەک سەیر بکرێت. بەشێک لەو ستراتیژانە ئەوەیە، کە فۆتۆگرافەرەکان بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان خزمەت پێشکەش دەکەن و بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەست دەکەن بە گواستنەوەی بار.

**دیدگای ئابووریی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جیهاندا**

لەگەڵ دەرکەوتنی سوودەکانی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، نیگەرانی گشتی لە بارەی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە خەریکە بەرەو نەمان دەچێت. بەم شێوەیە بازاڕی جیهانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان ساڵانە بە شێوەیەکی تەقینەوە گەشە دەکات و بەردەوامە لە پێشکەوتن. بەم گەشەکردنە، ٤٧٪ی بازاڕی جیهانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان مەدەنییە و ٢٤٪ی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بازرگانییە و ئەوانی تریش کە بۆ مەبەستی بەکاربەر دروست کراون وەک فڕۆکەی بێفڕۆکەوان پۆلێن دەکرێن. لەگەڵ کەمبوونەوەی تێچووی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هاتنەناوەوەی یاریزانە نوێیەکان بە کەمترین بەشیشەوە بۆ بازاڕی جیهانی، پێشبینی دەکرێت تێچووی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ڕێژەی ٧-٢٧٪ کەم ببێتەوە. ئەمەش کاریگەری هاندەری دەبێت لەسەر گەشەی بازاڕ.

ئەو وڵاتانەی کە لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی چەکداری لە جیهان و یەکێتیی ئەورووپادا چالاکن، لە ڕووی ئاسۆی ئابووری و چاوەڕوانییەکانەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە. ئەمریکا، بەریتانیا، چین، ژاپۆن، ڕووسیا، هیندستان، مالیزیا و تورکیا پێشەنگن لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و وەبەرهێنان لەم بوارەدا.

١- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
لە ساڵی ٢٠١٢ حکومەتی فیدراڵی، ئیدارەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی فیدراڵی (FAA) ی ڕاسپارد، کە سیستمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (UAS) لەگەڵ سیستمی ئاسمانی نیشتمانيی (NAS)دا یەک بخات. لە توێژینەوەیەکدا کە لە لایەن FAA کراوە، باس لەوە کراوە کە نزیکەی ٩٠٪ی ئەو فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی لە ئەمریکا بەکار دەهێنرێن بۆ مەبەستی کشتوکاڵ و سەلامەتی گشتین و ئەم دوو بازارە بازاڕی داهاتبەخشی ئەوانن بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.
لە سێ ساڵی یەکەمی یەکخستنیUAS و NAS پێکەوە کاریگەریی ئابووریيان بە بڕی زیاتر لە ١٣.٦ ملیار دۆلار بووە . بە پێی پێشبینییەکان کاریگەرییە ئابوورییەکانیان گەشە دەکات و ئەگەری هەیە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥-٢٠٢٥دا بگاتە زیاتر لە ٨٢.١ ملیار دۆلاری ئەمریکی. یەکگرتن لەگەڵ NAS لە سێ ساڵی یەکەمدا زیاتر لە ٣٤ هەزار هەلی کار لە بواری بەرهەمهێناندا دروست کرد و پێشبینی دەکرێت زیاتر لە ٧٠ هەزار هەلی کار نوێ دروست بکات. تا ساڵی ٢٠٢٥ کۆی گشتی ڕەخساندنی هەلی کار بە ١٠٣ هەزار و ٧٧٦ کەس مەزەندە دەکرێت.
وا بیر دەکرێتەوە قازانجی باج، کە لە لایەن ئەمریکاوە لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە بەدەست دەهێنرێت زیاتر لە ٤٨٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بێت لە ١١ ساڵی یەکەمی یەکگرتن (٢٠١٥-٢٠٢٥).
ئەو ١٠ ویلایەتەی زۆرترین فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیان لە ئەمریکا هەیە بریتین لە کالیفۆرنیا، واشنتۆن، تێکساس، فلۆریدا، ئەریزۆنا، کنێتکت، کانساس، ڤێرجینیا، نیویۆرک و پێنسەلڤەینیا.
خشتەی خوارەوە کاریگەرییە ئابوورییەکان، گەڕانەوەی باج و داتای ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەم ١٠ ویلایەتە نیشان دەدات.

**خشتەی یەکەم:** دابەشکردنی پێوەرەکانی ئابووریی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا بە پێی دەوڵەت و چاوەڕوانییەکان.

| ویلایەتەکان | ٢٠١٥-٢٠١٧ | | | ٢٠١٥-٢٠٢٥ (پێشبینی) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کاریگەریی ئابووری $ (ملیۆن) | باج $ (ملیۆن) | هەلی کار (هەزار) | کاریگەریی ئابووری $ (ملیۆن) | باج $ (ملیۆن) | هەلی کار (هەزار) |
| کالیفۆرنیا | ٢,٣٩٠ | ١٣.٦٤ | ١٢,٢٩٢ | ١٤,٣٧٢ | ٨٢.٠٣ | ١٨,١٦١ |
| واشنتۆن | ١,٣١٢ | ٠ | ٦,٧٤٦ | ٧,٨٨٨ | ٠ | ٩,٩٦٧ |
| تێکساس | ١,٠٨٧ | ٠ | ٥,٥٨٨ | ٦,٥٣٣ | ٠ | ٨,٢٥٦ |
| فلۆریدا | ٦٣٢ | ٠ | ٣,٢٥١ | ٣,٨٠١ | ٠ | ٤,٨٠٣ |
| ئەریزۆنا | ٥٦١ | ٢.٥٩ | ٢,٨٨٣ | ٣,٣٧١ | ١٥.٥٥ | ٤,٢٦٠ |
| کنێتکت | ٥٣٨ | ٤.٣٢ | ٢,٧٦٤ | ٣,٢٣٢ | ٢٥.٩٧ | ٤,٠٨٤ |
| کانسس | ٤٨٩ | ٤.٨٤ | ٢,٥١٥ | ٢,٩٤١ | ٢٩.١٣ | ٣,٧١٦ |
| ڤێرجینیا | ٤٦٣ | ٤.٤٧ | ٢,٣٨٠ | ٢,٧٨٣ | ٢٦.٨٦ | ٣,٥١٧ |
| نیویۆرک | ٤٤٣ | ٤.٦٦ | ٢,٢٧٦ | ٢,٦٦١ | ٢٨.٠٥ | ٣,٣٦٣ |
| پێنسڵڤەینیا | ٣٩٣ | ٢.٠٢ | ٢,٠٢١ | ٢,٣٦٣ | ١٢.١٢ | ٢,٩٨٦ |
| کۆی گشتی | ١٣,٦٥٧ | ٨٠.٢٢ | ٧٠,٢٤٠ | ٨٢,١٢٤ | ٤٨٢.٣٩ | ١٠٣,٧٧٦ |

**سەرچاوە: PwC UK., ٢٠١٨**

## ٢- یەکێتی ئەوروپا

بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە زۆرێک لە سێکتەرەکاندا سوودی ئابووری بەرچاو دروست دەکات، کە دەبێت لە بەرچاو بگیرێت. بە بازاڕی هەموو وڵاتانی ناو یەکێتی ئەوروپاشەوە، گەشەسەندنی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان نزیکەی ٢ ملیار یۆرۆیە لە داهاتی ساڵانەدا. پێشبینی دەکرێت پشکی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تا کۆتایی ساڵی ٢٠٣٠ نزیکەی ١٠ ملیار یۆرۆ و تا کۆتایی ساڵی ٢٠٥٠ نزیکەی ١٥ ملیار یۆرۆ گەشەی هەبێت (PwC UK., ٢٠١٨).

**خشتەی دووەم:** گۆڕانکاری و چاوەڕوانییەکانی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی یەکێتیی ئەورووپا

| داهاتی ساڵانەی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان | | |
|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ٢٠٣٠ (پێشبینی) | ٢٠٥٠ (پێشبینی) |
| ٢ ملیار یۆرۆ | ١٠ ملیار یۆرۆ | ١٥ ملیار یۆرۆ |

**سەرچاوە: PwC UK., ٢٠١٨**

هەروەها زیادبوونی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کاریگەری لەسەر بەکارهێنانیان لە بوارە جیاوازەکاندا هەیە. بە پێی خەمڵاندنەکان، ١٠٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە چالاکییە کشتوکاڵییە وردەکاندا بەکار دەهێنرێن، لە چوارچێوەی کار و ژێرخاندا

١٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کەرتی وزە بەکار دەهێنرێن، هەروەها ١٠٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ پێداویستییە پزیشکییە فریاگوزارییەکان بەکار دەهێنرێن، پێشبینی دەکرێت ٥٠ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە لایەن ڕێکخراوەکانی سەلامەتی گشتی وەک پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە بەکار بهێنرێت. جگە لەوەش لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا، بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئاسایشی سنووری و دەریایی، ئاسمانی نێودەوڵەتی، بارهەڵگر و توێژینەوەکان لەسەر گواستنەوە و بەکارهێنانی درێژخایەن لە گواستنەوەی سەرنشینەکاندا بەخێرایی بەردەوامن.
پێشبینی دەکرێت فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ناوچەی بازرگانی مەدەنی و گشتی کە حکومەت بەکاری دەهێنێت تا ساڵی ٢٠٣٠ بە شێوەیەکی بەردەوام گەشە بکات و بگاتە ٢ ملیار یۆرۆ. بەو پێشبینییە لە دوای ساڵی ٢٠٣٠ ەوە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کە لە گواستنەوەی سەرنشینەکاندا بەکار دەهێنرێت، مەزەندە دەکرێت کە لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر گەشە بکات. جگە لەوەش پێشبینی دەکرێت ساڵانە نزیکەی ٠.٥ ملیار یۆرۆ بۆ فڕۆکە بێفڕۆکەوانە مەدەنییەکان بەڵام نابازرگانییەکان بۆ کاتبەسەربردن بێت. بەهۆی پاشەکەوتکردنی تێچووی یەکەیی، کە دەتوانرێت بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بواری بەرگری ئاسمانی و گواستنەوەدا بەدەست بهێنرێت، پێشبینی دەکرێت وەبەرهێنانەکان لەم بوارەدا زیاد بکات و پێشبینی دەکرێت کۆی ڕێژەی گەشەکردنی گشتی تا ساڵی ٢٠٥٠ بگاتە ٥٪. بەم خەمڵاندنانە، کەرتەکە نوێنەرایەتی کۆی بازاڕ دەکات کە نزیکەی ٤ ملیار یۆرۆ دەبێت لە ساڵی ٢٠٥٠دا.
لە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکاندا پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٥ ساڵانە بە نزیکەی ٢-٤٪ دابەزینی نرخەکان ڕوو بدات، پاشان ١٪، ئەمەش بە هۆی زیادبوونی دابینکەران لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و زیادبوونی بەکارهێنانی.
لەگەڵ پەرەسەندنی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و بەکارهێنانی لە کەرتە جیاوازەکاندا، وا بیر دەکرێتەوە کە لە ٢٠ ساڵدا هاتوچۆی ئاسمانی ئەوروپا بە ڕێژەی ٥٠٪ زیاد بکات. جگە لەوەش پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٣٥ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەلی کاری ڕاستەوخۆ بۆ ١٠٠ هەزار کەس دروست بکات و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری ١٠٠ هەزار کەس بکات، کە بەگشتی کاریگەری ئابووری زیاتر لە ١٠ ملیار یۆرۆ دەبێت لە ساڵێکدا.

### ٣- ئینگلتەرا

لە ئینگلتەرا فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیاتر و زیاتر ئاشنا دەبن بە ژیانی ڕۆژانە و بازرگانی. لە زۆر بواردا بە شێوەیەکی کاریگەر بەکار دەهێنرێت لە خزمەتگوزاری فریاگوزاری نەخۆشخانەوە تا کارەکانی بیناسازی، لە توێژینەوەی نەوتەوە تا وێنەگرتن. هۆکاری بەکارهێنانی بەربڵاوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئینگلتەرا ئەوەیە کە لە ژێر فشاردان

بۆ ئەوەی کارامەتر و داهێنەرتر و جەختکەرەوەتر بن، لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان. بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان شکۆیەکی زۆر جیاواز بە بازرگانەکان دەبەخشێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودی گرنگی وەک ئاسانتر کۆکردنەوەی زانیاری و بەڕێوەبردنی تێچوونەکان و کۆنترۆڵکردنی مەترسییەکان و زیادکردنی سەلامەتی و کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان دابین دەکات. هەر لەبەر ئەمەشە کە زیادبوونی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە بواری بازرگانی و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا، بۆ ئابووری و کۆمەڵگەی ئینگلتەرا گرنگییەکی ئەوتۆی دەبێت.
پێشبینی دەکرێت پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تا ساڵی ٢٠٣٠ لە ئینگلتەرا بە شێوەیەکی بەردەوام گەشە بکات. مەزەندە دەکرێت کە هەموو ئەو کەرتانەی ڕوو لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەن، پاشەکەوتێکی گەورە بەدەست بهێنن، چونکە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تێچوونەکان کەم دەکاتەوە. پێشبینی دەکرێت پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەشداری بکات لە پاشەکەوتکردنی ١٦ ملیار پاوەند تێچووی پاک لە ئابووری ئینگلتەرادا.
پێشبینی دەکرێت ئەو پاشەکەوتەی بەدەست هاتووە بەشدار بێت لە گەشەی بەرهەمی ناوخۆیی بۆ زۆرێک لە کەرتەکان، بە هۆی زیادبوونی ٣.٢٪ لە بەرهەمهێنانی فرە فاکتەری.
بە پێی ئەم خەمڵاندنانە، زیادبوونی کەرتەکان ٨.٦ ملیار پاوەند دەبێت لە بواری بیناسازی و بەرهەمهێنان، ٧.٧ ملیار پاوەند لە بازرگانیی گشتی و تاکەکەسی و خزمەتگوزاریی خۆراک، ١١.٤ ملیار پاوەند لە کەرتی گشتی، ٤.٨ ملیار پاوەند لە بواری بەرگری، تەندروستی، پەروەردە، میدیا، و بەگشتی پێشبینی دەکرێت پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان تا ساڵی ٢٠٣٠، ٤٢- ملیار پاوەند لە بەرهەمی ناوخۆیی زیاد بکات.

**خشتەی سێیەم:** ئاسۆی زیادبوونی داهات لە کەرتەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

| کەرت/ ملیار (ئیستەرلینی) | زیادبوونی داهاتی پیشەسازی لەگەڵ پاشەکەوتکردنی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (چاوەڕوانی ٢٠٣٠) |
|---|---|
| بیناسازی-بەرهەمهێنان | ٨,٦ ملیار ئیستەرلینی |
| بازرگانیی تاکەکەسی-خۆراک | ٧,٧ ملیار ئیستەرلینی |
| گشتی | ١١,٤ ملیار ئیستەرلینی |
| میدیا-پەیوەندییەکان | ٤,٨ ملیار ئیستەرلینی |

**سەرچاوە: PwC UK.، ٢٠١٨**

لەگەڵ زیادبوونی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ژیانی ڕۆژانە و ژیانی بازرگانیدا، ڕەنگە ئەگەری ئەوە هەبێت، کە هەندێک ئەرکی کرێکاری لە سەرەتاوە ناپێویست بن، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیاتر بەناوبانگ دەبن، پاشەکەوتکردنی تێچوون و بەرهەمهێنان و دەستکەوتەکانی خواستی بەکاربەر کە دروستی دەکات، هەلی کارێکی نوێ دروست دەکات. ئەمەش ئەوە دەر دەخات، کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کاریگەریی گۆڕانکاری دەبێت لەسەر شێوازی کارکردن و ژیانمان. پێشبینی دەکرێت ٦٢٨ هەزار هەلی کار بە ٢٧٥٠٠ فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گشتی و ٧٦ هەزار فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی ٢٠٣٠ لە ئاسمانی بەریتانیا کار بکەن، دروست بکرێت.
ئەو بەشدارییانەی کە دەتوانرێت بە پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئابووری بەریتانیادا بکرێت، وا دەکات بەریتانیا لە زۆرێک لە نادڵنیاییەکان ڕزگاری بێت بە هۆی دانوستانەکانی برێگزیتەوە و هەنگاو بنێت بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی پێشەنگ لەم بوارەدا.

### ٤- چین

چین لە دۆخێکدایە کە پێشەنگی ئەمریکا و ئەوروپای لە چالاکییەکانی فڕۆکەوانیدا قبووڵ کردووە. ئەوەی کە کۆمپانیاکانی بۆینگ و ئەیرباس بە شێوەیەکی دووانەیی بازاڕیان بەدەستەوەیە، بەتایبەتی لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەدا، وەک هۆکاری سەرەکی بۆ ئەمە سەیر دەکرێت. بەڵام هاوکات لەگەڵ پێشهاتەکانی ڕۆژئاوا، نیشانی داوە، کە ئەم سەرکردایەتییە کەرتییە لەگەڵ پێشهاتە گەورەکانی چالاکییە فڕۆکەوانییەکانی چیندا دەتوانێت ئاڕاستە بگۆڕێت. گەورەترین پێشکەوتنی چین لە بواری فڕۆکەوانیدا لە بواری سیستمی فڕۆکەوانی بێسەرنشینندایە.
سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە چین لە ساڵی ٢٠١٧دا ٢.٧ ملیار دۆلار داهاتی بەدەست هێناوە، ئەمەش دەری دەخات، کە وڵاتێکی گرنگە لەم پیشەسازییەدا. پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە لایەن یەک کۆمپانیا لە چینەوە بەڕێوە دەبرێت. کۆمپانیای دا جیانگ ئینۆڤەیشنز (DJI) زیاتر لە ٧٠٪ پشکی بازاڕی جیهانی هەیە، هەروەها ئەو کۆمپانیایە کە زۆرترین فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەرهەم دەهێنێت لە جیهاندا. جگە لە DJI لە چین ١٢٠٠ بزنس لە پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا کار دەکەن. دیزاین و زنجیرەی بەرهەمهێنان و لۆجستیکی هاردوێر و سۆفتوێری کەمتێچووی، کە لە هۆکارەکان دێنە بەرچاو کە کاتێک باس لە ئابووری چین دەکرێت، بەشدارییەکی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی چین ببێتە پێشەنگ لە پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا.
ئەو بازرگانانەی کە هەوڵی دامەزراندنی زنجیرەی دابینکردن لە نێوان ناوچە شاریی و گوندنشینەکانی چین دەدەن، بە دەستپێکردنی گواستنەوە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان

دەستیان کردووە بە وەبەرهێنان لەم بوارەدا.
لە کاتێکدا کە کۆمپانیاکانی وەک JD Com و SF Express خەریکی دروستکردنی بەلەمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانن بۆ گواستنەوەی باری سووک، کۆمپانیای DHL دەستی بە چالاکییەکانی گواستنەوە کردووە. بەدڵنیاییەوە کاری گواستنەوە کە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەیکات کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر گواستنەوەی بەرهەمی بەها بەرز و سووک.
یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی گەشەی سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە چین، بەکارهێنانی بەربڵاوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە بۆ مەبەستی خولیا، هەروەها دروستکردنی لۆجستی و زنجیرەی دابینکردن. بەمەبەستی چێژ وەرگرتن و وەک هیوایەتێک لە ساڵی ٢٠١٧دا ٣ ملیۆن فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەکارهاتووە، لەگەڵ ئەمەدا گەشەکردن لەم سێکتەرەدا بە ڕێژەی ٦٧٪ بەرز بووەتەوە.
پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٥ کۆی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە چین بگاتە ٧٥ ملیار یوانی چینی. لەم بازاڕەدا پێشبینی دەکرێت کە قازانجی درۆنەکان دابەش بکرێت بەسەر چالاکی بازرگانی بەکاربەر کە ٣٠ ملیار یوانی چینی دەکات، ٢٠ ملیار یوانی چینی چالاکیی کشتوکاڵی و دارستان، وە ١٥ ملیار یوانی چینی بۆ ئاسایش. پێشبینی دەکرێت لە ماوەی ١٠ ساڵدا فرۆشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بە ڕێژەی ٣٠٠٪ زیاد بکات.

**٥- ژاپۆن**

ژاپۆن کە لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە بەکارهێنانی هێلیکۆپتەری بێ سەرنشین لە کەرتی کشتوکاڵدا یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، بەردەوامە لە بەهێزبوونی بەرامبەر ئەمریکا بە گرتنەبەری ڕێگایەکی گرنگ لە سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای ڕۆبۆتەکان.
ژاپۆن لە ساڵی ٢٠١٨ دەستی بە گەیاندنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە گوندەکاندا کرد بە هاوکاری کۆمپانیای زەبەلاحی بازرگانی ئەلیکترۆنی ڕاکوتین و زنجیرەی خواردنی لاوسنس. لەگەڵ گەیاندنی خۆراک و کاڵای بچووک بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، دەستپێشخەرییەکان دەستیان پێکردووە بۆ دەستپێکردنی گواستنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تۆکیۆ، کە یەکێکە لە شارە گەورەکان کە ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەسە.
هەروەک مەزەندە دەکرێت قەبارەی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ژاپۆندا، لە ٣ ملیار یێنی ژاپۆنییەوە بۆ ١٠٠ ملیار یێنی ژاپۆنی تا ساڵی ٢٠٣٠ زیاد بکات. لە ژاپۆن بەرهەمهێنانی سۆفتوێر و خزمەتگوزارییەکانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لەبری هاردوێر بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجدارە و پێشبینی دەکرێت ٥٪ی داهاتی خەمڵێنراو لە هاردوێر و ئەوەی دیکە لە سۆفتوێر و خزمەتگوزارییەکان بەدەست بهێنرێت.

هەرچەندە لە ژاپۆن ٢٠ کۆمپانیای گەورەی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هەیە، بەڵام تەنها چەند کۆمپانیایەک هەن کە دەتوانن لەم بوارەکا کاری بازرگانی ئەنجام بدەن. پێشبینی دەکرێت بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بازرگانی ژاپۆن تا ساڵی ٢٠٢٠ بگاتە ١٨,٦ ملیار یێنی ژاپۆنی. لەگەڵ گەشەسەندنی چاوەڕوانکراو، مەزەندە دەکرێت کە بازاڕەکە لە ساڵی ٢٠٢٥ بگاتە ٤٤ ملیار یێن و لە ساڵی ٢٠٣٠دا ١٠٠ ملیار یێن.

**٦- ڕووسیا**

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨دا پشکی ڕووسیا لە بازاڕی جیهانی لە سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا ٢٪ بووە. کاتێک لە ڕوانگەی سەربازییەوە هەڵدەسەنگێندرێت، ئەم پشکە بۆ ١٥٪ بەرز دەبێتەوە. تایبەتمەندی سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕووسیا ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی زاڵن بەسەر بازاڕدا. پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە کەرتێکی زۆر گونجاوە بۆ گەشەپێدان لەگەڵ ژێرخانی تەکنەلۆژی و وەبەرهێنان لە ڕووسیا، بەهۆی سنووردارکردنی یاساییەوە بەربەستی لەسەرە.
لە کاتێکدا بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٨دا بەهای ١٦٣ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام پێشبینی دەکرا تا ساڵی ٢٠٢٠ ١,٥ هێندە زیاتر گەشە بکات.
١٩٠ کۆمپانیا لە بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕووسیادا کاردەکەن. چالاکییەکانی ئەم بازرگانیانە بریتین لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پێکهاتەکانی، دابەشکردنی فڕۆکە و پێکهاتەکانی بیانی، دابینکردنی خزمەتگوزاریی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

**٧- هیندستان**

لە هیندستاندا لە چوارچێوەی سیاسەتی "درۆن ٢,٠" کە لە یاساکاندا ڕێک خراوە، بڕیار درا کە بە شێوەیەکی یاسایی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستە لە نێوان نەخۆشخانەکاندا بەکار بهێنرێت . لەم چوارچێوەیەدا بڕیاری دروستکردنی ڕێڕەوی فڕینی نیشتنەوە و هەڵدانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ نەخۆشخانەکانیش لە لایەن حکومەتەوە درا.
بە هەمان شێوەی وڵاتانی تر و لەسەر ئاستی جیهانی لە هیندستاندا سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە. پێشبینی دەکرێت بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هیندستان لە ماوەی ساڵی ٢٠١٧-٢٠٢٣دا ڕێژەی گەشەی ١٨٪ی لەکۆی گشتی داهاتدا هەبێت. هەرچەندە هیندستان سەرنجی لەسەر بەشی مەودای دوور لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندایە، بەڵام لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی گەشەکردنی لەم بوارەدا داوە بە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەودای مامناوەند و بچووک.

هیندستان لەنێو وڵاتانی هاوردەکاردا پلەی بەرزی هەیە و ٢٢.٥٪ی هاوردەکردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە جیهاندا پێک دەهێنێت. هەرچەندە ئەولەویەتی ئێستای هیندستان لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی سەربازی چەکدارە، بەڵام مەزەندە کرا کە بازاڕی مەدەنی تا ساڵی ٢٠٢١ بگاتە یەکسانی لەگەڵ بازاڕی سەربازی، لەگەڵ هەوڵەکان بەرەو بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مەدەنی، کە کۆی گشتی قەبارەی دەگاتە ٩٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.
هەرچەندە هەردوو پیشەسازی و بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە قۆناغێکی زۆر تازەپێگەیشتووی هیندستانداندان، بەڵام داهاتوویەکی گەورە بۆ هەردووکیان پێشبینی دەکرێت. سیاسەتە پشتیوانییەکانی حکومەتی هیندستان سەبارەت بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و دروستکردنی ناوچەی نوێی پەیوەست بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هێزێکی بزوێنەر دروست دەکات کە پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ ٤٢١ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لەنێوان ساڵانی ٢٠٢١-٢٠٢٣ زیاد دەکات.
لە هیندستان کە چالاکییە کشتوکاڵییەکان چڕن، ١٨٪ی بەرهەمی ناوخۆیی وڵات و ٥٠٪ ی هەلی کار لەلایەن کەرتی کشتوکاڵەوە دابین دەکرێت. ئەو پێشکەوتن و گەشەکردنەی کە پلانی بۆ دانراوە لەگەڵ بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەتایبەتی لە کەرتی کشتوکاڵدا، لە ڕووی کاریگەری ئابوورییەوە یارمەتی هیندستان دەدات. لە هیندستانیش بەنیازە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە توێژینەوەکانی کوتان دژی مردنی منداڵان بەکار بهێنرێت بۆ گەیاندنی ڤاکسین بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات.

**٨- مالیزیا**

لە مالیزیا تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کەرتە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنرێت لە کشتوکاڵەوە تا فیلمسازی، بەمەش بەشداری لە هاندانی جووڵەی گەشەکردن دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش حکومەتی مالیزیا پشتگیری لە هەوڵە ناوخۆییەکان لە پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بە مەبەستی گەشەسەندنی جیهانی دەکات. لەم چوارچێوەیەدا کۆمپانیای ئابووری دیجیتاڵی مالیزیا یەکەم شوێنی تاقیکردنەوەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ڕێکخراو لە سایبەرجایا دامەزراندووە بۆ پشتگیریکردن و پێشخستنی پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.
مالیزیا هەوڵ دەدات پشکێک لە گەشەسەندنی بازاڕی فڕۆکەی بێسەرنشین لەسەر ئاستی جیهانی بەدەست بهێنێت. بەتایبەتی ڕاگەیاندنی کۆمپانیای ئایرۆداین گرووپ وەک حەوتەم گەورەترین کۆمپانیا لە بازاڕی جیهانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی مالیزیاش هەوڵ دەدات پشکێک لەم بازارە وەر بگرێت. گروپی ئایرۆداین هەوڵ دەدات شوێنێک بۆ خۆی لە پلاتفۆرمی جیهانیدا بدۆزێتەوە بە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد و ئینتەرنێت و جی پی ئێسی فڕۆکە بێفڕۆکەوانانەی، کە

بەرهەمی دەهێنێت.
لە ساڵانی ڕابردوودا پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی مالیزیا بە ڕێژەی ٣٠٪ گەشەی کردووە و لە ساڵی ٢٠١٨دا ٥٠٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە، ئەمەش بەهۆی قبووڵکردنی ئەرێنی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە لایەن بەکارهێنەرانەوە و زیادبوونی ئارەزووی بازاڕ. تا ساڵی ٢٠٢٨، پێشبینی دەکرێت ڕێژەی گەشەی ساڵانەی ئاوێتە لە سەرووی ٥٠٪ بێت.
بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کشتوکاڵدا لەنێوان ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٨دا بە ڕێژەی ٢٠٠٠٪ گەشەی کردووە، ڕۆڵی هەبووە لە درککردن بەوەی کە توانای سێکتەری چەند ملیار دۆلارێک هەیە، کە دەتوانرێت لە مالیزیا دروست بکرێت.

## دیدگای ئابووریی پیشەسازیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا

لەگەڵ زیادبوونی وەبەرهێنان لە کەرتی فڕۆکەوانی ودەرخستنی کاریگەرییەکانی ئازادکردنیدا، تورکیا گەشەیەکی گەورەی لەم کەرتەدا بەخۆیەوە بینیوە. تورکیا کە وەبەرهێنان لە هەموو بوارێکی بەرهەمێنانی ناوخۆیدا دەکات لەم بوارەشدا هەوڵی چڕەدات، وە بەردەوامە لە کارکردن لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی لە سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا.
کاتێک سەیری بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەین لە سەرانسەری جیهان، دۆخی گەشەی کەرتەکان لەگەڵ زیادبوونی ناوچەی بەکارهێنان لە تورکیادا ڕەوایە. لە تورکیا بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کەرتەکانی کانگا، نەخشەسازی، بیناسازی، وزە، کشتوکاڵ و خانووبەرەدا بەربڵاو بووە. لە تورکیا تا ساڵی ٢٠١٨ قەبارەی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گەیشتووەتە ٣٠ ملیۆن دۆلار. بە قبوڵکردنی تەکنەلۆژی، دەزانرێت کە ژمارەی ئەو ئامێرانەی کە لە SHGM تۆمار کراون ٢٥ هەزارە. هەردوو شێوازی بەکارهێنانی خولیا و بازرگانی لە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیادا دیارن. لەگەڵ دەستپێکردنی دۆزینەوەی شوێنی زۆر زیاتر لە بەکارهێنانی کۆمپانیا و پیشەسازییەکان لە ساڵی ٢٠١٨ فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان؛ پێشبینی دەکرێت قەبارەی بازاڕی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەکانی کۆمپانیاکان لە ساڵی ٢٠١٩دا ٢ بۆ ٣ هێندە زیاتر گەشە بکات.
کەرتی گەشەسەندوو، لەگەڵ دروستکردنی گۆڕانکاری پێکهاتەیی لە زۆرێک لە کەرتە بازرگانییەکان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پیشەی نوێی وەک فڕۆکەوانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و سۆفتوێری تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان. لە کاتێکدا فڕۆکەوانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەناوبانگ بووە بەتایبەتی لە پۆستکردنی کاردا، بەڵام زانراوە کە ٣٣ هەزار کەس هەن کە مۆڵەتی فڕۆکەوانیی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیان هەیە لە کۆی ٥٠ هەزار کەس کە لە SHGM تۆمار کراون. بەپێی پێشبینییەکانی ١٠ ساڵە، مەزەندە

دەکرێت ئەم ژمارەیە زیاد بکات و دامەزراندنی زیاتریش دابین بکرێت.
فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە تورکیا بەرهەم دەهێنرێت بەتایبەتی بۆ مەبەستی ئەمنی و نەخشەسازی. لە کاتێکدا هەوڵەکانی خۆجێیکردن لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەواندا بەردەوامن، ئامانجەکە ئەوەیە کە ببێتە وڵاتێکی ناوەندی بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک چین. توێژینەوەکانی ئەم دواییە بەردەوامن، بەتایبەتی بۆ خۆجێیکردنی هاردوێر و سۆفتوێری کارەباییەکان.

## ئەنجام و هەڵسەنگاندن

جگە لە بەکارهێنانی سەربازی، بەرهەمهێنان و فرۆشتنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان زیادی کردووە لەگەڵ بەکارهێنانی بەربڵاوی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە کەرتی فڕۆکەوانی مەدەنیدا. ئاشکرایە کە هەمەچەشنکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و پشتبەستنی کۆمپانیا بازرگانییەکان بەپەرەپێدانی بووەتە هۆی پێکهێنانی ئابووری فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان. کەمی تێچووی کڕین و بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وای کردووە، کە کۆمپانیا گەورەکانی وەک تێسلا و گووگڵ و ئەمازۆن وەبەرهێنان لەم بوارەدا بکەن. لە هەمان کاتدا زۆرێک لە کۆمپانیا بچووک و گەورەکان خۆیان لە ڕێکخراوە نیشتمانییەکانی فڕۆکەوانی تۆمار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی چالاکی بازرگانی لەم بوارەدا.
ئەم کەرتە کە لە ساڵانی ٢٠٠٠ەکان دەستی پێ کردووە، بەردەوامە لە زیادکردنی ئەو جووڵەی گەشەکردنەی، کە تا ئێستا بەدەستی هێناوە.
ڕێژەی گەشەی پێشبینیکراو لە بازاڕی جیهانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠٢٥ زیاترە لە ١٠٠٪. هەرچەندە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەڵام پێشبینی دەکرێت ساڵانە لە خوار ١٠٪ دابەزێت. ئەو ئەنجامانەی کە دەتوانرێت لە توێژینەوەکە وەر بگیرێن.

• چالاکییەکانی کەرتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەتوانن بەشدار بن لە بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتان.
• سێکتەری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بواری نوێی کارکردنی لە وڵاتان دروست کردووە و بەردەوامیش دەبێت.
• چالاکییەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان بەرەو کەرتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەڕۆن، بەم شێوەیەش فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەشداری لە پەرەپێدانی سیستمی ڕۆبۆتەکاندا دەکات.
• بە بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گۆڕانکاری سیستماتیکی لە کەرتە بازرگانییەکان ڕوو دەدات.
• فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بوارێکی گرنگی بەکارهێنانە، بەتایبەتی لە بواری تەندروستیدا،

بە دابینکردنی سوودی گشتی وەک گواستنەوەی ئەندامەکانی جەستە و گەیاندنی ڤاکسین.
• لە ساڵانی داهاتوودا دەرگای کەرتە جیاوازەکان بۆ فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکرێتەوە.
• بە ڕێکخستنە یاساییەکان، کۆمپانیاکان زیاتر دەتوانن لە بازاڕی جیهانیدا کار بکەن.
• لەوانەیە کۆمپانیا نوێیەکان بێنە ناو ئەم کەرتەکەوە.
• لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیای زیرەکی دەستکرد، تەکنەلۆژیای فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەتوانێت بگاتە ڕەهەندی جیاواز.
• چەککردنی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان گرنگییەکی گەورەی نێودەوڵەتی هەیە لە ڕووی سەربازییەوە وەک ئاسایش و بەرگری.
• بە پێچەوانەی بەرهەمهێنانی فڕۆکە، وڵاتی پێشەنگ لە بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان چینە.
• بەو ئەنجامە گەیشتووە کە کارەکانی تورکیا لەسەر بەرهەمهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ناوخۆدا بێوەستان بەردەوامە.

لێکۆڵینەوەکان لەسەر توێژینەوەکە دەریان خستووە، کە داتاکانی پیشەسازی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بەگشتی لە لایەن وڵاتانەوە هاوبەشن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش هیچ ستانداردکردن و ڕێکخستنێک لە داتا چەندایەتییەکانی بەکارهێنراو لە توێژینەوەکەدا نییە. کاتێک لێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی کرا، دەر کەوت کە توێژینەوەکان لەسەر تایبەتمەندییە تەکنیکییەکان یان بوارەکانی بەکارهێنانی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بوون. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو لە توێژینەوەکەدا نەخراونەتە ڕوو. ئەم توێژینەوەیە لەسەر ئابووری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان کە دەتوانێت بوارێکی جیاواز بێت لە ئابووری فڕۆکەوانی، دەتوانێت ببێتە خاڵی دەستپێک بۆ لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکان کە دەتوانرێت بە داتای زیاتر لە بواری ئابووری فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بکرێت، بە کردنی هەڵسەنگاندنێکی گشتی بۆ گەشەی ئابووری و چاوەڕوانییەکانی داهاتوو لە وڵاتانی جیاواز لە کەرتی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

**سەرچاوە: وێبسایتی دەرگیپارکی تورکی**